سەرەتایەک لەبارەی

# جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

سەرەتایەک لەبارەی

# جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی

عومەر عەلی غەفوور

ناوی کتێب: سەرەتایەک لەبارەی جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی
نووسینی: عومەر عەلی غەفوور
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٨٥
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٨٥٩ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست


پێشەکییەکی پێویست ........ 7
جەنگی زاراوەکان ........ 10
ئوسوڵییەت ........ 17
ئوسوڵییەت لە بیری خۆرئاوادا ........ 25
ئیسلامەوی ........ 30
ئیسلامانی ........ 33
بۆچی ئیسلامی سیاسی؟ ........ 36
ئاین و سیاسەت، ئاینەکان و سیاسەت ........ 45
کام سیاسەت؟ ........ 55
دەسەڵاتی سیاسی خواستێکی ئاین، پێویستییەکی ژیان ........ 69
یەکدەنگی مێژوویی و رابوونەوەی هاوچەرخ ........ 74
بزاڤی ئیسلامی لە نێوان فیکر و سیاسەتدا ........ 80
ئیسلامییەکان و ویژدانی ئاینی ........ 89
عەلمانییەت لە جیهانی ئیسلامیدا ........ 97
عەلمانیەت چییە؟ ........ 102
فیکری عەلمانی چۆن لە جەدەلیەتی ئاین/ سیاسەت دەڕوانێ؟ ........ 117
عەلمانییەکان پەسنی ئاین و سەرکۆنەی بەسیاسیکردنی ........ 132
دەسەڵات و ڕووناکبیرە عەلمانییەکان، یەک دەگرن ........ 137
حەتمییەتی گەیشتن بەعەلمانییەت ........ 149
ئیسلامییەکان و تێز و تۆمەتەکانی بەرامبەر ........ 153
دوا وتەیەکی پێویست ........ 208

# پێشەکییەکی پێویست

لە بنەڕەتدا ئەم کـتـێـبـەم وەک تـوێژەرێکی مـەکـتـەبی باس و لێکۆڵینەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستـان نووسی و وەک یەکەم کتێب لە زنجیرەی کتێبە فیکرییەکانی مەکتەب لە ساڵی ٢٠٠١ چاپ و بڵاو کرایەوە، بەڵام لەبەر کێشەی خەرجی چاپ بەتیراژی ٥٠٠ دانە چاپ کرا و نەخرایە بازاڕەوە، تەنیا لە ڕێی ڕێکخستنەوە بەئەندامانی حزب فرۆشرا، چەند دانەیەکی کەمی نەبێ بەدیاری بۆ چەند کەسێکم نارد.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە کتێبەکە بابەتێکی حزبی و ناوەخۆییە. لە راستیدا نە بابەتەکە بەنەفەسێکی حزبی و لایەنگرانە نووسرا، نە هۆی نەکەوتنە بازاڕیشی پێوەندیی بە حزبایەتییەوە هەبوو، چونکە بەندە ئەگەرچی ئەندامێکی ئەو حزبە بووم، بەڵام لەو کاتەوەی لە ڕووی فیکرییەوە هۆشم پژاوە سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆم لە رووی بیروڕاوە پاراستووە و نەبوومەتە ئەوەی پێی دەڵێن کادری حزبی. بەرپرسانی حزبەکەیش -راستی بڵـێم- ڕێزیان لەم تایبەتمەندییە گرتووە.

هەر ئەو کاتەی دەستم بە کار کرد بە بەرپرسی مەکتەبم گوت کە "کاری مەکتەبی باسی ئەوە نییە ئەو ئەبجەدیاتەی هەموو ئەندامێکی حزب لە ڕێکخستنەکاندا لەبارەی فیکری ئیسلامی و نەهجی حزبەوە دەیزانێ، ئێمە بێین بەزمانێکی پاراوتر و لە بەرگی لێکۆڵینەوەیەکدا بۆی بڵـێینەوە، بەڵکو دەبێ ئازادیی هەبێ ئەوەی ئێمە وەک توێژەر و ئەهلی بیرکردنەوە، بەڕاستی دەزانین بیڵێین و پێمان نەوترێ وا بڵێ و وا مەڵێ، چونکە ئەوە فیکر دەکوژێ".

ئەویش راشکاوانە پێی گوتم "ئازاد بە چی دەنووسی بینووسە".

بەندە هەر لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لەگەڵ چەمکەکانی قورئان و فەرمووده و ئیسلام و بزاڤ و فیکری ئیسلامی ژیاوم، ئەڵبەت سەرەتا وەک هەر گەنجێک بەشێوەیەکی سۆزباوی و موریدانە، دواتریش لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و کەڵەکەبوونی ئەزموون و تێبینییەکان و کامڵتربوونی زەین و دنیابینیدا، ئەو ئینتیمایە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک بە زەینێکی عەقڵانیتر و لێکدانەوەیەکی بابەتیانەتر و هەستێکی مرۆڤدۆستانەترەوە لە دۆخەکە بڕوانم، هەڵیسەنگێنم و لەگەڵی بژیم.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرهەمی قۆناغە پێشکەوتووەکەیە، کە تێیدا هەوڵم داوە سەرەتایەک لەبارەی ململانێی دوو گرووپی فیکری و سیاسیی ئەم ناوچەیە، بە کوردستانیشەوە، کە سەدەیەک دەبێ لە گفتوگۆ و مشتومڕ و جەنگدان، بخەمە ڕوو.

هەوڵم داوە بێلایەنانە و لەسەر زمانی کارەکتەرە کاراکانی هەردوو گرووپەکە بیروبۆچوونەکانیان و تێگەیشتنیان لە پەیام و چییەتی بەرامبەرەکەیان بخەمە ڕوو، هاوکات ئەگەر بەخێراییش بێ هەست و بۆچوون و تێگەیشتنی خۆم لەسەر هەندێ لە خاڵەکانی پێوەست بەفیکر و کردەوەی ئەم یان ئەویان بخەمە روو.

نازانم چەندە توانیومە بەسەر کاریگەرییەکانی ئەوەندە ساڵە لە ئینتیما و وەلا بۆ تەیاری ئیسلامی لە لاشعوورمدا زاڵ بم و لە بابەتەکەدا بەسەلبی رەنگ نەداتەوە، بەڵام هەوڵی خۆمم داوە، یەکێک لەوانەی ئەرکی هەڵسەنگاندنی بابەتەکەی پێ سپێررابوو گوتی "ئەوەندە بێلایەنانە نووسیوتە زیانی بۆ پرۆژەکەی مەکتەب دەبێ". بەوە دڵم خۆشە.

بەهەرحاڵ لە بابی "کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە"وە بەندەیش کتێبەکە بەبابەتێکی گرینگ بۆ خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی دەزانم، چونکە باسکردن لە چەمکەکانی عەلمانیەت و ئیسلامیەت و ململانێی ئەو دوو رەوتە، وەک زۆرێک لە چەمکەکانی تر بووەتە بەشێک لە مەیدان و ئامرازەکانی ململانێی سیاسی و حزبی و دەگمەن رێ دەکەوێ نووسەرێک یان توێژەرێک

بێلایەنانە و دوور لەو شەڕە سارده ناقۆڵایە، لەو پرسەی کۆڵیبێتەوە.

ئەمەش قەت بەو واتایە ناڵێم کە شتێکی دانسقە و بێ وێنەیە. کارەکە هەوڵێکی لەخۆبوردووانەیە و هەر لەو رووەشەوە ناوم ناوە "سەرەتایەک لەبارەی جەدەلی ئیسلامی-عەلمانی".

لەبەرئەوەی کتێبەکە لە سنوورێکی بەرتەسکدا بڵاو کرایەوە و نەکەوتە بازاڕەکانی کوردستان، هەروەها ژمارەیەکی زۆر هەڵەی چاپی تێدا بوو، ئەمە جگە لەوەی لە دوای بڵاوبوونەوەی هەستم کرد لە رووی تەکنیکییەوە پێداچوونەوەیەکی دەوێ، بەپێویستم زانی: دوای پێداچوونەوەی، لابردنی هەندێ پەرەگراف کە بە زیادەم بینین، زیادکردنی هەندێکی تر کە بەپێویستم بینین، داڕشتنەوەی هەندێ دەربڕین و بیرۆکە و ناونیشان و... هتد، جارێکی تر چاپ و بڵاوی بکەمەوە.

بەهیوای ئەوەی ئەم هەوڵە، ببێتە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنێکی پێگەیشتووانە لە دوو چەمکە ناکۆکەکە و سروشتی ململانێی نێوان هەردوو گرووپ، بەشێوەیەک ئەو ناکۆکی و ململانێیە ببێتە بزوێنەری وزە جیاوازەکان بۆ پێشکێشکردنی شتی باشتر، نەک ببێتە هۆی کوشتنی وزەکان لە شەڕێکی سایکۆلۆجی و نەزۆکی نێوان ئەو دوو گرووپەدا.

ماوەتەوە سوپاسی بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس کاک بەدران دەکەم، کە ئامادەیی پێشان دا بەبێ هیچ مەرج و سانسۆرێک کتێبەکە چاپ و بڵاو بکاتەوە.

عومەر عەلی غەفوور

هەولێر، تەمووزی ٢٠٠٩

# جەنگی زاراوەکان

زاراوەی (ئیسلامی سیاسی) زاراوەیەکی نوێیە لەناو ئەدەبیاتی فیکری و سیاسیی کوردیدا، کە هەمان زاراوەی (الاسلام السياسي)یە لە زمانی عەرەبیدا و لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە بەزۆری کەوتە سەر رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوەکانی کوردستان.

زاراوەکە لە زمانی عەرەبیشدا تەمەنێکی درێژی نییە گەرچی ئەو حاڵەتەی زاراوەکە دەلالەتی لێ دەکات مێژوویەکی دەیان ساڵەی هەیە. تا ئێستا بە تەواوەتی نەسەلماوە لەلایەن کێ و لە کوێ بۆ یەکەم جار زاراوەکە سەری هەڵداوە، بەڵام (محمد سعيد العشماوي) لە کتێبی (الاسلام السياسي)دا کە چاپی یەکەمی لە ساڵی (١٩٨٦) بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو یەکەم کەس بووە ئەو زاراوەی- بەو واتایەی ئێستا باوە- بەکار هێناوە و پاش دەرچوونی ئەو کتێبەی ئەو، زاراوەکە بڵاو بووەتەوە و جێی گرتووە بەشێوەیەک تەنانەت ئیسلامییەکانیش بەکاری دێنن[١].

زاراوەکە ئێستا بووەتە یەکێ لەو زاراوە باوانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسی و فیکری و رۆشنبیریی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بۆ دەلالەت لەو رەوتە فیکری و سیاسییەی ناوچەکە و جیهانی ئیسلامی بەکار دێ، کە بانگەشە بۆ ئەسلەمەکردنی فیکر و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسیی وڵاتەکانیان دەکەن و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیش مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن، جا ئاخۆ لە رێی پێکهێنانی دەستە و گرووپی سیاسی و کاری مەدەنیانەوە بێ، یان لە رێی خەباتی چەکداری و شۆڕشگێڕییەوە.

(١) الاسلام السياسي. محمد سعيد العشماوي. ط٤، ١٩٩٦، ص٦-٧.

ئەگەر سەیری هەندێ لەو سەرچاوانە بکەین کە رووناکبیرانی عەلمانیی عەرەب لە هەشتاکاندا لەبارەی رەوتی ئیسلامی دایان ناوە، ئەم زاراوەیەمان بەرچاو ناکەوێ. بۆ نموونە (شبلي العیسمي) لە کتێبی (العلمانیة والدولة الدینیة)دا کە لە ساڵی (١٩٨٦) بڵاو کراوەتەوە؛ بۆ وەسفکردنی رەوتە ئیسلامییەکان و رابوونی ئیسلامی ئەم زاراوانە بەکاردێنێ: (المد الدیني، الحرکات الدینیة، دعاة الدولة الدینیة، الحرکات الدینیة المسیسة)[٢]، هەروەها (د. فرج فودة) لە کتێبی (الارهاب)دا کە لە ساڵی (١٩٨٠)دا بڵاوی کردۆتەوە و دەستەواژەکانی (التیار السیاسي الاسلامي) و (الجماعات الاسلامیة) بەکار دەهێنێ[٣]. لە کوردستانی خۆشمان لە دوای راپەڕینەوە تا نزیکەی ناوەڕاستی نەوەدەکان لەلایەن ئیسلامی و عەلمانییەکانەوە هەر زاراوەی (ئیسلامییەکان) بۆ حزب و ئاراستە ئاینییەکان بەکار دەهات، لەمەودایەکی تەسکیشدا لە ژێر کاریگەریی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهاندا لە هەندێ دەزگای راگەیاندن و رۆشنبیری عەلمانییەکاندا وشەی (ئوسوڵییەت) بەکار دەهات. بەڵام دواتر، بەتایبەتی پاش ئەوەی لە نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا ئیسلامییەکان قەبارە و قورساییی سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتریان پەیدا کرد، وردە وردە زاراوەی (ئیسلامی سیاسی) لە ئەدەبیاتی لایەنە عەلمانییەکان، بەتایبەتی لایەنە دەسەڵاتدارەکاندا سەری هەڵدا[٤] و کەم کەم

(٢) العلمانیة والدولة الدینیة، شبلي العیسمي- ط١٩٨٩، ص٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٤، ,٨٣.

(٣) الارهاب، د. فرج فودة، الهیئة المصریة العامة للکتاب ١٩٩٢. ص٤٨-٤٩، ص٧٧-٧٨

(٤) هەفتەنامەی (الاتحاد) کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەری دەکات لە چەند مانگی کۆتاییی ساڵی (١٩٩٧)دا تەوەرەیەکی تایبەتی لەسەر (ئیسلامی سیاسی) کردەوە کە ژمارەیەک بابەت و بەدواداچوونی لە میانەی چەند ژمارەیەکدا تێدا بڵاو کرایەوە، پێم وابێ ئەم تەوەرەیە پاش کەوتنە ناوەوەی زاراوەکە کرایەوە. هەروەها لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٩٨یش رۆژنامەی برایەتی کۆمەڵە وتارێکی بڵاو کردەوە کە بە ناڕاستەوخۆ لەسەر (ئیسلامی =

جێی بە وشەی (ئیسلامی)[٥] لێژ کرد. ئەویش بەمەبەستی ئەوەی ئیسلامییەکان لەوە دابڕێن کە نوێنەرایەتی تێگەیشتنی ئاینیی ئیسلامی بکەن.

پێش لە سەرهەڵدانی ئەم دەستەواژەیە و پاش سەرهەڵدانیشی، ژمارەیەک ناو لەو بزاڤە فیکری و سیاسی و ئیسلامییە نراوە، لەوانە: تەتەڕوف، ئوسوڵیەتی ئیسلامی، سەلەفییەت، رەجعیەت، ئیسلامانی، ئیسلامەوی، ئیسلامیاتی، فاشییەتی ئاینی، تەییاری سیاسی ئاینی.. کە ئەمانە و چەندین زاراوەی دیکەی لەم تەرزە لەلایەن نەیارانی تەییارەکە و بۆ وەسفکردنی داتاشراون و رەواجیان پێدراوە، کە هەریەکەیان بەشێوەیەک لە شێوەکان مۆرکی جۆرێک لە سەلبیەتن بە حاڵەتەکە دەدەن[٦].

هەرچی ئیسلامییەکان خۆیانن، کەمتر و مەگەر لە روانگەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی تایبەتی خۆیانەوە بێ بۆ هەندێ لەو دەستەواژانە، دەنا ئەم زاراوە و دەستەواژانەی سەرەوەیان بۆ دەلالەتکردن لە ماهیەتی بزاڤەکەیان قبوڵ نییە، چونکە پێیان وایە هەریەک لەو زاراوانە بەشێوەیەک لە شێوەکان سیمای بزاڤەکە دەشێوێنێ و وێنەکەی لەبەرچاوان تەڵخ دەکات، چونکە لە بنەڕەتدا بە

---

= سیاسی) دەدوان، گەرچی ئەم زاراوەیەیان بەکار نەهێنابوو. دواتر هەفتەنامەی گوڵان لە ژ. ٢٣٧ لە ٩٩/٨/٧ وتارێکی بە ناونیشانی (بزاڤی ئیسلامی سیاسی بۆچی و شەرعییەتی لە کوێدایە؟) بڵاو کردەوە، کە ئەوە سەرەتای شەپۆلێک وتار و بابەت بوو لەسەر (ئیسلامی سیاسی) لە هەفتەنامەکەدا دابەزین، گەرچی هەندێ بەدواداچوونی قەڵەمی ئیسلامیشی تێدابوو، بەڵام بەگشتی گوزارشتی لە سیاسەتی (گوڵان) دەکرد و مۆرکێکی رەخنەیی لە حاڵەتەکە هەڵگرتبوو.

(٥) مەبەست لێرەدا زیاتر هەڵوێستی رۆشنبیران و دەزگاکانی راگەیاندنیانە دەنا لەسەر ئاستی هەڵوێستی رەسمیی حزبی، لایەنەکان بە ئیسلامییەکان هەر (ئیسلامی) دەڵێن، لانی کەم لە کاتی گفتوگۆ و لێدوانە ئاشکراکاندا.

(٦) لەم بارەوە بڕوانە: الجماعات السياسية الاسلامية والمجتمع المدني، احمد حسين حسن، ط١، ٢٠٠٠، ص٣٥

نیەتێکی کینەبازانە داڕێژراون(٧).

ئەوان، واتە ئیسلامییەکان، هەوڵ دەدەن ناو و زاراوە و دەستەواژەیەک بۆ دەلالەت لە بزاڤی ئیسلامی دابڕێژن کە وابەستەیی ئەوان بە ئاینی ئیسلامەوە دەربخات، لێرەوە هەندێ لە تیۆرستانی بزاڤە ئیسلامییەکان چەمکی ئیسلامییەکان (الاسلامیین)یان پێ باشترە و پێیان وایە ئەم چەمکە وردتر و بەئینسافانەترە.(٨)

هەروەها ئیسلامییەکان کۆمەڵێ دەستەواژەی تر بۆ ناو لێنانی بزاڤی ئیسلامی بەکار دێنن و پێیان وایە ئەم ناوانە بابەتیترن و گوزارشت لە ماهیەتی ئەو تەییارە دەکەن، لەوانە: رابوونی ئیسلامی، ژیانەوەی ئیسلامی، نوێکردنەوەی ئیسلامی، بێداربوونەوەی ئیسلامی..(٩) بەڵام جێی سەرنجە کە زاراوەی (ئیسلامی سیاسی) تا رادەیەکی بەرچاو لەناو هەندێ ئەدەبیاتی ئیسلامییەکانیشدا ـ مەبەست لێرەدا زیاتر لەناو کوردستانە ـ جێی گرتووە و بەبێ رەخنە لێگرتن وەک زاراوەیەک بۆ حاڵەتی ئیسلامی بەکار دەهێنرێ(١٠)

---

(٧) بڕوانە التیارات الاسلامیة والقضیة الدیمقراطیة، الدکتور حیدر ابراهیم علي، ط ١، ١٩٩٦، ص ٢٤

(٨) بڕوانە هەمان سەرچاوە لا ٢٩.

(٩) بڕوانە: الجماعات السیاسیة والمجتمع المدني، ص ٣٥

(١٠) بۆ نمونە بڕوانە ژ ٤٤ ی کۆواری (پەیامی راستی) کە کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامیی کوردستان دەری دەکات لە ئابی ١٩٩٦، هەروەها ژ ٥٨ ی هەمان گۆڤار، هەروەها بڕوانە: (ئیسلامی یان ئیسلامی سیاسی لە بەردەم قەڵەمی نەیارەکانیدا)، کامیل مەحمود، چ ١، ١٩٩٨ نووسەر سەرنووسەری گۆڤاری (رابوون) بوو کە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان دەری دەکرد، هەروەها بڕوانە نامیلکەیەک بە ناونیشانی (ئیسلامی سیاسی) کە کۆمەڵە وتارێکە راگەیاندنی مەڵبەندی (٤)ی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی لە شوباتی ١٩٩٩ بڵاوی کردۆتەوە. (لەم ساڵانەی دواییدا ئیسلامییەکانیش تا ڕادەیەکی بەرچاو بایکۆتی زاراوەکەیان شکاندووە و بەبێ سڵەمینەوە بەکاری دێنن)

که پێم وایه ئەم کارەیان کارێکی نامەنهەجی و نازانستییانه و لاساییکارانەیه و لەگەڵ ئەو دروشمه ستراتیجییەی که ئیسلامییەکان له ڕووی تیۆرییەوه وەک بناغەی فەلسەفی کار و چالاکی خۆیان بەرزیان کردۆتەوه، (که بریتییه له دروشمی ئیسلام- ی شمولی) پێچەوانه دەوەستێ.(١١)

ئیسلامییەکان- له روانگەی مەنتیقی ململانێی سیاسییەوه- هەقیان بەدەست نییه گلەیی له نەیارانیان بکەن ئەگەر بابەتییانه مامەڵه لەگەڵ حاڵەت و ماهیەتی ئیسلامی نەکەن و ناوی لێ نەنێن، چونکه جگه لەوەی دەگونجێ تەییاری عەلمانی له روانگەی تایبەتی خۆیەوه هەر به حەقیقەت باوەڕی وابێ که تەییاری ئیسلامی وێنەیەکی بابەتی و بەرجەستەکراوی ئەو ناوەیه که ئەو لێی ناوه و هەڵبژاردنی ناوەکه پەیوەندی به حەزی نەفس و کینەبازییەوه نەبێ؛ له هەمان کاتدا دەبێ دەرکی ئەو راستییه بکرێ که ململانێی نێوان ئیسلامی و عەلمانییەکان تەنیا ململانێیەکی فیکری نییه، بەڵکو ململانێیەکی سیاسیشه و شتێکی ئاسایی و چاوەڕێ کراوه که (بەرامبەر) هەر شێوازێک بگرێته بەر بۆ کەمکردنەوەی نفووز و قەبارەی ڕکابەرەکەی، بەتایبەتی که زۆرێک له تیۆریستانی عەلمانیی ناوچەکه لەمیانەی بانگەشەیان بۆ جیاکردنەوەی ئاین له سیاسەت، سیاسەت به درێوترین وەسفی نائەخلاقی تۆمەتبار دەکەن و پێیان وایه سیاسەت «قێزەونترین و نزمترین سیفەتەکان له مرۆڤدا دەورووژێنێ»(١٢)

---

(١١) له وتارێکدا به ناونیشانی (ئیسلامی سیاسی، ناو و ناوەڕۆک، دایەلۆکی تێزەکان)، لەسەر ئەم خاڵه دواوم، بڕوانه ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) ژ- ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، له ٣٠/٤- ١٤/٥/١٩٩٩، ستوونی (زەین).

(١٢) بۆ نموونه بڕوانه: الاسلام السياسي، العشماوي، ص ١٧.

له دنیای سیاسەتی ئەمڕۆدا ئەوه وەک شتێکی بەڵگەنەویست سەیر دەکرێ که سیاسەت لەسەر بەرژەوەندی دامەزراوه نەک مەبدەء و ئەخلاق. بناغەی فەلسەفی ئەم تێڕوانینەش له تیۆرەکەی (میکافیللی)یەوه سەرچاوەی گرتووه که پێی وایه (الغاية تبرر الوسيلة). بڕوانه الموسوعة السياسية- اشراف: د. عبدالوهاب الكيالي- كلمة: ميكافيللي.

لەم روانگەیەوە ئاسـایی و چاوەڕێکراوە کـە نەیارانی بزاڤی ئیسـلامی دەستەواژەی لە چەشنی (ئیسلامی سیاسی ) و ئەوانی دی بەرهەم بهێنن و بیکەنە (عەلەم) بۆ ئیسلامییەکان، بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگای بنەما فیکری و سیاسییەکانی پڕۆژەی ئیسلامییەوە بۆی بچین کارەساتە ئیسلامییەکان ئەوەندە سادەبیر بن بەبێ لێوردبوونەوە ئەو زاراوانەی بەرامبەر بۆ وەسفی ئەوان بەرهەمیان دێنێ قبوڵ بکەن و بەکاریان بێنن، یان بۆشاییی نێوان (دروشم) و (بوونی فیعلی) خۆیان هێندە فراوان بێ کە لە واقیعدا زاراوەکانی بەرامبەر گوزارشت و دەربڕینێکی دەقاودەقی ئەو بوونە دەرچن و، ئەو ناوەی بزاڤەکە بۆ خۆی هەڵبژاردووە تەنیا لەسەر ئاستی دروشم و حەز و تیۆر تەعبیر لە بوونی بزاڤەکە بکات.

ئاخر وەک هەندێ لە توێژەرانیش پێیان وایە «ناونان (التسمية) شتێکی شەکلی نییە، چونکە ناو یان ئەو زاراوەیەی وەسفی دیاردەکە دەکات لە راستیدا مێژووی ناونانەکەیە. هەر ناونانێک کۆمەڵێک دەلالەت و ئیحائاتی دوور لەواتا حەرفییەکەی بەدەستەوە دەدات و تەنیا لە سنووری واتا زاراوەییەکەدا ناوەستێ و تەنیا پێناسەیەکی رووت و بێلایەن نییە و خاڵی نییە لە لایەنگرییەکی خاوەن مۆرکی ئایدۆلۆجییانە.. بەکارهێنانی هەر نازناوێک لە راستیدا هەڵبژاردنی هەڵوێستێکی تایبەتە، لە هەمان کاتدا ئەو ناونانە ئیحای وەرگر (متلقي) دەکات بۆ وەرگرتنی ئەو هەڵوێستە و بیرکردنەوەی ئاڕاستە دەکات.»[١٣]

هەر لێرەشەوەیە بەپێی شوێنگەی ئایدۆلۆژی و سیاسیی داڕێژەرانی ناوەکان، داڕشتەی ناو و زاراوەکان شێوەیەکی تایبەت وەردەگرێ، ئەوەتا ئیسلامییەکان هەندێ لەو ناوانە رەت دەکەنەوە کە بەرامبەرەکانیان لێیان ناون و کۆمەڵە ناوێکی تر بۆ خۆیان دیاری دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەو ناوانە رەواج پێ بدەن و بیکەنە عەلەم بۆ خۆیان، لە بەرانبەریشەوە نەیارەکانیان

---

(١٣) التيارات الاسلامية وقضية الديمقراطية، الدكتور حيدر ابراهيم علي، ص ٢٧

وێڕای نارەزایی ئیسلامییەکان سوورن لەسەر بەکارهێنانی ئەو ناوانەی لەوانیان ناوە. دیارە هەریەکە لەو ناوانەش- وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا- خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێک وێنە دەدات.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری پۆلە ناوی یەکەم بکەین؛ دەبینین هەریەکەیان بەم یان بەو شێوە تانە و رەخنەی تێدا حەشار دراوە لە تەییاری ئیسلامی؛ کە ئەمەی دوایی ئەم وەسفە بەوەسفێکی موغریزانە و نابابەتی دەبینێ لانی کەم بەپێی ئەو دەلالەتەی کە داهێنەر و بەکارهێنەرانی زاراوەکە بە زاراوە وەسفکارەکەی دەدەن.

با لە هەندێ لەو دەستەواژانە رامێنین.

## ئوسوڵییەت Fundementalism

یەکێ لەو زاراوانەی وەسفی ئیسلامییەکانی پێ دەکرێت زاراوەی ئوسوڵییەت – (الاصولية) یان (ئوسوڵییەتی ئیسلامی)یە. ئەم ناوە ئیسلامییەکان لە بزاڤە فیکری و سیاسییەکەی خۆیان نەناوە، بەڵکو لەلایەن بەرەی ئەنتی ئیسلامییەوە داهێنراوە و کراوەتە دەلالەت و عەلەم بۆیان، بەکارهێنانی زاراوەکە بەو چڕی و بەرفراوانییە لەلایەن عەلمانییەکانەوە و سووربوونیان لەسەر دابڕینی بەسەر ئیسلامییەکاندا، خۆی لەخۆیدا بەڵگەیە لەسەر دوو شت، یەکەم: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەلالەتەکە وێنەیەکی سەلبییە بۆ حاڵەتەکە، کە وەک کاسەیەک هەڵوێست و تێڕوانینی دانەران و بەکارهێنەرانی بەرانبەر حاڵەتەکە بەرجەستە دەکات.

دووەم: ئەو بۆچوونە زاڵ دەکات کە پێی وایە ناوەکە نەیارانی ڕەوتی ئیسلامی دایان هێناوە و رەواجی پێ دەدەن و هەوڵی جێگیرکردنی دەدەن.

ئاخۆ مەبەست لە ئوسوڵییەت چییە و عەلمانییەکان چۆن و لە چ روانگەیەکەوە دەتوانن پاساوی بابەتیبوون و مەعقولییەتی زاراوەکە وەک پێناسێک بۆ حاڵەتی ئیسلامی بدەنەوە؟ ئەم (دال)ە چەندە و بە چ لێکدانەوە و تەفسیرێک تەعبیر لە (مەدلول)ەکەی دەکات؟ ئایا ئوسوڵییەت تەنیا یەک واتا و ئاست و چەشنی جیاوازی هەیە؟ ئایا ئیسلامییەکان بەکام لەو واتایانە و ئوسوڵین؟!.

ئیسلامییەکان نکولی لەوە ناکەن و نایشارنەوە کە ئەوان بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ئاینی ئیسلام دەکەن وەک فەلسەفە و بەرنامەیەک بۆ ڕێکخستنی ژیانی تایبەتی و گشتی تاک و کۆمەڵگەکان، واتە گێڕانەوەی

مەرجەعیەتی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئیسلام، بەلەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە مێژووییەکان، کە ئەم پرۆسەیە بە نوێکردنەوەی ئاین ناوزەد دەکرێ و ئەسڵێکی دینی هەیە، وەک لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (ان الله يبعث لهذه الامة على رأس كل مئة سنة من يجدد لها دينها)- أبو داود.

راشد ئەلغەنووشی بیرمەند و سەرۆکی حزبی نەهزەی ئیسلامی تونسی دەڵێ: «لەو روانگەیەوە کە هەموو بزاڤێکی نوێکردنەوە بە زەرورەت بزاڤێکی سەلەفیانەیە، ئەوە هەموو بزاڤێکی نوێکردنەوە گەڕانەوەیە بۆ بنەماکان (الاصول)، ئەمەش یاسایەکە موسوڵمانان و غەیری موسوڵمانان دەگرێتەوە، تەنانەت بزاڤی نوێگەری لە ئەوروپاش گەڕانەوە بوو بۆ بنەما یۆنانی و رۆمانییەکان .. هەموو ژیانەوەیەکی نوێ پێویستی بە گەڕانەوە بۆ بنەماکان و خوێندنەوەیان خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە، تا لێیەوە دەست بەجووڵە بکرێ، بەمەبەستی کارلێکردن لەگەڵ واقیع یان بۆ تێپەڕاندنی».

دواتر دەڵێ: «بزاڤی نەهزەی ئیسلامیی (تونس)یش گەڕانەوەیە بۆ بنەماکان و بەم واتایەش بزووتنەوەیەکی سەلەفییە»(١٤).

ریچارد هریر دکمجیان دەڵێ: «ئوسوڵییەکان، بە پلەی جیاواز، زۆربەی ئەو داب و نەریت و بیدعانە رەت دەکەنەوە کە لە پاش سەدەی یەکەمی مێژووی ئیسلامییەوە کەڵەکە بوون. ئوسوڵییەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بۆ ئەوەی بتوانرێ رۆحیەتی ئیسلامی سەرلەنوێ زیندوو بکرێتەوە دەبێ بەجددی کار لەسەر ئەوە بکەن و تەفسیرێکی نوێ بۆ ئیجتهادی ئیسلامی بدۆزنەوە، بە بێ پشت بەستن بە بیرورِا فیقهییە کلاسیکییەکان..»(١٥).

ئەگەر چی بۆچوونەکەی غەنووشی و دکمجیان یەک دەگرنەوە و ئوسوڵییەت هەمان واتای گەڕانەوە بۆ بنەما ئاینییەکان دەگەیەنێ کە ئیسلامییەکان

---

(١٤) هەمان سەرچاوە ص ٢٥- ٢٦

(١٥) الاصولية في العالم العربي- ريتشارد هرير دكمجيان، ترجمة وتعليق: عبدالوارث سعيد، ط ١٩٩٢، ص ٤٦

بانگەشـەی بۆ دەکەن، بەڵام لـەگـەڵ ئەمـەشـدا تێبینی دەکرێ ئیسـلامـییـەکـان بەگشتی بەم زاراوەیە ئاسـوودە نین و نەیانکردووەتە (ناو) بۆ بزاڤەکە، چونکە واتای ئوسـوڵـیـیـەت لای مـوسـوڵـمـانان جیـاوازی هـەیـە لە واتای زاراوەکـە لە گـوتاری سیـاسی و رۆشنبـیـریی ئەمـڕۆدا، کە لە گـوتاری غـەربییـەوە وەری گرتووە و دەلالەتێکی سەلبی هـەیە، فەهـمی هوەیدی دەڵێ: «لەناو زانستـەکانی ئیسلامدا تەنیا (اصول الدین) و (اصول الفقه)مان هـەیە، یەکەمـیان تایبەتە بە ئەحکام و ئەرکە نەگۆڕەکانی قـورئان و سـوننەت، هـەرچی دووەمـە تایبـەتە بەو یاسا و ڕێسایانەی بۆ هـەڵێنجـانی حوکمە شـەرعییـەکان و مـیتۆدەکـانی بەڵگە هێنانەوە بـەشـێوەیەکی گـشـتی پشـتیـان پێ دەبەسـترێ. هـەروەهـا لـە فـیکری ئیسلامـیدا ئوسـوڵییـەکان ئەو کەسـانەن کە لە زانسـتی (اصول)دا پسـپۆڕن و شـارەزان لە دەلیلە شـەرعییەکان کە ئامراز و کەرەستەی ئیجتیهادن»[١٦].

توێژەرێکی تری ئیسـلامی لەم بارەیەوە دەڵێ «لـە موعـجـەمـە دێرینەکـانماندا ئەم جۆرە نیسـبەدانە - الاصولیة- نابینین، تەنیا ڕیشـە زمانەوانییـەکەی، واتە (الاصل) دەبیـنین، کـــە واتـای بنەوەی شت یـان ڕەچـەڵـەک دەگـــەیـەنێ و جـەمعـەکـەشـی (اصول)ە، لە قـورئانی پیرۆزدا هـاتووە : (ما قطعتم من لینة او ترکتموها قائمة علی اصولها فباذن الله)، دەوترێ (رجل اصیل)، واتە ئەسـڵی هـەیـە و ئەسـڵـەکـەی دامــەزراوە، ڕای دامــەزراوە و ژیرە، (رای أصـیل) واتە ئەسـڵێکی هـەیە... لـەلای زانایانی (اصـول) وشـەی (الاصل) بە چەند شـتێک دەوترێ:

یەکەمیان: دەلیلە، بۆ نموونە دەڵێن (ئەسڵ لەم مەسـەلەیەدا کیتاب و سوننەیە).

دووەمیان: ڕێسـای گشتی.

سێیەمیان: زاڵ (الراجح) واتە لە پێشتر و نزیکتر.

دواتر هـوەیدی دەڵێ: «لە شـارسـتـانیـەتی ئیسـلامـیـدا چەند زانسـتێک گـەڵاڵە بوون: (اصول الدین) .. و (اصول الفقه) ... و (اصول الحدیث) .. بەم شـێوەیە

---

(١٦) حتی لاتکون فتنة، فهمي هويدي، ط ٣، ١٩٩٦، ص ١٣

دەبینین لە کەلەپوور و شارستانیەتی ئیسلام و موعجەم و فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا، زاراوەی ئوسوڵیەت، هەروەها ئەم واتایانە کە غەرب بەم زاراوەیەی داوە، نابینرێ».[١٧].

بەم پێیە، لە فەرهەنگی مێژوویی و نوێی ئیسلامیدا وشەی ئوسوڵییەت واتایەکی زیاتر زانستی و فەلسەفی هەیە تا ئەوەی واتایەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی هەبێ.

بەڵام ئایا مەبەستی عەلمانییەکان لەو (ئوسوڵییەت)ەی وەسفی ئیسلامییەکانی پێ دەکەن ئەم واتایەیە، یاخود ئەو واتایەیە کە ئیسلامییەکان خۆیان رای دەگەیەنن، یان تێگەیشتنێکی تریان بۆ زاراوەکە هەیە کە ئیسلامییەکان بەدڵیان نییە و حاشا لە حەقیقەتی دەکەن؟

***

دیارە جۆرە لێکچوونێک، گەر لە ئاست و مەودایەکی دیاریکراویشدا بێ، لە نێوان ستراتیژیەتی فیکری و سیاسیی بزاڤی ئیسلامی و وشەی (ئوسوڵییەت)دا بەم واتا ئیسلامییە زانستییە هەیە، ئەویش لەو رووەوە کە بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ئیسلام وەک مەرجەعیەت، دەکەن. بەڵام ئایا مەبەستی عەلمانییەکان لە (ئوسوڵییەت) ئەم مانایەیە؟ بێگومان نەخێر، زیاد لەوەش هەندێ لە رووناکبیرانی عەلمانی مافی ئەوەش بە ئیسلامییەکان نادەن کە خۆیان بە میراتگر و درێژەی ئەو ئوسوڵییەتە زانستییەی کولتووری ئیسلامی مێژوویش دابنێن..

لەو بارەوە محەمەد ئەرەکۆن دەڵێ: «وشەی ئوسوڵی واتایەکی ئیجابی دەگەیەنێ و دەمانگێڕێتەوە بۆ مێژووی فیکری ئیسلامی کە تێیدا ئەدەبیاتی (اصول) : (اصول الدین) و (اصول الفقه) دروست بوون، کە کارێکی بناغەسازیی گرنگ بوو کە کۆشش و بیرکردنەوەیەکی زۆری دەویست، بەڵام گوتاری ئیسلامەوی ئێستا ئەم ئەدەبیاتەی لەبیر کردووە و تەواو لێی بێ

---

(١٧) معركة المصطلحات بين الغرب والاسلام- . د. محمد عمارة، ١٩٩٧، ص ٤٤-٤٥

ئاگایە».. دواتر ئەرەکۆن راشکاوانە دەڵێ: «گوتاری ئیسلامەوی جۆرێک لە ئاسانگەرایی یان هەڵە دەکات کاتێ دەیەوێ چاکییەکانی ئوسوڵییەتە کۆنەکە و هەیبەتە ئاینییەکەی بۆ خۆی قۆرخ بکات لە کاتێکدا لەو ئوسوڵییەتە بێ ئاگایە و گوێ بە گەڕانەوەی یان وابەستەبوون بە بنەما مەنهەجی و خواستە مەعریفییەکانی نادات، چونکە جیاوازییەکی فیکریی گەورە هەیە لە نێوان نووسینی شافیعی لە کتێبی (الرسالة) یان نووسینی غەزالی لە (في المستصفى) و، گوتاری ئیسلامەوی ئێستا کە لافی ئوسوڵییەت لێ دەدات»(١٨).

محەمەد سەعید عەشماوی ـ بیرمەندی عەلمانیی ـ ئوسوڵییەتی ئیسلامیی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی دەکات بە دوو جۆرەوە: یەکەمیان ئوسوڵییەتی ئیسلامیی عەقڵی، دووەمیان تەییاری ئوسوڵییەتی حەرەکی. عەشماوی دەڵێ: «مەبەست لە ئوسوڵییەتی عەقڵی ئەو تەییارەیە کە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی تێگەیشتن لە ئیسلام وەک کە موسوڵمانە یەکەمینەکان تێگەیشتبوون.. و کردنی ئەم تێگەیشتنە بە ئامرازێک بۆ نوێکردنەوەی ژیانی رۆحیی موسوڵمانان و سەرلەنوێ رێزگێڕانەوە بۆ بەهاکانی کارکردن و ئیجتهاد و هەوڵدان بۆ پشکداربوون و دەوربینین لە شارستانێتی ئەمڕۆ و ئاڕاستەکردنی بەشێوەیەک کە مرۆڤ خولگە و خوای گەورە ئامانج و رووگەی بێ، ئەمە جگە لە رێزگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەکانی زانست و ئاراستە فیقهییەکان، مەبەستیش لە ئوسوڵییەتی حەرەکی، ئەو تەییارەیە کە شوێن بزاڤە سیاسییەکان دەکەوێ بەبێ ئەنجامدانی هیچ نوێکردنەوەیەکی راستەقینە بۆ فیکری ئاینی، شێوازە حزبییەکان دەگرێتە بەر بەبێ پێشکەشکردنی هیچ بەرنامەیەکی دیراسەکراو یان هیچ سیستەمێکی زانستییانە کار دەکات لەسەر ئەوەی کە ئاین سیاسەت بێ و شەریعەت حزب بێ و ئیسلام شەڕ بێ..»

(١٨) این هو الفكر الاسلامي المعاصر. محمد اركون. ت: هاشم صالح. دار الساقي، ص ٢٠

بۆیه دواتر دەڵێ: «ئوسوڵییەتی ئیسلامی تەنیا یەک تەییار و ئاراستە نییە، بەڵکو لە راستیدا دوو تەییاری دژ و ناسازن، بۆیە نابێ بەبێ دیاریکردن یان روونکردنەوە بە هەردووکیان بوترێ (ئوسوڵییەتی ئیسلامی)، چونکە ئوسوڵییەتی ئیسلامی عەقڵی (روحی)؛ بۆ سەلەفیەتی جووڵەی عەقڵی و ژیانی رۆحی دەکۆشێ، کە ئەوەش لە جەرگەی ئاین و جەوهەری ئیسلام و گیانی پێشکەوتن و بناغەی شارستانێتییەوەیە، هەرچی ئوسوڵییەتی ئیسلامی حەرەکی (سیاسی)یە بریتییە لە کۆمەڵە مەیلێکی تەمومژاوی و بەرچاو لێڵ کە سەلەفییەتێکی شەکلی دەوێ و بۆ توندگیری لە ئەدای رواڵەتی و گەڕانەوە بۆ شێوازی ژیان و گوزەران لە رابردوویەکدا کە مەحکوم بووە بە هەلومەرجی خۆی، دەکۆشێ، بۆیە نە ئاراستەیەکی عەقڵی و نە بووژانەوەیەکی روحییە و نە تێگەیشتنێکی راست و دروستە»[١٩].

وەک دەبینین گوتاری عەلمانییەت ئیسلامییەکان لەهەر دەلالەتێکی ئیجابی دادەڕنێ کە رەنگە لە هەر واتایەک لە واتاکانی وشەی ئوسوڵییەتدا هەبێ، بەڵکو کۆمەڵێ دەلالەتی سەلبی ئەوتۆ دەداتە زاراوەکە کە لەگەڵ ناوبردنی؛ وێنەیەکی تەڵخ و دزێو بۆ حاڵەتی ئیسلامی لەبەر زەینی خوێنەر و بیسەر خۆی بنوێنێ، کە ئیسلامییەکان پێیان وایە وەسفکردنی ئەوان بە (ئوسوڵییەت) بەم دەلالەتە سەلبییانە، وەسفکردنێکی نابابەتی و بێ ئینسافانەیە..

وشەی ئوسوڵییەت (فەندەمێنتالیزم) لە تێگەیشتنی خۆرئاواییەکاندا واتایەکی تایبەتی هەیە (دواتر باسی دەکەین). چاو گێڕان بە بۆچوونی هەندێ لە رووناکبیرانی عەلمانی دەربارەی فیکر و گوتاری ئیسلامییەکان، دەری دەخات کە مەبەستیان لە ئوسوڵییەت هەمان ئەو دەلالەتەیە کە خۆرئاواییەکان لێی تێدەگەن، یان لانی کەم لە ژێر کاریگەری ئەودایە. با وەک

(١٩) الاسلام السياسي، المستشار محمد سعيد العشماوي، ط٤ /١٩٩٦ ص١٧٠ ص١٧٨

نموونه سەیری ئەم چەند گوتەیە بکەین:

محەمەد ئەرەکۆن دەڵێ: «ئیسلامی ئەمڕۆ بەردەوامبوونێکی راستەوخۆی ئیسلامی سەردەمی داڕووخانە»(٢٠).

هەروەها دەڵێ: «عەقڵی ئوسوڵی تەواو بێ ئاگایە لە چاکترین ئەو شتانەی مۆدێرنیزم بەرهەمی هێناون، لێرەوە دژایەتییان دەکات و زۆر رقی لێیانە»(٢١).

«ئیسلامی رۆشنبیر و شارستانی و لێبوردە خەریکە بڵێم ئەمڕۆ هەر نییە».(٢٢).

رۆجیە گارودی دەڵێ: «ئوسوڵییەت نەخۆشی هەموو ئاینەکانە. ئوسوڵییەت بریتییە لەوەی کەسی ئوسوڵی لافی ئەوە لێ بدات کە حەقیقەتی رەهای لەلایە و لێرەشەوە نەک تەنیا ماف، بەڵکو واجبیەتی کە ئەو حەقیقەتە بەسەر هەمووان‌دا بسەپێنێ گەر بە ئاگر و ئاسنیش بێ»(٢٣).

ئەدۆنیس دەڵێ: «فیکری عەرەبی بە جیاوازی ئاراستەکانییەوە فیکرێکی ئوسوڵییە، ئوسوڵییەتەکەشی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کە ئەو هەمیشە لە کۆمەڵێ بیروباوەڕەوە دەست پێ دەکات کە بە حاشا هەڵنەگر و راستی کۆتاییان دادەنێ و هیچ پرسیارێکیان ئاراستە ناکات.»(٢٤).

---

(٢٠) الاسلام اوروبا الغرب ـ رهانات المنى وارادات الهيمنة. محمد اراكون. ت: هاشم صالح، دار الساقي. ط ا ١٩٩٥ ص ٥٥

(٢١) الاسلام. اوروبا الغرب ص ٧٢

(٢٢) هەمان سەرچاوە ص ١٧٨-١٧٩

(٢٣) گارودی ئەم گوتەیەی لە چەند کتێبێکدا دووپات کردووەتەوە، لەوانە (نحو حرب دينية- جدل العصر. روجيه غارودي. ت: صياح الجهيم. ط ١٩٩٧ ص ٣٠، + (الاسلام، روجية غارودي.ت: صياح الجهيم. ط ٢ ١٩٩٧ ص ٧٨ + (أمريكا طليعة الانحطاط، روجية غارودي. ت: صياح الجهيم - ميشيل خوري. ط ١٩٩٦ ص ١٢٣

(٢٤) لە میانەی دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری (الوسط) ژ- ٤٠٥، لە ٩٩/١١/١

د. حەیدەر ئیبراهیم عەلی دەڵێ: «ئوسوڵییەت روانینێکە بۆ ژیان کە دژی عەقلانییەتی عەلمانی و دژی ڕێژەییبوون و لێبوردنی ئاینی و قبوڵکردنی ئەوی جیاوازە. هەروەک ڕەتکردنەوەی تاکایەتی و مۆدێرنیزمە.. ئوسوڵییەت دەوری مرۆڤ و عەقڵ لە دروستکردنی مێژوودا رەت دەکاتەوە چونکە ـ پێی وایە ـ ئاین حەقیقەتی رەها و پیرۆز پێشکەش دەکات بەبێ هیچ بەشدارییەکی مرۆڤ مەگەر بەقەدەر ئەوەی ویستی ئیلاهی بێنێتە دی». جا دواتر دەڵێ: «جەوهەری مانای ئوسوڵییەت بەسەر بزاڤە ئیسلامییەکاندا پراکتیزە دەبێ. بزاڤە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە لە بنچینە تیۆری و فیکرییەکانیدا ئوسوڵییە»(٢٥).

(٢٥) التيارات الاسلامية وقضية الديمقراطية، ص ٢٧-٢٩.

محەمەد ئەرەکۆن دەڵێ: لە ماوەی بوونم لە ئەوروپا و، بەحوکمی سەردانە لە دوای یەکەکانم بۆ زانکۆ جیا جیا ئەوروپی و ئەمریکییەکان؛ بەزەقی هەستم بەوە دەکرد کە ئیسلام لەوێ تەنها واتای توندوتیژی و تاریکپەرستی و دەمارگیری و ئیرهاب دەگەیەنێ».

# ئوسوڵییەت لە بیری خۆرئاوادا

ئەگەر سەیری تێگەیشتنی خۆرئاواییەکان بۆ چەمکی (ئوسوڵییەت) بکەین و لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا بەراوردی بکەین، هەست دەکەین کە وەک زۆرێک لە رووناکبیرانی ئیسلامی پێیان وایە – زاراوەکە گوتاری خۆرئاوایی بۆ ئێمەی هەنارده کردووە و[٢٦] – بە وتەی فەهمی هوەیدی - بەزەبری (بۆردمانی راگەیاندن) خزێنراوەتە واقیعی ئیسلامییەوە[٢٧].

لە بیری خۆرئاواییدا ئوسوڵییەت «بزووتنەوەیەکی پرۆستانتییە، لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا سەری هەڵدا و لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا چالاکییەکی بەرچاویان هەبوو. باوەڕی بە گەڕانەوەی مادی و جەستەیی حەزرەتی مەسیح هەبوو بۆ جیهان تا هەزار ساڵ حوکمی بکات. بانگەوازەکەیان لەسەر بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ بنەماکانی مەسیحییەتی یەکەم و دەستگرتن بەحەرفییەتی کتێبە پیرۆزەکان (ئینجیل و باقی دەقە ئاینییەکانی دیکەیان) و رەفزکردنی تەواوی هەر جۆرە تەئویلێک بۆ هەر دەقێک لە دەقەکان و دژایەتیکردنی ئەو لێکۆڵینەوە رەخنەییانەی کە بۆ ئینجیل و کتێبی پیرۆز نووسراون، دامەزراوە.. ئوسوڵییەکان لە ریزی پێشەوەی لایەنگرانی ئیسرائیلن، کۆمەڵێکیان تێدایە خۆیان ناو ناوە مەسیحییە زایۆنییەکان، دژ بە خواردنەوەی ئارەق و لەباربردنی کۆرپەلە و تیۆری پەرەسەندنن.. لافی ئەوە لێ دەدەن کە راستەوخۆ لە خواوە وەردەگرن روو لە دوورەپەرێزی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەن،

(٢٦) حتى لاتكون فتنة، فهمي هويدي. ط ٣ ١٩٩٦دار الشرق، ص ١٣

(٢٧) معركة المصطلحات بين الغرب والاسلام، د. محمد عمارة، مارس ١٩٩٧ ص ٥٠

کارلێکردن لەگەڵ واقیع ڕەت دەکەنەوە، دژایەتیی عەقڵ و بیرکردنەوەی زانستییانە و داهێنراوە زانستییەکان دەکەن، بۆیە زانکۆکان بەجێ دەهێڵن و دامەزراوەی تایبەت بەخۆیان بۆ فێرکردن دادەمەزرێنن، ڕەفزی ئیجابییەتەکانی ژیانی عەلمانی دەکەن، دیارە ڕەفزکردنیان بۆ سەلبیاتەکانی لە پێشترە وەک لەباربردن و دیاریکردنی وەچە و شزووزی جنسی و ئارەق خواردنەوە و جگەرە کێشان.. بۆ سەپاندنی ئەم بیر و بۆچوونانەش پەنا بۆ هێز و توندوتیژی دەبەن»[٢٨].

ئاخۆ ئەم فیکرە، لەگەڵ فیکر و تێڕوانینەکانی بزاڤی ئیسلامی نوێدا چەندە لێک دەچێ؟

بەپێی ئەم پێناسەیە بێ، چەند لێکچوونێک لە نێوان بیری ئیسلامییەکان و بیری ئوسوڵییەتی ئەمەریکاییدا هەیە، وەک دژایەتیکردنی مەی خواردنەوە و شزووزی جنسی، ئەمەش لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە کە پێی وایە ئەو کارانە خراپ و زیان بەخشن نەک لە ڕوانگەی دژایەتیکردنی سیماکانی ژیانی هاوچەرخەوە کە لەگەڵ گەشەکردنی عەلمانییەتدا سەریان هەڵداوە، بەڵام دابڕینی ئەو زاراوەیە بەو دەلالەتەوە بەسەریاندا، بەبێ ناوبگیریکردن و هەڵاوێردنی ڕەوتێک لە ڕەوتەکانی، پێم وایە هەڵەیەکی مەنهەجی و کارێکی

---

(٢٨) ئەم پێناسەیە لەم سەرچاوانە گەڵاڵە کراوە: (الاصولية في العالم العربي- ريتشارد هرير دكمجيان، ترجمة وتعليق: عبدالوارث سعيد، ط ٣ ١٩٩٢ ص ١٢+ الاسلام السياسي، المستشار محمد سعيد العشماوي ص ١٦٩-١٧٠+ حتى لاتكون فتنة - فهمي هويدي، ص ١٣، معركة المصطلحات بين الغرب والاسلام، ص ٤٢- ٤٣، کە ئەوەی یەکەم و دووەم وەک سەرچاوەی خۆیان ئاماژەیان بۆ ئەم سەرچاوانە کردووە:

١- (دائرة المعارف البريطانية)، زاراوەی Fundamentlism

2-Encyclopaedia of social sciences

3- james barr, Religious fundamentalism (curr a ffairs bulentin, 1 june 1982 pp. 24- 30

نازانستییانەیە و بەرەنجامی زهنیەتێکی ئایدۆلۆژیانەیە کە دەیەوێ هەموو ئامرازێکی مومکین- دروست و نادروست- بۆ زەبردان لە بەرامبەر بەکاربێنێ.

فەهمی هوەیدی دەڵێ: «ئوسوڵییەت لە گوتاری خۆرئاواییدا کۆمەڵێکن کە خاوەن بیرو بۆچوون و سیفەتگەلی دیاریکراو و سیمای هاوبەشن کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعی دیاردەی ئیسلامییەوە نییە، کە چەندین بیر و بۆچوونی سیما جیاوازی هەیە، بەڵام نووسەرە خۆرئاواییەکان، بەتایبەتی رۆژنامەگەری ئەمەریکی، لە دیاردەی ئیسلامیدا هیچیان نەدی جگە لەوەی دیاردەیەکی سەلەفییانەی خورافییە، کە وەک بزووتنەوەی ئەو کۆمەڵە ئینجیلییەی پرۆتستانتەکان وایە، لێرەوە هەمان زاراوەیان دایە پاڵ ئیسلامییەکان کە ئینجیلییەکان لە خۆیانیان نا، ئێمەش زاراوەکەمان قۆستەوە و بەبێ بیر لێکردنەوە وتمانەوە..»(٢٩).

تەنانەت (محەمەد سەعید عشماوی)ش پێی وایە گواستنەوەی دەربڕین (زاراوەکە) کە لە ژینگەی ئەمەریکی و زمانی ئینگلیزییەوە بۆ فیکری ئیسلامی و زمانی عەرەبی، لاسایی و دووبارە کردنەوەیە و حسابی بۆ جیاوازی هەل و مەرجی مەسیحییەتی یەکەم و بارودۆخی ئیسلام لای موسوڵمانە یەکەمینەکان نەکردووە.

عەشماوی دەڵێ: «لە وڵاتە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک هەن پێیان وایە دەبێ لە ژیانی مەدەنی و شارستانی بکشێنەوە تا وەک مەسیحییە یەکەمینەکان بژین، ئەمانە پێیان وترا ئوسوڵییەکان Fundementalists، بەمانای ئەوەی دەگەڕێنەوە بۆ ئوسوڵەکانی مەسیحییەتی یەکەم. لە ئاکامی کارتێکرانی هەندێ لە نووسەران بە فیکری ئەمەریکی و دەربڕینەکانی زمانی ئینگلیزی لەفزەکانیان بۆ زمانی عەرەبی گواستەوە و کردیانە ناوی ئەو تەیارەی کە توندگیری دەکات لە دەستگرتن بە هەندێ ڕواڵەتی ئیسلام و پەراوێزی ئاینەوە... ئەمە لە کاتێکدا مەسیحییەکان لە سەردەمی حەزرەتی مەسیحەوە

(٢٩) حتى لاتكون فتنة، ص ١٢

تا ساڵی ٣٢٥ ز لە ژیانێکی سەرەتایی و مەشاعی و سادەدا دەژیان.. ئەمە جگە لەوەی ئەو مەسیحییانە تا ماوەیەکی زۆر وەک مەزهەبێکی یەهوودی نوێ دەجووڵانەوە و هەوڵیان نەدا ئاین نوێ بکەنەوە یان شەریعەتی خۆیان دەرخەن، لەبەرئەوە قەت کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و شارستانێتی، یان بەرەنگاری کردنی دەسەڵات گەر دەرخواردی دڕندەکانیشی دابن، نەکردووە، بەڵام ئیسلام بەتایبەتی لە مەدینە، سیستمێک بوو، دواتر لە بەغدا بوو بە شارستانێتی. هەروەها موسوڵمانان بە سەرۆکایەتی پێغەمبەر (د. خ) هەر لە سەردەمی مەدینەوە کاریان لەسەر بەرەنگاریکردنی موشریکەکان نەک تەسلیمبوون و سەرشۆڕکردن، بڵاوکردنەوەی ئیمان نەک کشانەوە لە ژیان، داڕشتنی واقیع نەک خۆ لێداڕنینی، کردووە، لێرەوە بە ڕۆشنی دەردەکەوێ کە ژیانی موسوڵمانانی یەکەمین- لە هیچ لایەنێکەوە- لە ژیانی مەسیحییە یەکەمینەکان ناچێ و ناونانی ئەو کۆمەڵە ئەمەریکییە بە (ئوسوڵییەت) ناونانێکە بۆ جێی خۆی گونجاوە، بەڵام ئەم مانایە قەت دروست نییە کاتێ لە چوارچێوەی ئیسلامدا لە تەییارێکی توندڕەوی پەڕگیر دەنرێ کە ڕێڕەوی عەقڵی و ڕۆحی موسڵمانە یەکەمینەکانی نەگرتووەتە بەر..»[٣٠].

ئەگەرچی مەبەستی عەشماوی ئەوەیە بڵێ «هۆی نابابەتیبوونی ناونانەکە جیاوازیی ئوسوڵە دینی و مێژووییەکانی ئیسلام و مەسیحییەتە نەک جیاوازیی ئایدۆلۆجیای تەیارە ئسیلامی و مەسیحییەکانی ئەمڕۆ»، بەڵام تا ڕادەیەک ئەم واتایەی دواییش دەگەیەنێ، بەتایبەتی گەر ئیسلامییەکان توانییان بەکردەوە بیسەلمێنن کە مەرجەعی فیکری ئەوانیش خودی ئاینەکە و ژیننامەی موسڵمانە یەکەمینەکانە.

بیریاری ئیسلامیی ناسراو د. محمد عەمارە دەڵێ: «بە چاوپۆشین لە ناونانەکە، ئایا لە ناو تەییارەکانی فیکری ئیسلامی کۆن و نوێدا تەییارێک یان مەزهەبێک هەیە کە هەڵوێستی ئوسوڵییە خۆرئاواییەکانی هەبێ لە دەقە پیرۆزەکان و پێی وابێ دەبێ قورئان و سوننە تەفسیری حەرفی بکرێن و

(٣٠) الاسلام السياسي، ص ١٦٩- ١٧٠

هەمـــوو جـۆرێکی مـــەجـاز و تەئویل رەت بکاتەوە؟ وەڵام نەخـێـر...». دواتر بەڵگەکانی لەسەر بۆچوونەکەی دەخاتە روو..

هـەروەها عـــەمــــارە بۆچـوونی هـەندێ لە نـووســـەران و رۆژهـەڵاتنـاســـە خۆرئاواییەکان دەهێنێتەوە کە پێیان وایە رابوونی ئیسلامی لە ئوسوڵییەتی خۆرئاوایی ناچێ بەو واتایەی بیەوێ لە ئێستا بکشێتەوە و لە رابردوودا بژی، بەڵکو دەیەوێ لە رێی زیندووکـردنەوەی رابردووەوە ئایندەی رووناک بکاتەوە. لەوانە رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (جاک بیرک)، هەروەها سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو (ریتشارد نیکسۆن) کە لە کتێبی (الفرصة السانحة– Seizthe moment)دا دەڵێ: «ئەوان– رابوونی ئیســلامی– گـەرچی بۆ رابردوو دەڕوانن، بەڵام رێنوێنی لێ وەردەگـــرن بۆ داهاتوو، ئەوان پارێزکـــار نین، بەڵکو شۆڕشگێڕن»..[٣١].

بیریار و سیاسەتوانی ئیسلامیی سۆدانی دکتۆر حەسەن تورابی دەڵێ: «لە بازنەی ئیســلامـدا، ئەم بزاڤـە– ئوسـوڵـیـیـەت– زیاتر لە بزووتنەوەی رێنیـســـانس دەچێ لە ئەوروپا وەک بزاڤــێکی نوێکردنەوەی فـــەرهـەنگی هەمەلایەنە، کە هەوڵ دەدات لە کۆتاییدا بگۆڕێ بۆ ریفۆرمێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر.. لەبەرئەوە ئەم زاراوەیە سەرلێشێوێنە..»[٣٢].

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەلمانی هەر سوورن لەسەر ئەوەی بزاڤە ئیسلامییەکان لە واقیعدا بە فیکر و مومارەسە ئوسوڵین.. «ئوسوڵین بە زیادیشەوە، لە سیما گشتییەکاندا لەگەڵ ئوسوڵییەتەکاندا هاوبەشە»[٣٣].

***

(٣١) معركة المصطلحات بين الغرب والاسلام، ص ٤٧– ٤٩

(٣٢) التيارات الاسلامية وقضية الديمقراطية، پێشوو ص ٢٨، ئەویش لە کتێبی لە (الترابي يحاور الغرب) لا ٥٩ وەری گرتووە.

(٣٣) هەمان سەرچاوە لا ٢٨– ٢٩

# ئیسلامەوی

یەکێکی تر لەو زاراوانەی لەلایەن تەییاری عەلمانییەوە وەسفی تەییاری ئیسلامی پێ دەکرێ وشەی (ئیسلامەوی)یە.

دیار نییە کێ ئەم زاراوەیەی بۆ یەکەم جار بەکار هێناوە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە زاراوەکە بەرهەمی فیکری عەلمانییە و پێ دەچێ (محەمەد ئەرەکۆن) بۆ یەکەم جار بەکاری هێنابێ و دواتر وەک وەسفێک بۆ ئیسلامییەکان لە بەرهەمەکانیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاری هێناوە و جێی گرتووە و بڵاو بووەتەوە.

ئەمیش هەروەک ئەوەی پێشوو (ئوسوڵییەت)، مۆرکێکی سەلبی بەئایدۆلۆژیا و گوتاری ئیسلامییەکان دەدات و مافی خۆ ناونان بە(ئیسلامی)یان لێ دەکێشێتەوە.

هاشمساڵح کە ئەرکی وەرگێڕانی بەرهەمە فەرەنسییەکانی ئەرەکۆنی گرتۆتە ئەستۆ و ڕاڤە و روونکردنەوەیەکی زۆریشی لە پەراوێزی بۆچوونەکانی ئەرەکۆندا نووسیوە، مەبەستی ئەرەکۆن لەم وشەیە (ئیسلامەوی) و جیاوازی لەگەڵ وشەی (ئیسلامی) و ئامانجی نووسەر لەم جیاکردنەوەیە روون دەکاتەوە. ساڵح دەڵێ(٣٤) «وەک زانراوە وەزنی (فعلوی) و (فعلویە) لە زمانی عەرەبیدا بۆ پێدانی رەنگێکی سەلبی بەواتا بەکار دێ.. لەبەر ئەوە ئەرەکۆن لە باتی وشەی ئیسلامی (Islamique) ـ ی فەرەنسی ـ، وشەی ئیسلامەوی ـ کە لە زمانی فەرەنسیدا (Islamiste) ی سەلبی پێ دەوترێ، بە گونجاوتر

(٣٤) بڕوانە: أين هو الفكر الاسلامي المعاصر. محمد أركون، ص ١٢

دەبینێ، چونکە ئەمەی دوایی مۆرکێکی سەلبی بە واتاکە دەدات، هەر وەک کە (عەلمانەوییەت) و (عیلمەوییەت) حاڵەتێکی سەلبین لە (عەلمانییەت) و (عیلمییەت).»

لێرەوەیە ئەرەکۆن دەڵێ: «بەڵام من رازی نابم بەوەی فیکری ئیسلامی لە بنەماکانی خۆی لابدرێ و گوتاری ئیسلامی بگۆڕدرێ بە گوتارێکی ئیسلامەوی کە جیاوازی نەکات لە نێوان ئامانجە سیاسییەکان لەگەڵ بەها فیکرییەکان و ئەو مەرجە زانستی و ئەخلاقی و ئاینییانەی ئیسلامیان پێ جوێ دەکرێتەوە»[٣٥].

گارودی دەڵێ: «ئیسلامەوییەت نەخۆشی ئیسلامە، وەک کە ئوسوڵییەت نەخۆشی گشت ئاینەکانە "ئیسلامەوییەکان" لەمڕۆدا نەخۆشی ئیسلامن»[٣٦].

توێژەرێکی دیکەیان دەڵێ: «پێم باشە زاراوەی ئیسلامەوییەت بخرێتە پاڵ بزووتنە ئیسلامییەکان ـ، تا بتوانرێ جیاوازی لە نێوان: موسوڵمانەکان و ئیسلامییەکان و ئیسلامەوییەکاندا بکرێ. مەبەست لە (موسوڵمان) دینداریکردنی ئاسایی و فیترییە لە ئەنجامدانی شەعیرە و رێورەسمە ئاینییەکان و بەپێی توانا پابەندبوون بە رێنوێنییە ئاینییەکانەوە، بەڵام ئیسلامییەت (Islamism) دەکرێ بەو بزووتنەوە رێکخراوانە یان ئەو گرووپانە بوترێ کە پێیان وایە یان وا دادەنێن کە تێگەیشتن و تەئویلی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ ئاین.. بزووتنەوەکانی چاکسازی ئاینی لە جیهانی ئیسلامی سەر بەم تەییارە دادەنرێ لە نموونەی تەهتاوی و ئەفغانی و محەمەد عەبدە و محەمەد رەشید رەزا .. هەرچی ئیسلامەوییەت (Islamisti)ە، لەوانەیە لە بیر و بۆچوونەکانی ئەمانەی پێشووی لە خۆیدا هەڵگرتبێ، بەڵام زیاتر کاری حەرەکی تێیدا بەسەر ئیجتیهادی فیکریدا زاڵە، ئیسلامەویەکان لە بیر و بۆچوونە ئوسوڵی یان ئاینییە هاوچەرخەکاندا قووڵ نابنەوە مەگەر بەقەدەر

---

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ص ١

(٣٦) الاسلام، روجیه غارودي، ص ٧٨ ص ٨١

ئەوەندەی کە بکرێ لە بواری کاری حەرەکی واتە سیاسیدا تەوزیف بکرێ، ئیسلامەوییەت.. هەژارە لە توانای بیرکردنەوە و شیتەڵکردندا، کە ئەمەش دوور نییە بەهۆی هەلومەرجی ململانێی سیاسی و حزبییەوە سەر بۆ دەمارگیری و توندوتیژی بکێشێ. ئیسلامەوییەت وەک عیلمەوییەت، هەڵوێستێکی مەعریفییە کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە حەقیقەتی رەهای پێیە..[٣٧]

(٣٧) التيارات الاسلامية وقضية الديمقراطية. ص ٣٢ ـ ٣٣

# ئیسلامانی

ئەوەندەی ئاگاداربم تەنیا (د. صادق جلال العظم) زاراوەی ئیسلامانی (الاسلامانية)ی بۆ وەسفکردنی ئیسلامییەکان بەکارهێناوە [٣٨] بەڵام دەتوانین بڵێین روانگەی (العظم) لە هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئیسلامییەکان، بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاوازی هەیە لە روانگەی زۆرێک لەو نووسەرە عەلمانییانەی دیکەی ناوچەکە کە زاراوەکانی (ئوسوڵییەت) و (ئیسلامەوی) و (ئیسلامی سیاسی) بۆ وەسفکردنی ئیسلامییەکان بەکاردێنن، ئەویش لەو رووەوە کە (د. العظم) سڵ ناکاتەوە لەوەی بەبێ پەروا هەڵوێستی نەیارانەی خۆی بەرامبەر بە (خودی ئیسلام)یش وەک ئاین، نەک ئیسلامییەکان وەک کۆمەڵەیەکی هەڵگری ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، بخاتە روو، ئەمیش جیاواز لە زۆرێک لە بیرمەندە عەلمانییەکانی عەرەب لە نموونەی (محەمەد ئەرەکۆن، د. نەصر حامد ئەبو زەید، د. فوئاد زەکەریا، فەرەج فۆدە، شبلي العيسمي، محەمەد سعيد العشماوی، محمود ئیسماعیل، د. محمد ئەحمەد خلف الله، عەلی حەرب و.. هتد کە وێڕای ململانێی سەختیان لەگەڵ تەیاری ئیسلامی، بەڵام بە قەناعەتەوە بێ، یان وەک موجامەلەکردنی جەماوەر و خۆ لادان لە تووڕەیی رای گشتی ـ وەک د. عزيز العظمة ئاماژە بە حاڵەتی لەو چەشنە دەکات [٣٩]

---

(٣٨) بڕوانە: ذهنية التحريم، د. صادق جلال العظم.

(٣٩) د. عزيز العظمة کاتێک باس لە تێڕوانینی هەندێ لە رووناکبیرانی عەرەبی سەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم بۆ مەسەلەی دواکەوتن و دەوری ئاین/ ئیسلام دەکات (لە نموونەی محمد حسين هيكل، أسماعيل مظهر، طه حسين و... هتد) دەڵێ: (جگە لە ئیسماعیل ئەدهەم (١٩١١– ١٩٤٠) هیچ کام لە =

خۆ دەبوێرن لەوەی رەخنە لە خودی ئیسلام بگرن، بگرە سەرسامی و رێز و باوەڕی خۆیان دەردەبڕن و رەخنەکانیان زیاتر ئاراستەی فیکری تەیاری ئیسلامی دەکەن و وا نیشان دەدەن کە ئەوان سیمای ئاینەکە دەشێوێنن..

لەم روانگەیەوە دەکرێ بڵێین، گەر مەبەستی ئەمانەی دوایی لەو مۆرکە سەلبییەی بە حاڵەتەکەیان داوە، تانەدان بێ لە هزری ئیسلامی تەیارەکان؛ ئەوە زاراوەکەی د. العظم بۆ تانەدانە لە ئیسلام و ئیسلامییەت پێکەوە.. ناوبراو مەبەستی لە وشەکە تانەدانە لە نەزعەی ئیسلامیبوون.

ئەوەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکات ئەوەیە تێبینی دەکرێ ئەوانەی خۆ لە رەخنەلێگرتنی خودی ئیسلام نابوێرن بەلایانەوە ئاساییە هەر ناوێک لە ئیسلامییەکان بنرێ کە تەعبیر لە پێوەستبوونیان بە ئیسلامەوە بکات، چونکە هەر ئەو پەیوەستبوونە بەئاینەوە لای ئەوان نەنگی و دواکەوتووییە.

***

وەک لە پێشەوە بینیمان هەر کام لەو زاراوانەی بەرەی ئەنتی ئیسلامی لە بزاڤی ئیسلامییان ناوە، مۆرک و وێنەیەکی سەلبی بە حاڵەتەکە دەدات، بەشێوەیەک ئەو چەمکە ببێتە بووەتەی کۆمەڵێ سیفەتی فیکری و سیاسی ناقۆڵا و دزێوی وەک دۆگمایی فیکری، خۆ بە هەڵگری حەقیقەتی رەها زانین، رەتکردنەوەی فرەلایەنی و لێبوردەیی فیکری و سیاسی، لاوازی توانای

= مولحیدەکان ئیلحادی خۆیانیان رانەگەیاند... باقی دانەرەکانی دی دانیان بە راستی پێغەمبەرەکاندا نا کە رەنگە ئەوە خۆپارێزی بووبێ، دواتر دەڵێ: (مینجەمینج لەو گوتانەی سەرەوەدا بەڕوونی دیارە، زۆربەی ئەو بیریارە عەرەبانەی باس کران خۆیانیان لە هێرشی ئاینییەکان پاراستووە لە رێی ئاراستەکردنی رەخنەکانیان بۆ ئەوەی ناویان نابوو توێکڵەکانی ئاین، یان بۆ خراپ بەکارهێنانی ئاین لەلایەن پیاوانی ئاین یان سیاسەتەوە، بەبێ ئەوەی راستەوخۆ بچنە ناو مەسەلەکانی خودی ئاینەوە... بڕوانە: العلمانية من منظور مختلف/ د. عزيز العظمة، مركز دراسات الحدة العربية، ط ١ ١٩٩٢، ص ٢٢٣، ٢٣١

مەعریفی و ئاسۆی بیرکردنەوە، دەمارگیری و توندڕەوی، ئیستیغلالی دین و.. هتد.

زاراوەی (ئیسلامی سیاسی)ش یەکێکە لەو زاراوانەی کە فیکری عەلمانی بەرهەمی هێناوە و بارگاوییە بە کۆمەڵێ لەو واتا سەلبیانەی پێشوو.

# بۆچی ئیسلامی سیاسی؟

زاراوەی (ئیسلامی سیاسی) دەربڕینێکی کوردییانەیە بۆ زاراوەی (الاسلام السياسي) لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا. بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێ لە واتای دەستەواژەکە حاڵی بین دەبێ پێکهاتەی عەرەبییەکەی شیتەڵ بکەین، هەروەها ئەو مەبەستەی زاراوەکەی بۆ داتاشراوە بیزانین.

وەک لە دەربڕینە عەرەبییەکەدا دیارە سیفەتی (السياسي) کراوەتە سیفەت بۆ وشەی (الاسلام) کە ناوی ئاینی موسوڵمانانە بەگشتی، نەک بۆ دەستە و گرووپێک لە مرۆڤەکان کە بە تێگەیشتنێکی تایبەتەوە مومارەسەی چالاکی سیاسی دەکەن. بەم پێیە ئەم زاراوەیە وەک ناوەڕۆک بەوردی دەلالەت ناکات لەو حاڵەتەی لێ نراوە. بەڵام زاراوەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە، کە چەند (ئیسلام)ێک هەیە و ئیسلامییەکان شوێنکەوتەی جۆرە سیاسیەکەینی[٤٠].

ئەمە هەڵەیەکی مەنهەجییە، چونکە ناکرێ ئیسلام کە یەک ئاینە وەک چەند ئیسلامێک سەیر بکرێ، خۆ ئەگەر گرووپ و دەستەیەک لایەنێک یان زیاتری ئاینەکەیان زیاتر تێدا زەق بووبێتەوە و هەندێ لایەنی دیکەیان خستبێتە دواترەوە، ئەوە دەکرێ وەک جۆرێک لە لاسەنگی لە ڕێکخستنی ئەولەویاتەکانی بایەخ پێدان و پیادەکردنی تێڕوانینە ئیسلامییەکان سەیر بکرێ، چونکە ئەوەی لە واقیعی مومارەسەی موسوڵماناندا ـ بەجیاوازی مەزهەب و ئیجتهاد و بیرکردنەوەیانەوە ـ دەبینرێ هەر جیاوازی خشتەکانیانە بۆ پەیڕەوکردنی

---

(٤٠) ریتشارد هریر دکمجیانیش لە کتێبی (الاصولية في العالم العربي) ئەم جۆرە دابەشکردنە دەکات، بڕوانە لا ٤٤– ٤٧.

لایەنەکانی ئیسلام و رادەی پەیڕەوکردنیان.

بۆ ئەوەی زیاتر لەم بۆچوونە تێبگەین دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو پاساوەی کە عەشماوی ـ وەک یەکێ لە داڕێژەرانی زاراوەکە ـ کردوویەتی بە بناغە بۆ مەنتیقییەتدان بە داڕشتنی زاراوەی (ئیسلامی سیاسی).

عەشماوی دەڵێ: «لەم کتێبەدا بۆ یەکەم جار زاراوەی (ئیسلامی سیاسی) وەک سیفەتێک بۆ ئەو کۆمەڵ و دەستانەی لە بنچینەدا بۆ سیاسەت دەکۆشن بەکارهێنرا... با ئامانجەکانی خۆیشیان بە پۆشاکی ئاینی یان بە دەمامکی شەریعەت بەرگ گرتبێ. ئەم کۆمەڵ یان دەستانە، خۆیانیان بە کۆمەڵی موسڵمانان دادەنا، یان ئەندامانیان بە (ئیسلامییەکان) وەسف دەکرد، کە ئەوەش وەسفێکی هەڵە و دەربڕینێکی تێکەڵکەرە کە مەبەست جیاکردنەوەی ئەوانی دیکە و سەیرکردنیانە وەک کەسانی دەرچوو لە ئیسلام، یان لانی کەم ـ پێیان وایە ـ گومان لە ئیسلامەتییەکەیاندا هەیە. جا بە دەربڕینی (ئیسلامی سیاسی) شتەکان گەڕانەوە سەر سروشتی خۆیان و پێوەرەکان بەو شێوەیەی پێویستە راست بوونەوە و بەمە کۆی موسڵمانان بوون بە کۆمەڵی موسوڵمانان و ئەمانەن موسڵمانەکانن، هەرچی ئەوانەن کە سیاسەت دەکەنە پیشە و حزبایەتی دەکەن ئەوانە کۆمەڵێ (ئیسلامی سیاسی)ن، تا بەمە لە ناو باقی موسڵمانەکان دیاری بکرێن و وەسفێکی ڕاستەقینە بێ بۆ کار و ئامانجەکانیان»[٤١].

بەم پێیە عەشماوی موسڵمانانی کرد بە دوو بەشەوە: موسڵمانان بەگشتی کە دوورن لە مومارەسەی سیاسەت بەناوی ئاینەوە ـ کە ئەمانە بەلای ئەوەوە بەرجەستەی رۆحی ئیسلامەتی دەکەن + کۆمەڵی ئیسلامی سیاسی کە سیاسەت و حزبایەتییان کردۆتە پیشە.

وردبوونەوە لە ئیحا و دەلالەتی نەگوترای ئەم دەقەی عەشماوی و هەموو ئەوانەی لە روانگەی رەخنەییەوە ئیسلامییەکان بەم ناوە وەسف دەکەن،

---

(٤١) الاسلام السياسي، پێشوو ص ٦

دەگـەینە ئەو قـەناعـەتەی کـە مـەبەسـتـیـان لە وەسـفـەکـە ئەوە نیـیـە کـە ئیسلامییەکان «لە روانگەی ئیسلامەوە مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن، یان لە روانگەیەکی سیاسـییەوە مـومـارەسـەی ئیـسلام دەکەن) بەڵکو زیاتر مەبەستیان ئەوەیە کە پاڵنەر و ئامانج و مەبەستی ئەوان تەنیا (سیاسەت) و دەستکەوتەکانیەتی و لەو پێناوەدا ئیسلام وەک ئامرازێک بۆ خۆ بەهێزکردن و گەیشتنە دەسەڵات بەکار دەهێنن، ئیتر ـ پێیان وایە ـ ئەوەی ئیسلامییەکان باسی دەکەن لە سەرخستنی ئاین و گێڕانەوەی مەرجەعیەت بۆ شەریعەت تەنیا دروشمێکی سیاسی دیماگۆجییانەیە و هیچی تر.

ڕەوتێکیش بەم نەفەسەوە ـ کە ئەم بۆچوونەی پێشوو بۆی دەچێ مامەڵە لەگەڵ ئیسلام بکات دەبێ دوور بێ لە هەموو بەها و پابەندبوونێکی ئاینیی ناسیاسی ـ وەک موسڵمانانی گشتی ـ و هیچ نەخش و دەورێکی لە گەشەپێدان و زیندووکردنەوەی گیانی ئاینداریکردنی بێ فێڵ و گەشەپێدانی هۆشیاری ئاینیی گشتیدا نەبێ و هیچ قوربانیدانێکی لە پێناو ئیسلامدا نەدابێ و، کەس نەبێ بتوانێ لەسەر ئەمانەی سەرەوە شایەتی بۆ بدات، ئەمە جگە لەوەی بە تەبیعەتی حاڵ دەبێ گوتار و ئایدۆلۆژیاکەی هیچ شەرعیەتێکی (ئاینی) لە سەرچاوە مەرجەعیەکانی ئیسلام و مێژووی پەیامی ئیسلامدا نەبێ.

گەرچی ئەو هەستەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی عەشماوی لای خوێنەر دروست دەبێ بریتییە لە هەستکردن بەوەی کە ناوبراو پێی وایە ئیسلام ڕێکخستنی کاروباری سیاسەت و دەوڵەتی نەکردۆتە ئەرک و ئەو بوارەی بەکراوەیی بۆ ویست و بڕیاری مرۆڤ بەجێ هێشتووە، بەڵام ـ وەک د. محەمەد عەمارەیش لەمیانەی ئەو کتێبەدا کە بۆ ڕەخنەلێگرتنی پرۆژەکەی عەشماوی سەبارەت بە (ئیسلامی سیاسی) داینـاوە ئاماژەی بۆ دەکات[٤٢]. ناوبراو دان بەوەدا دەنێ کە پێغەمبەر (د. خ) سەرکردەیەکی سیاسیش بووە و

---

(٤٢) سقوط الغلو العلماني/ د. محمد عمارة، دار الشروق ط ١ ١٩٩٥ ص ١٤٠

دەوڵەتـی دروست کـردووە کـە ئـەو نـاوی (حکومـة اللـه)ی لێ دەنێ ـ و لێـرە و لەوێش دەربڕینـی وا دەردەبڕێ کـە جـۆرێک لە داننانیـان تێـدایە بە بـوونی رەهەندی سیاسـی لە ئیسلامدا[٤٣] ئەمە لەلایەک..

لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر شەڕی عەشماوی و هاوشێوەکانی تەنیا لە دژی تەیاراتی ئیسـلامی سیـاسی بووایە، دەکـرا هەڵوێستـەکەی لـە بەناسیـاسی زانینی ئیسـلام و بەسیـاسی ـ رووت ـ وەسـفکردنی کـاری ئیسـلامیـیەکـان جۆرێک لە مەعقولییـەت و مەوزووعییـەت و راستگۆیی تێدا بدیترایە، بەڵام لە واقیعدا ئەو، هەروەها زۆرێکی دیکە کە لە رووناکبیرە عەلمانییـەکانی عەرەب و غـەیری عـەرەب، دژ بـە هـەر گـوتارێک دەوەستن کـە بانگەواز بۆ پیـادەکـردنی شـەریعەت بکات با گوتاری لایەنێکی ئاینی و دوور لە مـەیدانی سیـاسـەتیش بێ، محەمەد عـەمارە دەڵێ: «جەدەلی توندی عەشمـاوی لەگەڵ رووناکبیـرانی رابوونی ئیسـلامی و ژیانەوەی ئیسـلامیـدا، ئەوانەی کـە ئیسـلام وەک مـەنهەجێکی هەمەلایەنە بۆ گشت بوارەکانی ژیان پێشکەش دەکەن ـ لەوانەی عەشمـاوی بەتەیار و کۆمـەڵانی ئیسلامی سیـاسی ناویان دەبات ـ نییـە بە تەنیـا، بـەڵکو ناکـۆکـیی توندوتیـژ و جـەدەلی گـەرم و گـوڕی لەگـەڵ زانا و رەمـزەکانی دامـەزراوە زانستـییـە ئیسـلامیـیـە مێـژووییـەکـانیـشـە.. لە پێشـەنگیـاندا ئەزهەری شـەریف. بگرە نارەزایی دەربڕین لەسـەر پرۆژەکـەی عەشماوی و رەفز و ئیدانەکردنی توندی بیر و بۆچوونی، بۆ یەکەم جار لەلایەن یەکێ لە رەمزەکانی زاناکانی ئەزهەرەوە کە خوالێخۆشبوو شێخ (عبدالمنعم النمر) بوو دەستی پێ کرا کاتێ کە وەزیری ئەوقاف بوو لە ساڵی ١٩٧٩ ز.. کە ئەو لەسەر رموزی (ئیسلامی سیاسی) حسێب نییە»[٤٤].

هەروەها د. فـرج فـودة تەیاری سـیـاسی ئیسـلامی بۆ سێ تـەیار دابەش دەکـات: تـەیاری تەقلیـدی ئیـخـوان + تەیاری شـۆڕشگێـڕ (ثوري) + تەیاری

---

(٤٣) بڕوانە: الاسلام السياسي ص (٨٩، ١٠٤، ١٢٠، ١٥٣، ١٦٢، ١٧٠)

(٤٤) سقوط الغلو العلماني/ د. محمد عمارة ص ٥

ساماندار (ثروي) +[٤٥] كە لانی کەم ئەمەی دواییيان گروپی سیاسی حزبی نییە. ئەمیش وەک عەشماوی یەکێ لەو بەرانەی کە جەنگی لە دژ بەرپا کردووە ئەزهەرە کە زۆر کەس بە (ئیسلامی رەسمی) ناوی دەبات، ئەوەتە کاتێ دەبینێ شێخ «جاد الحق علی جاد الحق) شێخی ئەزهەر لە نامەیەکدا دەستخۆشی لە فەهمی هوەیدی دەکات لەسەر نووسینی زنجیرە وتارێک لەسەر کتێبەکەی عەشماوی (الاسلام السیاسی)، د. فودە بەناونیشانی (لشیخ الازهر أن یحمدالله) وتارێک لە رۆژنامەی (الاهالي)ی لە ١٩٨٨/٣/٢٣ بڵاودەکاتەوە، کە تێیدا بەتوندی رەخنە لە بیر و ڕا و قسەکانی شێخ جادالحق دەگرێ. کە ئەو نەفەسەی وتارەکەی پێ نووسراوە نەفەسێکە لەگەڵ فیکری ئەزهەردا ناکۆکە نەک فیکری یەکێ لە شێخەکانی[٤٦].

هەروەها د. نەسر حامد ئەبو زەیدیش بەهەمان شێوە گوتاری زانایانی رەسمی و میللی و بزاڤی ئیسلامی بەیەک تەرزە وتار دەبینێ و رەخنەی لێ دەگرێ:

«گوتاری ئاینی بە هەموو ئاستەکانییەوە کە لێرەدا موناقەشەمان کرد لە میانڕەو «حکومی و بەرهەڵستکار»، پەڕگیر و فێرکاری پەروەردەیی و ئیعلامی، -هەموویان- هەمان سەرەتاکەی فیکرییان هەیە»[٤٧].

ئەمە لە کاتێکدا ـ وەک (محمد سلیم العوا) دەڵێ ـ ئەوە کە سیاسەت بەشێکە لە ئیسلام و پێویستە دەوڵەت لەسەر بنەماکانی ئیسلام دابمەزرێ، پێش لە کتێبەکەی شێخ عەلی عبدالرزاق (الاسلام واصول الحکم) و پاش ئەویش لە ناو زانایان بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی جێی ناکۆکی نەبووە. بەواتایەکی تر مەسەلەی پیادەکردنی شەریعەت تەنیا (ئیسلامی سیاسی)

---

(٤٥) بڕوانە قبل السقوط/ د. فرج فودة ١٩٨٥ ص ١٢٩ ـ ١٣٤

(٤٦) ئەم وتارە و هۆکارەکانی نووسینی لە کتێبی (نکون أو لانکون) فرج فودة ص ١٨– ٢٣ بڵاو کراوەتەوە.

(٤٧) نقد الخطاب الديني/ د. ناصر حامد ابو زید ط ١٩٩٤ ص ١٣٥

بانگەشـــەی بۆ ناکـــات و دای نەهـێناوە بەڵکو ئەوە قـــەناعـــەتی زانایانی ئیسلامیشە[٤٨].

ئەم چەند دێڕەی دوایی ئاماژە بۆ دوو خاڵ دەکەن:

یەکەمیان ئەوەیە کە فیکری سیاسیی ئیسلامییەکان بناغەی خۆی لەسەر زەمـینەیەکی ئاینیی پتـەو دامـەزراندووە، کـە بریتـییـە لە سـروشـتـی دەقـە ئیسلامییەکان و تێگەیشتنی زانا و موجتەهیدەکانی موسڵمانان لە مێژووە جیا جیاکاندا.. ئەوەی ئەوان بانگی بـۆ دەکەن لە گێڕانەوەی مـەرجـەعیـەت بۆ ئاینی ئیـسـلام نـەک تەنیـا لـە سـیـسـتـمی سـیـاسـی و دەسـەڵاتدا ـ وەک ڕۆشنبیرانی عەلمانی پێیان وایە – بەڵکو لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، ئەمە هەڵوێست و قەناعەتی زانایانی ئاینەکەیە بەگشتی، ئەگەر جیاوازییەک لەو بارەوە لە نێوانیاندا هەبێ، زیاتر لەسەر چۆنێتی کارکردنە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە.. هەیە پێی وایە دەبێ بچێتە مەیدانی کاری سیاسییەوە. هەیە تەنیا بانگەوازکردن بە پێویست دەبینێ.

بەم پێیە ئەو بۆچوونە ورد نییە کە پێی وایە ئامانجی ئیسلامییەکان ئامانجێکی رووتی سیاسی و دنیەوییە و ئاینەکە دەوری گەورەی لە بزواندن و بەرنامە و پلانیاندا نییە لانی کەم لە ڕووی تیۆرییەوە، راستتر ئەوەیە لە ئیسلام خۆیەوە بۆ ئەوان بڕوانرێ و چالاکییەکەیان هەڵبسەنگێنرێ، ئەو کاتە تێدەگەین ئەوان (ئیسلامی سیاسی) نین بەتەنیا، بەڵکو لە فەلسەفەی ئەواندا دەسەڵات خۆی ئامانج نییە ـ لانی کەم لە رووی تیۆرییەوە ـ بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ خزمەتکردن و جێبەجێکردنی پەیامی ئاینەکە، ئیبن خەلدون لە پێناسە و ئەرکی خەلافەتدا دەڵێ: ئەم پایەیە «نوێنەرایەتیکردنی خاوەنی شەریعەتە لە پاراستنی ئاین و سیاسەتی دنیادا»[٤٩].

---

(٤٨) بڕوانە: في النظام السياسي للدولة الاسلامية، د. محمد سعيد العوا، دارالشروق، ط ١٩٨٩، ص ١٢٠ ـ ١٣٢

(٤٩) مقدمة ابن خلدون/ دارالقلم، بيروت ـ لبنان/ ط ١٩٧٨ ص ١٩١

جا ئەگەر لە مێژوودا ئەو دەسەڵاتە سەرکەوتوو نەبووە لەوەی بەو ڕۆڵە سروشتییەی خۆی هەستێ و زۆر جار هەمان سیاسەتی گرووپ و دەوڵەتە ستەمکارەکان لە بواری سیاسەتدا پەیڕەو کراوە، یان ئەگەر هەندێ گرووپی ئیسلامیی نوێ لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵاتێک کە لە بنەڕەتدا ئامرازە نەک ئامانج، شێوازی نادروست دەگرنە بەر، یان ناتوانن لەگەڵ گرووپە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەکان هەڵکەن، یان تەیاری ئیسلامی بەرنامەی سیاسی بەهێز پێشکێش ناکات و خۆی لە قەرەی هەندێ کێشە و قەیرانی زیندووی کۆمەڵ و شارستانێتی نادات، یان تیۆری فیکری بۆ مومارەسەی ـ ئیسلامییانەی ـ کاری سیاسی دانارێژێ، ئەوە هەموو ئەمانە بۆ لاوازی و پێنەگەیشتوویی عەقڵ و هۆشیاری سیاسیی کە بە کۆششی مرۆڤ دەست دەکەون ـ دەگەڕێتەوە.(٥٠)

دووەمیان ئەوەیە کە جەوهەری ناکۆکیی نێوان تەیاری عەلمانی و ئیسلامی بۆ مەسەلەی هەڵوێست لە بەمەرجەعکردنی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بۆیە هەر لایەن و کەسێکی دیکەش کە بانگەواز بۆ هەمان ئامانج بکات یان پشتگیری بکات با ئەو کەس و لایەنە دوور بێ لە کاری سیاسیش، لەلایەن عەلمانییەکانەوە بەربەرەکانی دەکرێ.

خۆ ئەگەر سەیری پەیڕەو و پرۆگرام و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی هەردوو تەیاریش لە بوارە جیا جیاکانی ژیاندا بکرێ بەڕوونی هەست بەوە دەکرێ کە تەیاری ئیسلامی هەڵگری خەمی ئیلتیزامکردنە بە ئیسلامەوە وەک ئاین، هەرچی تەیارەکەی دیکەیە گەر دژایەتیشی نەکات، بێ موبالاتە بەو مەسەلەیە، گەرچی دەوڵەت یان حزبەکان کردوویانە بە باو هەندێ سیمای ئاینی لە هەندێ بۆنە و کاتی تایبەتدا بە سیاسەت و ڕاگەیاندنیان دەدەن، بەڵام لە

(٥٠) د. عبدالله النفیسی ـ ڕووناکبیری ئیسلامی ـ کە مامۆستای زانکۆیە لە کوەیت پێی وایە نابێ ئیسلامییەکان ئێستا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بکۆشن، چونکە هێشتا هۆشیاری سیاسییان پێنەگەیشتووە. چاکتر وایە کار لەسەر پێگەیاندنی عەقڵی سیاسییان بکەن. (کەناڵی تەلەفزیۆنی الجزیرة).

واقـیـعـدا گـەر بەمـەبەسـتـیش نەبێ سـیـاسـەت و راگـەیاندن و سـیـاسـەتی پەروەردەییيان، دەوری نێگەتیڤانە لەسەر باری دینداری دەبینێ.

لێـرەوە پێم وایـە مـەبـەسـتـی دانـەرانی زاراوەی (ئیـسـلامـی سـیـاسـی)، یەک رەهەندکردنی فیکری ئیسلامییەکانە لە رەهەندی سیاسەتدا، سیاسەتیش لە تێگەیشـتـنی ئەمـڕۆی خـەڵکدا یانـی فـێڵ و چاوبەسـتـەکی و خـۆپەرسـتـی و بەرژەوەندگەرایی، کە هەموو موسڵمانێکی سادەش باوەڕی بەوە هەیە کە ئەم سـیـفـەتانە دژ بـەرۆحی ئیـسـلامـن. ئەمـەش بـایی ئەوە دەکـات جـەمـاوەری موسڵمانی لێ بتەکێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئێمـە بەم چاوە رەشـبـینانە سـەیری سیاسـەت نەکەین و وەک بەشێک لە چالاکییە فیکری و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی مـرۆڤ و کۆمـەڵ و دوور لە هەر نرخـاندنێکی بەهایی سەیری بکەین و واش دابـنێین کە مەبـەستی عەلمانییەکانیش لە (سیاسی) زیاتر ئەم واتایەیە، یان لانی کەم ئەم واتـایەیشـە، دەکــرێ بپــرسین: ئایا هـەروا لەخــۆوە و بـەبێ هـۆیە کــە هـەرکــە باس لـە ئیسـلامییـەکان دەکرێ یەکسەر مۆرکە سیاسییەکەیان دەکرێتە ناسنامەیان، ئەمە لە کاتێکدا دروشـمی ئیسلامـییەکان پانـتاییـیەکی گەورەتر لە رووبەری مـەیدانی سیاسـی گرتۆتەوە؟ بۆچی ئیسـلامـییـەکـان هێندە بـەهـەڵگری پەیام و ئامــانج و بەرنـامــەیەکی سـیــاسـی ناســراون هێنـدە وەک هـەڵگری فـیـکر و فـەلسـەفـەیەکی مـەعریفی و کۆمـەڵایەتی نەناسـراون لەکاتێکدا ئەوان خـۆیان بە سـواری ئەو مـەیدانەش دادەنێن و پێیـان وایە لـە ملمـلانێی فـەلسـەفـەکاندا بێ شک ئەوان دەیبەنەوە؟ پـەیوەندی ئاین و سیاسـەت لە ئیسـلامدا چۆنە و چەندە لە واقیـعی مێـژوویی ئیسلامـدا ئەو فەلسـەفە سیاسییـەی ئیسـلام بەرجەسـتە بووە؟ ئایا ئیسـلام خاوەن تیـۆرێکی رۆشنـە بۆ کاری سیـاسـی و دەوڵەتداری و ئاڵوگۆڕی دەسـەڵات؟ مێـژووی ئەوەندە سـەدەی حوکمـی خـەلافەت چـەنـدە تـەعبیر لە رۆحی ئیسـلام دەکات و ئیسلامییەکـان چۆن ئەو تەجروبەیە هـەڵدەسـەنگێنن؟ عەلمانـییەت چەنـدە لەگەڵ ئیسـلامدا هـەڵدەکات؟ کەی و چۆن هـاتە ناو جیـهـانی ئیسـلامـیـیـەوە؟ ئایا ئیسـلامـیـیـەکـان خـۆیان مـیکانیـزمـەکانی کاریان بەرهـەم

هێناوە یان تەبەننای میکانیزمە هاتووەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان کردووە؟ ئایا ڕاستە گوتاری ئیسلامییەکان درێژەپێدەری گوتاری چاخی داڕووخان و هەوڵ دەدات هەمان ئەزموونی خەلافەت دووپات بکاتەوە؟ پرۆژە و گەرەنتیی چییە کە لەسەر دەستی ئەوان دیکتاتۆرییەتی ئاینی سەری هەڵنەدات؟ ئایا ڕاستە ئەوان خۆیانیان لێ بووەتە ئیسلام و هەموو خاڵە بەهێزەکانی ئاینەکە دەکەنە سیفەت بۆ خۆیان، لێرەشەوە پیرۆزیی ئاینەکە بە حزبەکانیان دەدەن و ڕەخنەلێگرتنیان بە ڕەخنە لێگرتنی ئیسلام لێک دەدەنەوە؟ ئایا ڕاستە ئەوان ئاین و تەفسیرکردنی لەسەر خۆیان قۆرخ دەکەن و دەیکەنە چەکێک بۆ لێدانی بەرامبەر؟ ئیسلامییەکان کە دروشمی (ئیسلام چارەسەرە)یان بەرز کردووەتەوە، ئایا خەمخواردن و چارەسەرکردنی کێشە هەڵایساوەکانی کۆمەڵگەکانیان فەرامۆش دەکەن تا دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێ، یان بەپێی توانا پێش لەوەش خەمیان دەخۆن؟ گەر وایە چەندە جێدەستیان لەو مەیدانە دیارە؟ ئایا دروشمی (ئیسلام چارەسەرە) دەکرێ بە واتای (ئیسلامییەکان چارەسەرن) لێک بدرێتەوە؟ ئیسلامییەکان چ جۆرە دەوڵەتێکیان دەوێ؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری لەم چەشنە ڕووبەڕووی ئیسلامییەکان دەبنەوە و پێویستە وەڵامی شیاویان بدەنەوە.

***

# ئاین و سیاسەت، ئاینەکان و سیاسەت

د. محمد خاتەمی لە کتێبی (مطالعات في الدين والاسلام والعصر)دا دەڵێ: «جیهانی ئەمڕۆ بەکورتی بریتییە لە شارستانێتی خۆرئاوا»[٥١].

ئەم گوتەیە دەربڕینێکی وردە بۆ وەسفکردنی حاڵەتی فیکری و مەعریفی و سیاسەتی ئەمڕۆ، کە هەیمەنەتی عەقڵییەت و شارستانێتی خۆرئاوا بەزەقی بەسەر بوارە جیا جیاکانی مەعریفە و کۆمەڵایەتی گەلانەوە، لە ناویاندا گەلانی موسڵمان، دیارە، ئەویش بەحوکمی ئەوەی کە خۆرئاوا بەرهەمهێنەری راستەوخۆی شارستانێتی ئەمڕۆیە و تا ئەمڕۆش داینەمۆی سەرەکی ئەو شارستانێتییەیەو گەلانی دی هێشتا هەر وەرگر و بەکاربەرن و نەبوونەتە بەرهەمهێنەری راستەوخۆ و سەربەخۆی شتەکان و وشەکان، ئەڵبەت بە هەڵاوێرکردنی هەندێ هەوڵی تاک و تەرا.

لەم روانگەیەوە لە بارێکدا کە خۆرئاوا لە روانگەی بنەما فیکرییەکان و ئەزموونی مێژوویی و بەرژەوەندییە ئانی و ستراتیجییەکانی خۆیەوە، زاراوە و تیۆر و هاوکێشە فیکرییەکان بەرهەم دێنێ و بەسوودوەرگرتن لە دەزگا زانیاری و ئیعلامییەکانی رەواجیان پێ دەدات، ئاساییە کە تێڕوانینی باو و بڵاوی ناو ئاپۆرەی رۆشنبیرانی وڵاتانی لەمەڕ ئێمە سەبارەت بە چەمکەکانی ئاین و سیاسەت و عەلمانییەت و ئایدۆلۆجیا و دەسەڵات و خوا و شەریعەت و پیرۆز و خێزان بە رێژەی جیاواز لە ژێر کاریگەری ئەو تەرزە تێڕوانینەدا بێ کە لە خۆرئاواوە دێ.

---

(٥١) بڕوانە گۆڤاری (العربي) کوێتی ژ ـ ٤٧٨ سێپتەمبەری ١٩٩٨ لا ١٣٥

ئێستا کە باس لە ئاین و سیاسەت دەکرێ بەتایبەت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی رۆشنبیری و تەیارە عەلمانییەکانی جیهانی ئێمەدا، وا خەیاڵ دەکرێ و وا نیشان دەدرێ وەک ئەوەی کە وتت (ئاین) ئیتر بەس بێ بۆ ئەوەی ئەو وشەیە هەموو ئاینەکانی دنیا بەبێ جیاوازی بگرێتەوە و لێرەوە بکرێ ئەو پێناسەیەی بۆ ئاینێکی دیاریکراو دەکرێ (ئەو ئاینەی خۆرئاوا وێنەی کێشاوە) پێناسە بێ بۆ هەموو ئاینەکانی دیکەش و لە روانگەی ئەم پێناسەیەشەوە هاوکێشەی پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەت دابڕێژرێ.

ئەزموونی عەلمانییەتی خۆرئاوا لەگەڵ ئاینی مەسیحییەت و دەسەڵاتی پیاوانی کەنیسەی خۆرئاوادا بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. سەرکەوتنی فیکری عەلمانی لە خۆرئاوا و پاشەکشەی کەنیسە لە مەیدانی سیاسەت و ناوەندی ئاراستەکردن، پێناسەیەکی بۆ (ئاین) کە لە بنەڕەتدا ئاینی مەسیحییەت بووە ـ گەڵاڵە کرد کە سنووری کارابوونی ئاین لە بازنەی پەیوەندیی شەخسیی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردا چوارچێوە دەدات و دینداری مرۆڤ کورت دەکاتەوە لە وابەستەبوون بە هەندێ بەهای رۆحی و ئەخلاقی جوان. هەرچی ناوەندەکانی ئاراستەکردنی فیکر و کردار و باری سیاسی و ئابووری و سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە، ئەوە تایبەتی دەسەڵات و عەقڵی زەمەنییە.. بۆ پاساودان بەم وەزعیەتەش ـ لە رووی دینییەوە ـ دەقێکی ئینجیل کراوەتە دروشم کە دەڵێ (دع ما لقیصر لقیصر و ما لله لله) تا بەمە لە رووە ئاینیەکەیشەوە حەتمییەتی عەلمەنەکردنی ژیان ئیسپات بکرێ و بەڕە لە ژێر پێی ئەوانە دەرکێشن کە هەوڵ دەدەن سۆزی دینداری لە دژی عەلمانییەت بورووژێنن بە ناوی ئەوەوە کە عەلمانییەت پرۆژەیەکە لە دژی دین.. بەمە عەلمانییەت خۆی لە تۆمەتی دژایەتیکردنی ئاین، کە تۆمەتێکە کاریگەریی سەلبی دەبێ لەسەر جێگیربوونی، دەرباز دەکات.

ئەوی سەیرە پرۆژەی عەلمانی لەمەڕ جیهانی ئێمە، هەوڵ دەدات باز بەسەر ئەو جیاوازییانەدا بدات کە لە نێوان هەردوو ئاینەکەی ئەوێ و ئێرەدا هەیە و وا نیشان بدات کە دەکرێ ئاینی ئێرەش هەر بریتی بێت لە هەندێ بەها و

ڕێنموونی ڕۆحی و ئەخلاقی ڕووت و کاری بەسەر خەمی گشتی و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان کۆمەڵ و جیهانەوە نەبێ، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەن دەقێکی هاو واتای (دع ما لقیصر لقصیر وما لله لله)ش لە ناو دەقەکانی ئیسلامدا بدۆزنەوە، یان گەر نەیاندۆزییەوە دەقەکان بەشێوەیەک (تەئویل) بکەن کە لە خەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی خاڵییان بکەنەوە و بازنەی داواکارییەکان لە تەسکترین پانتاییدا تەسک بکەنەوە.

کاتێکیش ئیسلامییەکان ڕەخنە لە فیکریان دەگرن بەوەی ئاینی ئیسلام جیایە لە مەسیحییەت و ئەزموونی مێژووی ئیسلام جیایە لە ئەزموونی مێژووی کەنیسە و، حەتمییەتی گەشەکردنی عەلمانییەت لەسەر زەمینی ئیسلامدا نەهاتۆتە ئاراوە؛ ئەمجارە هەوڵ دەدەن ئەوە بسەلمێنن کە جەوهەری ئیسلام و مەسیحییەت و تەجروبەی مێژووی دەسەلات لە جیهانی ئیسلامی و مەسیحیدا هاوشێوەیە و هەڵەیە گەر وا بزانرێ هەڵقولاوی خۆرئاوایە و هەر بۆ ئەو دەست دەدات، بەڵکو لێرەش بەشێوەیەکی شاراوە هەبووە.

ئەگەر ئێمە چاو بپۆشین لە هەندێ بۆچوونی ئیسلامییەکان بەوەی کە ئاینی ئیسلام جیایە لە مەسیحییەت لەو ڕووەوە کە مەسیحییەت تەنیا گرنگی بە بواری ڕۆحانیات داوە و وەک ئیسلام لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانییەتەکان نەدواوە، یان بەوەی کە ئیسلام پرۆژەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیری پێیە بۆ مامەڵەکردنی دروست و شەرعی لە گشت بوارەکانی ژیاندا و لێرەشەوە دروشمی (ئیسلام چارەسەرە) بەرز دەکەنەوە و پێیان وایە تەنیا بەگێڕانەوەی مەرجەعییەت ـ لە فیکر و ئەخلاق و دەسەڵاتدا ـ بۆ ئیسلام گشت کێشە و گرفتە ئاڵۆسکاوەکانی تاک و کۆمەڵ وەک بەفری بەر هەتاو دەتوێتەوە.

هەروەها چاو بپۆشین لە بۆچوونی عەلمانییەکان بەوەی ئاین تەنیا کۆمەڵێ بەهای ڕۆحی و ئەخلاقی تاکەکەسییە و کاری بەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە نییە و تێکەڵکردنی ئاین بەجیهانی سیاسەت و بەرژەوەندی دنیایی سیمای پاکی دین دەشێوێنێ و دەیکاتە ئامرازێک بە دەست

دەسەڵاتدارانەوە بۆ شەرعییەت بەخۆدان و سەرکوتکردنی نەیارانیان.

گەر چاو لەمانە بپۆشین و بێین لە ئیسلام خۆی وەک ئاین (کۆمەڵێ دەق) + کردەوەی پێغەمبەر (د. خ) بکۆڵینەوە، بەئاسانی دەگەینە ئەو باوەڕەی ئیسلام زیاترە لە ئاین، ئاین بەو مانایەی کە عەلمانییەکان دەیانەوێ.

گەر توێژینەوەکی قورئان و گوتەکانی پێغەمبەر (د. خ) دا بکەیت، هەست دەکەیت ئیسلام بەناو شادەمارەکانی ژیانی مرۆڤەکاندا دەڕوا و مۆرکیان لەسەر دادەنێ و هەڵوێستیان لێ دەگرێ و ئاراستە و ڕێنوێنی دەداتە مرۆڤ و عەقڵ و بیرکردنەوە و هەست و شعوری دادەڕێژێ. هەست ناکەیت ئیسلام ئەو ئاینە ساردوسڕ و بێ موبالاتە بێ کە پەیام و پاساوی بوونی خۆی هێندە بەلاوە بێ بایەخ و لاوەکی بێ کە بە ئاراستەکردنی بەشێکی کەم لە ژیانی مرۆڤ قایل بێ، هەروەها پێشی وانییە پێغەمبەرانی پێشتر تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمە کەلێنە هاتبن، بەڵکو ئیسلام وا نیشان دەدات کە هەر کام لەوانە شۆڕشێکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون بۆ سەردەم و قۆناغ و کۆمەڵگەی خۆیان. هەر لێرەشەوە بووە دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆیان، کە قورئان بە (الملأ) ناویان دەبات، بە مەترسییان زانیون بۆ سەر خۆیان و دەسەڵاتیان و هەوڵی لەناوبردنیان داون.

ئەگەر لە قورئاندا چاو بۆ ئامانج و سروشتی پەیامی پێغەمبەران بەگشتی بگێڕین، ناتوانین قەناعەت بە خۆمان بێنین کە ئەرکی ئاین بەدرێژایی مێژوو تایبەتی بواری ڕوحی بووە و خۆی لە ململانێی سیاسی سەردەمی خۆی لاداوە.

ئەگەر سیاسەت لە پێناسەیەکی سەرەتاییدا بریتی بێت لە ململانێی تێز و گرووپەکان لەسەر چۆنێتی داڕشتنی سیستمی فیکری و سلوکی کۆمەڵ و ڕازینەبوون بەدۆخی ئارا و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بۆ ئاستێکی باشتر لە ڕوانگەی فەلسەفەیەکی تایبەتەوە و ئاراستەکردنی جەماوەر بەرەو پشتگیریکردنی ئەو تێزە و جێگیرکردن و درێژەپێدانی، ئەوا بێ دوودڵی

دەتوانین بڵێین: بەپێی قورئان و فەرموودەکان، پێغەمبەران هەڵگری پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون کە لەسەر بناغەی فەلسەفەیەکی ئاینی یەکتاپەرستی دامەزراوە. تۆ وەرە لە ڕوانگەی ئەم ئایەتانەی دەیانهێنینەوە بڕیار بدە ئاخۆ ئەو بۆچوونەی پێی وایە ئیسلام خەمی سیاسەت و دەسەڵاتی نەبووە و بەکاری خۆی نەزانیوە چەندە بابەتی و لە ڕاستییەوە نزیکە؟!!

خوای گەورە لەبارەی جەوهەری پەیامی پێغەمبەران و ئامانج لە ناردنیان دەفەرموێ (ولقد أرسلنا رسلنا بالبينات وأنزلنا معهم الكتاب ليقوم الناس بالقسط) بەپێی ئەم ئایەتە مەبەست لە ناردنی کتێبەکانی خوا هەوڵدانە بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری (القسط) لە ناو مەردمدا. ئایا بەئامانجکردنی هێنانەدیی دادگەریی کۆمەڵایەتی جەوهەری هەر فەلسەفە و بزووتنەوەیەکی سیاسی ریفۆرمیست نییە؟ ئەی هەموو ئەو شۆڕشە فیکری و سیاسییانەی کە لە دژی زوڵم و زۆرداری ـ بەگشت جۆرەکانییەوە ـ لە مێژووی کۆن و نوێدا روویان داوە، هەر لەپێناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی دادگەری کۆمەڵایەتیدا نەبوون؟.

پێم وایە ئەگەر توێژەرێک دوور لە باوەڕی پێشوەخت و تەنیا لەم ئایەتە رامێنێ، ئەو باوەڕەی لە لا دروست دەبێ کە لە روانگەی قورئانەوە پێغەمبەران تەنیا رێبەری رۆحی نین کە بۆ فێرکردنی هەندێ سروت و بەهای ئاینی رووت هاتبن، بەڵکو لە پاڵ ئەمانەدا بەیداخ هەڵگری فەلسەفەیەکی فیکری و سیاسی بوون و ویستوویانە دەستیان بگاتە شادەمارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مۆرک و ئاراستەیەکی تایبەتییان بدەنێ.(٥٢)

خۆ ئەگەر زیاتر بچینە ناو قورئان، ئەوە گەلێک دەقی دیکەمان بەرچاو

---

(٥٢) مێژوونووسی ئینگلیزی (هربرت فیشەر) دەڵێ: (ئیسلام هەر لە سەرەتاوە بڕێکی زۆر سیاسەتی لەخۆ گرتبوو) هەروەها رۆژهەڵاتناسی سویسری (مارسیل بوزار) دەڵێ! لە ئیسلامدا ناتوانرێ لە سیاسەت حاڵی ببیت دوور لە ئاین) بڕوانە: سقوط الغلو العلماني، محمد عماره، ص ١٤٩ ـ ١٥٠

دەکەون کە راشکاوانە ئەم بۆچوونە دووپات دەکەنەوە، وەک دەڵێ: (ولقد بعثنا في كل أمة رسولاً أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت) النحل ٣٦، وشەی (طاغوت) جگە لەوەی دەلالەتە بۆ ئەو کەس یان شتەی وەک خوا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لە هەمان کاتدا رەمزە بۆ زوڵم و زۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی.

پێغەمبەران ـ لە روانگەی قورئانەوە ـ هاتوون سیستمی فیکری و کۆمەڵایەتی باوی کۆمەڵەکەیان بگۆڕن. لێرەوە دەسەڵاتداران (مەلأ)ی سەردەمەکانیان بەتوندی لە دژیان دەوەستان و هەوڵی لەناوبردنیان داون، چونکە بەمەترسییان زانیون لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان کە لە سایەی دۆخی ئارادا پارێزراون. ئیبراهیم هەوڵی سووتاندنی دەدرێ لەسەر ئەوەی بتەکانی شکاند، موسا بۆ لای فیرعەون دەنێردرێ، بۆچی؟ (اذهب الى فرعون انه طغى) چونکە فیرعەون زوڵمی دەکرد، دەیوت: من خوای گەورەی ئێوەم (انا ربكم الاعلى) (ما أريكم إلا ما أرى وما أهديكم الا سبيل الرشاد) بۆ هاندانی جەماوەر لە دژی موسا پێیان دەڵێ: (اني أخاف ان يبدل دينكم أو أن يظهر في الارض الفساد)، فیرعەون بەنی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە: (ان فرعون علا في الارض وجعل أهلها شيعا يستضعف طائفة منهم يذبح ابناءهم ويستحي نسائهم) (فاستخف قومه فأطاعوه)، بۆیە کاتێ موسا پێی دەڵێ: من پێغەمبەری خوای هەموو دونیام و دەست لە ئەشکەنجەدانی بەنی ئیسرائیل هەڵگرە، (انا رسول رب العالمين.. ربكم و رب آباءكم الاولين) (أرسل معي بني اسرائيل ولاتعذبهم)، فیرعەون هەوڵی لەناوبردنی دەدات.

نوح و ئیبراهیم و شوعەیب و لوط و باقی پێغەمبەرانی دی کە بە رێژەی جیاواز تیشک خراوەتە سەر پەیامەکانیان، هەموویان پەیامی گۆڕانکارییان پێ بووە بۆ سیستمی باو لە کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە لەلایەن (مەلأ)ەوە هەڕەشەیان لێ کراوە و لێشیان کوژراوە، ئاخۆ گەر ئەوان هەڵگری پەیامێکی رۆحی و ئەخلاقی رووت بوونایە هێندە بەمەترسی دەزانران؟.

ئەگەر تێبینی دەکرێ لە پەیامی پێغەمبەراندا مەسەلەی باوەڕ بەخوا و

دامەزراندنی عەقیدەی یەکتاپەرستی زێدە تیشکی خراوەتە سەر و لە ئەولەویاتی ئەرک و ئامانجەکانەوە ئاماژەی بۆ دەکرێ زیاتر لە مەسەلە سیاسی و عەمەلییەکانی ناو واقیع، ئەوە پێم وایە لەو رووەیەوە کە مەسەلەی عەقیدە و هەڵوێست دەربارەی خوا و ئولوهییەت شتێکی لاوەکی و دانەبڕاوە لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان، بەڵکو ئەوە بناغە و فەلسەفەی سیستەمەکە بوو، چونکە لەو سەردەمە دێرینانەدا پادشاکان خۆیانیان بە خودا یان سروشتی خوایی دادەنا و هەر بەو فەلسەفەیەش حوکمیان دەکرد و لەسەر خەڵکیان فەرز دەکرد کە وەک خوا سەیریان بکەن(٥٣). ئەوە نییە فیرعەون دەڵێ: (ما علمت لكم من اله غيري) (يا هامان ابن لي صرحًا.. فأطلع الى اله موسى واني لاظنه كاذبًا).

بناغەی شەرعییەتی سیاسی و مەرجی ملکەچبوونی جەماوەر بۆ پادشاکان باوەڕ بووە بەبوونی ئەو خەیتە ئیلاهییە – وەهمییە – لە کەسایەتیی پادشاکان. دارِنینی ئەم مۆرکە ئیلاهییە لە هەر پادشایەک و گێڕانەوەی بۆ سروشتی مرۆڤانەی، وەک کێشانەوەی بناغەکانی شەرعییەت بووە لە هەر سیستمێکی سیاسی ئەمڕۆ، کە بانگەشەیەکی ناڕاستەوخۆی تێدایە بۆ یاخیبوونی جەماوەری و سیاسی و هەژاندنی کورسیی دەسەڵات. بەم پێیە ئیمان بەخوایەتیی خوای گەورە (الله) و دان نەنان بە سروشتی ئیلاهییانەی پادشاکان مەترسییەکی سیاسی بوو کە دەسەڵاتی سیاسی قبوڵی نەدەکرد. ئەوە نییە ئیماندارەکەی ناو قەومی فیرعەون لەمیانەی بەرگریکردنی لە موسا پێیان دەڵێ: (اتقتلون رجلا ان يقول ربى الله) هەروەها (اصحاب الكهف) لەسەر باوەڕهێنانیان بەخوا کۆچیان کرد (انهم فتية آمنوا بربهم..)

لە قورئاندا چەند ئایەتێک هەن کە ئاماژەی ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە لە

(٥٣) لە بارەی ئەم عورفە فیکری و سیاسییەی مێژووی کۆنەوە، بڕوانە: الطاغية د. امام عبدالفتاح امام، ط ١٩٩٦ ص٢٥-٤٠/ العلمانية والدولة الدينية، شبلي العيسمي ص ٢٧/ الانظمة السياسية المعاصرة، د. يحيى جميل، دار النهضة العربية، ص ٥٦- ٦١

سـەردەمـە دێرینەکـاندا وشـەی (رب) بۆ پادشـا بەکـارهاتووە، ئەوەتا یوسف بەنوێنـەرەکــەی پادشـــا دەڵێ: (اذهـب الی ربک فــاســـألـه..) واتە بـڕۆ بۆ لای پادشـاکـەت و لێی بپـرسـە. هـەروەهـا هـەندێ لە مـوفـەسـیـرەکان لەو گـوتەیەی یوسـفـدا (مـعـاذ اللة انة ربي..) وشــەی (ربي) بەمــانای (پـادشــاکـەم) لێک دەدەنەوە.

نەمرووود بۆ رەتدانەوەی ئیبـراهیم پێغـەمبـەر کە پێی گوت: (ربي الذي يحيي ويميت)، وەڵامی دایەوە: (انا أحی وامـیت)، واتە خـۆی بەخـواوەند داناوە، هـەر لێرەشـەوەیە کـە هـەڵـتـەکـانی ئـەو قـەناعـەتە یانی کێشـانەوەی شـەرعـیـیـەت لەو دەسـەڵاتە و جـاڕدانی یاخـیـبـوونی سـیـاسی. بۆیە کـاتێ مـوسـا و هـاڕوون بە فیـرعەون دەڵێن: (انا رسـول رب العالمين.. رب السماوات والارض وما بينهما.. ربكم ورب آبائكم الاولين)، فیـرعەون هـەست دەکـات ئەمە سـەرەتای یاخـیـبوونە، بۆیە هـەڕەشـەی لێ دەکات : (لئن اتخذت الها غيرى لاجعلنك من المسجونين).

بەم پێیـە سـاویلکەییـیـە، یان سـاویلکەخـەڵەتێنی (دیماگـۆجییـەت)ە گـەر وا بزانرێ یـان وا نیـشــان بدرێ ئامــانجی ئاین (پـەیامی پێــغـەمــبـەران) تەنـیـا تەئکیدکردنەوەیە لەسـەر هـەندێ بەهـا و دروشـمی رۆحی تاکەکەسی و پێوەندیی بە ملمـلانێ گـەرمـەکـانی ژیانی کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـییـەوە نیـیـە، تەنانەت لە روانگەی قـورئانەوە – ئەو بۆچوونەش ورد و دروست نییـە کە زۆر جـار هـەندێ لە ئیـسـلامـیـیـەکـان[٥٤] وەک پاسـاوێک بۆ رەتدانـەوەی عـەلمانیـیـەت دووپاتی دەکەنەوە کە گـوایە مەسیحییـەت تەنیا باسی بیروباوەڕ و رۆحیانەت دەکات و پەیامی کـۆمـەڵایەتـی و سـیـاسـی پـێ نییـە، چونکە بە دەقی قـورئان، تەورات و ئینجـیل – لانی کـەم لەو فـۆرمـەیاندا کـە قـورئان دانی پێـداناوە هیـدایەت و

(٥٤) دیارە هـەنـدێک لە ئیـسـلامـیـیـەکـان پێـیـان وایە حـەزرەتی عیـسـاش وەک هـەر پێغەمبـەرێکی دی تەنیا (عـەقائید)ی نەهێناوە بەڵکو ئەوەندە ئەحکام و یاسـاشی بۆ بوارەکانی ژیان هێناوە کە لەگەڵ ئاست و پێویستی ئەو قۆناغە مێژووییـیەدا بگونجێ، بڕوانە: علی طريق العودة الی الاسلام، الدكتور محمد سعيد رمضان البوطي، ط ٦ ١٩٩٢/ ص ١٠١ – ١٠٢

نووریان تێدایه و بۆ ئەوە هاتوون حوکمیان پێ بکرێ، قورئان بێ پێچ و پەنا دەڵێ: (انا انزلنا التوراة فيها هدى ونور، يحكم بها النبيون الذين أسلموا للذين هادوا والربانيون والاحبار.. ومن لم يحكم بما انزل الله فاولئك هم الكافرون) (وقضينا على آثرهم بعيسى بن مريم... وآتيناه الانجيل فيه هدى ونور... وهدى وموعظة للمتقين.. وليحكم اهل الانجيل بما انزل الله فيه، ومن لم يحكم بما أنزل الله فاولئك هم الفاسقون)..

سەیر لەوەدایە ئەم حەقیقەتە هەر لە چوارچێوەی ئەو چەند ئایەتەی (حکم) دا هاتووە لە سورەتی (المائدة)، کە ئەوانەی حوکم بەدینی خوا ناکەن بە (کافر و زاڵم و فاسق) ناویان دەبات و ئیسلامییەکان – وەک هوەیدی دەڵێ «ئەم چەند ئایەتەیان زۆرترین جار بەزاردا هاتووە»، کەچی هەستیان بەم ڕاستییە زەقە نەکردووە و ئەو تێگەیشتنەیان بۆ دروست بووە کە مەسیحییەت دوورە لە مەسەلە سیاسییەکان. ئاخر خوای گەورە هەروەک چۆن فەرمان بە پێغەمبەر و موسوڵمانان دەکات کە (وأن احكم بينهم بما أنزل الله) هەروەها ئاوایش بە ئەهلی ئینجیل فەرمان دەکات کە (وليحكم أهل الانجيل بما أنزل الله).

ئەگەر بڕیار بێ مەبەست لە وشەی (حکم) لەم ئایەتانەدا دەلالەتە سیاسی و (سلطوی)یەکەی بێ، ئەوە بێگومان مەسیحییەکانیش هەڵگری پەیامێکی سیاسین و – بەپێی ئەو ئاماژەیەی کە لە قورئان دەخوێنرێتەوە – دواتر ڕەهبانییە – گۆشەگیری تێدا داهێنرا (ورهبانية ابتدعوها ما كتبناها عليهم الا ابتغاء رضوان الله، فما رعوها حق رعايتها).

بەڵام زۆرێک لە توێژەرانی عەلمانی بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەمەیان هەیە و پێیان وایە مەسیحییەت سەرەتا ئاینێکی ڕۆحی ناسیاسی بووە، پاش سێ سەدە لە هاتنی مەسیح و دوای ئەوەی بەئیمانهێنانی پادشاکان مەسیحییەت کرایە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت، مەسیحییەت لە سیاسەتەوە گلا[٥٥].

---

(٥٥) بۆ نموونە بڕوانە: فصول من تاريخ الاسلام السياسي، هادي العلوي ط ١٩٩٩، ص ١٠ + الاسلام السياسي، محمد سعيد العشماوي، ص ٦٩١

پێم وایە ئەمە – ئەو بۆچوونەی پێشوو – ناسازییە لە فیکری ئەو جۆرە ئیسلامییانەدا و هەڵوێستە و یەکلاکردنەوەی زانستییانەی دەوێ، چونکە ئەوانە لەلایەکەوە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە ئاینی هەموو پێغەمبەران ئیسلام بووە، کە لە بەرجەستەکردنی دروشمی (لا اله الا الله)دا بەرجەستە دەبێ، بەواتای ئەوەی ئاینی خوا مەرجەعی فیکری و سلوکی کۆمەڵگەکان بێ، کەچی لەلایەکی دیکەوە پەیامی یەکێ لە پێغەمبەرە – أولو العزم –ەکان لەو ناوەرۆکە بێبەری دەکەن.

مەبەست لەمە، ئەوە نییە ئیسلام و مەسیحییەت یان هەر ئاینێکی دی پێشووتر بە هەمان کێش و قەبارە لەسەر مەسەلە زیندووەکانی ژیان دواون و بایەخیان پێ داون، بەڵام پێم وایە – لە روانگەی قورئانەوە – پەیامی ئەو ئاینانەش کە جەوهەرەکەیان بریتی بووە لە چەسپاندنی یەکتاپەرستی، بەشێوەیەک لە شێوەکان قسەی خۆیان گەیاندۆتە ناوەندەکانی دەسەڵات و مێژووی مەسیحییەتیش، کە بەپێی سەرچاوە لە بەردەستەکانیش بەشێکی زۆری ئاین و سیاسەت تێیدا تێکەڵ بوون، هەر چۆن لێکی بدەیتەوە ناتوانین دەوری سروشتی ئاینەکە لە جۆشخواردنی دەزگا ئاینییەکەی لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەت، لاتەریک بکەیت. ئاخر خۆ ئەگەر بکرێ گوتەیەکی ناو ئینجیل بکرێتە بەڵگە لەسەر روحیبوونی مەسیحییەت کە دەڵێ: (دع ما لقيصر لقصير وما لله لله) ئەوە هەر لە ئینجیلدا دەقێکیش هەیە بەئاشکرا، سیاسیبوونی ئەو ئاینە دەردەخات، ئەویش ئەو گوتەیەی حەزرەتی مەسیحە کە لە ئینجیلی (متى)دا هاتووە و دەڵێ: «لاتظنوا أني جئت لالقي سلاما على الارض، ما جئت لألقي سلاما، بل سيفا، فانني جئت لافرق الانسان ضد أبيه والابنة ضد أمها».(٥٦) ، واتە وامەزانن من هاتووم تا ئاشتی بۆ زەوی بێنم، نەهاتووم ئاشتی بێنم، بگرە هاتووم شمشیر بێنم، هاتووم کوڕ لە دژی باوکی و کچ لە دایکی جیا بکەمەوە.

---

(٥٦) الانجيل (الاصحاح العاشر، عدد ٢٤)دا. دەقە ئینگلیزییەکەی بەم شێوەیە:

(Do not suppose that I have come to bring peace to the earth, but a sword,...etc)

# کام سیاسەت؟

پێش ئەوەی زیاتر بچینە ناوجەرگەی جەدەلیەتی پەیوەندی ئیسلام و سیاسەت، بە پێویستی دەبینم ئاماژە بۆ راستییەکی پەیوەست بەماهییەت و سنوور و پێناسەی حاڵەتی (سیاسەت) و سروشتی پەیوەندیی ئەو چەمکە لەگەڵ باقی لایەنەکانی دیکەی فیکر و ژیان بکەم. چ رای شایعی ناوەندی سیاسی رۆشنبیرییەکان و جەماوەر بەگشتی و چ دانەرانی ئینسکلۆپیدیا زانستی و ئەکادیمییەکان و تیۆریست و بیرمەندان لەسەر ئەوەن کە ناکرێ ژیان و فیکر بەگشتی وەک یەک پارچەی یەکگرتوو وەربگیرێن، بەڵکو پێویست دەکات بۆ چەند رەهەند و رایەڵ و مەیدان و بوارێک، پۆلێن بکرێن تا عەقڵ بتوانێ مامەڵەیان لەگەڵ بکات و لێیان بکۆڵێتەوە. لێرەوەیە فیکر و ژیان بۆ چەند یەکە و پێکهاتەیەک: فیکر، زانست، کولتوور، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاق، عەقڵ..هتد دابەش کراوە.

بەڵام لە واقیعی ژیاندا ئەمانە تێهەڵکێشی یەکترن و لە یەکتر جیا نین، بۆ نموونە بواری سیاسی و ئابووری و ئەخلاقی وەک جیا لەبواری کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدا ئەخلاق و سیاسەت ئابووریش هەر دیاردە و بواری کۆمەڵایەتین. هەروەها مومارەسەی سیاسەتیش بە تەرزێکی تایبەت کارێکی ئەخلاقییە، هەروەک چالاکی ئابووریش دەکرێ چالاکیی سیاسی و ئەخلاقیش بێ.

ڕەنگە لەم روانگەیەشەوە بێ کە بیرمەندان و پسپۆڕان پێناسەی جیاوازیان بۆ (سیاسەت) هەیە، بۆ نموونە ئینسکلۆپیدیای سیاسی لە پێناسەی وشەی (سیاسەت – Politics) دا دەڵێ: «بریتییە لە حکومەتناسی و هونەری

پەیوەندییەکانی حوکم و بە هەموو ئەو کاروبارانە دەوترێ تایبەتی دەوڵەتن»..[٥٧] لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: «سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ پرۆسەی رێکخستنی پەیوەندی نێوان تاک و دەسەڵات بەشێوەیەک لەگەڵ ئەوانەی پێی هەڵدەستن بگونجێ»[٥٨].

هەروەها لە پێناسەیدا وتراوە: «سیاسەت واتە زانستی دەوڵەت.. یان هونەری سەرکردایەتیکردن و هونەری حوکمکردن.»[٥٩]

بەپێی ئەم پێناسانە سیاسەت تایبەتە بە کاروبارە دەوڵەتییەکانەوە.

بەڵام لە بەرامبەر ئەمەوە تێگەیشتنێکی تر هەیە بۆ سیاسەت کە واتایەکی فراوانتری پێ دەدات و پێی وایە: «سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو هونەرانە دەگرێتەوە کە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی تێر دەکەن»[٦٠] «هونەری بەڕێوەبردنە. رێگەی بەڕێوەبردنی هەموو ئەو شتانەیە کە بۆ کاروباری گشتی دەگەڕێنەوە».[٦١]

(الثوزیوس) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (السیاسة القیاسیة)دا دەڵێ: «سیاسەت هونەری بەشداریکردنی خەڵکە بۆ چاودێری و چاککردنی ژیانی کۆمەڵایەتی»[٦٢]. هەروەها پێناسە کراوە بەوەی «تێڕوانینە بۆ کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئوممەت»[٦٣].

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: «چەمکی سیاسەت لە پێناسە ئیسلامییەکەیدا لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری.. هتد دەگرێتەوە، چونکە سیاسەت

---

(٥٧) الموسوعة السياسية، اشراف: د. عبدالوهاب الكيالي كلمة: السياسة.
(٥٨) الفكر السياسي العربي الاسلامي، الدكتور جهاد تقي صادق، ط ١٩٩٣، ص ٢٠
(٥٩) فصول من تاريخ الاسلام السياسي، هادي العلوي، ص ٥
(٦٠) علم السياسة، مارسيل بريلو، ت: محمد برجاوي، ص ٩
(٦١) هەمان سەرچاوە ص ١١ – ١٢
(٦٢) هەمان سەرچاوە ص ١١ – ١٢
(٦٣) مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا، چاپي نهضت ص ١٦٤

بەڕێوەبردنی شتێکە بەشێوەیەک کە چاکی بکات (القیام علی الشیء بما یصلحە) یان بریتییە لە چاککردنی مەردم لەڕێی ڕێنوێنیکردنیان بۆ ئەو ڕێیەی کە لە دنیا و ئاخیرەتدا رزگاریان دەکات».(٦٤)

لێرەوە دەبێ لە کاتی باسکردنی پەیوەندی ئاین/ ئیسلام بە سیاسەتەوە و چەندێتی بایەخدانی ئیسلام بەو بوارە تەنیا واتا و رەهەندە دەوڵەتی و سوڵتەوییەکەی سیاسەت نەکرێتە پێوانە و نموونە و بناغە..، گەرچی ئەو بوارەش بەشێکی جەوهەری دانەبڕاوە لە بواری سیاسی.

ئەگەر وامان دانا ئاینە پێشووەکان بە حوکمی هەلومەرجی مێژوویی خۆیان، کە پەیوەندی و هاوکێشە و سیستەمە سیاسییەکان لە ئاست و ئاڵۆزی ئەوانەی چەرخی ئیسلام و چەرخەکانی دواتردا نەبوون، قسەکردنیان لەسەر چالاکییە سیاسییەکان و ئاراستەکردنی فیکر و واقیعی سیاسی لە ئاستێکی سەرەتاییدا بووبێ و حەسری کردبێ لە هەڵتەکاندنی بناغەی فەلسەفی سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە باوەکان، کە لەسەر پەرستنی خواوەندی جۆراوجۆری دروستکراو دامەزرابوون؛ ئەوا لە ئیسلامدا بایەخێکی زەق و بەرفراوان بەئاراستەکردنی هەست و فیکر و مومارەسەی سیاسی مرۆڤی موسڵمان دراوە. مەبەستیش لە فیکری سیاسی لێرەدا چالاکی مرۆڤە لە هەموو ئەو بوارە ژیانییانەی کار لە واقیعی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەبوارە دەوڵەتییەکەی سیاسەتیشەوە نەک تەنیا ئەمەی دوایی، بەم مانایە ئەگەر ئیسلام لە دەسەڵات و حوکمیش جوێ بکرێتەوە وەک کە فیکری عەلمانی بانگەشەی بۆ دەکات و لێرە و لەوێ هەوڵ دەدرێ بە پاساوی جۆراوجۆر زەمینە بۆ جیاکردنەوەی ساز بکرێ، ئەوە ئیسلام بەم رۆحییەتەوە کە هەیەتی مومارەسەی ڕۆڵی سیاسیی خۆی هەر دەکات، چونکە سیاسەت لە دەسەڵات و سیستمی سیاسیی حوکم فراوانترە و هەر لەو بازنەیەدا مومارەسە ناکرێ..

---

(٦٤) نظريات التنمية السياسية. نصر محمد عارف، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، ص ٩٢

پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د. خ) وەک پێغەمبەرانی پێش خۆی هەڵگری پەیامێکی رۆحی و ئەخلاقییە، ئەمە راستییەکە نکوڵی لێ ناکرێ. بەڵام ئایا رۆحیبوون و ئەخلاقیبوونی ئیسلام هەموو بوونی ئەو ئاینە پێک دەهێنێ کە نەکرێ بوترێ ئەو ئاینە هەڵگری خەمی سیاسی و رۆشنبیری و شارستانیشە؟ یاخود وردتر بڵێین: ئایا روحیبوون و ئەخلاقیبوون تەنیا بریتییە لە داهێنانی کۆمەڵێ عەقائید و سرووتی ئاینی و پێداگیری لەسەر هەندێ خووڕەوشتی مرۆیی جوان، کە هەموو ئەوانە تەرکیز لەسەر فیکر و ژیانی تایبەتی تاکەکەس دەکەن و ناگەنە ئاستی پەیامێکی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان؟!.

ئەز وای دەبینم ئیسلام ئاینێکی رۆحییە لەو رووەوە کە دنیابینی مرۆڤ لەسەر بناغەی باوەڕ بەجیهانی غەیب دادەمەزرێنێ، کە هەر ئەم تێڕوانینەش دەتوانێ ئاینەکە لە ناخەوە مرۆڤ بەرەو ئەو ئاراستەیەی کە مەنزوومە ئەخلاقییەکە دیاری دەکات ببزوێنێ و هەر بەو جۆرە تێڕوانینەش کردە ئەخلاقییەکان تەفسیر و پاساوی خۆیان وەردەگرن.

هەروەها ئاینێکی ئەخلاقییە بەو مانایەی دەیەوێ ئەخلاق – وەک روحییەتێکی مرۆڤدۆستانە دژ بە هەر خوویەکی خراپ و دژ بە مرۆڤ وەک مرۆڤ – بکاتە دیاریکەر (محدد)ی سروشت و ئاراستە و رەوتی بوارە زیندووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ.

بەم پێیە ئیسلام دەیەوێ سیاسەتێکی ئەخلاقی و سیستەمێکی ئابووری ئەخلاقی و، پەیوەندی و دابونەریت و زهنیەتێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و جەنگێکی ئەخلاقی و پەیوەندییەکی نێودەوڵەتییانەی ئەخلاقی و شارستانییەتێکی بەئەخلاق بەرهەم بهێنێ. لانی کەم ئەمە لەلای، ئەو یۆتۆپیایەیە کە باوەڕی پێیەتی و بۆ بەدیهێنانی دەکۆشێ.

ئاخر هۆکاری سەرەکی زۆربەی نەهامەتییەکانی مرۆڤی ئەم چەرخە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەخلاق لە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانست و جەنگ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان جیا کراوەتەوە و ئەم حاڵەتەش پاساوێکی

مۆرکێکی زانستی و مەعریفی پێ دراوە و وا نیشان دەدرێ کە ئەو حاڵەتەی هەیە ماهییەت و پێکهاتەی زاتی و کۆنکریتی ئەو تەرز و چالاکییانە پێک دەهێنێ، تا بەمە رێ لەوە ببڕێتەوە کە لە روانگەی ئەخلاقییەوە رەخنەی لێ بگیرێ.

هەموو پرۆژەیەکی فیکری و سیاسی، کە بۆ گێڕانەوەی بەها ئینسانییەکان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ ئەنجام بدرێ، پرۆژەیەکی ئەخلاقییە و لە جەوهەردا روحی دینداری بەرجەستە دەکات، چونکە بنەمای رێزداری و کەرامەتی مرۆڤ لای هەموو ئاینەکانی خوا شتێکی دانپێدانراوە (ولقد كرمنا بني آدم).

لە ڕووی بەهاییەوە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ کە مەبەست لە (کۆمەڵایەتییەکان) لێرەدا هەموو چالاکییەکی مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، دوو دیو یاخۆ ئاراستەیان هەیە: دیوێکی ئەخلاقی و ئینسانی لەگەڵ دیوێکی نائەخلاقی و نائینسانی.. بۆیە هەر کاتێ سیاسەت، ئابووری، زانست، جەنگ، پێوەندییەکان ئەخلاقی نەبوون ئەوا سیاسەتی نائەخلاقی و ئابووریی نائەخلاقی و زانستی نائەخلاقی.. هتد دەبن.

ئەوەتا ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە (سیاسەت لەسەر بەرژەوەندی دامەزراوە نەک ئەخلاق) بووە بە قەناعەتی زاڵ لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و زلهێزان سڵ لەوە ناکەنەوە دان بەم راستییەدا بنێن. هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا و پاڵەوانی رێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ کە نسکۆی بەسەر شۆڕشی کورددا هێنا، دواتر دەربارەی سیاسەتی وڵاتەکەی بەرامبەر کورد دەڵێ: (لقد كانت سياستنا تجاه الكورد غير اخلاقية، فلا ساعدناهم ولا نحن تركناهم يحلون مشاكلهم بالمفاوضات مع الحكومة العراقية، لقد حرضناهم ثم تخلينا عنهم).[٦٥]

---

(٦٥) لە کتێبی (الحل والحرب) محمد حسنين هيكل، ص ١٣٩ – ١٤٠، هەروەها بڕوانە گۆڤاری (گولان العربي) العدد – ٢١ ص٤٠

ئەمە سیاسـەتی ئەمـەریکا بووە نەک تەنیا لە حەفتـاکاندا بەڵکو بەدرێژایی کات، ئەوەتا هـەر هـەمان کـەس کیسنجـەر – لە کتێبەکەیدا (الدبلوماسیة) کە سـاڵی ١٩٩٤ دەری کـردووە، دەربارەی سـیاسـەتی ئەمـریکا لە سـەردەمی سیستمی نوێی جیهانی – کە ئەمریکا پاش رووخانی بلۆکی خۆرهەڵات لە ساڵی ١٩٩٠ رای گەیاندووە – دەڵێ: (لە سیستمی نوێی جیهانیدا و لەگەڵ نزیککەوتنەوە لە ئەگەری دەرکەوتنی هێزگەلی نوێی رکابەردا، دەبێ تەرکیز لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بکرێ؛ ئەمیش لەسەر حسابی پرنسیپە میسالی و ئەخلاقییەکان.. ئێمە پشتگیری لە یەلتسین – سەرۆکی روسیا پاش هەرەسی سـۆڤـیـەت لە سـەرەتای نەوەدەکـان تا دوا رۆژی سـاڵی ١٩٩٩ کـە دەسـتی لە کـار کـێـشـایەوە – دەکـەین، نەک لەبەرئەوەی سـەرۆکـێکی دیموکـراسـیـیە، نەخـێر ئەو وانییـە، بەڵکو لەبەرئەوەی سـیاسـەتی ئەو کـەم مەترسیترە لەسەر بەرژەوەندییەکانمان لە غەیری ئەو. پشتیگیری کردنیشمان بۆ ناوبراو بەرژەوەندییەکی نەتەوەییە نەک حوکمێکی ئەخلاقی).

هەروەها (مایلز کوبلاند) کە راوێژکار بووە لە لێژنەی پلاندانانی سیاسەتی ئەمـریکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمـریکی، دەڵێ: (سـتراتیـژیەتی ئێمـە دوو رووی هەیە: ئەخـلاقی و نائەخـلاقی.. هـەر کـاتێ ئەنجامی پابەندبوونمان بە پرنسیپە ئەخلاقییەکانەوە زیانگەیاندن بێ بە بەرژەوەندییەکانمان؛ ئەوە قوربانیدان بێگومان لەسـەر حسابی پرەنسـیپە ئەخلاقییەکان دەبێ نەک لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانمان)(٦٦).

هەر ئەو دابڕانەی سیاسەتە لە ئەخلاق کە شـەرعییەت بە زلهێزان دەدات لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا گەلان قەتل و عام و برسی و ئاوارە بکەن.. هەر هـۆی دابڕانی سـیـاسـەت و ئابوورییـە لە ئەخـلاق کـە کـۆمـپـانیـا فرەڕەگەزەکان لەگەڵیاندا سیستمی سیاسیی وڵاتانی پیشەسازی، لە پێناو

(٦٦) لعبة الامم – اللا اخلاقية في سياسة القوة الامريكية/ تأليف: مايلز كوبلاند، تعريب مروان خير، ص ٤٩ – ٥١

بەباڵا دەستی هێشتنەوەی ئابووری و سیاسەتی خۆیان، ئابووری وڵاتانی تازە گەشەسەندوو تێکدەشکێنن و پشێوی و نائارامی سیاسی دەخولقێنن[٦٧] و لە ڕێی سیستمی بەجیهانکردنەوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانی خۆیان و چ لەسەر ئاستی جیهان کۆمەڵگە بۆ دوو جەمسەری زۆر جیاواز لە ئاستی گوزەران و داهات دابەش بکات: کەمینەیەکی زۆر دەوڵەمەند و زێدەخۆر، لەگەڵ زۆرینەیەکی هەژار و کەم دەرامەت. دانەرانی کتێبی (فخ العولمة) دەڵێن: (٣٥٨ ملیاردێر لە جیهاندا بەقەدەر ٢,٥ ملیار کەس لە دانیشتووانی جیهان

(٦٧) لە چەشنی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە چارەکی کۆتایی نەوەدەکاندا وڵاتە گەشەسەندووەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا - کە بە پڵنگەکانی ئاسیا ناویان دەرکردبوو - یەک بەدوای یەک گرتەوە و نائارامی ئابووری سیاسی لەو وڵاتانەدا دروست کرد و بەپێی بۆچوونی زۆر لە چاودێران: وڵاتە زلهێزەکانی خۆرئاوا لە ڕێی ڕێکخراوە و ڕێکەوتنامە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانەوە کە خۆیان بڕبڕەی پشتیان پێک دەهێنن، لە پشت ئەو نائارامییەوە بوون بەمەبەستی لەباربردنی پرۆژەی گەشەسەندنی ئابووری و زانستی ئەو وڵاتانە کە دەیانویست بەشێوەیەکی سەربەخۆ دوور لە هەیمەنەتی تەرزی بیرکردنەوە و سیاسەتی خۆرئاوا پرۆژەی گەشەسەندن ئەنجام بدەن. بۆ نموونە بڕوانە وتارێکی (مەهاتیر محەمەد)ی سەرۆک وەزیرانی مالیزیا لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)، ژ - ٧٥١٣ لە ٩٩/٦/٢٤ بەناونیشانی (العولمة ذات الاتجاه الواحد لا تناسب جميع الامم).
د. عبدالحی زلوم کە نووسەر و (رجل اعمال) و دانەری کتێبی (نذر العولمة)یە لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی جەزیرە وتی: «ئەندەنوسیا داوای لە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی کرد کە ڕێی گەشەسەندنی نیشان بدات، ئەویش ڕێگەیەکی بۆ دانا، بەڵام بە ئەزموون دەرکەوت کە ئەو ڕەچەتەیە لەنێوبەرە، ئەندەنوسیا ویستی دەستبەرداری ببێ بیل کلنتۆنی سەرۆکی ئەمەریکا بەڕاشکاوی بە سۆهارتۆی سەرۆکی ئەندەنووسیا - کە تا ساڵی ٩٨ سەرۆکی ئەندەنووسیا بوو -ی وت کە: دەبێ ڕەچەتەکانی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەک گوتەی لە ئاسمانەوە هاتوو سەیر بکەیت!». کەناڵی الجزيرة، بەرنامەی (ضيف وقضية) دەربارەی (مثالب العولمة)، چوارشەممە ٩٩/٩/١٥

سامانیان هەیە، لە ٢٠٪ ی دەوڵەتەکانی جیهان ٨٥٪ ی کۆی بەرهەمی جیهان و ٨٤٪ ی بازرگانیی جیهانیان لە ژێر دەستدایە. ئەمە لە ناوخۆی هەموو دەوڵەتێکیشدا بەدی دەکرێت).[٦٨]

گارودی دەڵێ: (٦٪ ی گەلی فەرەنسی ٥٠٪ ی سامانی وڵاتی لە ژێر دەستدایە، ٩٤٪ ەکەی دی بە هەمووی ٥٠٪ ەکەی دی).[٦٩]

ئەگەر ئامانجی سەرمایەداری لیبرالی چەسپاندنی ئازادی تاک و، ئامانجی سۆشیالیزم چەسپاندنی ئیشتراکییەت بێ لە واقیعی کۆمەڵگەکەدا، ئەوا دەکرێ بڵێین: ئامانجی ئیسلام چەسپاندنی ئەخلاق یاخود بەئەخلاقیکردنی بوارە زیندووەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە و شمولییەتەکەشی لەم گۆشە نیگاوە سەرچاوە دەگرێ و شمولیەتێکی زیاتر بەهایی (قیمی)یە لەوەی فیقهی بێ.

لەم روانگەیەوە ئەو بۆچوونە بەسادە دەبینم کە پێی وایە ئیسلام ئاینێکی ئەخلاقییە، بەڵام تەنیا لەسەر ئاستی تاکەکەس. ئەگەر ئەم ئاستە لە ئەخلاقییەت لە ناو ئاینەکانی پێشوودا – کە بەکردەوە هەوڵی گۆڕینی سیستمی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەت و ئەنجامدانی جەنگ و ململانێی مەیدانییان نەداوە – وا بووبێ، ئەوە ئیسلام پرسەکەی لەو ئاستە بڵندتر کردووەتەوە بەشێوەیەک کە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیش لەخۆ بگرێ و مۆرکی خۆی لەسەر یاساو نەریتەکانی دابنێ، بۆ ئەو مەبەستە دەبینین عەقڵیەتی مرۆڤ بە شێوەیەک دادەرێژێ کە لە ناو جەرگەی واقیع و کێشە و فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیدا بژی و کارلێکیان لەگەڵدا بکات و هەڵوێستیان لە بەرامبەر وەربگرێ و هەوڵی هێنانە ئارای واقیعێکی باشتر

---

(٦٨) بڕوانە: فخ العولمة – الاعتداء على الديمقراطية والرفاهية، تألیف هانس بيترماتين + هارالد شومان/ ت. عدنان عباس علي، ص ١١ – ١٢ و دواتر..

(٦٩) لە نەدوەیەکدا کە زانکۆی (قەتەر) لە نێوان ١٩٩٣/٤/١٥ دا سازی کرد، گۆڤاری (الاصلاح) ژ – ٢٣٩/ لە ٩٣/٥/٢٧ ص ٤٤

بدات، نەک لە پەرستگاکەی خۆی، یان لەبن ئەشکەوتێکدا گۆشەگیربێ. گرنگ نییە من یان تۆی خوێنەر ئەم مافە بە ئیسلام دەدەین یان نا، هەروەها گرنگ نییە چەندە لەگەڵ جۆری سیستمە ئەخلاقییەکەیداین، خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەو بەم شێوەیە هاتووەتە مەیدان.

***

ئێمە ئەگەر لە روانگەی قورئانەوە – وەحی – بۆ جەوهەری پەیامی ئیسلامی بڕوانین، هەست دەکەین کە ئیسلام ئاینێکی مەدەنییە، مەدەنی بەو واتایەی کە پڕۆژەیەکی بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی پێیە کە دەیەوێ ژیان بەرەو فۆڕمێکی دیاریکراو ئاراستە بکات.

بۆ ئەو مەبەستە شوێنکەوتووانی پەروەردەیەکی وا دەکات کە هەمیشە چاویان لە ژیان و چاککردن و پێشخستنی بێ و بە سەلبیاتە سەرهەڵداوەکان رازی نەبن، داینەمۆی ئەم هەستەش فەلسەفەی یەکتاپەرستییە، کە دەیەوێ چالاکییەکانی مرۆڤ لە حسابکردن و لەبەرچاوگرتنی ویستی خوا دابڕاو نەبن، ئەویش لە رێی ئەو پرۆژەیەوە کە ئامانج و بنەما و بەهاکانی ئاینییەکەی تێدا رەنگ دەدەنەوە.

لە قورئاندا بایەخێکی زۆر بە گرفتە ژیانییەکانی مرۆڤ لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دراوە و هەوڵ دراوە چارەسەرکردنیان ببەسترێ بە باوەڕهێنان بە فەلسەفەی یەکتاپەرستییەوە.

بۆ نموونە لە بواری ئابووریدا: قورئان رای گەیاندووە کە ماڵ و سامانی هی خوایە (وآتوهم من مال الله الذي أتاكم) وەک ئەمانەتێک بەمرۆڤ بەخشراوە، بۆیە دەبێ لەو کەناڵەوە خەرجی بکات کە خوا پێی خۆشە، لەوانە یارمەتیدانی هەژاران (وانفقوا مما جعلكم مستخلفين فيه)، ئەمەش دەبێ وەک ئەرکێک تەماشا بکەن کە بەتەنگ جێبەجێکردنیەوە بن نەک بیکەنە ئامرازێک بۆ منەتکردن و خۆ هەڵبڕین بەسەر هەژاراندا، چونکە ئەو ماڵەی لەو رێیەدا خەرجی دەکەن بەشی موستەحەققەکان خۆیانە و، خاوەنی راستەقینەی ئەو ماڵە – کە خوایە– وەک پشکێکی بڕاوە بۆی داناون (وفي أموالهم حق معلوم

للسائل والمحروم) (ولاتبطلوا صدقاتكم بالمن والاذى) هەروەها بۆ ئەوەی باشتر ئیسپاتی بکات کە ئەوان خاوەنی راستەقینەی ئەو سامانە نین، لەسەریان پێویست دەکات کە لە باشترین جۆری ماڵەکەیان کە لەلایان خۆشەویستە ببەخشن (أنفقوا من طيبات ما كسبتم..) (لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون). زیاد لەوەش لەسەر پێغەمبەری پێویست کردووە کە ئەگەر ملیان نەدا بەزۆر لێیان بسەنە و بە فەرمان فەرمانی پێ دەکات: (خذ من اموالهم صدقة).

هەروەها قورئان بەگژ ئەوانەدا دەچێ کە فەلسەفەی (خاوەنێتی خوا بۆ سامانەکان) رەت دەکەنەوە و دەڵێن (انما أوتيتة علي علم عندي) و مژدەی ئایندەیەکی ترسناک دەداتە ئەوانەی هەر خەریکی کەڵەکەکردنی ماڵ و داراپین و لە رێی خوادا خەرجی ناکەن (ويل لكل همزة لمزة، الذي جمع مالا وعدده، يحسب ان ماله أخلده كلا لينبذن في الحطمة..) (والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب اليم) ئایەت.

ئەمە وێڕای چەندین ئاماژە و فەرمانی دیکەی تایبەت بەچالاکیی ئابووری مرۆڤ وەک حەرامکردنی سوو (أحل الله البيع وحرم الربا) و هاندانی مرۆڤ لەسەر کارکردن و پەیداکردنی سامانی حەڵاڵ (فانتشروا في الارض وابتغوا من فضل الله..) (ولا تأكلوا أموالكم بينكم بالباطل الا ان تكون تجارة عن تراض منكم) و دیاریکردنی ئەو چینانەی زەکاتیان دەدرێتێ (انما الصدقات للفقراء والمساكين..).

ئەوەی لەم میانەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە موسڵمانی هۆشیار کاتێ ئەم ئاراستەکردنانە لە قورئاندا دەبینێ ورووژانێکی تێدا دروست دەبێ و هەست دەکات لە رووی ئاینییەوە بەرپرسیارە لەوەی بێتە مەیدان و ئەم رێنوێنییانە بەرجەستە بکات.

لە بواری زوڵمی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا دیسان ئیسلام هەوڵ دەدات جەماوەر لە دژی زوڵم و زۆر و تاکڕەوی و کارکردن لە پێناو هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دادگەردا کە کەرامەتی مرۆڤەکان بپارێزێ و مافەکانیان بۆ

بگێڕێتەوە، جۆش بدات.

سەرەتا ئیقراری مەبدەئی کەرامەتداریی مرۆڤ – وەک مرۆڤ – دەکات (ولقد کرمنا بني آدم) کە ئەم مەبدەئە بناغەی هەر فەلسەفەیەکی مرۆڤدۆستانەیە، لە قورئاندا.. «وشەکانی (البر) و (العدل) و (الحق) و (الاحسان) و (المعروف) و (الشوری) و (الصلح) و (الاصلاح) بەزۆری تەئکیدیان لەسەر کراوەتەوە.. لە بەرامبەریشەوە چەمکەکانی (ظلم) و (طغیان) (استکبار) و (استعلاء) و (اعتداء) و (بغی) بەتوندی هێرشیان کراوەتە سەر کە بە کەشێکی بەرچاوی ئەم رۆحییەت و رێنوێنییانە راستەوخۆ ئاراستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کراون..»[٧٠].

لە قورئاندا بەسەرهاتی موسا پێغەمبەر لەگەڵ فیرعەون، گەورەترین قەبارەی لە ناو بەسەرهاتی پێغەمبەرەکان پێدراوە و فیرعەون کراوەتە هێما بۆ ئەو دەسەڵاتە تاکرەوەی خۆی لە ژێردەستەکانی کردۆتە خوا و ئیرادەی خۆی بە زەبری هێز بەسەریاندا دەسەپێنێ، وەک قورئان دەیگێڕێتەوە، فیرعەون بەگەلەکەی دەوت: (أنا ربکم الاعلی) (ما أریکم الا ما أری) (ما علمت لکم من اله غیري). بۆیە کاتێ موسا پێی دەڵێ: (.. ربي الله..) فیرعەون هەست دەکات زەوی لە ژێر عەرشەکەی دەلەرزێ، چونکە ئەو کاتە ئەو لە خوایەتی دەکەوێ و دەبێتە مرۆڤێکی ئاسایی و خەڵک بەئاسانی مل بۆ جەبەرووتی کەچ ناکەن. تەنانەت کاتێکیش ساحیرەکانی خۆی دان بەحەقیقەتی بانگەوازەکەی موسادا دەنێن و ئیمان دێنن هەر سووره لەسەر بێباوەڕیی خۆی و هەڕەشەی لە خاچدانیان لێ دەکات (فلاقطعن أیدیکم وأرجلکم من خلاف ولاصلبنکم فی جذوع النخل) طه – ٧١

بەم شێوەیە فیرعەون بەزەبروزەنگ خەڵکی ناچار دەکرد کە گوێڕایەڵی بکەن (فاستخف قومه فأطاعوه)..

---

(٧٠) ئاین و سیاسەت – پتر لە رایەک، عومەر عەلی غەفوور/ هەفتەنامەی (گوڵان)، ژ – ٢٤٠ لە ١٩٩٩/٨/٢٨

قـورئان بـەم چیـرۆکـە مـرۆڤ پەروەردە دەکـات لـەسـەر رق لێـبـوون و ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریەت و هانیان دەدات لە دژی ناعـەدالەتی و حوکمی زاڵم کـە گـەلان دەچـەوسـێنێتـەوە، بوەسـتن، ئەوەتا خـوای گـەورە ژێردەسـتـەکـانی فیرعەون بـە (فاسق) ناو دەبات لەسـەر ئەوەی کە ملیان بۆ ئەو دەسەڵاتە کەچ کـردبوو (فـاسـتـخف قـومـه فـأطاعـوه، انهم - واتە گـەلەکـەی - کـانـوا قـومـا فاسقین).

قورئان هـەر لەسـەرەتاوە پەیامێک بوو بۆ گۆڕینی سیسـتمی دەسـەڵات لەو ناوچەیەی سـەری هەڵدا، گەرچی شێوازێکی هێمنانەشی گرتبووە بەر. ئەگـەر سەیری سورەتە مەککییەکان بکەین پڕیەتی لە رەخنە لە رەمزەکانی دەسەڵات لەو نـاوەندەدا.. دواتر ئیـسـلام مـەسـەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریشی داهێنا بۆ رووبەڕوو بوونەوەی زوڵم و زۆری دەسەڵات و گۆڕینی بەدەسەڵاتێکی دادگەر (اذن للذين يقاتلون بانهم ظلموا، وان الله على نصرهم لقدير) (ما لكم لا تقاتلون في سبيل الله والمستضعفين من الرجال والنساء والولدان الذين يقولون ربنا اخرجنا من هذه القرية الظالم أهلها..).

لە قورئاندا دەیان ئایەت بەرچاو دەکەون کە باس لە جەنگەکانی پێغـەمبـەر (د. خ) و هەڵوێستە سیاسییەکانی دەکەن.

خۆ ئەگەر لە کردەوەی پێغـەمبەریشـەوە، بۆ مومارەسـەی سیاسی ئیسلامی بڕوانین دەبینین... «پێغـەمبـەر هەر لە یەکـەم رۆژەوە بانگەوازی بۆ باوەڕێکی جیا لە باوەڕی باوی ناوچەکەی دەکرد و خـەڵکی لە دەوری ئەم عـەقیـدەیە کۆ دەکردەوە، هـەروەها پێغەمبەر کۆمەڵەی نهێنی و دواتریش کۆمەڵەی ئاشکرای دروست دەکرد کە بانگهێشتی بۆ گۆڕینی سیستەمەکان و عەقیدەی کۆمەڵگە دەکـرد و هـەمـوو ئامـرازەکـانی راگـەیاندنی لەبەر دەسـتـی ئەو کـاتـەی بۆ بانگەوازەکەی بەکار دەهێنا وەک پەیوەندی پێوەکردنی تاکەکەسی و وتاردان و بانگکردن و دژە جـەنگی ڕاگـەیاندن - کـە هـەمـوو ئەمـانە کـاری سـیـاسین.. هەروەها پێغەمبەر (د. خ) پەنای بۆ داواکردنی کۆمەکی و پاراستن لە هەندێ لە کـافـران بردووە.. هەروەها پاش مـوسڵـمـانبـوونیـان پەیماننامـەی لەگـەڵ

ئەنصارەکان مۆر کرد لەسەر سەرخستنی، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ کافرەکان جەنگاوە و سەرکەوتنیشی لە جەنگەکاندا بێگومان ڕۆڵی هەبووە لە سەرخستنی پەیامەکەیدا .. هەروەها نووسینی نامە بۆ سەرانی دەوڵەتەکانی ئەو کاتە (ڕۆم و فارس..) بۆ موسڵمانبوون، یان جەنگان، یان ڕێکەوتن. هەموو ئەمانە کاری سیاسی بوون»(٧١).

بە دروستی نابینم بڵێم ئاینی ئیسلام بەرنامەیەکی تایبەت و بەوردەکاری تێدایە لەسەر چۆنێتی مومارەسەکردنی سیاسەت و پێکهاتەی دەوڵەت و فیقهی دەستووری و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ڕێکخستنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەوانە هەموویان پێویستییان بە تیۆر و میکانیزمی بەوردەکاری هەیە کە عەقڵی مرۆڤ بە ئەزموون دایان دەڕێژێ و پێیان دەگەیەنێ، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم هەموو ئاراستەکردنە سیاسییانەی لە دوو توێی دەقەکانی قورئان و لە مومارەسەی پێغەمبەر (د. خ)دا بەرچاو دەکەون؛ هۆشیاری سیاسی دەکاتە بەشێکی بونیادیی لە پێکهاتەی هۆشیاری مرۆڤی پابەند بەو ئاینەوە و، دەتوانین بڵێین بایەخدان و ئیلتیزامی هەر مرۆڤێکی موسڵمان بەئیسلامەوە – دوور لە کاریگەریی هەر بانگەوازێکی سیاسیی دەرەکی – وای لێ دەکات مرۆڤێکی سیاسی بێ، بەو واتایەی لە خەمی سیستمی گشتیی کۆمەڵگە و پاراستنیدایە و بەبەزاندنی بەها و ڕێنوێنییەکانی لە بوارەکانی حوکم و ئابووری و ئەخلاقی و پەرستندا دەوروژێ و هەڵوێست وەردەگرێ.

تا ئێستەش گوتاری ئاینی و ناوەندە ئاینییەکان کاریگەریی بەرچاویان هەیە لەسەر هۆش و هەڵوێستی سیاسیی تاکی موسڵمان.

مومارەسەی سیاسی ئەگەر لە ڕوویەکەوە بریتی بێ لە ململانێی جەمسەرە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەکانی ناو کۆمەڵ لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات یان

---

(٧١) بڕوانە: المسلمون والعمل السياسي. عبدالرحمن عبدالخالق، الدار السلفية، ص ٩ – ١٠

بردنی گەورەترین پشک لەو بوارەدا و، لەو ڕێیەشدا پەیڕەویکردنی ئامرازی جۆراوجۆر بۆ بردنەوەی گەمەکە، ئەوا لە ڕوویەکی دیکەوە بریتییە لە ئیدارە و ڕێکخستنی کۆمەڵ لە بوارە جیاجیاکاندا و چاودێریکردنی یاسا و بەرقەرارکردنی دادگەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی وڵات لە پاشاگەردانی و نائارامی و تێکچوونی شیرازەی سیاسی وڵات، کە ئەمە ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی ئەخلاقیشە.

## دەسەڵاتی سیاسی
## خواستێکی ئاین، پێویستییەکی ژیان

ئەگەر زانیمان مرۆڤی موسڵمان کارکردن لە پێناو گەشەپێدان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئاینەکەی لە بوارە جیاجیاکاندا، بە بەشێک لە ئەرکی دینداری و مەرجی ئیمان و ئیلتیزام بزانێ، ئەوە ئاساییە ببینین موسوڵمانان لەگەڵ کۆچکردنی پێغەمبەر (د. خ) و تەنانەت پێش بەخاک سپاردنی کۆببنەوە بۆ دانانی خەلیفەیەک (دەسەڵاتێکی نوێ) کە چاودێریی مانەوە و پیادەکردنی ویست و ئەحکامەکانی ئیسلام بکات، چونکە دەیانزانی یەکێ لەمەرجە گرنگەکانی بەزیندوو مانەوەی ئیسلام بوونی دەسەڵاتێکە کە باوەڕی پێی هەبێ و پشتگیری لێ بکات.

لێرەدا پێم وایە دوو بۆچوون بایەخیان نامێنێ: (یەکەم ئەوەی کە پێی وایە مادام ئیسلام بەڕاشکاوی داوای پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سیاسی ئیسلامی نەکردووە، کەواتە بانگەواز بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی ئەسڵێکی شەرعی نییە)[٧٢]

---

(٧٢) ئەم بۆچوونە سەرەتا شێخ عبدالرزاق دای هێنا ئەویش لە کتێبی (الاسلام واصول الحكم) کە لە ساڵی ١٩٢٥ (ساڵێک و چەند رۆژێک پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی لە تورکیا) دەری کرد، دواتر بوو بەبۆچوونێکی باو لە ناو رووناکبیرانی عەلمانی عەرەب بەگشتی، دیارە بەجیاوازی لە دەربڕین و وردەکاریدا. بڕوانە: (الاسلام واصول الحكم) طبعة بيروت ١٩٦٦ ص ٨٢ – ١٤٢ هەروەها: في النظام السياسي للدولة الاسلامية د. محمد سليم العوا، ص ١٢٢ – ١٢٣ الطريق الى النهضة الاسلامية، د. محمد عمارة دار الشرق، ط ١، ١٩٩٠ ص ٢٢٧ – ٢٢٨

دووەمیشیان ئەوە کە پێی وایە: بوونی حکومەت وەک زەرورەتێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ؛ ناکاتە پاساو بۆ زەرورەتی بوونی حکومەتێکی ئیسلامی، پێغەمبەر (د. خ)یش لەم روانگەیەوە حکومەتی دروست کردووە و مەرج نییە لە روانگەی تەکلیفێکی ئیلاهییەوە ئەوەی کردبێ(٧٣).

***

سەبارەت بەبۆچوونی یەکەم بەپێی ئەو خوێندنەوەی پێشوومان ئەگەر بڕیار بێ ئیسلام یاسا و ئاراستەکردنی بۆ بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دانابێ کە چاودێریی پیادەکردنی بوونی دەزگایەک بخوازێ، ئەوە ناوبردن یان ناو نەبردنی ئەو دەزگایە شتێکی لاوەکی دەبێ، چونکە مادام پێڕەوکردنی ئەو رێنوێنی و ئاراستانە پێویست بە بوونی ئەو دەزگایە بکات، کەواتە نەبوونی، یان بەپێویست نەبینینی بوونی، واتای بەفیڕۆچوون و بەبێ ئامانج داڕشتنی ئەو رێنوێنییانە دەبێ، لەم روانگەیەوە بوونی دەسەڵات دەبێتە ئەو شتەی کە (ما لایتم الواجب الا به..) بۆیە (.. فهو واجب)، کە رێسایەکی شەرعییە.

هەر سەبارەت بەم خاڵە کاتی خۆی هەندێ لە زانایان پێیان وابووە بوونی دەسەڵاتی ئیسلامی (کە ئەو کاتە خەلافەت بە ئیمامەت ناوبراوە) واجب نییە ئەگەر هاتوو بەبێ بوونی ئەویش دەکرا ئەحکامەکان و ویست و ئامانجە ئینسانییەکانی ئیسلام جێبەجێ بن(٧٤).

دیارە ئەم بۆچوونەش بۆچوونێکی بەهێزە ئەگەر بکرێ بێتە دی.

سەبارەت بەوەش کە دەڵێ «حکومەت زەرورەتێکی کۆمەڵایەتییە نەک ئاینی

---

(٧٣) بڕوانە الاسلام السیاسي – العشماوي، ص ٢٧

(٧٤) ئەوە بۆچوونی (أبی بکر الاصم)ی موعتەزیلی و هەندێ لە خەواریجەکانە کە پێیان وایە ئەوەی لەو بوارەدا واجبە بوونی ئیمام نییە، بەڵکو جێبەجێبوونی ئەحکامەکانی شەرعە، جا ئەگەر ئوممەت لەسەر دادپەروەری و پەیڕەوی ئەحکامەکانی خوا دامەزرا ئەوا پێویست بە دانانی ئیمام نامێنێت بڕوانە:
– مقدمة ابن خلدون/ طبعة بیروت، ط ١، ١٩٧٨ ص ١٩٢
– المعتزلة ومشکلة الحریة الانسانیة، د. محمد عمارة، ط ٢ ١٩٨٤ ص.١٩٠– ١٩١

و هەر لەو روانگەشەوە پێغەمبەر حکومەتی دروست کردووە»، پێم وایە ئەمە بەڵگە نییە لەسەر نەبوونی بناغەیەکی شەرعی ئیسلامی بۆ مومارەسەی کاری سیاسی و کارکردن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خاوەن مەرجەعییەتی ئیسلامی، چونکە ئاین شتێک نییە بەئاسمانەوە هەڵواسرابێ و لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سروشت و خواستەکانی ئەو واقیعە دابڕابێ، بەڵکو ئەم خۆی بەشێکە لە پێکهێنەرەکانی ئەم واقیعە وەک چۆن فەلسەفە و ئابووری و سیاسەت و زانست و ئەدەب.. هتد بەشێکن لێی.

ئەگەر بڕیاربێ ژیانی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی بخوازێ، ئاین ئەم زەروورەتە هەڵناوەشێنێتەوە، هەروەک ڕێش نادات ئەو، ئەم هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵکو ئاین هەوڵ دەدات کار لەو دەسەڵاتە بکات و مۆرکی خۆی پێ بدات کاری پێغەمبەر (د. خ)یش هەر ئەمە بووە..

ئاخر خۆ ئاین نەهاتووە هەموو سیستم و میکانیزم و دامەزراوە بەرهەمهێنراوەکانی مێژوو سفر بکات و لە ئەلفەوە میکانیزم و دامەزراوەی تایبەتمەندی (ئاینی) بۆ ڕێکخستنی کاروبارە ژیانییەکان دابڕێژێ و بیکاتە تاکە نموونەی شەرعی و، ئالیاتە مەدەنییە بەرهەمهاتووەکان بە ناشەرعی دابنێ، بەڵکو راستییەکەی ئەوەیە عەقڵی ئاینیش وەک مادەیەک یان سیستمێکی کۆنکریتی بێ ئایدیا مامەڵەی لەگەڵ سیستم و ئالیات و بونیادەکانی دەسەڵات کردووە، هەروەک کە خەڵکی دی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، زیادکردنی یان جیاوازیی هەڵوێستی ئاینی ئیسلام لەگەڵ ئەوانی دی لە ئایدۆلۆژیا و مەرجەعییەتی فیکری و سیاسیی سیتەمەکەدایە، بۆیە گۆڕانکاری ئیسلام لەو سیستمانەدا زیاتر لەو خاڵ و سەنتەرانەدایە کە ئایدۆلۆژیا پڕیان دەکاتەوە و ئاراستەیان دەکات.

بەم پێیە ئیسلام لە روانگەی فەلسەفە ئیمانی و ئینسانییەکەی خۆیەوە هەر میکانیزم و سیستمێکی مێژوویی کار پێ دەکات کە بکرێ وەک وەسیلەیەک بۆ جێبەجێکردنی ویست و ڕێنوێنییەکانی بگونجێ و، شتێکی ئاساییە کە دەستکاری پێویست لە سیستمی ئارادا بکات، یان برەوی پێ بدات یان

بیگۆڕێ بەسیستم و میکانیزمی پێشکەوتوو کە باشتر بتوانێ ئامانجەکانی بهێنێتە دی. هەروەک دەکرێ موسڵمانان خۆیان سیستمی نوێ بەرهەم بهێنن. لە هەموو بارەکاندا سیستم و ئالیەتەکان مەدەنی و بێلایەنن.

پێغەمبەر (د. خ)یش هەر وای کردووە، ئەگەر بۆ دەرخستنی (سیاسیبوون)ی ئەو، بە (سەرۆکی هۆز)، یان (سەرۆکی حزب) یان (سەرۆکی دەوڵەت) بیشوبهێنین هەر هەمووی ئەوە دەگەیەنێ کە پێغەمبەر لە ناو سیستمە باوەکانی دەسەڵاتدا کاری کردووە و کاری پێ کردوون. چونکە سەرۆکایەتی ئەو بۆ موسڵمانان (چ وەک سەرۆک حزب یان دەوڵەت بێ) لە رووی ئەو میکانیزم و تۆڕەی کە جۆری پێوەندی ئەو لەگەڵ شوێنکەوتووانی (رەعیەتەکەی) دیاری کردووە، هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو ئالیەتەی کە پەیوەندی: (سەرۆک هۆز، سەرۆکی حزب، سەرۆکی دەوڵەت)ێکی تر بەشوێنکەوتووانیانەوە دیاری کردووە.

جەوهەری سیستەمەکە بریتییە لە سروشتی پەیوەندی: خوار/سەر، ئاراستەکار/ئاراستەکراو، فەرمانکار/فەرمانپێکراو، مەرجەع/ وەرگر، سەرۆک/ رەعیەت، نەخشەدارێژ/ جێبەجێکار.. هتد ئەوەی جیاوازە ئەو ئایدۆلۆژیا و گوتارەیە کە روحی پێوەندییەکان دیاری دەکات کە ئاخۆ پەیوەندی: زاڵم/ مەزڵوم، تێر/ برسی، بخۆر/ بکار، بەهێز/ لاوازە، یان مۆرکێکی ئینسانی وەرگرتووە..

ئەوەی لە سەردەمەکانی دواتریشدا رووی دا هەمان شت بوو، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی خەلیفەدا تەنیا لە سەردەمی راشدیندا چوار میکانیزم بەکار هێنران کە هیچیان لە دەقێکی ئیسلامییەوە وەرنەگیراون، بەڵکو بەرهەمی عەقڵ و لێکدانەوە و سەلیقەی خۆیان بووە، دواتریش کە خەلافەت گۆڕا بۆ سیستمی میراتگری، نە خەلیفەکان و نە زاناکانیش پێیان وا نەبوو لەم ئاڵوگۆڕەدا میکانیزمێک کە ئیسلام هێنابێتی گۆڕدراوە بە میکانیزمێکی دانراوی مرۆڤ گەرچی هەموو لا دەیانزانی میکانیزمی راوێژکردن زیاتر لەگەڵ رۆحی ئیسلامدا دەگونجێ. دواتر هەندێ لە زاناکان شەرعییەتیان بۆ

ئەم سیستەمەش تاشی لەو رووەوە کە دەکرێ ئەمیش ئەزموون و نموونەیەک بێ بۆ حوکمی ئیسلامی.

لەگەڵ تێبینیمان لەسەر ئەم کرداره، کە پێم وایە درێژەی بە هەڵەیەکی مێژوویی دا کە دەبوو کار لەسەر راستکردنەوەی بکرێ نەک جێگیرکردنی، بەڵام پێم وایە یەکێ لە پاساوەکانیان بۆ ئەم هەڵوێستەیان ئەوە بووبێ کە زاناکان باوەڕیان بەوە بووە کە ئالییەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەقەکانی ئیسلامیدا قسەیان لەسەر نەکراوە و نموونەیەکی تایبەت دانەڕێژراوە کە بکرێتە تاکە نموونە و ئالییەت و سیستەم، بەڵکو ئەوە بۆ ئەزموونی موسڵمانان خۆیان بەجێ هێڵراوە. گرنگ ئەوەیە ئامانجەکان لە کۆمەڵدا بێنە دی، ئیتر چ میکانیزمێک لە باریدا هەیە بە چاکترین شێوە ئەو ئامانجانە بێنێتە دی، ئەوە خراوەتە ئەستۆی موسڵمانان، ئیتر خۆیان دای دەهێنن یان وەری دەگرن و لەگەڵ رۆحی فەلسەفەکەیاندا دەیگونجێنن، گرنگ نییە.

## یەکدەنگی مێژوویی و
## رابوونەوەی هاوچەرخ

بە چاوپۆشین لە رادەی وابەستەبوونی ئەو خەلیفە و سوڵتانانەی بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی و تا هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ساڵی ١٩٢٤، حوکمی جیهانی ئیسلامییان کردووە، بە ئیسلامەوە، بەتایبەت لە بواری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و قبوڵکردنی بەرامبەردا، زانایانی موسڵمان بە جیاوازیی مەزهەبەکانیانەوە یەکدەنگ بوون لەسەر زەروورەتی بوونی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی و بەمەرجی مانەوەی ئیسلامیان زانیوە(٧٥) دۆخەکەش هەر وا رۆشتووە تا رووخانی خەلافەتی عوسمانی، کە ماوەیەکی زۆر لەوەوپێش بە چەندین دەرد و داوەوە دەیناڵاند.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە هۆی هەرەسی خەلافەتی عوسمانی و لەبەریەک هەڵوەشانی تەنیا لاوازی و داخوازی ناوخۆیی نەبوو وەک کە هەرەسی دەسەڵاتی کەنیسە لە ئەوروپا لە ژێر گوشاری پەرەسەندنە ناوەخۆییەکانی وڵاتانی ئەوروپییەوە بوو، بەڵکو گوشار و پیلانێکی دەرەکیش، کە بریتی بوو لە فشاری وڵاتە زلهێزەکانی خۆرئاوا بەتایبەتی بەریتانیا، دەوری گەورەی لەو هەرەسەدا هەبوو، (گەرچی لەرزۆکیی بنیاتی ناوخۆییش دەروازەیەک بووە بۆ ئەو دەستێوەردانە)، لەبەرئەوە موسڵمانان – بەگشتی – وێڕای گلەییان لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی(٧٦). بەڵام پێشوازییان لە بڕیاری

---

(٧٥) لەو بارەوە بڕوانە: مقدمة ابن خلدون. ص ١٩١

(٧٦) لە بارەی گلەیی و ناڕەزایییەکانی موسڵمانان لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و جموجۆڵەکانیان لەو بوارەدا، بڕوانە نشوء القومية العربية. زين نورالدين، دار =

هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت نەکرد، بەڵکو بەکۆستێکی گەورەیان بینی بۆ جیهانی ئیسلامی، چونکە پێیان وابوو خەلافەتی عوسمانی هەر چۆن بێت چەترێک بوو کە موسڵمانانی کۆکردبووەوە بەڕووی زلهێزانی خۆرئاوادا. (٧٧)

هەندێکیشیان گەر بە رووخانی دەوڵەتی عوسمانییش خۆشحاڵ بووبن، (بەتایبەتی هەندێ لە عەرەبەکان) لەو رووەوە بووە کە بەتەمابوون ئەو

= النهار للنشر، کە نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە تا سەرەتاکانی جەنگی جیهانیی یەکەم شۆڕش و بانگەوازێک نەبوو لە ناو ئەم ئیمپراتۆریەتەدا کە داوای جیابوونەوە لەو دەوڵەتە یان هەڵوەشاندنەوەی بکات، بەڵکو هەمووی داوای چاکسازییان دەکرد. تەنانەت ئەو بانگەوازە لاوازانەش کە لە ژێر لێوەوە داوای ئازادیی نەتەوەی عەرەبیان دەکرد، داوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتیان نەدەکرد چونکە هیچ نەبێ گۆڕەپانە جەماوەرییەکەی هەرسی نەدەکرد، ئەوەتا (نجیب عازوری) کە مارۆنییەکی لوبنانییە لە ساڵی ١٩٠٥ دا داوای سەربەخۆیی نیشتیمانی عەرەبی دەکات لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام نەک بە مانای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی خەلافەت بەڵکو داوا دەکات خەلافەت بدرێتە کەسێکی عەرەب کە لە نەسەبی قورەیشی بێ، بڕوانە: اليهود والدولة العثمانية/ د. أحمد نوري ص ٢٤١

(٧٧) عەلی شەریعەتی دەڵێ «راستە دەوڵەتی عوسمانی خراپە و گەندەڵی زۆری هەبووە بەشێوەیەک ناکرێ بە دەوڵەتێک دابنرێ کە لەسەر بنەماکانی ئیسلامیی راستەقینە و دادگەری دامەزرابێ، بەڵام ئەو دەوڵەتە نەتەوە و گەلە موسڵمانەکانی لە یەکەیەکی سیاسی – سەربازیدا یەک خستبوو، کە هەر ئەوە زەمانەتی سەربەخۆیی ناوچەکە بوو.. کاتێ لە مارسی ١٩٢٤ دا دەوڵەتی عوسمانی بەڕەسمی شکستی هێنا ئیسلام وەک هێزێکی سیاسی و سەربازی و شارستانی لە بەردەم خۆرئاوادا شکستی هێنا و، رێگەیەکی بێ کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم ئیمپریالیزمدا کرایەوە بۆ تالانکردنی رۆژهەلات بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی».

بڕوانە: ايران من الداخل، فهمي هويدي ص ٢١٨ ئەویش لە کتێبی: هكذا تكلم علي شريعتي، فاضل رسول، ط ١٩٨٢ ص ٤٨

دەسەڵاتە ئاینی و سیاسییە بکەوێتە دەست خۆیان نەک دژ بە بنەمای بوونی خەلیفەیەک بووبن کە پێشەوایەتیی موسڵمانان بکات لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەت بە مەرجەعیەتێکی ئیسلامی(٧٨).

لەم روانگەیەوە بوو کە پاش رووخانی خەلافەت لێرە و لەوێ موسڵمانان کەوتنە خۆ بۆ گێڕانەوەی خەلافەت، جا ئاخۆ هەر خەلافەتی عوسمانی بێ یان خەلافەتێکی تر.

ئەوە بوو هەر پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی (حسین کوڕی

---

(٧٨) بەریتانیا بەڵێنی بە شەریف حسین (١٨٥٣ – ١٩٢١)ی شەریفی مەککە دا گەر لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی ڕاپەڕێ، بیکات بە پادشای نیشتمانی عەرەب، پاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەک لە نێوان شەریف حسین و هنری ماکماهون لە ١٠ ی حوزەیرانی ١٩١٦ شەریف حسین لە مەککە بە پاڵپشتی دارایی سەربازی بەریتانیا لە دەوڵەتی عوسمانی راپەڕی و خۆی وەک پادشای وڵاتانی عەرەب راگەیاند، بەڵام بەریتانیا تەنیا وەک پادشای حیجاز دانی پێ دانا، (لورنس)ی عەرەب دەڵێ (بەریتانیا بەڵێنی خۆی بەرامبەر عەرەب بەجێ نەهێنا، هەستاین بە قۆستنەوەی سۆزی عەرەبایەتی ئەوان بۆ سەرخستنی بەریتانیا)، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

- الموسوعة السياسية، اشراف د. عبدالوهاب الكيالي/ كلمة (الشريف حسين)
- اليهود والدولة العثمانية: د. أحمد نوري النعيمي ص ٢٤٣
- نشوء القومية العربية، زين نورالدين ص ١٢٣.

تەنانەت ئەو بزووتنەوە چاکسازییانەی کە لە هەندێ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی سەریان هەڵدا و مۆرکی یاخیبوونیان پێوە دیار بوو، وەک بزووتنەوەی وەهابی لە نیوە دوورگەی عەرەبی (١٧٤٠ – ١٨١٧)، بزووتنەوەی سەنووسیەت لە لیبیا (١٨٥٩) و مەهدیەت لە سودان (١٨٨٥)، ئەمانە دژ بە بوونی سیستمی خەلافەت نەبوون بەپێچەوانەوە لە دژی ئەو فەسادە فیکری و عەقائیدی و سیاسییە بوون کە وەک خۆرە دابوویە جەستەی دەوڵەتەکە، لەو بارەوە بڕوانە الطريق الى اليقظة الاسلامية/ د. محمد عمارة/ دار الشروق، ط ١٩٩٠ ص ١٦٠ – ١٨٤

عەلی) شای حیجاز خۆی وەک خەلیفەی موسڵمانان ڕاگەیاند، هەروەها لە میسر لە ناوەندە ئاینی و سیاسییەکاندا جموجۆڵ دروست بوو بۆ گفتوگۆ لەسەر چۆنێتی دانانی خەلیفەیەک پاش نەمانی خەلافەت لە ئەستەنبوڵ، لە ٢٥ ی مارس زاناکان بە سەرۆکایەتیی شێخی ئەزهەر چەند کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد و لە کۆتاییدا بەیاننامەیەکیان دەرکرد کە تێیدا دەڵێن (دەبێ کۆنگرەیەکی ئاینی ئیسلامی ببەسترێ کە نوێنەرانی هەموو نەتەوە ئیسلامییەکانی بۆ بانگ بکرێ تا وتووێژ بکەن لەسەر ئەوەی کە خەلافەتی ئیسلامی بە کێ بسپێردرێ»[٧٩].

تەنانەت دامەزراندنی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لەساڵی ١٩٦٩: کە پاش زنجیرەیەک کۆبوونەوە و هەوڵێکی دوور و درێژ و پڕ کۆسپ و تەگەرە هاتە بوون، سەرەتا بیرۆکەکەی لە هەوڵدان و بۆ گێڕانەوەی خەلافەت سەری هەڵدا.

عبدالله الاحسن لە کتێبەکەی لەبارەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دەڵێت: «هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت جیهانی ئیسلامی خستە حاڵەتی شپرزەییەوە، ئەویش لەو ڕووەوە کە موسڵمانان بەدرێژایی مێژوو یەکێتی خۆیان بەو دامەزراوەیەوە بەستبوو، بەلای زۆربەی موسڵمانانەوە ئەستەم بوو جەماعەت بەبێ بوونی دامەزراوەی خەلافەت درێژە بکێشێ.. سەرکردە سیاسییەکان و زانایان بەوە سەرقاڵ بوون کە چۆن بتوانرێ ئەو کەلەبەرە پڕ بکرێتەوە کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دروستی کرد. بۆیە چەند کۆنگرەیەک بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە بەسترا، یەکەم کۆنگرە لە مایۆی ١٩٢٦ – شوال ١٣٤٤ لە قاهیرە بەسترا کە نوێنەرانی هەریەکە لە میسر و لیبیا و تونس و مەغریب و باشووری ئەفریقیا و ئەندەنووسیا و ویلایەتی جوهوری مالاوی و هندی بەریتانی و یەمەن و حیجاز و فەلەستین و عێراق و پولەندا – وەک سیفەتی تایبەتی خۆیان – ئامادە بوون.. کە تێیدا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی: (پێویستە هەموو گەلانی ئیسلامی لە کۆمەڵەیەکدا نوێنەرایەتی بکرێن، لەو

(٧٩) الاسلام والخلافة في العصر الحديث/ د. محمد ضياء الدين الريس ص ٥ – ١٢

وڵاتەی نوێنەرانی گەلانی ئیسلامی دیاری دەکەن، نوێنەران کۆببنەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە پێویستەی بگیرێنەبەر بە مەبەستی دامەزراندنی خەلافەت تا هەموو ئەو مەرجانەی شەریعەت واجبی کردوون تەواو بن). هەروەها کۆنگرە بانگەوازێکی ئاراستەی هەموو موسڵمانان کرد کە مەسەلەی خەلافەت لەبیر نەبەنەوە و ئەمەی بە نموونەیەکی ڕۆحیی ئیسلام دانا و هەموو موسڵمانانی هاندا پێکەوە بۆ دامەزراندنی خەلافەت کار بکەن..[٨٠].

گەرچی ئەو جموجۆڵانە بێ کۆسپ و بۆشاییی تێکەوتن نەبوون، بەڵام هەر چۆن بێ سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی.

یەکێ لەو بزووتنەوە سیاسییە جەماوەریانەش کە لە جیهانی ئیسلامیدا بەمەبەستی گێڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی – خەلافەت – سەری هەڵدا کۆمەڵەی (برایانی موسڵمان) بوو کە لە ساڵی ١٩٢٨ لەلایەن (حەسەن بەننا) و ژمارەیەک لە هاوەڵانیەوە دروست کرا، کە هەندێ لە توێژەران ئەم کۆمەڵەیە بە (باوکی شەرعیی هەموو بزاڤە ئیسلامییەکانی ئەم ناوچەیە)[٨١] دادەنێن و تا ئێستاش ئەم تەیارە ئیسلامییە، وێڕای ئەو کەند و کۆسپانەی هاتوونەتە ڕێی، توانیویەتی درێژە بە بوونی خۆی بدات، ئێستا بە یەکێ لە گەورەترین بزاڤە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی دادەنرێ (ئەگەر گەورەترینیان نەبێ) و فیکری ئەو قوتابخانەیە لە ناو دەیان وڵاتی ئیسلامی و جیهانیدا بڵاوبۆتەوە و دەستە و گرووپی سیاسی و بانگەوازکاری ئیسلامی لەسەر دامەزراوە.

ئەگەر سەیری بیری ئیخوانی بکەین هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنیەوە کە حەسەن بەننا خۆی تیۆرست (منظر)ی ڕێکخراوەکە بوو؛ دەبینین کارکردن بۆ

(٨٠) منظمة المؤتمر الاسلامي – دراسة سياسية اسلامية/ تأليف الدكتور عبدالله الاحسن/ ت: الدكتور عبدالعزيز ابراهيم الفايز/ المعهد العالمي للفكر الاسلامي، ط ٢، ١٩٩٦ ص ٣٧ – ٥٣

(٨١) التيارات الاسلامية وقضية الديمقراطية، د. حيدر ابراهيم علي، ص ٢٤

گێڕانەوەی خەلافەت لە سەرووی ئەرکەکانی ئیخوان دانراوە. لەو بارەوە بەننا دەڵێ: «ئیخوان باوەڕیان وایە کە خەلافەت ڕەمزی یەکێتی ئیسلامییە و ڕواڵەتی پێکەوە بەسترانی نێوان نەتەوەکانی ئیسلامە و، شەعیرەیەکی ئیسلامییە لەسەر موسڵمانان واجبە کە بیری لێ بکەنەوە و بایەخی پێ بدەن. خەلیفە بناغەی زۆرێک لە ئەحکامەکانی ئاینی خوایە، هەر لەبەر ئەوە هاوەڵان - ڕەزای خوایان لێ بێ - قسەکردن لەسەر خەلافەتیان خستە پێش قسەکردن لە کفن و دفنی پێغەمبەر (د. خ).. لەبەرئەوە برایانی موسڵمان فیکرەی خەلافەت و کارکردن لە پێناو گێڕانەوەیدا لە سەرووی مەنهەجەکانیانەوە داناوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وایە کە ئەوە ڕێخۆشکردنی زۆر پێویستی دەوێ.. کە ئەمانە کرا هەموو لەسەر ئیمامێک کۆ دەبنەوە»[٨٢].

(٨٢) مجموعة رسائل الامام البنا/ ج ٢ ص ٧٠ - ٧١/ چاپي نهضت.

## بزاڤی ئیسلامی لە نێوان فیکر و سیاسەتدا

لە پێشەوە پرسیمان: ئاخۆ بۆچی (سیاسیبوون) کراوەتە سیمای زاڵی بزاڤی ئیسلامی بەشێوەیەک وای لێ بێ خۆیشی بەزانین بێ یان بە نەزانین، زۆر لەم حاڵەتە نارازی نەبێ، ئەمە لە کاتێکدا ئەو خۆی وەک هەڵگری پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی ڕۆحی و فیکری و مەعریفی و ژیاریش تەرح کردووە؟ بۆچی ئەم رەهەندە بووەتە رەهەندی بەهێز لە ناو رەهەندە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی بزاڤی ئیسلامیدا؟

بزاڤی ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە وەک کاردانەوەی شکستێکی سیاسی ئیسلامی و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات (کە لە روانگەی فیکری ئیسلامییەوە پاراستنی سەروەری موسڵمانان و، بەرقەراربوونی زۆرێک لە یاسا و ئەحکامەکانی بەبێ بوونی ئەو دەسەڵاتەی نایەتە دی)و بۆ دامەزراندنەوەی ئەو دەسەڵاتە بە گیانێکی نوێ و هاوچەرخانە دامەزراوە. خۆ ئەگەر سەیری مەنهەجی ئیخوان بۆ سەرلەنوێ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵگەی موسڵمان و کردنی بە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی راستەقینە بکەین، کە ئەم زنجیرەیەی وەرگرتووە: (تاکی موسڵمان - خێزانی موسڵمان - کۆمەڵگەی موسڵمان - حکومەتی ئیسلامی - دەوڵەتی ئیسلامی)، دەبینین ئامانجی بالای لەپێکهێنانی حکومەتێکی ئیسلامی (لە هەر وڵاتێکدا)و دواتر دەوڵەتێکی ئیسلامیی سەرانسەریدا، کە بەرهەمی حەتمیی کۆمەڵگەی موسڵمانە، کۆتایی دێت.

گەرچی بەننا دەیویست بزاڤەکەی گەورەتر بێ لە بزاڤێکی سیاسی کە ئامانجی تەنیا گەیشتنە دەسەڵات بێ، بەڵکو دەیویست بزاڤێکی ژیاریی

هەمــەلایەنە بێ لەو روانگەیەوە کــە پێی وابوو ئیـســلام ئاینێکی گـشــتگیــر (شامل)ە، بۆیە دەبێ فیکری ئیسلامیش هەمان شمولیەتی تێدا رەنگ بداتەوە، بەڵام نکولی ناکرێ لەوە کــە لە بنەڕەتدا بزاڤــەکــە لە ئەنجــامی شکســتــێکی سیاسیدا و بۆ تێپەڕاندنی ئەو شکستە و دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئیـسـلامی دەکـۆشـا و بـاقی ئامـانجـەکانی دی پلیکانە بـوون بۆ گەیشـتن بەو ئامانجە سەرەکییە، لێرەوە چالاکیی سیاسیی قورساییەکی زەق و زیاتری لە مومـارەسـەی بزاڤـەکـەدا وەرگرت و وەک بزاڤێکی سیاسی دەرکەوت، ئەمـەش دەرهاویشـتـە و بەرەنجـام و کـاریگەریی دیکەی هەم لەسـەر فـیکری بزاڤـەکە و هەم لەسـەر پێوەندییـەکانی لەگەڵ هێزەکانی دەوروبـەری بەتایبـەت دەسـەڵات دەبێ.

ئاسـاییـیـە کە سـیاسـیـبوونی بزاڤـەکە و کۆشـانی بۆ گۆڕینی سـیسـتـمی دەسەڵات بە سیستەمێکی ئیسلامی، کێشەی سیاسی بۆ بزاڤەکە بخولقێنێ چ لەلایەن هێزە سـیاسـییـە رکابەرەکانی سـاحـەکەوە بێ یان لەلایەن زلهێزانی دنیاوە، کە لە دروشمەکانی ئەو بزاڤە دەترسن و رێ لە سەرکەوتنی دەگرن.

لە واقـیـعـیـشـدا هەر ئەوە رووی دا، ئەوە بوو ئیخـوان لە سـاڵی ١٩٤٨ ەوە تووشی زنجیرەیەک پێکدادان بوو لەگەڵ دەسەڵاتدا کە بوو بەهۆی تیرۆرکردنی بەننا خـۆی - کـە گومـان هەیە بە نەخشــەی ئینگلیز و ڕاپەڕاندنـی حکومـەتی مەلیک فاروق بووبێ - و لەسێدارەدان و، ئەشکەنجەدانی هەزاران لە ئەندام و لایەنگرانی لە بەندیخانەکانی میسردا..

ئەو تاقیکردنەوە دژوارەیش بزاڤی ئیـسـلامی مکوڕتر کرد لەسـەر درێژەدان بە ملمـلانێی سـیاسـی و هـەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو رژێمـانە، لێرەوە گەیشـتن بە (دەوڵەتی ئیـسـلامی) بـە تەبیعـەتی حـاڵ بـوو بە ئامـانجی مـەرکەزی، ئـەمـەش کـاری لە بایەخدانی بزاڤەکە بە بوارە ژیاری و فیکرییـەکان کـرد ئەو خەمـەیان هەڵپەسارد، بەهیوا و خەیاڵی ئەوەی کە سەرەداوی گشت کێشەکان پەیوەستە بە نەبوونی دەوڵەتی ئیسلامییەوە.

دواتر چەندان گرووپی ئیـسـلامی لە ژێر چەتری ڕێکخـراوی دایک دەرچوون

و بە پێچەوانەی ئیخوان کە ڕێبازی گۆڕین لە بنکەوە بۆ لووتکەی هەرەمی گرتووە بەر، ئەمان هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردەوە تەبەنای گۆڕینی سیستمی سیاسی لەسەرەوە بۆ خوارەوەیان کرد. بەو واتایە کە دەبێ دەوڵەتی ئیسلامی بە زەبری هێز (جیهادی چەکداری) دروست بکرێ، دواتر دەوڵەت کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئیسلامییانە پەروەردە بکاتەوە.

بەم شێوەیە ئەگەر لە فیکری ئیخواندا، وێڕای زەقی و ئەولەویەت پێدرانی خەمی سیاسی، کارکردن لەسەر عەقڵ و هۆشی تاکەکان و سوودوەرگرتن لە ئامراز و دەزگا نوێیەکان، کە ئەمە پرۆژەیەکی فیکرییە، جێیەکی تایبەتی هەبوو، ئەوا لە فیکری ئەمانەی دواییدا بەحوکمی باوەڕیان بەئەولەویەتی گۆڕینی دەسەڵات و هەڵپەساردنی راپەڕاندنی ئەرکەکانی تر تا دوای دروستبوونی دەوڵەت، سیاسیبوونەکەیان زیاتر زەق بوویەوە.

بەم پێیە لە پێشتربوونی خەم و کاری سیاسی و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا لە فیکری ئیخوان + زەقتربوونی ئەم حاڵەتە لە ئەنجامی میحنەتەکانی ئیخواندا + سەرهەڵدانی ڕەوتی شۆڕشگێڕیی ئیسلامی، هەموو ئەمانە ڕۆڵیان بووە لەوەدا کە سیمای (سیاسیبوون) ببێتە سیمایەکی زاڵ لە فیکر و کاری ئیسلامییەکاندا تا ئەو رادەیەی کە بیر بۆ ئەوە بچێ وەک هەر رەوتێکی سیاسی ناوی (ئیسلامی سیاسی) یان لێ بنرێ و خۆشیان زۆر لەم ناونانە ناڕازی نەبن.

دیارە ئەولەویەت وەرگرتنی خەمی سیاسی بەشێوەیەک لە شێوەکان سەر دەکێشێ بۆ پاشخستن و پەراوێزکەوتنی خەمە کۆمەلایەتی و ئینسانی و شارستانی و مەعریفییەکان. لەخۆیەوە نییە کە - وەک فەهمی هوەیدی دەڵێ - ئایەتی (ومن لم يحكم بما أنزل الله فاولئک هم الكافرون.. الظالمون.. الفاسقون)، کە باس لە پێڕەوکردنی ئیسلام دەکەن لە دەسەڵاتدا، زۆرترین کەڕەت لەسەر زاری سەرانی ئیسلامی بەکارهێنرابێ[٨٣].

خۆ ئەگەر کەمێ بۆ دواوە بگەڕێینەوە، بۆ سەردەمی پێشەوایانی فیکری

(٨٣) بڕوانە القرآن والسلطان. فهمي هويدي ص ١٠٤ - ١٠٥

ئیسـلامی هاوچەرخ، لە نموونەی جمـال الدین ئەفـغـانی (١٨٣٣ – ١٨٩٧) و محەمەد عەبدە (١٨٤٩ – ١٩٠٥) و محەمەد رەشید رەزا (١٨٦٥ – ١٩٣٥)، هەست بە قـووڵاییـیـەکی زیاتر لە فـیکری ئەواندا دەکـەین کـە لە فـیکری تیۆریستان و سەرکردە ئیسلامییەکانی دوای ئەواندا نایبینی.

لەم بارەوە د. محەمەد عەمارە دەڵێ: «عەقڵانییەت لە بزاڤی بووژانەوە (الاحیاء)ی ئیسلامیدا درەوشایەوە کاتێ ئەو بزاڤە دەستەبژێر بوو لە سەردەمی جەمالوددینی ئەفغانیدا... بەڵام کاتێ پێویستییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تەغریب و عەلمانییەت و هەرەسی شارستانی، پێویستیی جۆشدانی جەماوەری بۆ چوونە ناو قافڵەی بانگخوازان بۆ پرۆژەی شمولییەتی ئیسلامی هێنایە گۆڕێ... ئەویش لە قۆناغی شێخ حەسەن بەننا (١٩٠٦ – ١٩٤٩) و کۆمەڵی برایانی موسڵماندا، (ئاستی) ئەم عەقڵانییەتە دابەزی تا لەگەڵ ئاستی عامە و جەماوەردا بگونجێ.. ئەم هەڵوێستە لە عەقڵ و عەقڵانییەت لە زۆر وێنەدا رەنگی دایەوە.. (لەوانە) تەسکبوونەوەی رووبەری (فیکر) بەبەراورد لەگەڵ (جموجۆڵ) و چالاکی کردەیی و قەبارەی ئەو کۆششەی لە بواری (اجتهاد) و نوێکردنەوەدا خەرج دەکرا بەبەراورد لەگەڵ قەبارەی ئەو کۆششەی لەو ئامۆژگارییاندا کە شێوازی شیعری و خیتابییان هەیە، خەرج کراو... دامەزراوەکان و کەڵەپیاوەکانی فیکر لە ناو زۆرێک لەو بزاڤانەدا کەوتنە پەنا...»(**) «ئەوەی لە فیکری سیاسیی ناو وتارەکانی رۆژنامەی (العروة الوثقی)ی سەر بەرەوتی (احیاء) دەکرد، ورد بێتەوە؛ ئاستێکی بەرزو قووڵ و ورد دەبینێ لە تێگەیشتنی سیاسەت و ئاگەداربوون لە رێگە و ئاراستە و پێچ و پەناکانی، جا سیاسەتی ناوخۆیی بێ یان نێودەوڵەتی...».

بەندە وای بۆ دەچم یەکێ لە هۆکارەکانی بەرزیی ئاستی عەقڵانییەت و کۆششی فیکری و مەعریفیی قوتابخانەی زیندووکردنەوە، کە ئەفغانی و

(**) الحرکات الاسلامیة، رؤیة نقدیة، د. محمد عمارة، سلسلة التنویر الاسلامي (١٣)، ص ٢٥ – ٣٠.

عەبدە و ڕەشید ڕەزا لە کۆمەڵگەکانی بوون، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان خەمی دروستکردن (یان گێڕانەوەی)دەسەڵاتیان نەبووە وەک کە ئێستە تەیاری ئیسلامی بەوەوە سەرقاڵ بووە و خۆی بۆ تەرخان کردووە، چونکە دەوڵەتی عوسمانی هێشتا نەڕووخابوو، ئەو دەستەبژێرانە کاریان تەنیا ئەنجامدانی چاکسازی بوو لەناو ئەو دەسەڵاتە (ئیسلامییەدا)، بۆیە زیاتر بەفیکرەوە خەریک بوون، نەک کاری سیاسی و حەرەکی، بۆیە توانییان ببنە بناغە بۆ فیکری ئیسلامیی هاوچەرخ و بزاڤی ئیسلامیی هاوچەرخیش خۆی بە درێژکراوەی بۆچوون و خوێندنەوەکانی ئەوان دادەنێ.

لە نووسینەکانی بەننادا - کە لە رووی زەمەنیشەوە نزیک بووە لە سەردەمی قوتابخانەکەی ئەفغانی، هەست بەبوونی فیکر و قووڵایی فیکری دەکرێ، ئەویش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بزاڤەکە هێشتا لە سەرەتاکانیدا بوو و شەپۆلی سیاسەت لەگەڵ خۆی لوولی نەدابوو.

لە ئەدەبیاتی (بەننا)دا دەستەواژەی پیادەکردنی شەریعەت (تطبیق الشريعة) کە مۆرکێکی یاسایی و سیاسی بەسەریەوە زاڵە و بەبیستنی خەیاڵ بۆ ئەوە دەچێ کە ئەسلەمەکردنی کۆمەڵ تەنیا بریتییە لە قایلبوون بە جێبەجێکردنی چەند یاسایەکی ئامادە، مەرج نییە ئەمە بەڵگەی ئەوە بێ باوەڕی بە پیادەکردنی شەریعەت نەبووبێ، چونکە قەناعەتی ئەو بەوەی ئیسلام ئاینێکی هەمەلایەنە ئەم گومانە رەت دەکاتەوە، بەڵکو بەڵگەی ئەوەیە کە بەننا پێی وا نەبووە کە پیادەکردنی ئیسلام بەبڕیارێکی سیاسی یان تەنیا بە گۆڕینی تاقمی دەسەڵاتدار دێتە دی، بەڵکو پێی وابووە کە ئەو پرسەیە پێویستی بە پرۆژەیەکی شارستانیی هەمەلایەنانە هەیە کە لە هەموو کەناڵەکانەوە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی تایبەت بدوێنێ و فیکریان دابڕێژێ.

محەمەد عەمارە ئاماژە بەو کەناڵانە دەکات کە ئیخوان، (کە بەننا خۆی تیۆریستی بوو) بۆ دارشتنەوەی کەسایەتی تاکی موسڵمان و کۆمەڵگەی ئیسلامی، کاری لەسەر کردوون کە ئەمانەن: (بەرەنگاریکردنی تەغریب + نوێکردنەوەی واقیعی فیکری و کولتووری ئیسلامی + دووربوون لە زێدەڕۆیی

+ سەربەخۆیی سیاسی + سەربەخۆیی ئابووری + دادگەری کۆمەلایەتی + سەربەخۆیی شارستانێتی)، دواتر عەمارە دەڵێ: ئەم سەربەخۆییانە.. بەرهەمەکەی دروستبوونی کەسایەتییەکی شارستانیی موسڵمان دەبێ کە خاوەن سەربەخۆیی فیکری دەبێ..[٨٤]

ئەوەتا بەننا خۆی لە وتارێکدا بە ناونیشانی (فكرة الاخوان المسلمين تضم كل المعاني الاصلاحية) دەڵێ «ئیخوان موسلمین بانگەوازێکی سەلەفییە و.. تەریقەتێکی سوننیانەیە.. حەقیقەتێکی سۆفییانەیە و.. دەستەیەکی سیاسییە و.. کۆمەڵێکی وەرزشییە و.. دامەزراوەیەکی زانستی و رۆشنبیرییە.. کۆمپانیایەکی ئابوورییە.. فیکرەیەکی کۆمەلایەتییە.»[٨٥]

وەک دەبینین کۆمەڵێ کەناڵی چالاکی لە بەرنامەی خۆیدا داناوە کە فیکر و کاری خۆی تێیاندا تاو بدات، تەنانەت بوارە سیاسییەکەی لە چوارەم بازنەدا داناوە.. واتە لانی کەم ویستوویەتی کۆمەڵەکە تەنیا دەستەیەکی سیاسی نەبێ، زیاد لەوەش هەوڵی داوە چالاکییەکانی وەک کاری حزبی سەیر نەکرێن. رەنگە هەر لێرەشەوە بووبێ کە کۆمەڵەکەی ناو نەناوە حزب، بەپێچەوانەوە سڵی لەم ناوە کردووەتەوە و یەکێ لەو خاڵانەی کە وەک تایبەتمەندیی بانگەوازی ئیخوان دیاری کردوون برێتی بووە لە (دوورکەوتنەوە لە حزب و دەستەکان)[٨٦]. هەروەها داوای هەڵوەشاندنەوەی حزبەکانی میسری کردووە و بە مایەی پارچەپارچەکردنی لە قەڵەم داون.[٨٧] دیارە خۆی وەک حزبێک

---

(٨٤) الطريق الي اليقظة الاسلامية/ د. محمد عمارة/ دار الشرق، ص ٢٢٤

(٨٥) مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا، ج ٢ ص ٢٢ – ٢٥

(٨٦) هەمان سەرچاوە ص ٢٦

(٨٧) مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا، ج ٢ ص ٧٤ – ٧٨، سيف الاسلام کوڕی حسن البنا کە بە ئەرکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی بەننا هەستاوە و ئاگای لە فیکری بووە دەڵێ: بەننا حزبەکانی ئەو کاتەی میسری رەت کردۆتەوە کە تەفرەقەیان دروست کردووە نەک خودی فرە حزبی. بڕوانە: گۆڤاری "الدعوة" ژ – ٨٢ لە شوباتی ١٩٩٩

سەیر نەکردووە دەنا داوای شتێکی نەدەکرد کە خۆشی تووشی گێچەڵ بکات.

هەر چۆن بێ بەننا خۆی بیرمەند بوو، لە هەندێ بواردا فیکری پێش سەردەمی خۆی کەوتبوو کە هەندێ لە تەیاراتی ئیسلامی پاش دەیان ساڵ هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، وەک لە پرسی سیستمی پەرلەمانی و ژیانی دەستووری[٨٨] و مافی ئافرەت لە دەنگداندا[٨٩] کە تا ئێستاش لە هەندێ شوێن - بەداخەوە - تەیاری ئیسلامی دژایەتی دەکات وەک لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ لە ئەنجومەنی ئوممەی کۆیتی روویدا، کە ئیسلامییەکان بەرەنگارییان لە پڕۆژەی یاسایەک بۆ بەخشینی مافی دەنگدان بە ئافرەتان کرد.

بەڵام دۆخی سیاسی میسر و پێکدادانی ئیخوان و دەسەڵات هەر لە سەرەتا نزیکەکانی تەمەنی بزاڤەکەدا نەیهێشت بزاڤی ئیخوان بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکات و کەشێکی وا خولقا کە فیکری دیکەی ئیسلامی - فیکرەی تەکفیر و تەجهیلی کۆمەڵگە، کە سەید قوتب (١٩٠٦ - ١٩٦٦) لە ابو الاعلى المودودی (١٩٠٣ - ١٩٧٩) یەوە وەری گرتبوو، لە گۆڕەپانە ئیسلامییەکەدا جێ بگرێ.[٩٠]

عەمارە پێی وایە رێبەرانی وەچەی دووەم و دواتری ئیخوان نەیانتوانی ئەو روونبینی و نەرمی جووڵە و ئاسۆ فراوانی و هەستکردن بەگەورەیی ئامانج و لێرەشەوە گرتنەبەری (سیاسەتی قۆناغەکان) کە لە لای رێبەرەکەی - بەننا - هەبوو دەرک بکەن، بۆیە لەگەڵ مردنی رابەرەکەدا کۆمەڵەکە زۆرێک لەو پێگەیشتنەی تێیدا بەدی دەکرا لە دەستی دا.[٩١]

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە بزاڤی ئیسلامی لە بوارە

---

(٨٨) هل الاسلام هو الحل؟ لماذا وكيف؟/ د. محمد عمارة/ دار الشرق، ط ٢ ١٩٩٨ ص ٧٥

(٨٩) مصر بين الدولة الاسلامية والدولة العلمانية، مركز الاعلام العربي ص ٩٣

(٩٠) الطريق الى اليقظة الاسلامية/ د. محمد عمارة/ ص ٢٧٤

(٩١) الطريق الى اليقظة الاسلامية/ د. محمد عمارة/ ص ٢٥٢

سیاسییەکەشدا، رەهەندە فیکرییەکەی وەک پێویست بەهەند نەگرتووە، یان بە واتایەکی تر لاوازییە فیکرییەکە لەوێشدا رەنگی داوەتەوە، ئەویش لەو رووەوە کە بێ تیۆریزەکردنی سیاسی و پێگەیاندنی فیکری و سیاسی و دارشتنی تیۆرێکی تایبەت بۆ کاری سیاسی ئیسلامی دابەزیوەتە گۆرەپانەکە و کاری سیاسی دەکات. لەبەرئەوە وێرای ئەوەی گلەیی لە (سیاسەت)ی ئەمرۆ دەکات بەوەی سیاسەتێکی میکافیللییە و لەسەر دەمامکپۆشین و بێ مەبدەئی دامەزراوە، کەچی ئەوانیش لەمیانەی مومارەسەی کاری سیاسی نەیانتوانیوە بەتەواوەتی لە سلبیاتەکانی چالاکی سیاسی و ململانێی سیاسیدا دەرباز بن و نەکەونە داوای خۆپەرستی و تاکرەوی و گەمەی ناشایستەوە.

هەروەها نەیان توانیوە لەسەر سروشتی پێکهاتەی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی ئیسلامی رێک بکەون، یان وردتر لە کۆتی ئەزموونە مێژووییەکان دەرچن.

فەهمی هوەیدی پۆلبەندییەک بۆ قۆناغەکانی رابوونی ئیسلامی لە میسر – کە چاوگی بزاڤی ئیسلامی بوو – دەکات کە بە ناراستەوخۆ ئاماژەی تێدایە بۆ ئەو قۆناغانەی کە لە رووی فیکرییەوە رابوونەکە تێیدا بەهێز یان لاواز بووە.

یەکەم: قۆناغێک کە تێیدا بێداربوونەکە سەری هەبوو بەڵام لاشەی نەبوو، کە ئەویش (بەنزیکەیی) چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە کە تێیدا ناوی (جمال الدین الافغانی) و (محمد عبده) و درێژەکانیان (رشید رضا) و (عبدالرحمن الکواکبی) درەوشایەوە.

لەم قۆناغەدا بێدارییەکە بانگخواز و سیمبوڵەکانی هەبوو، بەڵام نەیانتوانی بانگەوازەکەیان بگەیەننە جەماوەر و بزاڤێکی جەماوەری پێک بهێنن کە بانگەوازەکەیان قبوڵ بکات و لەسەر رێرەوەکەیان بروات.

دووەم: قۆناغێک کە تێیدا بێدارییەکە سەر و لاشەی هەبوو، ئەمیش چارەکی دووەمی سەدەی بیستەمی گرتەوە، کاتێ بزاڤی ئیخوان موسلمین لە

ژێر سەرکردایەتی حەسەن بەنادا دروست بوو، بزاڤەکە توانی رووبەرێکی بەرچاو لە شەقامی میسری دابپۆشێ کە بەدەنگ بانگەوازەکەی بەنناوە هات و لە دەوری فیکرە نوێگەرییەکەی کۆ بوونەوە، تا ئەو کاتەی لە سەرەتای پەنجاکاندا چالاکیی کۆمەڵەکە راگیرا.

سێیەم: قۆناغێک کە تێیدا بێدارییەکە بوویە لاشەیەکی بێ سەر، ئەمیش لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵدا و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، لەم قۆناغەدا بازنەی ئیسلامی زۆر فراوان بوو، بەڵام بەبێ سەرکردایەتییەکی کارا مایەوە. واتە بەبێ رێکخستنی سەرکردە و فیکری سەرکردە، یان تیۆریست و سیمبوڵی سەرکردە(٩٢).

رابوونی ئیسلامی ئەگەر بیەوێ هەڵگری پرۆژەیەکی ئینسانی و شارستانی بێ، پێویستە هەموو خەم و توانا و کۆششی خۆی لە بواری کاری سیاسیدا خەرج نەکات، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا پرۆژەیەکی فیکری و مەعریفی و شارستانێتی لە گەڕدابێ تا بتوانێ هەڵگری فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایەکی جیهانی هەمەلایەنە بێ کە بتوانێ ـ وەک کە بەدروشم بەرزی کردۆتەوە ـ لە جیهانی گفتوگۆ و هەروەها ململانێی شارستانێتییەکاندا جێگەیەکی شایستە بۆ خۆی بگرێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی مەعریفی و ژیاری جیهانی کە مەعریفە و تەرح و میکانیزم بەرهەم بهێنێ.

(٩٢) حتى لاتكون فتنة، فهمي هويدي/ دار الشروق، ط ٣ ١٩٩٦ ص ١٦

# ئیسلامییەکان و ویژدانی ئاینی

وەک سـەرەتا، بانگەوازی ئیـسـلامـیـیـەکـان لە بنەڕەتدا بانگەوازێکی ئـاینی و فیکریان فیکرێکی ئاینی (ئیسلامی) و ئامانجیان ئامانجێکی ئیسلامییە.. ئەستەمە لە جەوهەری فیکری ئەو بزاڤە هەروەها لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن و خاڵە بەهێزەکانی و چۆنێتیی کارکردنی لەسەر جەماوەر تێ بگەین ئەگەر وەک هەر تەیارێکی دیکەی سیاسی سەیری بکەین و حساب بۆ مەرجەعییەتە فەلسەفییەکەی و قووڵاییی بونیادی رۆحی ئەو بزاڤە و ئەو پەروەردەیەی عەقڵییەتی ئەندامەکانی پێ دادەڕێژێ نەکرێ.

ئیسلامییەکان پێیان وایە ئەوان لە سیاسەتیشدا دینداریی دەکەن و ئەو کارەیان ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئاینەکە. واتە ئاین ئامانج و سیاسەت ئامرازە. هەروەها پێیان وانییە ئەوەی ئاینی بێ سیاسی نابێ و ئەوەش سیاسییە ئاینی نابێ، بەڵکو پێیان وایە ئاینی ئیسلام لەوە فراوانتر و فرە رەهەندترە کە ئەو پێناسە تەسکە بۆ دین، بتوانێ چوارچێوەی بدات و دەلالەتی لێ بکات[٩٣] بەڵکو ئیسلام قسەی لەسەر لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ کردووە لە ناویاندا لایەنی سیاسی و دەسەڵات و حوکمڕانی، ئەگەر سەیری

(٩٣) علی عزت بیگوفیج تێڕوانینەکان بۆ جیهان بۆ سێ بۆچوون دابەش دەکات: (بۆچوونی ئاینی، بۆچوونی ماددی، بۆچوونی ئیسلامی)، دیارە بیگوفیج وشەی (ئاین)ی لێرەدا بەواتا عەلمانییە خۆرئاواییەکەی بەکار هێناوە کە تەنیا کار لەسەر ویژدان دەکات، بۆچوونە ماددییەکە کار لەسەر (سروشت) دەکات، بەڵام بۆچوونە ئیسلامییەکە کار لەسەر مرۆڤ دەکات بەهەردوو بوارە دەرەکی و ناوەکی (جوانی)یەکەیەوە.. بڕوانە الاسلام بین الشرق والغرب، علی عزت بیجوفیش، ص ٢٧

ئەو بیست بنەمایەی بەننا بۆ تێگەیشتن لە فیکری ئیخوان دای رشتوون بکەین، تێ دەگەین کە بزاوتی ئەو بزووتنەوەیە لە روانگەی شعورێکی دینییەوە و بەمەرجەعیەتێکی دینی بێ بۆ ئامانجێکی دینی هاتۆتەوە بوون.

لە یەکەم خاڵیدا هاتووە: (ئیسلام سیستمێکی هەمەلایەنە "شامل"ە کە باس لە هەموو رواڵەتەکانی ژیان دەکات. دەوڵەت و نیشتیمانە یان حکومەت و ئوممەتە. ئەخلاق و هێزە یان رەحمەت و عەدالەتە. رۆشنبیری و یاسایە یان زانست و دادوەرییە، مادده و سامانە یان کەسابەت و دەوڵەمەندبوونە، جیهاد و بانگەوازە یان سوپا و فیکرەیە، هەروەک عەقیدەیەکی راست و عیبادەتێکی راست و دروستە).

هەروەها خاڵی دووەم دەڵێ: (قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاک مەرجەعی هەموو موسڵمانێکە بۆ ناسینی هەر حوکمێکی ئیسلام..).[٩٤]

خۆ ئەگەر چاوێک بە هەندێ لە دانراوەکانی زانا و نووسەرە ئیسلامییەکاندا، چ لە ناو تەیاردا بن یان سەربەخۆ بن، بخشێنین، دەبینین هەر هەموویان بناغە و پاڵنەری جموجۆڵی ئیسلامی و مومارەسەکردنی سیاسەت بۆ ئەسلەمەکردنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ دەقەکانی ئاینەکە دەگێڕنەوە، کە پێیان وایە کارکردن لەو پێناوەدا پێش لەوەی زەروورەتێکی کۆمەڵایەتی بێ واجبێکی شەرعییە.

لای بەننا سیاسەت و حزبایەتی دوو شتی جودان، دەکرێ کۆببنەوە و دەکرێ جوداش بن، بۆیە دەکرێ مرۆڤ سیاسی بێ بەڵام پێوەندی بەهیچ حزبێکیشەوە نەبێ، جا ئەگەر سیاسەت بەمانا رەهاکەی بریتی بێ لە گرنگیدان بە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئوممەت ئەوە سیاسەت بەم مانایە لە کرۆکی ئەرکەکانی موسڵمانە. بەننا دەڵێ: «موسڵمان بەحوکمی ئیسلامەکەی لەسەری پێویستە گرنگی بە کاروباری ئوممەتەکەی بدات و هەر کەسێ گرنگی بە کاروباری موسڵمانان نەدات لەوان نییە)[٩٥] جا کاتێ

(٩٤) مجموعة رسائل الامام الشهيد، ج ١، ص ٢٥٤

سەیری ژیانی موسڵمانان دەکات کە لە بوارە جیاجیاکاندا لە ئیسلام دوورکەوتوونەتەوە و پەیڕەوی لێ ناکەن و دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی قایل نەبوون پەیڕەوی بکەن، ئەوا پێی وایە لەم بارەدا - کارکردنی دەستە جەمعی موسڵمانان لە پێناو هێنانەوەی ئیسلام بۆ نێو گۆڕەپانەکە دەبێتە ئەرکێکی شەرعی و یەکەم توێشووشیان لەو ڕێیەدا باوەڕە[٩٦] ئامانجیشیان لە دوو خاڵدا کورت دەکاتەوە:

١ - ڕزگاربوونی ئوممەتی ئیسلامی لە هەر دەسەڵاتێکی بێگانە.

٢ - لەم نیشتمانە ئازادەدا دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێ کە کار بە فەرمانەکانی ئیسلام بکات و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی جێبەجێ بکات و بانگەوازەکەی بە خەڵکی بگەیەنێ.

دوای ئەمەش دەڵێ: «ئەگەر ئەم دەوڵەتە دانەمەزرێ ئەوە هەموو موسڵمانان لە بەردەم خوای گەورەدا گوناهبارن لەسەر کەمتەرخەمییان لەدامەزراندنیدا»[٩٧] دیارە ئەم کارەش پێویستی بە دارشتنەوەی کۆمەڵگەی موسڵمان و پەروەردەکردنی هەیە بە پەروەردەیەکی ئیسلامی لە گشت بوارەکانی ژیاندا تا زەمینە بۆ دروستبوونی ئەم حکومەتە ساز ببێ. لێرەوە چەند قۆناغێکی بۆ ئەو ڕەوتە دیاری کردووە: تاکی موسڵمان، خێزانی موسڵمان، کۆمەڵگەی موسڵمان، حکومەتی ئیسلامی، دەوڵەتی ئیسلامی - کە ڕێبەرایەتیی حکومەتە ئیسلامییەکان دەکات.[٩٨]

وەنەبێ ئەمە تەنیا بۆچوونی بەننا و ئیخوان، یان بیرمەندێک و دووان بێ.

د. حەسەن تورابی دەڵێ: «من تەحەددای هەر کەسێ دەکەم کە بیسەلمێنێ ئێمە تەنیا خاوەنی بانگەوازێکی سیاسین. ئێمە خاوەنی بانگەوازیکی ئاینین

(٩٥) هەمان سەرچاوە ج ١ ص ١٦٢ - ١٦٦

(٩٦) مجموعة رسائل الامام الشهيد، ج١ ص ٢٩١ - ٢٤١.

(٩٧) حوارات في الاسلام، الديمقراطية، الدولة، الغرب/ د. حسن الترابي وآخرون (ندوة الطاولة المستديرة)، دار الجديد ط ١/ ١٩٩٥، ص ٣٠

(٩٨) هەمان سەرچاوە لا ٢٠٤ - ٢٩٠

کە بایەخ بەفێرکردن و رۆشنبیرکردن و گەشەپێدانی رۆحی دەدەین و، دەستکەوتمان لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ئەخلاقیدا رەنگە لە ئەوەی لەبواری سیاسیدا بەدیمان هێناوە زیاتر بێت...»[**].

د. محەمەد سەعید ڕەمەزان ئەلبووتی دەڵێ: «دانانی ئیمام – ئیمامەتی گەورە کە مەبەست خەلیفە یاخود سەرۆکە – واجبێکە لە گەردنی موسڵمانان‌دا لە هەر کوێیەک بن گەر پێی هەڵنەستن هەموویان گوناهبار دەبن.. دامەزراندنی ئەم پایەیە جگە لەوەی زەرووره‌تێکی دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە، شەعیرەیەکی گەورەیە لە شەعیرەکانی ئیسلام کە دەبێ لە وڵاتانی موسڵمانان‌دا زیندوو بمێنێ».[٩٩]

د. عەبدولکەریم زیدان دوای ئەوەی ئەو گوتەیەی (ابن تیمیە) نەقڵ دەکات کە دەڵێ: «یجب ان یعرف ان ولایة أمر الناس من اعظم واجبات الدین لاقیام للدین الا بها)، دەڵێ: (ئەمەش راستە. دانانی خەلیفە کە حوکم و ئیدارەی کاروبارەکانی خەڵک دەگرێتەوە دەست لە فەریزەکانی ئیسلامە کە بە دەلیلی قورئان و سوننەت و ئیجماع و سروشتی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی ئیسپات بووە».[١٠٠]

سید قطب دەڵێ: «شەریعەتی خوا یانی هەموو ئەوەی خوا دایناوە بۆ حوکم و رێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی. ئەمەش لە بنەماکانی باوەڕ و حوکم و ئەخلاق و سلوک و مەعریفە.. دا خۆی دەنوێنێ..».[١٠١] لێرەوە سەید پێی وایە حاکمییەتدان بە مرۆڤ دەستدرێژییە بۆ سەر تایبەتیترین تایبەتمەندییەکانی ئولوهیەت کە حاکمییەتە.. هەرچی ئەو ستەمەیە کە لە تاک و گەلەکان دەکرێ

(**) حوارات في الاسلام، الديموقراطية، الدولة، الغرب/ د. حسن الترابي وآخرون (ندوة الطاولة المستديرة) دار الجديد ط١/ ١٩٩٥، ص٣٠.

(٩٩) على طريق العودة الي الاسلام. الدكتور محمد سعيد رمضان البوطي، ط ٦ ١٩٩٢ ص ٦٩

(١٠٠) اصول الدعوة. الدكتور عبدالكريم زيدان ص ٢٠٥

(١٠١) معالم في الطريق، سيد قطب/ دار الكتاب الاسلامي – ايران/ ص ١٣٦

– له دیدی سەیددا – تەنها ئاسەوارێکە لە ئاسەوارەکانی ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر دەسەڵاتی خوا.[١٠٢]

عەبدولقادر عودە دوای ئەوەی کۆمەڵێ دەقی تایبەت بە حوکم لە قورئانەوە دێنێتەوە، دەڵێ: «ئەم دەقانە بەسن بۆ بڕینەوەی ئەوەی کە حوکم لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا دەبێ بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بێ، چونکە شوێنکەوتنی (ما انزل الله) دەخوازێ حوکم بە (ما انزل الله) بکرێ و دەسەڵاتداران بە پێی فەرمانی خوا بجووڵێنەوە».[١٠٣]

د. محەمەد کامل لەیلە لەسەر زاری (ابن حزم الاندلسی) دەڵێ: «هەموو ئەهلی سوننە و هەموو مورجیئە و هەموو شیعە و هەموو خەوارج یەکدەنگن لەسەر واجبی هەبوونی ئیمام، دەبێ ئوممەت ملکەچی پێشەوایەکی عادل بێ کە ئەحکامەکانی خوا لە ناو تاکەکانیدا جێبەجێ بکات..».[١٠٤]

ئەم دەقانەم وەک نموونە هێنایەوە لەسەر ئەوەی زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەی بزاڤە ئیسلامییەکان خودی ئاینەکەیە، یان وردتر کەلەپووری فیکری و عەقائیدیی ئاینەکەیە و هۆکارەکانی تر هۆکاری دووەمی و یاریدەدەرن.

ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە...

خۆ ئەگەر لە ڕووی کردار و ڕەفتاریشەوە بۆ ئەو ڕیشە و سەرچاوە ئاینییە بگەڕێین، بەڕوونی ئەوە دەبینین کە بزاڤی ئیسلامی لە فەزایەکی ئاینیدا هەڵدەسووڕێ (لانی کەم تا نەچێتە قووڵایی ململانێ سیاسییەکانەوە)، ئەمەش لە باوەڕی ئەندامانی بە ئاین وەک مەرجەع بۆ باوەڕ و کردار و سیاسەتدا دەردەکەوێ، هەروەها لە پابەندبوون بە ئاکار و ئادابە ئاینییەکان لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاک و کڕین و فرۆشتن و ژن و ژنخوازی و پەیوەندی سێکسی و کار و کاسبی، لە ورووژان و بەدەنگهاتن لەسەر سووکایەتیکردن بە

(١٠٢) هەمان سەرچاوە ص ١٠

(١٠٣) المال والحكم في الاسلام. الشهيد عبدالقادر عودة/ منظمة الاعلام الاسلامي ص ٩٣ – ٩٧

(١٠٤) فلسفة الاسلام السياسية ونظام يحكم فيه، الدكتور محمد كامل ليلة، ص ٢٥

پیرۆزییەکانی ئیسلام، لە بەدەنگهاتن لەسەر ناسۆری و کێشەکانی موسوڵمانان لە سەرانسەری جیهاندا، لە گەرمکردنەوەی باس و خواسی ئاین و ئاینداری و زیندووکردنەوەی ناوی وشە و زاراوە ئاینییەکان لە قسە و وتووێژەکاندا، لە بانگەوازکردن بۆ وابەستەبوون بە بنەما و ئامۆژگارییەکانی ئیسلام لە بوارە جیاجیاکاندا. دیارە هەوڵ دەدرێ لە بایەخی ڕۆڵی ئیسلامییەکان لەو بوارەدا کەم بکرێتەوە بە پاساوی جۆراوجۆر – لە نموونەی ئەوەی کە دەوترێ (دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئاین دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەتی ئیسلام نییە)، وەک ئەوەی ئەم گەڕانەوەیە، لە هەر کوێ بێ، بە بڕیارێکی قەدەریی میتافیزیکی بێ و هەوڵ و کۆششی کەسی نەویستبێ.

ئێمە گەر کوردستانی خۆمان بەنموونە وەرگرین و بەڵگە لەسەر ئەو حاڵەتە بهێنینەوە دەتوانین بڵێین: ئێمە ئەگەر ئەو بوارانەش کە پێوەندییان بە سیاسیبوونی ئیسلامییەکانەوە هەیە لە حساب دەرکەین و تەنیا لایەنە ئاینییەکە وەربگرین و، لەگەڵ ئەوانی دی بەراوردیان بکەین، جیاوازییەکە بەزەقی دیارە. لە ناو ئیسلامییەکاندا کەسێک نابینین نوێژ نەکات، ڕۆژوو نەگرێ، گەر ساماندار بێت زەکات نەدات، بەڵام لایەنەکانی تر، کە بێگومان کەسی نوێژکەر و ڕۆژووگر و زەکاتدەریان تێدایە، بەڵام بێ شک لەناویاندا خەڵکی ناپابەند بەو ئەرکانەش زۆرن کە نەک ئەو ئیلتیزامە بەمولزیم دانانرێ لە نێوانیاندا بەڵکو تەنانەت بەرنامەیەکی جددیش نییە بۆ هاندان بۆ پابەندبوون.

ئەگەر کەسێکی ئیسلامی ببینرێ بەرتیل دەخوات، یان سوێندی ناهەق دەخوات، یان ناپاکی لە کارەکەی دەکات، یان مەی دەخواتەوە، یان قومار بکات، یان نوێژەکان نەکات، یان ببینرێ بێ موبالاتە بەکێشە ئیسلامییەکانی دنیاو... هتد..، هەموو کەس، تەنانەت ئەوانەش کە سوورن لەسەر ئەوەی ئەوانە (ئیسلامی سیاسی)ن و دین بۆ مەرامی سیاسی ئیستیغلال دەکەن، بە ئیسلام مەحکەمەی دەکەن و دەڵێن (خۆ تۆ لای خۆت ئیسلامیت، چۆن ئاوایت؟) بەڵام گەر کەسێک لە لایەکی دی بێ و خۆشی موتەدەین نەبێ ئەو

حاڵەتانەی لێ ببینرێ کەس بە تۆمەت لەسەری حسێب ناکات و ناڵێت چۆن و تۆ ئاوایت لە کاتێدا ئیسلام بەوە رازی نییە.. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەرجەعی ئەوی تر ئیسلامییە و هی ئەم وانییە.(١٠٥)

کاتێ ئیسلامییەک دەچێتە مەجلیسێک یەکسەر خەڵکەکە بە ئەدەبیاتی ئیسلامی قسەی لەگەڵ دەکەن، ئاینیان بیر دەکەوێتەوە. لە بارەی ئیسلامەتییەوە پرسیاری لێ دەکەن، بەڵام بۆ غەیری ئەوان نییە، دەوری جموجۆڵی ئیسلامی لە کوردستاندا لە بووژانەوەی ئیلتیزامی ئاینی و رووکردنە مزگەوت و باڵاپۆشیی ئافرەتان و دینداری خەڵک پاش راپەڕین، شتێکە بڕوا ناکەم بتوانرێ ئینکاری بکرێ.

هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە بزاڤی ئیسلامی رەگی خۆی لە قووڵاییی هەستی ئاینیدا داکوتاوە و لەناو ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە.

حساب نەکردن بۆ ئەم واقیعە لە خوێندنەوەی فیکر و دیاریکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزاڤی ئیسلامی لە هەر کوێیەک، توێژەر بەهەڵەدا دەبات. بەڵام ئایا پتەویی ئەو زەمینە فیکری و عەقائیدییەی کە بزاڤی ئیسلامی بناغەی خۆی لەسەر دامەزراندووە، گۆڕاوە بۆ پتەوی مەنتیق و قووڵیی مەعریفە و بیرو بەرنامە لە فیکری ئەو تەیارەدا؟ بە واتایەکی تر ئایا توانیویەتی بەرجەستەی دروشمی (ئیسلامی هەمەلایەنە) بکات کە وەک ستراتیج بەرزی کردووەتەوە، بەواتای ئەوەی هەڵگری پڕۆژەیەکی ئاینیی شارستانی هەمەلایەن بێ (نەک تەنیا پڕۆژەی خەمێکی دینیی سیاسی) و ئامادەیی خۆی لە هەموو ئەو بوارانەدا کە پێی وایە ئیسلام قسەی تێیاندا

---

(١٠٥) دیارە من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە خەڵکی نائیسلامی ناو لایەنە سیاسییەکان خۆیان لە ئاکارە ناپەسەندەکان ناپارێزن، نەخێر لە ناو ئەوانیشدا خەڵکەکانی خۆپارێز لە بەرتیل و ئاکاری تری ناپەسەند دەبینرێ، ترسی خوا حسابی بۆ دەکرێ، مەبەستم ئەوەیە کە بەڕەسمی زەرورەتی ئیلتیزامکردن بە ئاکار و ئەرکە دینییەکانەوە نەکراوەتە مەرجێک لە فیکری تەیارەکەدا، وەک کە لای رەوتە ئیسلامییەکان مەرجەعییەت ئیسلامە.

هەیە و دەیەوێ ئاراستەیان بکات و رێکیان بخات، بسەلمێنێ بەشێوەیەک تێزە فیکری و مەعریفییەکانی و پۆژە و بەرنامە ئیصلاحییەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە دەستەویەخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی وڵات و جیهان بووبنە یەکێ لەو تێزە ستراتیجییانەی ساحەکان، کە نەتوانرێ لە میانەی گفتوگۆ و کێشەکانی تایبەت بەو بوارانەدا، حسابیان بۆ نەکرێ و موناقەشەیان نەکرێ وەک کە - بۆ نموونە - مارکسییەت پاش رووخانی سیستمە سیاسییەکەشی هێشتا لە رووی تیۆری و مەعریفییەوە موناقەشەی تێزەکانی لە بواری فەلسەفە و ئابووری و سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا و ئەنثرۆپۆلۆجیا و ئاین و ئەخلاق و زانست و ئایدیۆلۆجیادا دەکرێ؟.

ئایا پرۆژەی ئیسلامی توانیویەتی هاوزەمان لەگەڵ بوونە سیاسییەکەی پرۆژەیەکی رۆشنبیری مەعریفی بخاتە گەڕ کە بە ئەرکی تیۆریزەکردنی (ئیسلامی)یانە بۆ چالاکی و جموجۆڵی ئیسلامی لە بوارە جیاجیاکاندا هەستێ و بەردەوام - بە چاوپۆشین لە فشارەکانی واقیعی سیاسی - چاو بە دید و میکانیزمەکانیدا بگێڕێتەوە و دەستکارییان بکات یان تێیان بپەڕێنێ؟ ئایا پرۆژەی ئیسلامی توانیویەتی لە پاڵ پرۆژەی (ئیسلامی جەماوەری میللی)، کە قورساییەکی بەرچاوی تێدا هەیە، ئیسلامێکی رۆشنبیری و مەعریفی و شارستانیش دابمەزرێنێ؟ ئایا توانیویەتی تەرحێکی فیکری وا بەرهەم بهێنێ کە زەمانەتی دووبارە نەبوونەوە و نەگەڕانەوەی هەڵەکانی ڕابردوو لە سەردەمی حوکمی خەلافەتی مێژووی بکات و بەمە واقیعەکەی خۆی دڵنیا بکاتەوە و لە ئاست پێداویستییەکانی سەردەمدا بێ؟ ئایا هەر ئەوە کە بزاڤی ئیسلامی بزاڤێکی دینییە دەبێتە پاساوی بوون و مانەوەی لە واقیعی سەردەمدا، یان دەبێ ئیسپاتی واقیعیبوونیشی بکات؟

هەموو ئەمانە پرسیاری جیددین و هەوڵ دەدەین ئەوەندەی بکەوێتە بەر تەوەرەی سەرەکی ئەم بابەتە لێیان بدوێین و ئەگەر زۆر بەکورتیش بۆچوونی خۆم لەم بارەیەوە دەربڕم، ڕاشکاوانە دەڵێم: گومانم هەیە ئەم بزاڤە لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووبێ.

## عەلمانییەت لە جیهانی ئیسلامیدا

رووخانی خەلافەت رەمزی دەسەلاتی ئیسلامی و یەکێتیی موسڵمانانی جیهان -، کە زلهێزانی خۆرئاوایی ئەو کاتە دەستیان لە رووخاندنیدا هەبوو بە تایبەتی پاش سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا و شکستی بەرەی (میحوەر) کە دەوڵەتی عوسمانی یەکێک بوو لە ئەندامەکانی و داگیرکردنی ئەستەنبوڵ، دوای ئەوەش دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری عەلمانی لەسەر بناغەی ناسیونالیزمی تۆرانیی تورکی لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورک و سەپاندنی کۆمەڵێ رێوشوێنی دژ بەئاینەکە لە تورکیا، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئەوقاف و شەریعە، داخستنی قوتابخانە ئاینییەکان، قەدەغەکردنی حیجاب لە داوودەزگا و لە ئاهەنگە فەرمییەکاندا، گۆڕینی بانگدان بۆ زمانی تورکی، گۆڕینی رێنووسی تورکی لە ئەلف و بێی عەرەبییەوە بۆ سەر لاتینی.. هتد.

هەموو ئەمانە ویژدانی ئیسلامیان هەژاند، هەروەها دامەزرانی دەوڵەت لە چەندان ولاتی ئیسلامی کە ئاینەکەیان وەک مەرجەعی فیکری و سیاسی وەرنەگرت و رێیان بۆ هاتنە ناوەوەی کولتووری خۆرئاوایی لە بواری سیاسەت و ئابووری و ئەخلاق و..هتد خۆش کرد، ئەو برینداربوونەوەی کاریگەرتر کرد.
لەبەرئەوە یەکەم کاردانەوەی ئیسلامی لەسەر ئەم پەرەسەندنانە، کاردانەوەیەکی سیاسی بوو، جا چ بە شۆڕش و راپەڕین بێ، یان بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی خەلیفەیەکی تر لە یەکێ لە ولاتانی ئیسلامی، یان بە پێکهێنانی دەستە و رێکخراوی تایبەت بە مەبەستی زیندووکردنەوە و برەوپێدانەوەی هۆشیاری ئیسلامی خەڵک و رێخۆشکردن بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە لەدەستدانی، دنیای ئیسلامی پارچە پارچە کرا.

ئەوەتا تەنانەت ئەو جموجۆڵانە ئاینییانەیش کە مۆرکێکی زیاتر رۆحی و پەروەردەییـیان وەرگـرتبـوو و تەبەڕایان لە سـیاسـەت کـردبوو[١٠٦] وەک هەوڵەکانی سـەعـید نوورسی لە تورکیـا لە رێی پەیامـەکانی "نور"ەوە کـە جـەختـیان لەسـەر زیندووکـردنەوەی (ئیمـان) دەکـرد و نوورسی خـۆی بەڕاشکاوی وتی: «أعوذ بالله من الشیطان والسیاسة»[١٠٧]

ئەمانیش لە بەرەنجامی کۆتاییدا هەر دەچوونە خانەی خەمە سیاسییەکەی ویژدانی ئیسلامی، چونکە هەموو ئاینداریکردنێک لە ئیسلامدا بەجۆرێک لە جۆرەکانی سەر دەکێشێ بۆ ڕەفزکردنەوەی دەسەڵاتێک کە بێ موبالات بێ بەئاداب و کێشە ئاینییەکان[١٠٨] ئاخر خۆ نوورسی و قوتابییەکانی لە نەیارانی سەرەکی حکوومەتی عەلمانی تورکیا بوون، دژ بەو ڕێوشوێنانە بوون کە ئەتاتورک لە دژی ئاین کـردنی، وەک (بانگدان بەتورکی)، حکوومـەتی تورکیش دەیزانی ئەم ڕەوتە ئیمانییە لە بەرژەوەندیی سیستەمەکەی ئەودا

---

(١٠٦) هۆی خۆ دوورگرتنی نوورسی لە سیاسەت لە قۆناغی دووەمی ژیانی خۆیدا، وەک کە خۆی باسی دەکات، بۆ دڵگرانبوونی بە هەندێ لەو سلبیاتانە دەگەڕێتەوە کە لە ئەنجامی ململانێی سیاسی گرووپە ناکۆکەکانی موسڵمانانەوە سەر هەڵدەدەن، کە لەگەڵ ڕوحی برایەتی ئیسلامیدا لێک دەدات. دەنا نوورسی خۆی لە جەرگەی ململانێی سیاسیدا بووە لە دژی دەوڵەتی عەلمانی تورکی. نەیارییەکەی بۆ سیاسەت لەو گۆشەیەوە بوو کە سیاسەت ببێتە هۆی چاوپۆشین لە بەها ئەخلاقییەکانی ئیسلام.

(١٠٧) بڕوانە: چمکێک لە ژیانی نوورسی. حەبیب محەمەد سەعید، لا ٥٢.

(١٠٨) د. احمد البرقاوی، مامۆستای فەلسەفە لە دیمەشق، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا دەکرێ لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەرکەسێکی ئایندار (متدین) بەپرۆژەیەکی ئامادە بۆ پەیدابوونی (تێکۆشەرێکی ئیسلامی) دابنرێ؟ ناوبراو – کە ڕووناکبیرێکی عەلمانییە، پێی وابوو لەو ڕوانگەیەوە کە ئیسلام –جیا لە مەسیحییەت– بایەخی بەژیانی دنیا و ڕێکخستنی داوە، دەکرێ لە هەر کەسێکی (متدین) چاوەڕێ بین کە ببێتە سیاسییەکی ئیسلامی. کە ناڵی تەلەفزیۆنی "الجزیرة" بەرنامەی (لقاء الیوم) لەگەڵ (البرقاوی ) دەربارەی (ئیسلامی سیاسی).

نییه، بۆیه وەک ڕەوتێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

نوورسی بەشێکی زۆری تەمەنی لە زینداندا بردە سەر و زۆرێک لە پەیامەکانیشی هەر لە زیندان نووسیون، مەترسی عەلمانییەتی تورکیا لە بزووتنەوەی ئیمانییەکەی نوورسی تا ئەو ڕادەیە بوو کە لە تەرمەکەشی دەترسان، ئەوەبوو پاش ماوەیەک لە وەفاتی نوورسی تەرمەکەیان شوێن بزر کرد نەوەکو وەک چۆن بەزیندوویێتی ئیمانی خەڵکی شەحن دەکردەوە و ویژدانی ئاینی دەورووژاند، پاش مردنیشی گۆڕەکەی ببێتە جێنزرگەی موسڵمانان و یەکێ لە ڕەمزەکانی گورپێدانەوەی هۆشیاری ئاینی.

بەتەبیعەت حاڵی تۆماری عەلمانیەت لە مەسەلەی مەرجەعیەتی فیکر و بناغەی دەسەلات و پێوەندی ئاین و سیاسەت و پێناسەی ئایندا، تەواو جودا و پێچەوانەیە لەگەڵ گوتاری ئیسلامیدا و کاریگەریی عەلمانیەتی خۆرئاوای پێوە دیارە. یەکێ لە بەڵگەکان لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە هەمان ئەو قوتابخانە جیاوازانەی عەلمانیەت لە هەڵوێستیان بەرامبەر ئاین کە لەوێ هەبوو لێرەش سەریان هەڵدا، کە هەڵوێستیان لە نێوان ڕەفزکردنی تەواوەتیی ئایندا (بەعەقیدە و ڕەوشت و سیستەمەکانییەوە)، تا قبووڵکردنیەتی لە مەودایەکی دیاریکراودایە.

ئەوەی یەکەم بەعەلمانیەتی ئیلحادی یاخۆ عەلمانیەتی پەڕگیر ناسراوە، کە ئەم جۆرە هەموو ئەو تەییارە عەلمانییانە دەگرێتەوە کە هەڵگری فەلسەفەیەکی ماتریالیستیی ئیلحادین و پێیان وایە بوون و ژیان و مرۆڤ لە مادە زیاتر هیچ نییە و فیکر و غەیب بەرهەمی فیکری دواکەوتووانەی چاخە دێرینەکانە و بۆ پاساودانی لاوازیی و دەستە پاچەیی مرۆڤ داهێنراوە، ئەو گوتەیەی کە دەڵێ: «لا اله والحياة مادة» پوختەی فەلسەفەی ئەم تەییارەیە. مارکسییەکان بەپلەی یەکەم نوێنەرایەتی ئەم تەییارەیان لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیی دەکرد. ئەمانە کەمترین نەرمی و موجامەلەیان لەگەڵ ئاین نەکردووە و هەقی بوونیان پێ ڕەوا نەدیوە، کە مارکسییەت لەگەڵ خۆرئاوایش هەمان هەڵوێستی بەرامبەر ئاین هەبووە.

خۆ ئەگەر لە ژێر گوشاری واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی وڵاتانی ئیسلامیدا جۆرە نەرمییەکیان نواندبێ تا بواری ئەوە هەبێ خەڵکی عەوام کەسب بکەن، ئەوا لەسەر ئاستی ڕێکخستن و ئەدەبیاتی ناوەخۆیی و ڕاگەیاندنی نوخبەی هەمیشە ئەو هەڵوێستە ڕادیکالیانەیان بووە. ئەوەتا ڕۆشنبیرانی چەپ و خوێندەوارەکانیان لە کوردستان، تا کۆتایی هەشتاکان بەپلەی یەکەم و تا ڕادەیەک تا ئێستاش کەسانی مولحیدن و، بەڵام لەسەر ئاستی بنکەی جەماوەری خەڵکێکی زۆر هەبووە کە شیوعی[١٠٩] بوون و لە هەمان کاتیشدا نوێژکەر و ڕۆژووگر و خواپەرست بوون و ڕێشیان لێ نەگیراوە.

جۆرەکەی تریان ئەو عەلمانیەتەیە کە بەڕاشکاوی ئینکاری لە ڕاستیی ئاین ناکات، بەڵام پێی وایە دەبێ لە ئاراستەکردنی فیکر و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوور بێ و کاری بریتی بێ لە ڕێکخستنی پێوەندی شەخسیی نێوان مرۆڤ و خوا و برەوپێدانی بەها ڕوحی و ڕەوشتییەکانی تاک و نابێ ڕێ بەکەس و لایەنێک بدرێ پیرۆزیی ئاین بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی سوود لێ وەربگرێ. چونکە ئەوە دژ بەسروشتی ئاین و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵە.

ئێستا «عەلمانییەتی ئیلحادی» لە دنیادا، هەروەها لە کوردستانیشدا بووە بەحاڵەتێکی دەگمەن و ئەگەر تاک و تەرا یان گرووپی بچووکیش هەبن کە قەناعەتیان پێی مابێ ناتوانن وەک جاران بەئاشکرا ڕای بگەیەنن. بەڵکو هەوڵ دەدەن ڕووپۆشی بکەن. ئەوەتا حزبی شیوعی رووسی – دایکی حزبە شیوعییەکانی جاران – لەسەر زمانی (گینادی زیگانۆف)ی سەرۆکی حزبەوە ڕای دەگەیەنێ کە حزبی شیوعی ڕووسی وازی لە ئیلحاد هێناوە. (فیدل

(١٠٩) لە کوردستان زۆرێک لە شیوعییە عەوامەکان وەک ئینتیمای سیاسی خۆیان بەشیوعی داناوە، یان بەواتایەکی تر وشەی (شیوعی) زیاتر مۆرکێکی سیاسی وەرگرتووە نەک ئایدیایی. بەڵام وشەی کۆمۆنیزم یان کۆمۆنیست لە زەینی خەڵکی عامدا وێنەیەکی ئیلحادی وەرگرتووە، واتە زیاتر وەک ئایدیا سەیر دەکرێ، لەبەرئەوە ڕازی نابن پێیان بوترێ ئێوە کۆمەنیستن، ئەمە لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا یەک واتایان هەیە.

کاسترۆ"ی سەرۆکی کۆمۆنیستی کوبا، کە لە ساڵی ١٩٥٩وە سەرۆکایەتی ڕژێمی کۆمۆنیستی دەکات لەو وڵاتە، بەشداریی لە قودداسێکی ئاینی کرد کە بەئامادەبوونی پاپا یۆحەننا پۆلسی دووەم پاپای پێشووی ڤاتیکان و بە بەشداری دەیان هەزار کەس لە هاڤانای پایتەختی ئەو وڵاتە لە کۆتاییی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٨دا ئەنجام درا.

بەم پێیە ئەو عەلمانیەتەی لە ساحەی ئیسلامیدا قسە و باسی لەسەر دەکرێ لە دەرەوەی ئەو بازنە ئیلحادییەوە دەدوێ و خۆی وەک پرۆژەیەکی فیکری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاین تەرح کردووە نەک وەک پرۆژەیەک بۆ لەناوبردنی ئاین.

دیارە ئێمە لێرەدا چاوپۆشی لەو گومانە دەکەین کە هەندێ لە ڕووناکبیرانی ئیسلامیی هەیانە و پێیان وایە هەندێ لە تیۆریستانی عەلمانی ئەم ناوچەیە هەروەها سەرانی هەندێ لە حزب و ڕێکخراوە عەلمانییەکانیش لە بنەڕەتدا تەنانەت وەک ئاینێکی ڕووتیش باوەڕیان بە ئیسلام نییە[١١٠] چ جای وەک ئایدۆلۆجیای سیاسی و شارستانی و، دژایەتیشیان بۆ تەییاری ئیسلامی لە بنەڕەتدا دژایەتییە بۆ فیکرەی ئاینداری و زیندووبوونەوەی ئیلتیزامی ئاینی، بەڵام لەبەر نەوروژاندنی جەماوەر ئەم حەقیقەتە ڕووپۆش دەکەن و فرمێسک بۆ پیرۆزیی ئاین دەڕێژن.

---

(١١٠) بڕوانە:

- التفسیر الماركسي للاسلام/ د. محمد عمارة، کە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژە فیکرییەکەی "نصر حامد أبوزید" نووسیویەتی.
- سقوط الغلو العلماني/ د. محمد عمارة، کە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکەی "محمد سعید العمشاوي" نووسیویەتی.
- الاسلام بين التنوير والتزوير/ د. محمد عمارة، کە تێیدا باسی لە پرۆژەی "حەسەن حەنەفی" دەکات ص ١٨٨ – ١٩٧.
- قراءة حیثیات الحكم بارتداد الدكتور نصر ابوزید، لە نووسینی بدر محمد بدر، گۆڤاری "المجتمع" ژ – ١٥٧ لە ١١/٥/١٩٩٩.
- پێشەکی کتێبی "الاسلام والعلمانية وجها لوجه" د. یوسف القرضاوي، کە لە بارەی د. فوئاد زەکەریاوە دەدوێ.

# عەلمانیەت چییە؟

یەکێ لەو چەمکانەی کە ڕۆژانە لە ناوەندە ڕۆشنبیری و سیاسییەکاندا بەکار دەهێنرێ و وەک ئەوەی دەلالەتێکی ڕۆشن و یەکلای هەبێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ لە کاتێکدا چەمکەکە لەو چەمکانەیە کە بەحوکمی زۆر هۆکار تەمومژێکی زۆر لەسەر دەلالەتەکەی هەیە تەنانەت لای ئەوانەیش کە بانگەوازی بۆ دەکەن، چەمکی "عەلمانیەت"ە، کە هەندێک بۆ زیاتر خۆشەویستکردن "عەلمانیەت"یش بەکار دێنن.

عەلمانیەت چییە و بە چی دەوترێ عەلمانی؟ ئایا عەلمانیەت پرۆژەیە یان عەقیدەیە؟ بۆچی کە ناوی عەلمانییەت دەبرێ یەکسەر «ئاین و سیاسەت» و پێوەندی نێوانیان بیر دەکەوێتەوە؟ ئایا عەلمانیەت فەلسەفەیەکە و لە زەمان و زەمینێکی تایبەتدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و پێشتر نەبووە، یان حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی بوون لە فیکر و ژیان و وجوددا؟ ئایا عەلمانیەت و ئاین دوو بوونی جودا و سەربەخۆ و دژن کە یەکتری نەفی دەکەن، یان عەلمانیەت میتۆدێکە بۆ خوێندنەوەی ئاین؟ ئایا دەکرێ ئاینی عەلمانی، یان عەلمانیەتی ئاینی وجودیان هەبێ؟ ئایا دەکرێ حاڵەتێک لە هەمان کاتدا ئاینی و عەلمانیش بێ؟ ئایا عەلمانیەت تێگەیشتنێکی پێشکەوتووانەیە لە ئاین یان سەرەتای مەرگ و بەسەرچوونی زەمەنی ئاینە؟ ئایا عەلمانیەت پرۆژەیەکی گەلاڵەکراوە بۆ چارەسەری کێشەکانی هەلومەرجێکی فیکری و سیاسی و کۆمەلایەتی، یان حەقیقەتێکی مێژوویییە و مرۆڤایەتی خۆشی بێ و ترشی بێ دەبێ بیگاتێ؟ ئایا عەلمانیەت لەگەڵ ئاینێک هەڵدەکات کە سیاسەت بەبەشێک لە بنیاتی خۆی دابنێ؟ یان ئایا ئاینێکی لەو چەشنە لەگەڵ عەلمانیەت

هەڵدەکات؟ ئەو هێڵە حەدییە لە کوێدایە کە سنووری (ئاینیبوون)ی شتێک و (عەلمانیبوون)ی لێک جیا دەکاتەوە؟ ئەگەر ئاین و عەلمانیەت لە هەڵوێستێکدا یەکیان گرتەوە؛ ئایا دەبێ ئاینەکە بکرێتە مەنهەج بەحوکمی ئەوەی دینی خوایە، یان دەبێ عەلمانیەت بکرێتە مەنهەج لەبەرئەوەی سیستمێکی هاوچەرخە؟ شیکردنەوەی وەڵامی فیکری عەلمانی بۆ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری لەم چەشنە شێوەی جیاجیای وەرگرتووە، کە دەتوانین بڵێین سروشتی هەر هەڵوێستێک بەتێڕوانینی خاوەنەکەی بۆ پێناسەی عەلمانیەت و تێگەیشتنی لە ئیسلام دیاری دەکرێ.

***

جیاوازیی تێگەیشتنەکان لە (عەلمانیەت) وێنەیەکی تەمومژاوی بەر چەمکەکە داوە، بەشێوەیەک زۆر جار گفتوگۆی نێوان دوو لایەنی جیاواز لەمەڕ چەمکەکە، گفتوگۆیە لەسەر دوو وێنەی جیاوازی چەمکەکە. ئەمە نەک تەنیا لە نێوان دوو لایەنی دژیشدا بەڵکو زۆر جار ئەم جیاوازیی تێگەیشتنە لە ناو ئەوانەیشدا بەدی دەکرێ کە سەر بەهەمان بەرەی عەلمانیەتن و بانگەشەی بۆ دەکەن.

لەم ڕوانگەوە زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە: بۆ ئەوەی گفتوگۆکانمان بەرهەمیان هەبێ پێویستە سەرەتا واتای ئەو چەمکانەی قسەیان لەسەر دەکرێ دیاری بکرێن، چونکە زۆرێک لە هۆکارەکانی جیاوازبوون لە جیاوازی تێگەیشتن لەو زاراوانە دروست دەبن(١١١) تا -بەمە- چەمکەکان لاستیکی و بزۆز نەبن کە هەر لایەک چۆنی پێ خۆشە وا تەفسیری بکات بێ ئەوەی بەرامبەر پێی ڕازی نەبێ. بەمەش کۆشش و کات و فیکری مرۆڤ لە پووچاندنەوەی شتێکدا بەفیڕۆ ناچێ، کە ڕەنگە بەرامبەر مەبەستی ئەوە نەبێ و تەنیا تەفسیر و تێڕوانینی ئەو کەسە بێ بۆ چەمک و زاراوەکانی(١١٢)

(١١١) العلمانية والدولة الدينية. شبلي العيسمي ص١٣.

(١١٢) الاسلام والعلمانية وجها لوجه/ د. يوسف القرضاوي ص٣١.

عـەزیز ئەلعـەزمـە پێی وایە تا ئێسـتـا بەتەواوەتی ڕوون نەبووەتەوە چۆن زاراوەی عەلمانیەت هاتووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و چۆن لە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی مێژوویی عەرەبی هاوچەرخدا بڵاو بووەتەوە. پێشتر بەوشەی "مەدەنی" لە سیغەی "صفە"دا ئاماژەی بۆ دەکرا، وەک دەلالەت بۆ ئەو دامەزراوانەی کە لەسەر بناغەگەلی نائاینی دامەزرابوون وەک کە -بۆ نموونە- لە گوتەکانی "فرح انطون" لەسەر جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و مەدەنیدا دەیبینین، یان وەک لە وەسفی "محمد عبده" بۆ خەلیفەدا هاتووە کە دەڵێ: «حـاکم مـدني من کل الوجـوه» پێدەچێ زاراوەی "عـەلمانیـەت" یان "عیلمانیەت" لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا کەوتبێتە ناوەوە، دواتر لە کارەکانی "ساطع الحصری"دا جێیان گرت»[١١٣] بەڵام ئەوە ڕوونە کە (عەلمانیەت) یان (عیلمانیەت) لە بەرامبەر وشەی Secularismی ئینگلیزی و لائیکی Lailqueی فەرەنسییەوە دانراوە.

هەندێ لە توێژەران پێیان وایە «بۆ یەکەم جار وشەی Lailqueی فەرەنسی لە موعجەمی فەرەنسیی عەرەبیدا کە لە ساڵی ١٨٢٨دا ( لویس بقطر المصری) -کە لە سوپای داگیرکەری فەرەنسیدا لە میسر خزمەتی کرد و لەگەڵ سوپاکەیش ڕۆیشتەوە بۆ پاریس- داینا، بۆ (عەلمانیەت) تەرجەمە کرا وەک نیسبەیەک بۆ وشەی "العالم" -بەفەتحی لام- واتە (دنیا) کە لە بەرامبەر (دین) دەوەستێ».[١١٤]

هەرچی وشەی (سیکیولاریزم)ی ئینگلیزییە (بەمانای "دنیایی و جیهانی و واقیعی" کە لە (دنیا، جیهان، واقیع)ەوە وەرگیراون لە بەرامبەر پیرۆز

---

(١١٣) العلمانیة من منظور مختلف، الدکتور عزیز العظیمة. ص١٧

(١١٤) معرکة المصطلحات بین الغرب والاسلام، د. محمد عمارة ص ٢٦.

هەروەها (أ. د. نعمان عبدالرزاق السامرائي)ش پێی وایە "الیاس بقطر" -ڕەنگە هەر مەبەستی لویس بقطر بێ-، یەکەم کەس بووە کە لە ساڵی ١٨٢٨ وشەی (عەلمانیەت)ی لە زمانی عەرەبیدا بەکار هێناوە، بڕوانە: نحن والصدیق اللدود/ أ. د. نعمان عبدالرزاق السامرائي ص١٨٠

(المقــدس) واته (ئاینی كــەهەنوتی) كــە نوێنەری ئاســمــان و دەســـەڵاتی ئاسمانە[115].

شبلی ئـەلعیسـەمی دەڵـێ: « ئەم زاراوەیە لە ناوەڕاستی سـەدەی نۆزدەمدا سـەری هەڵدا كـە واتای دنیـەوی غـەیرە دینی دەگـەیەنێ، وەک لـە موعـجـەمی زانسته كۆمـەڵایەتییەكاندا هاتووە ریشـەی (العالم) بەفـەتحی عـەین بەواتای "العـالم" هـاتووە كـە خـیـلافی "ئاینـی" یان "كـەهەنوتـی"یە. عـەلمانیـیـەكـان بەشێوەیەكی گشتی عەقڵ دەكەنە حاكم و ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی دەكەن بەبێ خـۆبەستنەوە بەدەقەكان یان سرووتێكی ئاینییەوە. بەزۆری سـەرچاوەی پەرەسـەندن و نـوێكردنەوە بوون لە كۆمـەڵگە غـەربیـیـەكاندا، لەبەرئـەوە لەگەڵ كەنیسە و پیاوانی ئاینی ناكۆک بوون»[116]

لە گـفـتـوگـۆكـانی پەرلـەمـانی فـەرەنسی بۆ دەسـتـوور لە ١٩٤٦/١٠/٢٧ پێناسـەی عـەلمانیـەت دەكات بەوەی «بێ لایەنی دەوڵەتە بەرامبـەر ئاین، هەموو ئاینێک. عەلمانیەت عەقیدەیەكی ئیجابی یان فەلسەفی نییە كە دەوڵەت بیگرێتە بەر و لە بـەرامـبـەر باوەڕە ئاینیـیـەكـاندا بـانگەوازی بۆ بكات و خـەڵكی فـێـر بكات.» بەدەربڕینێكی كورت «عـەلمانیـەت، جیاكـردنەوەی سیاسـەتە لە ئاین. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ كە سیاسەت دژایەتی ئاین دەكات یان حاكم یان دەوڵەتی عەلمانی مولحیدە.»[117]

لە پێناسـەیەكی تردا هـاتووە: «عـەلمانیـەت تێڕوانینێكە بۆ ژیان كـە لەسـەری بناغـەی دوورخـسـتنـەوەی ئاین و بەهاكـانی، یان تەبەنا نەكـردنی دەوڵەت بۆ ئاینێكی رەسمی، یان جیاكردنەوەی دەسەڵاتی ڕوحی لە دەسـەڵاتی سیاسی، دامەزراوە.»[118]

---

(١١٥) معركة المصطلحات بين الغرب والاسلام، ص٢٣

(١١٦) العلمانية والدولة الدينية شبلي العيسمي، ص١٤

(١١٧) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(١١٨) نحن والصديق اللدود / أ. د. نعمان عبدالرزاق السامرائي ص١٨.

شبلی عەیسەمی دوای ئەوەی کۆمەڵێ پێناسەی جیاواز بۆ چەمکەکانی دێنێتەوە، خۆی ئەم پوختەیە بۆ پێناسەکردنی عەلمانیەت دادەڕێژێ «عەلمانیەت کۆمەڵێ ڕێوشوێنی سیستمی و یاساییە، زادەی ململانێی توند و درێژخایەنی نێوان هەردوو دەسەڵاتی دینی و دنیەوی ئەوروپایە کە ئامانجی لێک جیاکردنەوەیان و تەبەناکردنی بیرۆکەی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەتە بەشێوەیەک گەرەنتی بێلایەنی دەوڵەت بەرامبەر ئاین بکات، هەر ئاینێک. هەروەها ئازادی بیروڕا و ئاین دەستەبەر بکات و ڕێ لە پیاوانی ئاینی بگرێ کە بەناوی ئاینەوە پیرۆزی بەبیروڕا و ئیجتیهادەکانیان بدەن و بەسەر تاک و کۆمەڵی دەوڵەتیدا فەرز بکەن.»(١١٩)

ئەنوەر جندی دەڵێ: «عەلمانیەت یان عەلمەنە ئەو فیکرەیە کە پێی وایە دەکرێ دیراسەی مرۆڤ و کۆمەڵگە بکرێ هەروەک چۆن دیراسەی شتەکان دەکرێ، ئەویش لەسەر بناغەی پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی تێبینیکردن و لێکۆڵینەوە کە زانستە سروشتییەکان لە دیراسەکردنی دیاردە کۆمەلایەتییەکاندا مومارەسەی دەکەن.»(١٢٠)

دائیرەی مەعاریفی بەریتانی لە پێناسەی Secularism دەڵێ: «بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتییە، ئامانجی گۆڕینی بابەتی بایەخپێدانی خەڵکە لە بایەخپێدان بەئاخیرەتەوە بۆ بایەخپێدان تەنیا بە دنیا.»(١٢١)

فەرهەنگی (العالم الجديد)ی وبستر لە ڕاڤەی چەمکەکەدا دەڵێ: «بریتییە لە گیانی دنیاخوازی، یان ئاراستە دنیاییەکان. هەموو شێوەیەکی خواپەرستی ڕەت دەکاتەوە. باوەڕ بەوەی ئاین و کاروبارە کەنەسییەکان کاریان بەسەر کاروبارەکانی دەوڵەتەوە نییە بەتایبەت لە بواری پەروەردەییی گشتیدا»(١٢٢)

---

(١١٩) العلمانية والدولة الدينية... ص١٦

(١٢٠) سقوط العلمانية /أنور الجندي ص١٠

(١٢١) الاسلام والعلمانية وجها لوجه /د. يوسف القرضاوي ص٤٩ – ٥٠ کە ئەویش لە کتێبی (العلمانية) سفر ابن عبدالرحمن الخوالي نەقڵی کردوون.

(١٢٢) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

موعجەمی (ئۆکسفۆرد) لە شەرحی وشەی Seularدا دەڵێ: «واتە دنیایی، یان مادی، نائاینی، حکوومەتی دژ بەکەنیسە. ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ: نابێ ئاین بناغەی ئەخلاق و پەروەردە بێ»(١٢٣)

ڕۆژهەڵاتناس (أبری) لە کتێبی "ئاین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا" دەربارەی هەمان وشە دەڵێ: «مادیەتی زانستی و ئینسانیەت و ڕێبازی سروشتی و وەزعیەت هەموویان کۆمەڵە شێوەیەکی لادینین. لادینیەتیش سیفەتێکی جیاکەرەوەی ئەوروپا و ئەمریکایە. لەگەڵ ئەوەی ڕواڵەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، بەڵام شێوەیەکی فەلسەفی یان ئەدەبی دیاریکراوی وەرنەگرتووە.»(١٢٤)

د. عەبدلوەهاب مەسیری دەڵێ: «دوو جۆر عەلمانیەت هەیە: عەلمانیەتی بەشەکی، کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئاین "واتە دامەزراوە ئاینییەکان وەک کەنیسە و پیاوانی ئاین" لە دامەزراوە جیاجیاکانی دەوڵەت. بەڵام بێدەنگ دەبێ لە مەسەلەی مەرجەعیەت و بەها ئاینی و ئەخلاقییەکان و زۆرێک لە لایەنەکانی ژیانی گشتی و هەموو لایەنەکانی ژیانی تایبەت، بەڵام عەلمانیەتی هەمووی "شامل" تەنیا جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت نییە، بەڵکو جیاکردنەوەی هەموو بەها ئاینی و ئەخلاقی و ئینسانییەکانە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی گشتی وەک سەرەتا و، دواتریش لە گشت لایەنەکانی ژیانی تایبەت.»(١٢٥)

دیارە پێناسەی جیاجیا بۆ عەلمانیەت کراوە بەشێوەیەک نەتوانرێ وێنەیەکی ڕوون و یەکلایی بۆ بگیرێ، د. عەزیز عەظمە دەڵێ: «عەلمانیەت ئەو دیاردەیە نییە کە بکرێ بەسووک و ئاسانی وەسف بکرێ. ئەو کۆمەڵێ گۆڕانکاریی مێژوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فیکری و ئایدۆلۆجییە،

(١٢٣) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

(١٢٤) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

(١٢٥) اليهودية وما بعد الحداثة. رؤية معرفة، عبدالوهاب المسيري، گۆڤاری: اسلامية المعرفة، السنة الثالثة: العدد العاشر.

هەروەها عەلمانیەت وەسفەیەکی حازربەدەست نییە کە پراکتیزە بکرێ یان ڕەت بکرێتەوە، ئەو چەند ڕوویەکی هەیە: ڕوویەکی مەعریفی، هەروەها ڕوویەکی دامەزراوەیی کە برێتییە لە سەیرکردنی دامەزراوەی ئاینی وەک دامەزراوەیەکی تایبەت وەک یانە و ناوەندەکان، هەروەها ڕوویەکی سیاسیشی هەیە کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت، ئەمە جگە لە ڕوویەکی ئەخلاقی و بەهایی کە ئەخلاق بەمێژوو، پاڵنەر بەزەمیرەوە دەبەستێ نەک پابەندکردن و ترساندن لە سزای ئاخیرەت»[١٢٦]

خۆ ئەگەر سەیرێکی تێگەیشتنە (تەفصیلی)یەکانیش بۆ چەمکەکە بکەین کۆمەڵێ ئادگاری تری لاوەکی بۆ دەردەکەوێ و زیاتر هەست بەجیاوازی تێگەیشتنەکان دەکەین:

- «سیفەتی زانستی تەواوکەر و بناغەی سیفەتی عەلمانیەتە، چونکە ناتوانین کۆمەڵگە و دەوڵەت عەلمەنە بکەین ئەگەر لە بوارە زانستییەکان دووربن.»[١٢٧] لەو هۆیانەی ڕێیان بۆ دەرکەوتنی عەلمانیەت و سەرکەوتنی خۆش کرد گرینگیدانی بەرفراوان بوو بەدیراسەتە ئینسانییەکان لە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپیدا وەک بوارەکانی زمان و مێژوو شیعر... بەمە دامەزراندنی شارستانیەتی لەسەر بناغەی خواوە بۆ مرۆڤ گواستەوە.»[١٢٨]
- جون لوک لە ئینگلتەرا لە دیارترینی ئەوانە بوو کە لە ناوەڕۆکی عەلمانیەتیان کۆڵیوەتەوە، دەڵێ: «ئەرکی حکوومەت دەستەبەرکردنی سەلامەتیی کۆمەڵگەیە نەک فەرزکردنی بیروبۆچوونی عەقائید.»[١٢٩]
- شۆڕشی فەرەنسی لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتمانانی پێ لەسەر «پیرۆزیی هەردوو مەبدەئی یەکسانی و ئازادی دادەگرێ و پێی وایە

(١٢٦) العلمانية من منظور مختلف/ د. عزيز العظمة ص ٣٧

(١٢٧) العلمانية والدولة الدينية ص ١٥ – ١٩

(١٢٨) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

(١٢٩) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

نابێ کەس بە هۆی بیروبۆچوونە ئاینییەکانەوە تەنگاو بکرێ، لە سەدەی هەژدەیەمدا ئەو نووسەر و بیرمەندە فەرەنسییانەی کە زەمینەیان بۆ شۆڕشی فەرەنسی خۆش کرد گەورەترین پشکیان هەبوو لە چەسپاندنی ئازادی بیروباوەڕدا، لۆثەر مولحید نەبوو، بەڵکو پێی وابوو کە خوا ئەندازیاری گەردوونە، دروستی کردووە و بەجێی هێشتووە ببێتە شانۆیەک بۆ خەڵک. لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا و روونکردە (نەزعەی ئینسانیی عەلمانی) بەردەوام بوو».[١٣٠]

- «جەوهەری عەلمانیەت و ئامانجی بنەڕەتی ئەو، دەستەبەرکردنی ئازادیی عەقیدەیە بۆ هەموو هاووڵاتییەک بەبێ بەکارهێنانی هیچ گوشار و زۆرلێکردنێک».[١٣١]
- «کاتێ ئیسلام تێ بگەین کە لەگەڵ عەقڵ و زانست و پەرەسەندن و نوێکردنەوە و لێبوردەیی و ئازادی باوەڕدایە، ئەوە هیچ پاساوێک نامێنێ بۆ تەرحکردنی عەلمانیەت».[١٣٢]
- ئەرەکۆن عەلمانیەت وەک بەهایەکی فەلسەفی و دەستکەوتێک لە دەستکەوتەکانی فیکر دەبینێ. عەلمانیەت تەنیا هەڵوێستێک نییە لە ئاین، بەڵکو هەڵوێستێکە لە مەسەلەی مەعریفەدا. عەلمانیەت بەرپرسیاریەتییەکی فیکرییە بەرووی ئەوانەدا دەوەستێ کە ئاین قۆرخ دەکەن و دەیکەنە حاکم بەسەر هەموو هەوڵێکی مرۆڤدا.[١٣٣]
- عەشماوی دەڵێ: «عەلمانیەت مانای بایەخدان بەژیانی دنیا دەگەیەنێ جگە لە بایەخدان بەجیهانی دوایی.»[١٣٤]
- د. نەسر حامد ئەبوزەید دەڵێ: «عەلمانیەت لە جەوهەریدا هیچ نییە جگە لە

(١٣٠) العلمانية والدولة الدينية ص ١٥- ١٩
(١٣١) هەمان سەرچاوە لا ٧٩
(١٣٢) العلمانية والدولة الدينية ص ٧٩
(١٣٣) العلمانية والدولة الدينية ص ٥٨
(١٣٤) الاسلام السياسي. محمد سعيد العشماوي ص ٨٥

تەئویلی ڕاستەقینە و تێگەیشتنی زانستییانە بۆ ئاین.»[١٣٥]

د. عزیز العظمة دەڵێ: «ناتوانرێ بنچینەکانی دیموکراسیەت بگێڕدرێتەوە تەنیا بەداڕنینی فیکر و ژیان نەبێ لە وابەستەیی بەڕەها "مطلق"ەوە، غەیبیش ڕەهای ڕەهایە. واتە ناتوانرێ بەبێ عەلمانیەت بنچینەکانی دیموکراسیەت بگێڕدرێتەوە.»[١٣٦]

بەم پێیە عەلمانیەت لای ئەلعەزمە بریتییە لە دابڕینی فیکر و ژیان لە غەیب.

ئەلعەزمە لە میانەی لێکۆڵینەوەکەی "العلمانية من منظور مختلف" لێبوردەیی مەزهەبی،[١٣٧] زەواجی مەدەنی،[١٣٨] ملکەچ نەبوونی کاروبارەکانی عەقڵ و سیاسەت و کۆمەڵگە بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەیی یان فیکری یان ڕەمزی ئاینی[١٣٩] سەیرکردنی هەموو مافەکان وەک مافی مەدەنی – نەک مافی سروشتی،[١٤٠] دەرچوونی زانست و کار لە مەرجەکانی دامەزراوەی ئاینی،[١٤١] موڵکداریێتی دەوڵەت (دەسەڵاتی زەمەنی) بۆ دامەزراوەی زانستی و پەروەردەییەکان،[١٤٢] ڕۆشنبیربوون بەمەعریفە نوێیەکان و تەبەناکردنی هەندێ تیۆری زانستی و فەلسەفی وەک تیۆری پەرەسەندن و پەرەسەندنی کۆنتیی لە بواری فیکریدا،[١٤٣] دابڕینی فیکر و ژیان لە پێوەستبوون بە(مطلق) و غەیب[١٤٤] بەعەلمانیەت دادەنێ.

---

(١٣٥) نقد الخطاب الديني/ د. نصر حامد ابوزيد، ط٢، ١٩٩٤، ص ٦٣– ٦٤

(١٣٦) العلمانية من منظور مختلف، د. عزيز العظمة، ص ٣٥

(١٣٧) هەمان سەرچاوە لا ١٨

(١٣٨) هەمان سەرچاوە لا ٣١

(١٣٩) هەمان سەرچاوە لا٣٢

(١٤٠) هەمان سەرچاوە لا ١٩٧

(١٤١) هەمان سەرچاوە لا٢٢١

(١٤٢) هەمان سەرچاوە لا٣٣٩

(١٤٣) هەمان سەرچاوە لا٣٣٩

(١٤٤) هەمان سەرچاوە لا ٣٣٩

ئەرەکۆن دەڵێ: «عەلمانیەت زیاترە لە جیاکردنەوەی ساکارانەی نێوان کاروبارە ڕوحی و زەمەنییەکان، جیاکردنەوەیەکی لەو چەشنە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە، تەنانەت کاتێ ئینکاریشی لێ دەکرێ و بەهۆی هەندێ موفرەدەی ئاینییەوە پەردەپۆش بکرێ، عەلمانیەت لە هەناوی قورئان و تەجروبەی مەدینەدا بوونی هەیە، دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی دەوڵەتی عەلمانی بوون نەک ئاینی.»(١٤٥) وەک لەم پێناسە و تێگەیشتنانەی پێشووەوە دەردەکەوێ، ڕوونبینییەک لە پێناسە و دەلالەتی (عەلمانیەت)دا نییە بەشێوەیەک هەرکاتێ وتت (عەلمانیەت) یان (عەلمانی) یان (ناعەلمانی) یەکسەر هەموولا یەک دەلالەت حاڵی بن، بەڵکو چەندین دەلالەت و وێنەی پێ دراوە و مەودای بازنەکەی تەسک و فراوان کراوە.

بەڵام دەتوانین لە کۆی پێناسەکان ئادگارە گشتییەکانی بیرۆکەی "عەلمانیەت" دیاری بکەین، لەوانە:

* گواستنەوەی مەرجەعیەتی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە (خوا)وە بۆ (مرۆڤ)، لە (وەحی)یەوە بۆ عەقڵ.
* تێڕوانینێکی ماددیانە بۆ ژیان و سەیرکردنی مرۆڤیش لەو ڕوانگەوە.
* بایەخدان بەئازادیی بیرورا ڕەتکردنەوەی بە پیرۆزکردنی دەسەڵات و سیمبوڵەکان.
* چەسپاندنی چەمکی نیسبییەت لە سەیرکردنی فەلسەفە و ئایدیاکاندا و ڕەتکردنەوەی یەکایەتی و ڕەهایەتی بیر و ئایدیا.
* برەو پێدانی عەقڵانیەت و بیری زانستی.
* جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت و دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی قۆناغەکە واتە "عەقڵ" .

ئەم ئادگارە گشتییانە ئاماژە بەدوو ڕاستی دەکەن:

١- عەلمانیەت پرۆژەیەکی فیکری گەڵاڵەکراو نییە کە وەری بگریت و لەسەر لە

(١٤٥)الفكر الاسلامي، قراءة علمية/محمد اركون/ت: هاشم صالح، ط١٩٩٦،ص ١٨٢

لە واقیعدا –بەگشت ڕەهەند و بوارەکانییەوە– پیادەی بکەیت، بەڵکو زیاتر نەزعەیەکی فەلسەفییە کە لەسەر بناغەی عەقلانیەت و مادیەت دامەزراوە. کە ئەم نەزعەیە دەکرێ ئایدۆلۆجیای جیاجیای لێوە سەرچاوە بگرێ کە بیروڕای جیاوازیان لەسەر مەسەلەکانی ئاین و مەعریفە و سیاسەت و ئەخلاق و... هتد هەبێ، بەڵام لە ڕیشەدا بچنەوە سەر هەمان نەزعە، کە نەزعەی دنیاگەرایی و نادینی بوونە.

ئەوەتا لە کاتێکدا بۆچوونی هەرە زۆری ناوەندە پێوەندیدارەکان لەوەدایە کە عەلمانیەت مانای جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت و دەوڵەت دەگەیەنێ و ئەو ئەزموونەیش لە ئەوروپا و ئەمریکا بەرقەرار کراوە، کەچی بۆچوونێکی تر هەیە ئەم بۆچوونە لە هەردوو ڕووە فیکری و کردەوەییەکەیدا ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە «ئەو پێناسەیەی بۆ عەلمانیەت کراوە گوایە دابڕانی دینە لە دەوڵەت پێناسێکی هەڵەیە و ئێستا بەدەیان لێکۆڵینەوەی تازە دەرچووە کە دەری دەخات ئەمە جگە لە وەهمێک زیاتر نییە و بەهیچ شێوەیەک لە ئەزموونی ڕۆژئاوادا دین لە دەوڵەت جیا نەبووەتەوە. عیلمانیەت دابڕینی دین نییە لە دەوڵەت، بەڵکو سەندنەوەی دینە لە دەوڵەت و بەخشینەوەیەتی بەکۆمەڵگە، یەکجار هەڵەیە وابزانین عیلمانیەت واتە بێ دینی، چونکە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر عیلمانین لە هەموو کاتێکیش زیاتر دینین. ئەمریکا خۆی بەتەواوەتی لە ناو دیندا نوقم بووە. عیلمانیەت بریتییە لە ڕێکخستنی پێوەندی دین و کۆمەڵگە و مەسەلەی دابڕانی دین نییە لە دەوڵەت.»(١٤٦)

---

(١٤٦) بڕوانە گفتوگۆیەک لەگەڵ "مەریوان وریا قانع"، ئامادەکردنی "ڕێبین هەردی" لە گۆڤاری "ئێستا" ژمارەی مایسی ١٩٩٩ لا ١٠٦ – ١٠٧ مەریوان پێی وایە ئەوە وەهمە کە دەوترێ لە خۆرئاوادا دین لە دەوڵەت جیا بووەتەوە. دەڵێ من مامۆستایەکم لە زانکۆ هەیە کە کتێبێکی لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسیوە دەڵێ لە بنەڕەتدا ئەم تیۆرە دیدێکی ئیستیشراقی دروستی کردووە، واتە ڕۆژئاوا لە پێوەندیدا بەجیهانی دەرەوەی خۆی دەڵێ من دینم لە دەوڵەت جیا کردووەتەوە.

٢- ئەم ئادگارانە قووڵی ئەو کێشەیە دەخاتە ڕوو کە لە میانەی تەرحکردنی عەلمانیەت لە زەمینەیەکی ئیسلامیدا سەرهەڵدەدەن، چونکە بەپێی ئەم ئادگارانە بێ تێهەڵکێش بوون و پێکداچوونێکی چڕ لە نێوان ئیسلام و عەلمانیەتدا بەدی دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدا عەلمانیەت ئەو ئادگارانە بەنیشانەی بەجێهێشتن و دابڕان لە بازنەی فیکر و عەقڵ و بایەخدانەکانی ئاین دەبینێ، هەر لێرەشەوە وتراوە «العلمانية هي دنيوية لادينية».

بەدەربڕینێکی تر ئەگەر عەلمانیەت بریتی بێ لە دانانی بەحەقیقەت و بایەخی ئەم واقیعە مادییە و ئەم ژیانی دنیایە و زەرووڕەتی پێشخستنی و کارکردن لە پێناو ڕەفاهیەتی مرۆڤدا، ئەگەر بریتی بێ لە دژایەتی نەکردنی خواستە جەستەییەکانی مرۆڤ و بەدەنگەوەهاتنیان، ئەگەر بریتی بێ لە رازینەبوون بەدواکەوتوویی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی دۆخی خراپدا؛ ئەگەر بریتی بێ لە برەودان بەزانست و زانیاری لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەگەر بریتی بێ لە ئازادی بیروڕا و لێبوردنی ئاینی و مەزهەبی و فیکری، ئەگەر بریتی بێ لە پەسەندکردنی کەرامەتداریی مرۆڤ و یەکسانیی مرۆڤەکان؛ ئەگەر بریتی بێ لە ڕەفزکردنی خۆ بەخواوەندکردنی حوکمڕانەکان و ڕاپەڕین لە دژی زوڵم و زۆرداری؛ ئەگەر بریتی بێ لە دانانی بە نیسبیەتی هەق و فرە فیکری و فرەلایەنی و فرەڕەگەزی.

ئەگەر عەلمانیەت ئەمانە بێ؛ پاساوی بۆ تەبەنا و بانگەشە بۆ کردنی عەلمانیەت لە واقیعی ئیسلامیدا لاواز دەبێ لە کاتێکدا (ئیسلام)یش دانی بەو ڕاستییانەدا ناوە و کاری بۆ کردوون بەڵام بەمەرجەعیەتی وەحی و بەعەقڵی ئیلهام وەرگرتوو لە وەحی، نەک بەمەرجەعیەتێکی مادی و بەپشتبەستن بەعەقڵی ڕووت؟!

حەسەن حەنەفی لە کتێبی "الاسلام لا يحتاج علمانية غربية" ل٤٣ - ٤٥دا پێی وایە «ئیسلام پێویستی بەعەلمانیەتێکی غەربی نییە» ئەویش لەو ڕووەوە کە بەگوتەی ناوبراو شەریعەتی ئیسلامی (شەریعەتێکی وەزعی)یە و لەسەر بناغەی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکان، کە ئامانجەکانی شەریعەتن

(زەروورات، حاجیات، تەحسینیات) دامەزراوە، عەلمانییەکانیش بۆ بەرجەستەکردنی ئەمانە کار دەکەن، بەڵام لە شارستانیەتی خۆرئاوای وەردەگرن نەک لە شەریعەتی ئیسلامی. لێرەوە ناوبراو پێی وایە «ئیسلام لە جەوهەریدا ئاینێکی عەلمانییە و لێرەشەوە پێویستی بەعەلمانیەتێکی زیادە نییە کە لە شارستانیەتی خۆرئاوا وەرگیرابێ.»(**)

خۆ ئەگەر ئەو بنەمایانە لە واقیعدا وەک پێویست جێیان نەگرتبێ و حاڵەتی سستی و دواکەوتن و پشتگوێ خستنیان بەسەردا هاتبێ، یان لە ڕوانگەی فیکری خۆرئاواییەوە تێبینییان لەسەر هەبێ یان بەکەم بزانرێن، بەڵام قەناعەتەکان وەک دەق هەر هەبوون و ماون و دەکرێ تەوزیف بکرێن[١٤٧].

---

(**) بڕوانە اشكالية مفهوم المجتمع المدني، د. كريم أبو حلاوة، ص ١٣٤ – ١٣٥

(١٤٧) سەبارەت بەجیاوازیی واقیعی سیاسیی ئیسلامیی مێژوویی لەگەڵ بنەما ئیسلامییەکانی ناو دەق، تێبینییەک هەیە بەپێویستی دەبینم ئاماژەی پێ بکەم ئەویش ئەوەیە کە وەک د. محمد سلیم عواد دەڵێ: وێڕای ئەوەی لە سەردەمی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە تا ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٤، سیستمی خەلافەت لەسەر مەبدەئی میراتگری ڕۆیشت و مەبدەئی شورا، کە لە بنەما جەوهەرییەکانی ئیسلام و بناغەی سیستمی ڕاشدی بوو، وەلاخرا و ئەو زوڵم و زۆردارانەی مێژووی لێ کەوتەوە، بەڵام «فیکری ئیسلامی قەت ملی نەداوە بەوەی کە ئەم ڕێگەیە باشترین ڕێگەیە بۆ بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتی دەوڵەتی ئیسلامی، بگرە فیقهی سیاسیی ئیسلامی و غەیرە سیاسیش کە لە ژێر سایەی خەلافەتی میراتیدا گەشەی کرد و تۆمار کرا هیچ ڕێگەیەکی تری بەچاکتر لە ڕێگەی شورا لە بەڕێوەبردنی خەلافەت، دانەناوە، بڕوانە «في النظام السياسي للدولة الاسلامية، د. محمد سعيد العوا ص١٣٤»

بەواتا، یۆتۆپیای شورایی (سیستمی شورایی) لە باری هێزەکی (بالقوة)دا لە جیهانێکی ئیسلامیدا هەبووە، بوونی یۆتۆپیا "خەون"ی هەرشتێکیش –وەک عبدالله العروي دەڵێ– لە هەر کۆمەڵگەیەکدا گرینگییەکی زۆر هەیە، چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەو کۆمەڵگەیە ئامادەیی تێدایە بۆ قبوڵکردنی بانگەوازی ئەو فەلسەفەیە. بڕوانە مفهوم الحرية، عبدالله العروي ص٢٣.

له واقیعدا بەردەوام هەوڵی چاکسازی له فیکری ئیسلامدا چ بەفیکر و چ بەشۆڕش، له ئارادا بووه بەمەبەستی بەرجەستەکردنی بنەما و ئامانجە ئیسلامییەکان. کە سەرەتای ئەم جموجۆڵانە هەر له سەردەمی خەلیفەی سێیەم "عوسمانی کوڕی عەففان"ەوە دەستی پێ کرد.

لەبەرئەوەی واقیعی ئیسلامی وا بەئاسانی ڕازی نەبوو عەلمانیەت وەک پرۆژەیەک بۆ گەشەسەندن و ڕێنیسانس قبوڵ بکات، چونکە پێی وابوو، وێڕای جیاوازی زەمینەی گەلاڵەبوونی عەلمانیەت لەگەڵ زەمینەی ئیسلام له ڕووی ئەزموونی ئاین و زانست و دەسەلاتەوە، ئیسلام بەحوکمی ڕیشەداکوتانی له ناخی جەماوەردا و بەحوکمی سروشتی فرە بایەخی خۆی لە توانایدا هەیە ببێتە پرۆژەیەکی شارستانی بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگە له بوارە جیاجیاکاندا، بەبواری سیاسیشەوە.

بەهەرحاڵ پرۆژەی عەلمانیەتی عەرەبی و ئیسلامی بەحوکمی کارکردنی له واقیعێکدا کە ئەستەم بوو بەپێناسە و بەو بوارە تەسکەی بۆ ڕۆڵی دین له عەلمانیەتدا دیاری کراوە قایل بێ، خۆی بەناچار بینیوە پاشەکشە له هەندێ له قەناعەتە عەلمانییەکانی بکات، له دوو لایەنەوە:

لایەنی یەکەم: بەوەی خۆی وەک پرۆژەیەکی نائاینی یان دژەئاینی نەخاتە ڕوو وا خۆی نەناسێنێ کە پرۆژەیەکە بۆ سڕینەوەی ئیسلام، بەڵکو خۆی وەک ڕۆڵەیەکی هۆشیار و چاوکراوە و دڵسۆز و خەمخۆری ئاینەکە نیشان بدات کە هەوڵ دەدات ئاینەکە له ژێر باری عەقڵی دواکەوتووانە و خەمی دەسەلات و دەرهاوێشتەکانی ململانێ سیاسییەکان و مەترسی خراپ بەکارهێنان بپارێزێ، لێرەوە خوێندنەوەیەکی تایبەتیان بۆ ئاین و پێوەندی بەدنیا و دەوڵەت و سیاسەت و مرۆڤە وەبەرهەم هێنا، بەهیوای ئەوەی زهنیەتی گشتی بەرەو قبوڵکردنی عەلمانیەت ببات.

لایەنی دووەم: له ڕووی پەسندکردنی جۆرێک له دەسەلات بۆ ئاین کە عەلمانیەتی خۆرئاوا پێی ڕەوا نەدیوە، وەک ئەوەی کە زۆرێک له دەوڵەتە

عەلمانییەکانی عەرەبی و ئیسلامی لە دەستووری خۆیاندا تۆماری دەکەن کە «ئاینی دەوڵەت ئیسلامە».

دیارە هەوڵەکانی خاڵی یەکەم لە خزمەت شەرعییەت وەرگرتن و ئیسپاتبوونی ڕاستگۆیی ئەو تەرحەی دووەمە، چونکە دەستەواژەی «ئاینی دەوڵەت ئیسلامە» بەو واتایە وەرگیراوە کە عەلمانییەکان بە (ئاین)ی دەدەن و پێیان وایە تەنیا پێوەندیی ڕۆحی نێوان مرۆڤ و پەروەردکار ڕێک دەخات، دیارە ئیسلامییەکانیش بەم جۆرە تێگەیشتنە لە ئاین قایل نین، چونکە پێیان وایە مەبەستی دەوڵەت لە (دین) لەو دەستەواژەیەدا ئەو واتایەیە کە لە خۆرئاوا بۆ ئاین کراوە، کە لە هەندێ دروشمی ئیسلامیدا بەرجەستە دەبێ وەک «بانگدان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گواستنەوەی نوێژی هەینی و قەدەغەکردنی خواردن و خواردنەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا»، هەرچی بوارەکانی سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکی و پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن و ئابووری و دادوەری هەیە، حساب بۆ ئاین ناکرێ، یان حسابێکی کەمی بۆ دەکرێ.

## فیکری عەلمانی

## چۆن لە جەدەلیەتی ئاین/ سیاسەت دەڕوانێ؟

ئەگەر ڕووناکبیر و دەسەڵاتە عەلمانییەکانی ناوچەکە لەسەر هەر شتێک ناکۆکییان هەبێ -کە بێگومان ناکۆکی هەیە- ئەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆسپ لە بەردەم گەشەی بزاڤی ئیسلامیدا دروست بکەن، هەر لایەک بەو ئامراز و ڕێگەیەی کە باوەڕی پێیەتی.

دەسەڵات لە وڵاتە تاک حزبییەکان بە(سەرکوتکردن)و، لە وڵاتانی نیمچە دیموکراتدا بەپەراوێزخستن و گوشار خستنە سەر و ئیمتیازات پێ نەدان. ئەهلی فیکریش بەفیکر و پرۆژەی فیکری، بێگومان لەو بوارەدا سوود لە دەسەڵاتەکانی یەکتریش وەردەگرن. دەسەڵات ڕەواج بەبۆچوون و تەرحەکانی ئەهلی فیکر دەدات[١٤٨] ئەهلی فیکریش جارجارە بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئیعاز دەداتە دەسەڵات کە لە ئیسلامییەکان بێدەنگ نەبێ[١٤٩]

(١٤٨) وەک ئەوەی کە حکوومەتی جەزائیری -وەک عەشماوی خۆی دەڵێ: کتێبی (الاسلام السياسي)ی عەشماوی بڵاو کردووەتەوە تا بەرەنگاری ئیسلامییەکانی پێ بکات. بڕوانە: الاسلام السياسي، محمد سعيد العشماوي ص١٢.

(١٤٩) وەک کە د. فرج فودە بەڕاستەوخۆ حکوومەتی میسری لە دژی ئیسلامییەکان هان دەدا، بڕوانە: «النذير، فرج فودە ص ٢٢- ٢٣ ص٩٠» ئەمە لە کاتێکدا لە جێی تردا داوای دیموکراسیەت بۆ هەموو -بەئیسلامییەکانیشەوە- دەکات. بڕوانە الارهاب، فرج فودە، ص ٩ - ١٠

هەروەها "د. أحمد الغفري"یش وێڕای دژایەتیی توندی بۆ کپکردنی ئازادی و دیموکراسیەت، کەچی پاساو بۆ ڕژێمەکان دێنێتەوە ئەگەر هاتوو بۆ =

ئەوەی لێرەدا لێی دەدوێین تەرحەکانی ئەهلی فیکری عەلمانییە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ژێرخان و سەرمایە و ئامرازێکی فیکری و فەلسەفی ڕژێمە عەلمانییەکان دەبێ.

پرۆژەی عەلمانی چۆن لە پێوەندی ئاین (ئیسلام) و سیاسەت تێ دەگات و تێگەیشتنی ئیسلامی لەو بارەیەوە چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟ چ پرۆژەیەکی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەییاری ئیسلامی وەک تەییارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕەپانەکە؟ چەندە توانیویەتی ئیسپاتی بەرائەتی خۆی لە ڕووی ئاینییەوە بکات؟ چەندە توانیویەتی وەک پرۆژەیەکی فیکری مەعریفی دوور لە گوشارەکانی عەقڵی سیاسی و ئایدۆلۆجیای سیاسی درێژە بەکۆششی خۆی بدات؟ چەندە سەرکەوتوو بووە لە گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەک کە لە واقیعدا سەرکەوتنی خۆی -لە بوارە جیاجیاکاندا- زیاتر لە پرۆژەی ئیسلامی ئیسپات بکات؟

پرۆژەی فیکری عەلمانی -بەشێوەیەکی گشتی- بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ لە تۆمەتی (دژایەتیکردنی ئاین) کە بەحوکمی قووڵیی هەستی ئاینیی جەماوەر تۆمەتێکی کەمەرشکێنە بۆ هەر تەییارێکی فیکری، خۆی بەناچار دەبینێ کە چەندە دەتوانێ هەوڵ بدات تەرحەکانی وەک (ئیجتیهاد)، کە چەمکێکی ئیسلامییە و وەک میکانیزمێک بۆ نوێکردنەوەی ئیسلام پەسند کراوە، بناسێنێ، نەک وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری بۆ تێپەڕاندنی ئاین و جێگرتنەوەی بەئایدۆلۆجیایەکی دژە ئاینی. (سەیری بەرهەمەکانی محەمەد شەحرور بکە)

ئەگەر هەندێ هەوڵی تاک و تەرای لێ دەرکەین، وەک هەوڵەکانی عەزیز ئەلعەزمە و سادق ئەلعەزم، پرۆژەی فیکری عەلمانیی ناوچەکە خۆی وا نیشان دەدات کە پرۆژەیەکی نوێکردنەوەیە بۆ ئیسلام، نەک دژ و هەڵوەشێنەرەوە و،

---

= بەرەنگاربوونەوەی بزاڤە ئیرهابییە پەرگیرەکان بوو، کە بەنەفەسی نووسینەکەیدا پێدەچێ مەبەستی لەوە بزاڤە ئیسلامییەکان بێ بەگشتی. بڕوانە: حول الديمقراطية المركزية، أحمد الغفري/ دمشق ١٩٩٦ ص٧١.

هەوڵ دەدات بەرە لە ژێر پێی تەییاری ئیسلامی، دەربکێشێ، بەوەی تۆمەتباری دەکات بەدۆگماکردنی ئاین و بەبەکارهێنانی بۆ مەرامی سیاسی و گەیشتنە کورسیی دەسەڵات.

بۆ ئەم مەبەستانە پرۆژەی عەلمانی دەبێ حساباتی خۆی لەگەڵ ڕیشە و قووڵاییی بزاڤی ئیسلامی لە ناو دەقە پیرۆزەکان[١٥٠] (مێژوو)دا، کە بزاڤەکە پێگەی شەرعییەت و قووڵاییی جەماوەری خۆی لەسەر دامەزراندووە، یەکلا بکاتەوە و قسەی تێدا بکات و ئینجا لەو ڕوانگەیەوە بێتە سەر هەڵسەنگاندنی گوتاری ئیسلامی و ماهیەتی تەرحەکانی وەک دیاردەیەکی بابەتیی گۆڕەپانەکە.

***

پرۆژەی عەلمانی -بەجیاوازیی تەییارەکانییەوە- نەیتوانیوە نکۆڵی لەوە بکات کە قورئان تەنیا پەیامێکی ڕوحیی پەرستگایی نییە و بایەخی بەسیاسەت و ڕەوشی سیاسی و عەقڵی سیاسی داوە، یان نکۆڵی لەوە بکات کە پێغەمبەر (د.خ) کەسێکی تەنیا ڕوحانی و گۆشەگیر بووە و مومارەسەی سیاسەت و دەسەڵاتداری و ڕێبەرایەتیکردنی سیاسییانەی نەکردووە، چونکە بەڵگەکان لە (دەق) و لە (مێژوو) هێندە زۆرن ئینکاری هەڵناگرێ.

هەروەها نکۆڵییان لەوە نەکردووە کە پاش وەفاتی پەیامبەر، خەلافەت (دەوڵەت) لەسەر بناغەی ئاین (ئیسلام) دروست کراوە و قسەکردن لە

(١٥٠) ئەوەندەی من ئاگەداربم تەنیا عزیز ئەلعەزمە خۆی لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی حوکم بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژەی ئیسلامی لاداوە، چونکە ناوبراو پێی وایە مێژوو ملکەچی دەق نابێ، بەڵکو لە واقیعدا دەق ملکەچی مێژووە، بەو واتایەی کە «واقیع واتایەکی تایبەتی بەسەر دەقەکاندا فەرز دەکات لە ڕێی تەفسیر و تەئویلییەوە بەشێوەیەک کە وا ئیهام دەکرێ کە ملکەچی دەقەکان بوون، لە کاتێکدا دەق ملکەچی مێژوو بووە. بۆیە موناقەشەی ئەو ئایەتە قورئانییانە ناکەین کە باس لە دەسەڵات و حوکم دەکەن.» بڕوانە: العلمانية من منظور مختلف، ص ٣٨.

بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی جێی بایەخی زانا و موجتەهیدەکانی ئیسلام بووە.

هادی ئەلعەلەوی دوو پێناسە بۆ سیاسەت دێنێتەوە، یەکەمیان Statlehr کە لە زمانی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە و مانای زانستی دەوڵەت (علم الدولة) یان بە دەربڕینی خۆی (دەوڵەتیات) دەگەیەنێ، دووەمیان POLITIKی ئینگلیزییە کە مانای حەرفیی (سیاسەت) دەگەیەنێ، بەمانای هونەری سەرکردایەتیکردن و هونەری حوکم کە لای عەرەب بە(الدهاء) ناسراوە.(١٥١)

دواتر عەلەوی بەڕاشکاوی دەڵێ: «یەکەم سیاسی لە ئیسلامدا محەمەدە، هەر ئەویش یەکەم سەرکردە و یەکەم فەرمانڕەوایە، ئیسلام بەوە لە مەسیحییەت و بوزییەت جوێ دەکرێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە لە دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی سیستماتیکدا بەشێوەیەکی دنیایی، دەرکەوت کە سیفەتی دینی خۆی لە عەقیدە و وەحییەوەیە، بۆیە شتێکی سروشتییە کە مێژووەکەی هەر لە سەرەتاوە ڕەنگی ناکۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرێ. لە بەرامبەرەوە یەسوع و بوزا دەوڵەت یان کۆمەڵگەیان دانەمەزراندووە.»(١٥٢)

عەلەوی تەنانەت پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەوە واتە نووسەر، لەو کتێبەیدا مامەڵە لەگەڵ محەمەد و یاران و ئال و بەیتەکەی دەکات وەک ڕێبەری سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەویش لەو ڕووەوە کە ئەو باس لە مێژووی ئیسلامی دەکات نەک باس لە پێغەمبەرایەتی، چونکە پێغەمبەرایەتی لە فەلسەفە و لاهووتدا باس دەکرێ و پێوەندی بەمێژووی سیاسییەوە نییە(١٥٣)

بەمە عەلەوی پێغەمبەرایەتی و سیاسەت لە مومارەسەی پێغەمبەردا جوێ دەکاتەوە، بەو واتایەی کە سیاسەت شتێکی دنیاییە و لە دەرەوەی خواستەکانی پێغەمبەرایەتییە.

---

(١٥١) فصول من تاريخ الاسلام السياسي، هادي العلوي ص ٥- ٦

(١٥٢) هەمان سەرچاوە ص٩- ١٠

(١٥٣) هەمان سەرچاوە ص ١١

له جێیەکی تری کتێبەکەیدا عەلەوی مۆرکی سیاسیبوون لە بانگەوازەکەی محەمەد -هەر لە سەرەتاکانییەوە- دەردەخات و دەڵێ: «وێڕای ئەوەی ماوەیەکی درێژی لە مەککە بەسەر برد، بەڵام بۆی نەکرا کە مەسیحێکی دووەم بێ، ئەو ڕۆڵەی کە قۆناغەکە دەیخستە ئەستۆی ئەو، واعیزێکی دینی پێی هەڵناسێ و ئەوەندە ئاڵۆز و فراوان دەبێ بەشێوەیەک -ناتوانرێ- لە چوارچێوەی ئاینی ڕووتدا دیاری بکرێ».

عەلەوی دەڵێ: «وێڕای مۆرکی وەعزییانەی چالاکییەکانی محەمەد لە مەککە، کەچی لە ئایەتە مەککییەکاندا کۆمەڵە بابەتێک دەبینرێ کە لە تایبەتمەندیی پیاوی ئاینی نییە، وەک سەرکۆنەکردنی دەوڵەمەندەکانی قورەیش و بانگەوازکردنی بۆ فریاکەوتنی هەژاران... وەک تاوانبارکردنی موتریفەکان بەفەساد و دژایەتیکردنی چاکەخوازان و بەوەی ئەوان هۆی ئەو وێرانبوونەن کە تووشی نەتەوەکان دەبێ. بگرە قورئان زیاد لەوەش دەچێ کاتێ بەڵێن بە چەوساوە مستضعفەکان دەدات بەوەی دەبنە خاوەنی دەوڵەت و میراتگری زەوی و پێشەوا و حوکمدار، بەم شێوەیە هەر کە خەڵکی یەثریب موسڵمان بوون محەمەد بڕیاری دا کۆچ بکات بۆ ئەوەی بیکاتە سەنتەر بۆ چالاکییەکانی.

لە یەثریبیش محەمەد وێڕای مانەوەی بەپێغەمبەریی تەنیا واعیزێکی دینی نەبوو، بەڵکو بوو بەسەرکردەی سیاسی و سەربازیی ئەو کۆمەڵەی کە لە کۆچکەر و یاریدەدەرەکانی پێک هاتبوو. پەرەسەندنی کۆمەڵەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی کە بتوانێ ئەرکەکانی بانگەواز ڕاپەڕێنێ ڕەهەن بوو بەوەی محەمەد دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵەکەدا هەبێ، واتە هەردوو سیفەتی پێغەمبەر و فەرمانڕەوا لە خۆیدا کۆ بکاتەوە.

بەپێی قورئان، داود پێغەمبەر -بەپێی ئایەتی ژمارە (٢٧) لە سورەتی ص- تەنیا پێغەمبەر نەبوو، بەڵکو خەلیفەیەک بوو کە فەرمانی پێ کرابوو حوکم لە نێوان خەڵکدا بکات بەهەق، موستەزعەفەکان هەر لە فەترەی مەککییەوە

بەڵێنیـان پێ درابـوو بەوەی ببنە دەســەڵاتدار. وشــەكـانـی (الملك) لە هـەندێ سورەتدا دەلالەتی بۆ دەسەڵاتی سیاسی تێدایە.[١٥٤]

دەربارەی پێــوەندی خـــەلافــەتیش بە (ئایـن)ەوە دەڵێ: «لـە ســـەردەمـــە ئیسلامییەكاندا، فەرمانڕەدا سیفەتێكی دووسەرەی هەبوو، چونكە هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و زەمەنیی لە دەستدا بوو، ئەو لە هەمان كاتداحوكمڕان و پیاوی ئاینی بوو.»[١٥٥]

محمد سیعد العشماوی -وەك پێشتریش ئاماژەم بۆ كرد- وێڕای هەوڵەكانی بۆ دابڕینی خەمی سیاسی لە كاری ئیسلامی، دان بەم ڕەهەندە سیاسییەی ئیسلام و مومارەسەی سیاسی پێغەمبەردا دادەنێ، عەشماوی دەڵێ: «ئیسـلام بەتایبەتی لە مـەدینە سـیـسـتم بوو، دواتر لـە بەغـدا بوو بەشارستانیەتی».

هەروەها دەڵێ: «شـەریعـەتی ئیـسـلام لە ناخ و جـەوهـەردا عـەدالەتێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و دادوەرییە.»[١٥٦] «ئیسلامی ڕاستەقینە لە بواری سیاسیدا لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشدیندا جێبەجێ كرا»[١٥٧] «حكوومەت لە سەردەمی پێغەمبەردا حكوومەتی خوا بوو»[١٥٨]

عەلی وەردی دەڵێ: «قورئان كتێبێكی ڕەببانی مەزنە و تۆماری شۆڕشی محەمەدییە، ئیسلام سەرەتا بەسیستمێكی دیموكراسییانە دەستی پێ كرد، بەڵام دوای ئەوەی معاویە قورئانەكانی بەرز كردەوە دیموكراسیەت بزر بوو. ئیسلام لەو كاتەدا لە سەرەتای شۆڕشەكەیدا بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە كە حكوومەتەكەی زیاتر لە حكوومەتی شۆڕش چووە تا لە حكوومەتێكی ئاسایی،

(١٥٤) هەمان سەرچاوە، ٢٤- ٢٥
(١٥٥) هەمان سەرچاوە، ص١٠١
(١٥٦) الاسلام السياسي. محمد سعيد العشماوي، ص٨٩
(١٥٧) هەمان سەرچاوە ص١٢٠
(١٥٨) هەمان سەرچاوە.

نیکلســون جــەنگی بەدر بەگــەورەترین جــەنگ دادەنێ کــە ڕووی مــێــژووی گۆڕی»[١٥٩]

محـەمەد ئەرەگۆن دەڵێ: «لە فەترەی مـەدەنییـەوە – فەترەی نیشتـەجێبوونی پێغەمبەر (د.خ) لـە مەدینە– ئیسلام وەک ئاینێک کە سـەرکـەوتنێکی سیاسی پشتگیری لێ دەکات خۆی فەرز کرد.»[١٦٠]

دیراسـەی هـەر کام لە پرۆژەکـانی ڕووناکبیرانی عـەلمانی ئەم نزیکانە بکەیت بۆچوونی دەربارەی پێوەندی ئاین و سیاسـەت لە دەقەکانی ئیسلام و کردەوەی پێــغــەمــبــەر (د.خ) دا لەم چوارچێـوەیەدا دەســووڕێتــەوە و دان پێـدانـانی ڕاشکـاوانە، یان ناڕاســتــەوخــۆی تێــدایە بەوەی ئاینەکــە بـایەخ و ئـەرکی سیاسیشی هەبووە.

دەمـێنێـتــەوە بزانین ئـاخـۆ لە بـارێکدا وەک (دەق) و وەک (ســیــرە) و وەک (مێژوو) مومارەسـەی سیاسیی و کـارکردن لەسـەر داڕشتنی عەقڵی سیاسی و ئاراستـەکردنی سیـستـمی سیاسی واقیع، بەشـێک بێ لە ئیسـلام، پرۆژەی عەلمانی، کـە خۆی وەک پرۆژەیەکی ئیجتیهادی ناوەخۆیی نیشان دەدات، چۆن پاسـاو بۆ بـوونی عـەلمانیـەتی خـۆی دەکـات و خـۆی لەو شـێـوە بنـەڕەتیـیـەی مومارەسـەی ئیسلامی دادەبڕێ و ڕەخنە لە پرۆژەی ئیسلامی دەگرێ کە خۆی بەدرێژە پێدەری ئەو ڕەوتـە ئەسڵییە دادەنێ، بەڵگەیشی هـەمـان دراوەکانی ئەو سەردەمەیە کە لە پێشەوە ئاماژەیان بۆ کرا؟.

چۆنیـەتی ئیشکردنی بیر بۆ گـەیشتن بە حەقیـقەت لە بوارێک لە بوارەکاندا دوو ڕێگە یان دوو میتۆدی هـەیە: یەکێکیـان ئەوەیە توێژەر دێ پێش چوونە ناو قـووڵاییی شـیکردنەوە و لێکدانـەوە و بەراوردکـارییـەکـانی، بەرەنجـامـەکـە لە سـەرەتاوە وەک (حـەقیـقـەت) ڕادەگـەیەنێ و ئینـجـا شـیکردنەوە و لێکدانەوەی عەقڵکاری دەکات بەشێوەیەک ئاکامە مەنتقییەکەی ئەو بەرەنجامە بێ کە خۆی

---

(١٥٩) مهزلة العقل البشري، د. علي الوردي، ص ١٧١ – ١٨٣

(١٦٠) الفكر الاسلامي – قراءة علمية، محمد اراكون/ ت: هاشم صالح، ص ١١٥

له سەرەتاوە ڕای گەیاند.

دووەمیان ئەوەیە کە توێژەر خۆی لە هەر قەناعەتێکی پێشوەخت و مەیلێکی ئایدیالۆجیانەی لایەنگرانە دادەبڕێ-ئەگەر ئەمە ئیمکانی هەبێ- و بە بێ دیاریکردنی هیچ بەرەنجامێکی پێشبینیکراو، بەشێوەیەکی بابەتییانە لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە، جا ئاراستەی شیکردنەوە و لێکدانەوەکە بەچ بەرەنجامێکی گەیاند ئەوە وەک (حەقیقەت) قبووڵ دەکات با لەگەڵ ئایدۆلۆجیا و پرۆژە و تێزە ستراتیژییەکانی خۆیشیدا ناکۆک بێ.

ئەگەرچی کەمێکی کەم لە توێژەران دان بەم ڕاستییەدا دەنێن، بەڵام لە واقیعدا، ئەگەر نەڵێم هەموو، بەشی هەرەزۆری توێژەران بەڕێژەی جیاجیا، لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیاندا پەیڕەوی لە ڕێگەی یەکەم دەکەن.

ولیەم جیمس دەڵێ: «حەقیقەت هیچ نییە جگە لە گریمانەیەک کە مرۆڤ گریمانەی دەکات تا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژیان پشتی پێ ببەستێ»[١٦١]

پێم وایە ڕووناکبیرانی عەلمانیش، وێڕای خۆ هەڵبڕینی زۆریان بە (نائایدۆلۆجیایی بوون) و (مەعریفەتخوازی) و (مەوزووعیەت) و (بەرائەتی فیکری) و (وەلاخستنی قەناعەتی پێشوەخت) و (بیرکردنەوەی زانستییانە)وە، لە خوێندنەوەیان بۆ کولتوور و مێژووی ئیسلامی و پێوەندی ئاین و سیاسەت و پرۆژەی عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامی و (ئیسلامی سیاسی)، بەزهنیەتێکی ئایدۆلۆجییەوە دەستیان داوەتە کار و شیتەڵکاری و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە.

پێش لەوەی دەست بدەنە خوێندنەوەکانیان مێژوو ئەگەر پرۆژەیەکی عەلمانیشیان نەبووبێ مەیلێکی عەلمانییان لا دروست بووە. ئەم مەیلە یاخۆ ئەم نەزعەیە بووەتە گریمانەیەکی سەرەتایی بەحەقیقەت وەرگیراو بەشێوەیەک کە وا بخوازێ ئەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و فیکرییەکان لە

---

(١٦١) مهزلة العقل البشري/ د. علي الوردي، ص ١٤٠

خزمەتی ئاراستەکردنی فیکری توێژەر و خوێنەردا بن بۆ ئەو ئاراستەیە. واتە ئەوان "عەلمانی"ن و دواتر هەوڵ دەدەن بەڵگە بۆ ئەو فیکرەیە لە ئاین و مێژوو بدۆزنەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەبینی هەموو پرۆژەکان بەرەو یەک ئامانج کار دەکەن، کە ئەویش سەندنەوەی مەرجەعیەتە لە (دەق)، بەتایبەتی مەرجەعیەتی سیاسی لە ڕێی خوێندنەوەی جۆراوجۆرەوە، کە هەموو لە خزمەتی هەمان ئامانجدان. چ ئەو هەوڵانەی کە بەپێی میتۆدێکی ماتریالیی فەلسەفی بۆ خوێندنەوەی (دەق، کولتوور)(*) دراون و چ ئەو هەوڵانەی لەسەر بناغەی میتۆدێکی تا ڕادەیەک عەفەوی دراون، هەموو دەیانەوێ ئامانجە ستراتیجییەکەی عەلمانیەت (دابڕینی ئاین لە سیاسەت) بەپلەی یەکەم و دواتر ئاین لە مەرجەعیەتی فیکری و کۆمەڵایەتی دابڕن، بۆ نموونە:

هادی عەلەوی پێی وایە محەمەد هەم پێغەمبەر و هەم سیاسی و سەرکردەی دەوڵەت بووە بەتایبەت پاش کۆچکردن بۆ مەدینە دواتر فەتحی مەککە، بەڵام لە هەمان کاتدا کارە سیاسییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان دەخاتە دەرەوەی مەرج و خواستەکانی پێغەمبەرایەتییەوە لەو ڕووەوە کە پێی وایە دەتوانێ باس لە محەمەد وەک سەرکردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جیا لە جەوهەری کەسایەتییەکەی کە پێغەمبەرایەتییە، بکات و پێی وایە باسکردن لە پێغەمبەرایەتی تایبەتی فەلسەفە و لاهووتە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەر پێی وایە پێغەمبەرایەتی تەنیا پەیامێکی ڕوحییە و پێغەمبەر تەنیا (واعیز) و (مەسیح)ە.

هەروەها ئاماژەکردن بەوەی کە محەمەد هەوڵی داوە خاڵی هاوبەش لەگەڵ هەندێ لە نەیارەکانی بدۆزێتەوە تا پایەی خۆی بەهێز بکات، وەک هێشتنەوەی (حجر الاسود) وەک ئاسەوارێک لە ئاسەوارەکانی شیرک و گۆڕینی بۆ

(*) لە بارەی جیاوازیی نێوان عەلمانیەتی عەفەوی و عەلمانیەتی فەلسەفی، دەتوانین سەیری (مرۆڤایەتیمان لە بۆسەی ئایدیۆلۆژیادا). عومەر عەلی غەفوور، ٢٠٠٩، بکەین.

مەنسەکێکی ئیسلامی، کە ئەمە لە دەرەوەی بازنەی عەقیدەیە (لای نووسەر)، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە مومارەسەی سیاسی شتێکە جیا لە عەقیدە.[١٦٢] عەلەوی پێی وایە «ڕەفتاری سیاسی خواستی تایبەتی خۆی هەیە کە ڕەنگە لە بنەما ئەخلاقییەکە دوور یان نزیک بێتەوە...»[١٦٣]

هەروەها دەڵێ: «محەمەد دەیتوانی ئازادی جموجۆڵی ئەوتۆی هەبێ کە هیچ واعزێکی ئاینی، یان فەیلەسووفێکی ئەخلاقی کە لە خەمی تیۆریزەکردنی مەبادیئدا بێ نایبێ»[١٦٤]

وا تێدەگەم مەبەستی ئەوەیە بڵێ سیاسەت و ئەخلاق بەسروشت دوو شتی لێک جودان، تەنانەت پێغەمبەریش کاتێ مومارەسەی سیاسەتی کردووە سنووری خواستەکانی ئەخلاقی –وەک حەتمیەتێک– بەزاندووە و ئەو کارانە شتێک بوون لەدەرەوەی سروشتی پێغەمبەرایەتی. لەبەرئەوە دەڵێ: «هەندێ لە ئەهلی فیکر پێیان وایە سەرکەوتنی چەکدارانەی پێغەمبەر سەرەتای قەیرانە لە چەمکی پێغەمبەرایەتیدا.»[١٦٥]

بەپێی ئەم تیۆرەی عەلەوی: ئەگەر مومارەسەی پێغەمبەریش لە بواری سیاسەتدا بەبەزاندنی سنووری پێغەمبەرایەتی تەواو بووبێ، ئەوە ئاساییە کە لە مومارەسەی دوای ئەودا زیاتر و قووڵتر دەبێ، چونکە سیاسەت شتێکە و ئاین و پێغەمبەرایەتیش شتێکی تر.

هەندێکی تر پێیان وایە مومارەسەکردنی پێغەمبەر بۆ سیاسەت و دەوڵەتداری مانای ئەوە نییە کە دەبێ ئاین بکرێتە بناغەی کاری سیاسی و دەوڵەت، چونکە ئەگەر وابوایە دەبوو ئیسلام بەڕاشکاوی باسی بکردایە، بەڵام دەقێک نابینین کە بەڕاشکاوی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بکات

---

(١٦٢) فصول من تاريخ الاسلام السياسي. هادي العلوي، ص ٢٧.

(١٦٣) هەمان سەرچاوە، لا ٣٩

(١٦٤) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

(١٦٥) هەمان سەرچاوە، لا ٢٧

یان تیۆرێک بۆ کاری سیاسیی ئیسلامی دابڕێژێ. هەرچی ئەو دەقانەن کە وشەی (حکم)یان تێدا بەکارهاتووە ئەو واتا سیاسییە ناگەیەنێ کە لە فەرهەنگی سیاسی ئەمڕۆدا هەیەتی.

د. محەمەد ئەحمەد خەلەفەلا دەڵێ: «دوو جۆر حوکم هەیە، حوکمکردنی خەڵک و، حوکم لە نێوان خەڵکدا. پاشا حوکمی خەڵک دەکات، پێغەمبەر حوکم لە نێوان خەڵکیدا دەکات... قورئان بەردەوام پێغەمبەر (د.خ) بە (رسول) وەسف دەکات و تەنیا یەک جاریش بە پاشا یان سەرۆک دەوڵەت وەسفی نەکردووە.»[١٦٦]

هەروەها دەڵێ: «لە ڕێنوێنییەکانی قورئانەوە دیارە کە خەلافەت خەلافەتێکی مەدەنییە -مەبەستی عەلمانی یان بەشەرییە- جیاوازی هەیە لە نێوان دوو شتدا: یاسای بنەڕەتی کە بینا و سیستەمی دەوڵەتی لەسەر دامەزراوە، لەگەڵ ئەو یاسایەی کە پێوەندییەکانی نێوان خەڵک ڕێک دەخات، ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان خەڵک ڕێک دەخات شەریعەتی ئسلامییە، ئایەتی «ومن لم یحکم بما انزل اللّه فاولئك هم المفسدون» لەسەر ئەم بوارەیە[١٦٧] دەکرێ پێغەمبەر سەرۆکی دەوڵەت بووبێ، بەڵام لەسەر داوای خوا نەبووە، بەڵکو لەو ڕووەوە بووە کە ئەو کۆمەڵگەیەکی دروست کردووە»[١٦٨]

---

(١٦٦) مصر بين الدولة الاسلامية والدولة العلمانية، ص ٤١-٤٢

(١٦٧) هەمان سەرچاوە، ص ٤٤-٤٥ ئەم گوتەیە د. خلف الله لەمیانەی مێزگردێکدا لەگەڵ د. فەرج فودە «ئەمان وەک عەلمانی» لە بەرامبەر کۆمەڵێ زانا و بیرمەندی ئیسلامی: "شێخ محەمەد غەزالی، محەمەد عمارە، مأمون الهضيبي" لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ لە هۆڵی "پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتی" لە قاهیرە، بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر ساز کراوە و سەنتەری ڕاگەیاندنی عەرەبی دەقی مێزگردەکەی کردووەتە کتێب، لەم کتێبەدا -وەک دیارە- د. خلف الله بەهەڵە کۆتاییی ئایەتەکەی بە «فاولئک هم المفسدون» هێناوە کە خۆی «فاولئک هم الکافرون»ە.

(١٦٨) مصر بين الدولة السلامية والدولة العلمانية، ص ٧٤.

د. مەحموود ئیسماعیل پێی وایە تێگەیشتنێکی دیاریکراو نییە سەبارەت بەبنەما و بنچینەکانی دەوڵەت لە ئیسلامدا و سروشتی ئەو دەوڵەتە کە ئایا دەوڵەتێکی سیۆکراتییە یان زەمەنی.(١٦٩)

محەمەد سەعید عەشماوی پێی وایە زەرورەتی بوونی حکوومەت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ناکاتە زەرورەتی حکوومەتێکی ئیسلامی(١٧٠)

عەشماوی دەڵێ: «نە قورئانی پیرۆز و نە سوننەتی پێغەمبەر هەڵنەساون بەڕێکخستنی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی، تەنیا ئایەتێک یان فەرموودەیەکی (صحیح) نییە کە سیستمی حوکم لە ئوممەتی ئیسلامدا ڕێک بخات، یان مافی دەسەڵاتدارەکان «خەلیفە بێ یان ئیمام یان سەرۆک» دیاری بکات، چونکە ئیسلام چاک دەزانێ هەر دەسەڵاتی سیاسی بەدەست سەرکردەیەکی ئاینییەوە بێ، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ستەمکاریی سیاسی بەناوی ئاینەوە»(١٧١)

دواتر دەڵێ: «بیرۆکەی -ان الحكم الا لله- و -الحاكمية لله- یەکەم جار لە ڕێی بیروڕاکانی خەواریجەوە هاتە ناو فیکری سیاسیی ئیسلامی و فیکری ئاینی ئیسلامی و -دواتر- خەلیفەی ئەمەوی و عەباسییەکان دووبارەیان کردەوە و بوو بەبەشێک لە تێگەیشتنی ئیسلامی»(١٧٢)

هەروەها عەشماوی پێی وایە وشەی (الحكم) لە قورئاندا ئەو دەلالەتەی نییە کە لە سەردەمی ئێستادا هەیەتی کە مەبەست پێی «دەسەڵاتی سیاسی»یە، بەڵکو وشەکە لە قورئاندا بەمانای دادوەری نێوان خەڵک لە ناکۆکی نێوانیاندا، یان روشد و حیکمەت دێ(١٧٣)

---

(١٦٩) الاسلام السياسي بين الاصوليين والعلمانيين، ط١٩٩٣، ص ٧٤-٧٥.

(١٧٠) الاسلام السياسي. محمد سعيد عشماوي، ص٢٧

(١٧١) هەمان سەرچاوە، ص ٥١

(١٧٢) هەمان سەرچاوە، ص ٥٢

(١٧٣) هەمان سەرچاوە، ص ٥٧

عـەشـمـاوی وا دەبینێ کـە ئیـسـلام حکوومـەتی دروست کـردووە، بەڵام حکوومەتەکەی پێغەمبەر حکوومەتێکی ئاینیی ئیسلامی بووە کە بەحکوومەتی خوا (حکومة اللّه) ناوی دەبات. پێغەمبەر بەپێی وەحی خوا و لە ژێر چاودێریی خـوادا حـوکـمـی دەکـرد، حکوومـەتەکـەش حکوومـەتی (تەحکیم) بوو نەک حکوومەتی (حوکم) مەگەر لە هەندێ حاڵەتدا نەبێ. دوای پێغەمبەر حکوومەت دەبێتە حکوومەتی خەڵک و بەپێی بارودۆخی خۆیان دیاری دەکەن. حکوومەتی ئیسـلام دوای پێغەمـبەر حکوومەتێکی مەدەنییە کە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و حکوومەتێکی ئاینی نییە.(١٧٤)

***

یەکـێکی تر لەو پرۆژانەی کـە هەوڵ دەدات مـەرجـەعـیـبـوونی (دەق) و دراوەکانی سەردەمی دامەزراندنی ئیسلام هەر لەو سەردەمەدا چەق بەستوو بکات و شەرعییەت لە بانگەشەی تەیاری ئیسلامی بۆ پیادەکردنی شەریعەت، بکێشێتەوە، یان لانی کەم لە مەودایەکی تەسکتردا سنوورداری بکات، ئەو پرۆژەیەیە کە دەقەکان وەک دیاردەیەکی مێژوویی (بەواتای وابەستەبوونیان بەقۆناغی مێژوویی سەردەمی دابەزینیان)، دەخاتە ڕوو.

گارودی ئوسوڵیەتی ئیسلامی بەنەخۆشی ئیسلام دەبینێ لەو ڕووەوە کە شەریعەت و "فیقه" تێکەڵ دەکات. شەریعەت لای گارودی لێرەدا «بریتییە لەو ڕێگە ئەخلاقییە ئەبەدییە شامیلەی کە هەموو پێغەمبەران لەسەر ناوی خوا کردوویانەتەوە، هەرچی فیقهە ئەوەیە بەئیلهام وەرگرتن لە شەریعەت لە هەموو سەردەمێکدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی سەردەم بەرهەم دەهێنرێ.»

مەبەستی گارودی لە (فیقه) لێرەدا هەموو ئەو حوکمە ئیسلامییانەیە کە بۆ ڕێکخستنی بوارە جیاجیاکان لە قورئان و سوننەتدا دیاری کراون و لای موسڵمانان وەک ئەحکامێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. گارودی دەڵێ: «ئەم نەخۆشییە -بریتییە لەوەی دەویسترێ یاسای جینائی

---

(١٧٤) هەمان سەرچاوە، ص ١١٤، ص ١١٨

سەدەی حەوتەم وەک بڕینی دەستی دز، یان جەڵدکردنی زیناکەر جێبەجێ بکرێ، یان دەویسترێ یاسای مەدەنی و یاساکانی باری کەسایەتی کە لەگەڵ هەلومەرجی مێژوویی سەدەی حەوتەمدا گونجاون لە بواری کاروبارەکانی زەواج و تەڵاق و میراتدا جێبەجێ بکرێن. گارودی پێی وایە قورئان داوای ئەم جیاکردنەوەیەمان لێ دەکات.(١٧٥)

هەروەها لە چوارچێوەی ئەم ڕەوتەدا ڕەوتێک هەیە تێگەیشتنی بۆ مێژووییبوونی دەقەکان بەو شێوەیەیە کە: بێ لەوەی نکۆڵی لە ئاسمانیبوونی سەرچاوەی (دەق) بکات پێی وایە دەقەکان لە هەمان ئەو مادە مەعریفییانەی ئەو سەردەم و کۆمەڵگەیە دارێژراون کە تێیاندا دابەزیون، بەو واتایەی کە بیرکردنەوە و ئاستی تێگەیشتن و باری مەعریفی «کە دەکاتە فەرهەنگی کۆمەڵگە» لە ناو دەقەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە دەبێ دەقەکان لە چوارچێوەی تێگەیشتنی خەڵکی ئەو ناوەند و سەردەمەدا بخوێنرێتەوە، نەک لە ڕوانگەی عەقڵ و فەرهەنگ و مەعریفەی ئەم سەردەمەوە کە چەمکەکان واتا و دەلالەتی تریان وەرگرتووە. ئەمەش چەند ژمارەیەکی لێ دەخوێنرێتەوە:

١- ئەو ئەحکامانەی دانراون تایبەتی ئەو سەردەمەن و ناکرێ وەک یاسایەکی گەردوونی و نەگۆڕ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

٢- ئەو تێگەیشتنانەی ئێستە دەربارەی بابەتە عەقیدییەکان لە ناو موسڵمانان‌دا باون، دەربڕی لە تێگەیشتن و وێناکردنی عەقڵی ئەو سەردەمە دەکەن بۆ ئەو بابەتانە «وەک مەسەلەی بەهەشت و جەهەننەم و...».

٣- ئەگەر بمانەوێ (دەق) بەزیندوویی و کارایی لە سەردەمی ئەمڕۆدا بمێنێ و ئیسلام نوێ بکەینەوە، دەبێ میتۆدێکی تر (میتۆدەکانی دەلالەتناسی و

---

(١٧٥) الاسلام، روجیە غارودی/ ت وجیە اسعد، ط ١٩٩٧/ ص ٧٨-٨١ هەروەها بڕوانە: نحو حرب دينية/ روجية غارودي، ت: صباح الجهيم، ط ١٩٩٧، ص ٣٤-٣٥.

مـێـژووناسی نوێ و سـۆسـیـۆلـۆجـیـا و سـایکـۆلـۆجـیـای مـێـژوویی و ئەنثـرۆپـۆلـۆجـیـای ئاینی و... هتد بـۆ خـوێندنەوەی دەق جـیـا لەو مـیـتـۆدە فیقهیە کلاسیکییەوە کاری پێ کراوە بگرینە بەر، ئەویش لە ڕێی پرۆسەی تەئویلەوە.(١٧٦)

(١٧٦) بۆ نموونە بڕوانە کارەکانی ئەرگۆن و نصر حامد ئەبوزەید.

## عەلمانییەکان پەسنی ئاین و سەرکۆنەی بەسیاسیکردنی

ڕەوتی عەلمانی -بەپرۆژە جیاکانییەوە- بۆ پشت ئەستوورکردنی تێزی خۆی لە بارەی جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و دەوڵەت، ئاماژە بەمەترسیی شێواندنی ئاین لە ڕێی بەئایدۆلۆجیاکردنی لەلایەن گرووپێکی سیاسییەوە و کردنی بەپاساوێک بۆ خۆ سەپاندن و تاکرەوی و سەرکوتکردنی نەیارانی دەکات. بەڵگەشی ئەو ململانێ سیاسییە خوێناوییەیە کە لە مێژووی ئیسلامدا لەسەر دەسەڵات ڕووی داوە و ئەو زەبر و زەنگەی لە سەردەمی خەلافەتەکانی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانیدا دژ بەنەیارانی سیاسی کراوە، کە تێیدا ئاین کراوەتە پاساوی شەرعیەتی دەسەڵات و پاکتاوکردنی نەیاران.

لە گوتاری عەلمانییەکاندا دوو دیاردە بەزەقی بەرچاو دەکەوێ:

١- وەسفکردنی ئیسلام بە ئاینی سۆز و خۆشەویستی و یەکسانی.

٢- سەرکۆنەی بەسیاسەتکردنی ئیسلام و نیشاندانی وەک دەستدرێژی بۆ سەر پیرۆزیی پەیامی ئیسلام.

**چەند نموونەیەک لەسەر بۆچوونەکان:**

* عەشماوی دەڵێ: «خوا ویستی وا بوو (ئەم ئاینە) ئیسلام بێ و خەڵک ویستیان سیاسەت بێ. ئاین گشتی و هەمەلایەنەیە، بەڵام سیاسەت کەم و کورت و دیاریکراو و خێڵەکی و ناوەخۆیی و کاتییە... ئاین بڵندترین و سامیترین -هەستەکان- لە مرۆڤدا هەڵدەقوڵێنێ، سیاسەت نزمترین هەست لە مرۆڤدا دەورووژێنێ، سیاسەتکردن بەناوی ئاینەوە یان مامەڵەکردن لەگەڵ ئایندا بەشێوازی سیاسەت دەیگۆڕێ بۆ کۆمەڵە جەنگێک کە کۆتاییان نایە.

بۆیە بەسیاسەتکردنی ئاین یان بەئاینکردنی سیاسەت تەنیا لە فاجر و شەڕانییەکان یان لە کەسانی نەفام و نەزان دەوەشێتەوە.»[177]

هەروەها دەڵێ «لە بواری ئابووریدا یاسایەک هەیە پێی دەوترێ یاسای جریشام کە دەڵێ: دراوی بێ نرخ دراوی باش لە بازاڕ دەردەکات. لە بواری سیاسەتیشدا یاسایەکی هاوشێوە هەیە کە پێی وایە بەها بێ نرخەکان بەها بەرزەکان لە واقیع دەکەنە دەرەوە.»[178]

«بەهۆی تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەتەوە خەلیفە بوو بەخەلیفەی خوا نەک بەخەلیفەی موسڵمانان. چ بەعەقیدە بێ یان بەواقیع خەلیفە بوو بەمەعسوم لە کار و گوفتاریدا و ڕا و حوکمی خۆی بەسەر خەڵکدا فەرز کرد.»[179]

«دەسەڵاتداری -ستەمکار- کاتێ خۆی دەکاتە وتەبێژی ئاین و خۆی لە شەریعەت هەڵدەسوێ، خۆی دەکاتە نوێنەری زاتی خودا و بەناوی هێزە گەردوونییەکانەوە دەجووڵێتەوە و بەناوی وەحییەوە قسە دەکات و خۆی دەکاتە موفەسیری دەقەکان و چاودێر بەسەر عەقڵی خەڵک و گشت ئیرادەکانەوە.»[180] «لە مێژووی ئیسلامدا کاتێ ئوممەت لە پێشکەوتندا بوو ڕا بە ڕا و ئیجتیهاد بەئیجتیهاد وەڵام دەدرایەوە لە مەسەلەی زۆر هەستیاردا. کەس لەسەر بۆچوون کەسی تەکفیر نەکردووە و لەسەر قسە نەیکوشتووە. تەکفیر و کوشتن لەسەر ڕا کاتێ ڕووی دا کە سیاسەت تێکەڵ بەدین کراوە.»[181] «ئیسلامی ڕاستەقینە -نەک ئیسلامی مێژوویی- زۆر مکوڕە لەسەر ئەوەی کە ئاین بۆ ئامانجی سیاسی بەکار نەهێنرێ.»[182]

---

(١٧٧) الاسلام السياسي، محمد سعيد العشماوي، ص ١٧

(١٧٨) هەمان سەرچاوە، ص ١٩

(١٧٩) هەمان سەرچاوە، ص ٢٣

(١٨٠) هەمان سەرچاوە، ص ٤٠

(١٨١) هەمان سەرچاوە، ص٨٢

(١٨٢) هەمان سەرچاوە، ص ١١٨

* د. مەحموود ئیسماعیل دەڵێ: «قورئان دوورە لە بەئایدیۆلۆژیاکردن، بەڵام -بەداخەوە- بۆ خزمەتی هەوا و بەرژەوەندییەکان تەوزیف کراوە. کۆمەڵە سیاسییە ئاینییەکان بەردەوام بەپشت بەستن بەئایەتەکانی قورئان بەرگری لە هەڵوێستەکانیان دەکەن.»(١٨٣)

* ئەرەگۆن دەڵێ: «لەبەر ئەم هۆیانە بانگەشە بۆ پشکنینی ڕەخنەگرانەی دیاردەی ئاینی دەکەین، مەبەستم لەمەش پشکنینی ڕەخنەگرانەیە بۆ ڕەهەندەکانی مانا و پێوەندیی بەویستەکانی هەیمەنەتەوە، کە ماناکە دەگۆڕێ بۆ سیستمێک لە هەیمەنەت و دەست بەسەراگرتن. مانا لە سەرەتادا بێگوناه (بريء) دەبێ و هەرواش دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بۆ مومارەسەی هەیمەنەت بەکار دەهێنرێ، بەڵام ئەزموونی مێژوویی دەری خستووە کە دەگمەنە مانایەک یان بیرێک لە بەکارهێنانەکانی هەیمەنەت ڕزگاری ببێ.»(١٨٤)

هەروەها دەڵێ :«ئامانج لە هەموو کارە ڕەخنەییییەکانم لە بواری شیکردنەوەی عەقڵی ئیسلامیدا ئەوەیە ئیسلام لە خزمەت دەسەڵاتی هەژموونگەرا و مادی و دنیاییە ڕاستەوخۆکان ڕزگار بکات، تا بگەڕێتەوە بۆ پاکێتی یەکەم و ڕوحیانەتە سافەکەی و پاک ڕاگرتنی لە هەموو غەرەزەکانی دنیا و شتە نزمەکانی «وما الحياة الدنيا الا متاع الغرور». لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا ئیسلام بەئاین نەماوە، بەڵکو بووەتە ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی کە هێزەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەمان کاتدا مامەڵەی لەسەر دەکەن.»(١٨٥)

* شبلی ئەلعەیسەمی دەڵێ: «تێبینی دەکەین لەو کاتانەدا کە سیاسەت لەگەڵ ئاین تێکەڵ کراوە و خەلیفە و والییەکان تەبەنای مەزهەبێکی تایبەتی

---

(١٨٣) الاسلام السياسي- د. محمود اسماعيل، ص ٧٩

(١٨٤) الاسلام. اوروبا. الغرب. محمد اركون/ترجمة واسهام: هاشم صالح، ص٢٣- ٢٤

(١٨٥) هەمان سەرچاوە، ص ٢٠٣

وەک سوننە یان موعتەزیلە یان شیعەیان کردووە، ڕووداوەکانی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی پیاوانی فیکر دەرکەوتووە و توند بووە و لەوە نێزیک بووەتەوە کە لە ئەوروپا لە سەردەمی ململانێی هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و زەمەنیدا ڕووی داوە. حاکم هەر حاکمێک، بەزۆری پەنا بۆ لایەنە کردەیی (براگماتی)یەکان دەبات لە بەڕێوەبردنی حوکم و کاروباری دەوڵەتدا و لێرەشەوە دەیەوێ مەزهەب و ئیجتیهادە ئاینییەکان بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی بقۆزێتەوە».[١٨٦]

هەروەها دەڵێ: «ئاین، مرۆڤ لە نێوان خۆی و بەدیهێنەریدا مومارەسەی دەکات و پێوەندی بەکاروباری دەوڵەت و سیاسەت ئیدارە و یاساکانییەوە نییە.»[١٨٧]

* فەرەج فودە دەڵێ: «جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و کاروباری حوکم، لە بەرژەوەندیی ئاین و لە بەرژەوەندی سیاسەتیشدایە پێکەوە، بەڵام دژ بەوەم ئاین وەک بناغەیەک لە بناغەکانی کۆمەڵگە فەرامۆش بکرێ.»[١٨٨]

ئەمیش چونکە فودە پێی وایە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت لەلایەن هەر لایەنێکەوە وا دەکات هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی بەهەڵوێستی ئاین لە قەڵەم بدات و نەیارانی بەنەیاری ئاین تۆمەتبار بکات.[١٨٩]

ئەم دەقانە چەند نموونەیەک بوون لە تێگەیشتنی پرۆژەی عەلمانی لە پرسی تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت، کە پوختەکەی ئەوەیە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت شێواندنی ئاین و سیاسەتە پێکەوە، چونکە مەیدانی تایبەتمەندی هەریەکەیان جودایە و، ئەو گرووپە سیاسییانەی کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی تێ دەکۆشن، دەیانەوێ هەمان ئەو

(١٨٦) العلمانية والدولة الدينية، شبلي العيسمي، ص ٢٩

(١٨٧) هەمان سەرچاوە، ص ٢٩

(١٨٨) قبل السقوط/ د. فرج فودة، ص ١٨

(١٨٩) هەمان سەرچاوە، ص ٣١، ٣٥، ٥٣

دەوڵەتە سیۆکراتییەی کە ماوەی نزیکەی ١٣ سەدە بەناوی خەلافەتەوە حوکمی جیهانیی ئیسلامی کردووە و خەلیفە بەناوی شەرعییەتی ئاینەوە دەسەڵاتی خۆی پتەو کردووە و نەیارانی سەرکوت کردووە، بگێڕنەوە، لێرەدا، بە بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە، مەترسیی لە بزاڤی ئیسلامی سەری هەڵداوە.

# دەسەڵات و ڕووناکبیرە عەلمانییەکان، یەک دەگرن

دیارە کە باس لە (عەلمانییەکان) دەکرێ، دەسەڵاتە عەلمانییەکانی ناوچەکە و هەروەها ڕووناکبیرانی عەلمانی دەگرێتەوە.

ئەگەرچی هەردوو لا لەوەدا کۆکن کە دەبێ لەمپەر لە بەردەم گەشە و هێزی بزاڤی ئیسلامیدا دروست بکەن، بەڵام هەریەکە بەبەرنامە و ئامراز و شێوازی خۆی، بۆیە دەبێ بەجیا باس لە هەڵوێست و تێڕوانینیان لەو بارەیەوە بکەین:

## ١- هەڵوێستی فیکری:

یەکێ لە ئامراز و ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بزاڤی ئیسلامی ڕووبەڕووبوونەوەی فیکرییە، ئەویش لە ڕێی ڕەخنەگرتن لە فیکری بزاڤەکە و لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ پێشکێشکردنی بەدیل بۆ گوتاری ئیسلامی لە ڕێی پێشکێشکردنی تەرحی عەلمانی جیاجیا بۆ تێگەیشتن و مومارەسەکردنی ئایینداری و کێشانەوەی ئەو شەرعییەتە ئایینییەی بزاڤی ناوبراو لە ساحەی جەماوەریدا بەدەستی هێناوە و بووەتە پێگەیەکی سیاسی و جەماوەری بەهێز بۆی.

ئیسلامییەکان لە دیدی عەلمانییەکاندا هەڵگری کۆمەڵێ سیفەتی سلبی ئەوتۆن، کە بایی هێندەی دەبێ وەک مەترسییەک لەسەر ئایندەی کۆمەڵ سەیریان بکرێ، بۆ نموونە پێیان وایە ئیسلامییەکان ئاین تێکەڵ بەسیاسەت دەکەن و پیرۆزی و قووڵایی ئاین لە کۆمەڵگەدا بۆ ئامانجی خۆیان دەقۆزنەوە، ڕەهایی ئاین بەڕەهایی فیکری خۆیان لەقەڵەم دەدەن. کار بۆ دەوڵەتێکی سیۆکراتیی تاکڕەو دەکەن و کۆمەڵگە بۆ ژێر دەسەڵاتی سیستەمە

سیاسییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەگێڕنەوە. باوەڕیان بەئازادی بیروڕا و فرەلایەنی دیموکراسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نییە. خۆیان بەخاوەن و نوێنەری ئاین دادەنێن، هەرکەس سەر بەخۆیان نەبێ بەموسڵمانی دانانێن. نەیانتوانیوە شارستانیەتی و مەعریفەی نوێ قبووڵ بکەن و خوێندنەوەیەکی مەعریفییان بۆ کەلەپووری ئسیلامی هەبێ و گوتارێکی مەعریفی و شارستانی بەرهەم بێنن، کە بتوانێ ململانێ لەگەڵ گوتاری مەعریفی خۆرئاوادا بکات.

ئەوەندەی کار لەسەر چاککردنی هەندێ بواری لاوەکی ژیان -بەتایبەتی لە مەسەلەی دروشمە ئیسلامییەکان و ئەخلاقیات و... دا- دەکەن، ئەوەندە چاککردنی باری کۆمەڵایەتی لە بوارە جەوهەری و زیندووەکانی ژیانیاندا نەکردووەتە خەمی خۆیان، لێرەشەوە بەرنامەیان نییە بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە. ئەمانە و چەندین تۆمەتی تر...

بەپێویستی نابینم لێرەدا دەقی گوتەی هەندێ لە ڕووناکبیرانی عەلمانی لەم بارەوە تۆمار بکەم، چونکە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا هەندێ نموونەم هێناوەتەوە، ئەمانە بەگشتی بەدارِشتنی جیا جیا دووبارە دەبنەوە.

خاڵێکی تر کە بەپێویستی دەبینم لە مەسەلەی هەڵوێستی ڕووناکبیرانی عەلمانی ئامارەی پێ بکەم ئەوەیە کە زۆرێک لەوانە بەپێچەوانەی قەناعەتی ستراتیجی خۆیان بە (ڕێژەبوونی حەق) و نەبوونی (حەقیقەتی ڕەها) ، (ناهەقی ڕەها) لە بواری فیکریدا و تۆمەتبارکردنی عەقڵیەتی ئیسلامی بەوەی پێی وایە تەنیا ڕەش یان سپی هەیە و لەو نێوەندەدا ڕەنگی تر نییە، کەچی بەدەگمەن دەبینیت دان بەبوونی حاڵەتێکی ئیجابی لە فیکر و مومارەسەی ئیسلامییەکاندا بنێن(١٩٠)

---

(١٩٠) د. یوسف القرضاوي لەمیانەی باسکردنی دایەلۆگی نێوان ئیسلامی و عەلمانییەکانی میسر و پاش خوێندنەوەی وتارێکی د. فوئاد زەکەریا لە ڕۆژنامەی "الاهرام"دا کە باسی زەروورەتی گفتوگۆ لەگەڵ ئیسلامییەکان کردووە، دەڵێ وێڕای هەندێ ڕەخنەم لە هەندێ لەو چەمکانەی بەکاری هێنابوون، بەڵام وتم =

بزاڤی ئیسلامیی مەدەنی و میانڕەو گەلێ خزمەتی بەکۆمەڵگەی ئیسلامی کردووە، لانی کەم لە ڕووی برەوپێدانی گیانی بەرپرسیاریەتی و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر دەستپاکی و داوێنپاکی و ڕەتکردنەوەی پاشکۆیەتی فیکری و سیاسی و بەرەنگاریکردنی ستەم و زۆرداری.

تەنانەت لە بواری سیاسیشدا و لەو مەسەلانەدا کە تەییاری عەلمانی مەترسییان لە هەڵوێستی ئیسلامی هەیە تێیدا، وەک سروشتی دەوڵەتی ئیسلامی و مەسەلەکانی دیموکراسیەت و ئازادی بیروڕا و فرەلایەنی و مافی کەمایەتییە ئاینی و مەزهەبییەکان و پێوەندی لەگەڵ خۆرئاوادا، هەنگاوی باشی ناوە.

بەڵام فیکری عەلمانی تیشک ناخاتە سەر ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنە و لە بایەخیان کەم دەکاتەوە و قایل نییە بەهەنگاوێ بەرەو ئاراستەی دروست لە قەڵەمیان بدات.

بەکورتی نایەوێ دان بەوەدا بنێ کە بزاڤی ئیسلامی خێرێکی پێیە، یان خێری لێ چاوەڕێ دەکرێ. تەنانەت کارە چاکەکانیش بەخراپ لێک دەداتەوە، وەک ئەوەی دەوترێ کاری خێرخوازی بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی سیاسی ئەنجام دەدەن وەک ئەوەی کارە خزمەتگوزاری و خێرخوازییەکانی لایەنی بەرامبەر لە پاڵنەر و ئامانجی سیاسی، دوور بن.

د. تەها جابر ئەلعەلوانی لە پێشەکی کتێبەکەی ڕاشد ئەلغەنووشی بەناوی (حقوق المواطنة)دا دەڵێ: «زۆرێک لە ڕێبەرانی پرۆژەی سیاسیی ئیسلامی

---

= ئەمە سەرەتایەکی باشە و لە خوێندنەوەی بەردەوام بووم، بەڵام لە کۆتاییدا بێ ئومێد بووم لە گفتوگۆکە چونکە ئەو لە هیچ کام لە بیروبۆچوونەکانی خۆی دانەبەزی تا لە ئیسلامییەکان نزیک ببێتەوە، بەڵکو خەمی گەورەی ئەوە بوو کە ئەوان دەست لە بیروبۆچوونەکانیان هەڵگرن.

بڕوانە: الاسلام والعلمانية وجها لوجه/ د. يوسف القرضاوي، ص ١٠٧.

هەوڵیان داوە تەئکید لەسەر ئەوە بکەن کە پرۆژەی ئیسلامی گەرەنتی ئەوە دەکات کە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە چوارچێوەی ئیسلامدا بێنێتە کایەوە و ئامادەن زۆرێک لە پێگەکانی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی پەسند بکەن، بەڵام هەموو ئەمانە گرووپە عەلمانییەکانی قایل نەکرد و سەری ڕەزامەندییان بۆ نەلەقاند، یان لانی کەم ڕێیان بۆ پرۆژەکە نەکردەوە، لە ڕەوتی خۆی بەردەوام بێ، بەردەوام ڕێبەران و ڕووناکبیرانی ئیسلامیی ئیجتهاد دەکەن لەو مەسەلانەدا کە عەلمانییەکان بەئیشکالیەتیان دەبینن لە پرۆژەی ئیسلامیدا، بەڵام هەندێ لە عەلمانییەکان ڕەتی دەکەنەوە گوێیان بۆ بگرن یان باوەڕیان پێ بکەن».

ئەنجا وەک نموونە دەڵێ «زۆرێک لە سەرکردەکانی پرۆژەی سیاسیی ئیسلامیی لە چەمکی دیموکراسیەتدا ئیجتهادیان کرد و ڕایان گەیاند کە قبووڵیانە و بەشدارییان تێدا کرد، هەروەها لە مەسەلەی فرە لایەنیی سیاسیدا ئیجتهادیان کرد و ڕایان گەیاند کە فرەلایەنییان وەک پایەیەک لە پایەکانی دیموکراسیەت قبووڵە، لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا چەندین گرووپی عەلمانی دنیەوی سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان لە ڕەفزکردنی پرۆژەی سیاسیی ئیسلامی و پێشاندانی ترس و گومان لە هەڵگرانی، بگرە هەندێکیان ژیانیان لە ژێر ئیستبداد و دیکتاتۆریەتی ڕووت و دەمامکداردا پێ باشترە لە قبووڵکردنی هەرپرۆژەیەکی سیاسی ئیسلامی.»[١٩١]

ئەدۆنیس لای خۆیەوە ڕەخنە لەم خۆ لێ بێئاگاکردنەی تەیاری عەلمانی لە فیکری ئیسلامییەکان دەگرێ.[١٩٢]

## ٢- هەڵوێستی سیاسی:

هەموو فیکرەیەک یاخۆ پرۆژەیەکی فیکری و کۆمەڵایەتی وێنەیەکی ئایدیالیزمی (مثالي) لە زەینی تیۆریستان و لایەنگرانیدا هەیە، یان

(١٩١) حقوق المواطنة، راشد الغنوشي/ المعهد العالي للفكر الاسلامي، ص ١١
(١٩٢) ڕۆژنامەی "الحياة" ژ ١٣٣٨٩، لە ١٩٩٩/١١/٤

بەواتایەکی تر هەموو فیکرەیەک جۆرێک لە یۆتۆپیایە کە دووریيەکی زۆر تا کەم لە نێوان ئەوەی (ئەوەی حەز دەکرێ ببێ) و ئەوەی (دەکرێ ببێ) یان ئەوەی (لە باریدا هەیە بیهێنێتە دی ) هەیە.

لێرەوە زۆرێک لە دۆست و لایەنگرانی ئەو فیکرە و پرۆژەیە تەنانەت دوای ئەوەش لە پراکتیکدا دەردەکەوێ ئەو پرۆژە پرۆژەیەکی ناواقیعییە، کەچی هێشتا هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە هەڵە و کەموکورتی لە جەوهەری فیکرەکەدا نەبووە، بەڵکو لە پراکتیزەکردندا بوو.

بەدرێژاییی پتر لە ٧٠ ساڵ دەسەڵاتی شیوعیەت لە یەکێتی سۆڤیەت و دەیان ساڵ حوکمی لە وڵاتانی تر، حزبە شیوعی و چەپەکانی دنیای سێ، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیانوت ئەو حوکمە حوکمێکی خائینە بەشیوعییەت و مارکسییەت. حزب و ڕۆشنبیرە چەپەکان تا نزیک لە ڕادەی پەرستن وا بەستەی بلۆکی سۆشیالیستی بوون و بەقیبلەی گەلانی زەحمەتکێش و ئازادیخواز و چینی چەوساوەی جیهانیان دەبینی و -بە وتەی ڕۆشنبیرێکی چەپی کورد- «ئەگەر لە مۆسکۆ بەفر بباریایە لێرە چەتریان هەڵدەدا»، کەچی پاش هەرەسی ئەزموونەکەی، ئەوجا هەندێ لە ڕۆشنبیرانی چەپ -بەتایبەتی لە جیهانیی ئیسلامی- ئەو سۆشیالیزمە بە«بەناو سۆشیالستی» یان «پرۆڤەیەک لە ڕێی گەیشتن بەسۆشیالیزم» لە قەڵەم دەدەن و پێیان وایە ئەو ئەزموونانە نوێنەرایەتیی فیکری مارکسی و سۆشیالیزم ناکەن.

هەمان قەوان لای ڕۆشنبیرانی عەلمانیش سەبارەت بە شکستەکانی دەسەڵات و سیستمە سیاسییە عەلمانییەکانی دنیای سێ دووبارە دەبێتەوە.

***

ئەگەرچی بەئەستەم دەتوانرێ دیاری بکرێ ئاخۆ چ جۆرە کار و چالاکییەکی مرۆڤ و کۆمەڵ و دەسەڵات دەچێتە خانەی عەلمانیەتەوە و ناکرێ لە خانەی "ئاینییبوون" و "ناعەلمانیبوون"دا دابنرێ و چ جۆرێکیش دەکرێ هەم ئاینی و هەم عەلمانیش بێ، (ئەمەش خاڵێکی سەرەکی ناکۆکی نێوان ئیسلامی

و عەلمانییە کە لە مەسەلەی ئیسلامیبوون یان عەلمانیبوونی تێز و بەرنامە و میکانیزم و مومارەسەکانیاندا، بۆ نموونە لە کاتێکدا بابای ئیسلامی پێی وایە مومارەسەی سیاسەت بەگیانێکی ئیسلامییانەوە ئەو سیاسەتە دەکاتە سیاسەتێکی ئیسلامی، چونکە سیاسەت خۆی وەک زانست بێ ئایدیا و بێ ناسنامەیە، دەبینی بابای عەلمانی پێی وایە سیاسەت خۆی شتێکی دنیایی و مرۆڤانەیە و هەموو مومارەسەکردنێکی سیاسەت خۆی لە خۆیدا کارێکی عەلمانییانەیە، هەمان حاڵەت لە مەسەلەی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و رۆشنبیری و پەروەردە و حوکم و دەسەڵات و... هتد، دووبارە دەبێتەوە).

بەڵام کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە کەمال ئەتاتورک کۆمارێکی تورکی (عەلمانی) دروست کرد و تا ئێستاش، لەگەڵ هەندێ کرانەوە لە مەسەلەی ئایندا، هەر سیستمێکی عەلمانییە و ئەو رێوشوێنە نادیموکراتییانەش کە دژ بەتەییاری ئیسلامیی ئەوێی ئەنجام داون هەر لە پێناو هێشتنەوەی ئەو سیستەمە عەلمانییەدایە(*).

هەروەها ناتوانرێ نکۆڵی لەوەش بکرێ کە جگە لە تاک و تەرایەک وڵاتە ئیسلامییەکان بەگشتی لەلایەن کۆمەڵێ رژێمی عەلمانییەوە بەرێوە دەبرێن، کە جگە لە هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی تایبەت، لە باقی بوارەکەیدا لەسەر بناغەی مەرجەعیەتێکی نائاینی (عەلمانی) بەرێوە دەچن و کەس ناتوانێ ئیسپاتی ئەوە بکات کە رژێمی بەعس لە عێراق و رژێمەکانی سوریا و ئوردن و میسر و جەزائیر و لیبیا و تونس و... هتد، سیستمێکی ئیسلامییە با لە هەندێ بواریشدا بایەخ بەئیسلام بدەن.

کەواتە رۆشنبیرانی عەلمانی بیانەوێ و نەیانەوێ، ئەو سیستمانە مومارەسەی ئەزموونێکی عەلمانی دەکەن و کەسانی نائاینی (نائیسلامی)

(*) ئەم چەند دێرە پێش هاتنە سەر کاری «پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا» نووسراوە، کە بەحزبێکی ئاینی ئیسلامی وەسف دەکرێ، ئەگەرچی حزبەکە خۆی بە (عەلمانی) لەقەڵەم دەدات.

بەڕێوەیان دەبەن و ڕووناکبیرانی عەلمانی ئەو وڵاتانەش ئەگەرچی تێبینی و ڕەخنەشیان لە سیاسەتی ڕژێمەکان لە هەندێ بواردا هەبێ، بەڵام بەگشتی پشتگیری لە مانەوەی ئەو ڕژێمانە دەکەن، یان لانی کەم ئەم ڕژێمە عەلمانییە نادیموکراتانەیان لە دەسەڵاتی ئیسلامییەکان پێ باشترە.

ئیتر پێم وایە پاساوێک نامێنێ بۆ بانگەشەکردن بۆ عەلمانیەتێکی (مثالی) کە لە هەموو ئەو کەم و کورتی و سلبیاتانە بەدوور بێ کە سیستەمە عەلمانییەکانی تێ کەوتووە.

ناکرێ هەمیشە هەڵەکان بۆ بەد پیادەکردن و تێگەیشتن لە ڕوحی (....) بگێڕدرێتەوە و ئەسڵی فیکرەکە لە سەروو ڕەخنە و چاوپێداگێڕانەوە دابنرێ و وا نیشان بدرێ کە ئەو سیستمانەی عەلمانی نەبوون. ئەی کامەیە ئەو عەلمانییەتە کە حەز دەکرێ جێبەجێ بکرێ و هەمان ئەزموونی تفت و تاڵی سیستەمە عەلمانییە تاکڕەوەکانی ناوچەکە دووبارە نەکاتەوە؟

پێم وایە دەخوازێ شکستی ڕژێمە عەلمانییەکانی ناوچەکە لە بەرقەرارکردنی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا و دادگەری کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ئابووری و... هتد، هاندەرێک بێ بۆ چاوگێڕانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە کۆی پرۆژەی عەلمانی لە جیهانی ئیسلامیدا، لە جیهانێکدا کە ئاین خزیوەتە هەموو گۆشەیەکی ژیانی و ئەستەمە عەلمانیەت بتوانێ جێی خۆی لەو زەمینەدا بکاتەوە.

قەیرانی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانیش لەگەڵ بزاڤی ئیسلامی هەر لەم جەدەلیەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

***

لە دەستووری زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامییەکاندا هاتووە کە «ئاینی دەوڵەت ئیسلامە»، لەم ڕوانگەیەشەوە دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بناغەی ئاین قەدەغە کراوە، لێرەوە کێشەکە سەرهەڵدەدات، چونکە تێگەیشتنی دەسەڵاتەکان لە وشەی (ئاین) لەو تێکستەدا ئەو واتایەیە کە لە فەرهەنگی عەلمانییەتی خۆرئاوادا بۆ ئاین کراوە کە ئەرکەکەی لە چوارچێوەی هەندێ

ڕێوڕەسـمی تایبـەتدا سنووردار دەکـات، هەرچی بوارەکـانی فـێـرکـردن و پەروەردە و ڕاگەیاندن و سیاسـەتی حکوومەت و ئابووری و سەربازی و... هتد هەیە، لە ئاین دادەبڕێ. حکوومەتە عەلمانییەکانی جیهانی ئیسلامی ئامادەن ئازادی تەواو بەچالاکی ئاینی بدەن و لەو چوارچێـوەیەدا کـە لە خـۆرئاوا بۆ چالاکی ئاینی دیاری کـراوە کـە بریتـییـە لە ڕێگەدان بەدینداریکردنی ڕوحی تاکە کەسی «نوێژ، ڕۆژوو، حەج،...».

بەڵام کـاتێ بە گـەلانی مـوسـڵـمـان دەوترێ بچن ئازاد بن دینداری خـۆتان بکەن، دینداریکردنەکە ڕەهەندی جیاجیای کۆمەڵایەتی و سیاسی وەردەگرێ، چونکە گەڕانـەوەی جەماوەر بۆ ئەو ئاینە ئاسەوار تەنیا لەسـەر لایەنێکی ژیان و کردەوەیان جێ ناهێڵێ، بەڵکو کار لە کۆمـەڵایەتی و سیاسـەتیشیـان دەکات. لێرەوە ڕژێمـەکان هەست دەکەن دەبێ بوار لە چالاکییـە ئاینییـەکان تەسک بکرێتـەوە، چونکە هەست دەکرێ زیادبوونی دینداریکردن بەهەر شێوەیەک بێ پێگەی بزاڤی ئیسـلامی بەهێـز دەکـات. بەمـە ڕژێمـەکـان تەنانەت ئەو مـافـە کـەمـەش لە دین دەکـێشـنەوە کە لە خـۆرئاوای عـەلمانی پێی دراوە، کـە بواری پەرستنە.

ئەوە بوو پاش هەڵوەشـاندنەوەی ئاکـامی هەڵبـژاردنە پەرلـەمـانیـیـەکـانی جـەزائیر لـە کۆتاییی سـاڵی ١٩٩١ کە بەرەی ڕزگاریی ئیسلامی سـەرکەوتنی تێدا بـەدەست هێنا، وەک هەڵمەتێک لە دژی بەرەی ئیسلامی هـەزاران شـوێنی نوێژکـردن لە شـوێنە گشـتـیـەکـانی لابران. لە مـیسـر حکوومـەت –هـەر لەو سـالانەدا– هـەوڵی دا خـۆی مـزگـەوتەکـان بەڕێوە ببـات. لە تورکـیـا پاش هەڵوەشـاندنەوەی پارتی رەفاهی ئیسلامی کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی ١٩٩٥ پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، سەدان قوتابخانەی ئاینی داخران.

وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد بزاڤی ئیسلامی لە بنەڕەتدا بزاڤێکی ئاینییە و بـۆ بووژانـدنەوەی دینداری دروست بووە، کــە پێی وایە بەمـــومـــارەســـەی سیاسەتیش بەشێ لە ئەرکی دینداری جێبەجێ دەبێ، بەننا دەڵێ: «موسڵمان بەحـوکـمی ئیـسـلامـبـوونی لەسـەریەتی بایەخ بەهەمـوو کـاروبـارەکـانی

ئوممەتەکەی بدات. (بەم مانایە) دەتوانم بڵێم موسڵمان ئیسلامەتییەکەی تەواو نابێ ئەگەر سیاسی نەبێ، بەو واتایەی گرینگی بەکاروبارەکانی ئوممەتەکەی بدات.»(١٩٣)

دیارە مەبەستی بەننا لە سیاسەت لێرەدا غەیری حزبایەتی نییە و پێی وایە دەکرێ مرۆڤ سیاسی بێ، بەڵام سەر بەهیچ حزبێکیش نەبێ.

بانگەشەکردنی بزاڤی ئیسلامی بۆ زیندووکردنەوەی دینداری و ئیلتیزامکردنە بەئیسلام لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا، بەتەبیعەتی حاڵ نیشانەی پرسیار لەسەر ناسنامەی دەسەڵاتی عەلمانی وڵات لای جەماوەر دروست دەکات، چونکە پێی وایە ئەو ڕژێمە ئەگەر دژایەتی ئاینیش نەکات، بێ موبالاتبوونی بەرامبەر بەلاوازبوونی دینداریی خەڵک کەمتەرخەمییە بەرامبەر بەئەرکەکانی ئەو حکوومەتە وەک ڕێبەری کۆمەڵگەیەکی موسڵمان، ئەمەش ناکۆکیی نێوان ڕژێم و بزاڤی ئیسلامی قووڵ کردووەتەوە، چونکە حکوومەت پێی وابووە بزاڤی ئیسلامی بەدیلی ئەوە، لەبەرئەوە ئەو ڕژێمانە ئەگەرچی بەشی زۆریان تاکڕەو بوون و دژ بەبوونی هەر هێزێکی سیاسیی خاوەن قورسایی بوون ئیسلامی بێ یان عەلمانی، کە بتوانێ ململانێیان لەگەڵ بکات و کورسی دەسەڵاتیان لێ بسەنێ، بەڵام –هەڵوێستیان- بەگشتی –لە بەرامبەر تەییاری ئیسلامی هەڵوێستی (تەسفیەکردن)ی مادی یان مەعنەوی- بووە (بڕوانە ئەزموونی بزاڤی ئیسلامی لە میسر و تونس و جەزائیر و سوریا و عێراق. لە میسر بزاڤی ئیسلامی پتر لە ٧٠ ساڵ تەمەنیەتی هێشتا حکوومەت ڕازی نییە وەک هێزێکی سیاسی ڕەسمی دانی پێدا بنێ).

خۆ ئەگەر لە قۆناغێک لە قۆناغەکانیشدا، لەبەر هەر هۆیەک بووبێ بواری کاری سیاسی ئاشکرا بەبزاڤی ئیسلامی درابێ، هەر تا ماوەیەک بووە و دواتر سنووری بۆ دانراوە.

هەندێ لە توێژەران پێیان وایە بناغەی پێوەندی نێوان بزاڤی ئیسلامی و

---

(١٩٣) مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا، ج٢، ص ١٦٦-١٦٧

ڕژێمەکان بریتییە لە (بەدگومانیی دووسەرە) کە هەندێ جار بەرز دەبێتەوە تا ئاستی دوژمنایەتیکردنی ڕاشکاو و ئاشکرا، ڕەنگە هەندێ جاریش بگاتە لای خوارێ تا ڕێ بەئیسلامییەکان بدرێ بەشداریی لە حوکمدا بکەن. لە واقیعی مێژووییشدا بەڵگە لەسەر هەردوو نموونەکە (بەشداریکردن و دژایەتیکردن و پێکدادان) هەیە.

لە نموونەی بەشداریکردنی بزاڤی ئیسلامی لە حوکمدا لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە سوریا ساڵی ١٩٦١ د. مستەفا سوباعی چووە پەرلەمان و فراکسیۆنی ئیشتراکیەتی ئیسلامی دامەزراند و هاوکاری لەگەڵ حزبەکانی تر کرد بۆ پەسندکردنی دەستووری سووریا کە لە مادەی یەکەمیدا "ئیسلام"ی وەک ئاینی دەوڵەت و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان، داناوە. هەروەها لە عێراقدا د. عەبدولکەریم زێدان بەناوی ئیخوان موسلیمینەوە بەشداری حکوومەتی (عەبدولرەزاق نایف) و (ئیبراهیم داوود)ی کرد، لە ئوردن د. ئیسحاق فەرحان چووە ناو وەزارەتەوە، لە نەوەدەکانیشەوە هەندێ ئەزموونی بەشداریکردنی ئیسلامییەکان لە حوکمدا هەیە، کە ڕۆشنترین نموونە ئەردەن و یەمەنە ( لە هەرێمی کوردستان و عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنیشدا ئیسلامییەکان بەشداریی بەرچاویان لە دەسەڵاتدا کردووە)، بەڵام لە میسر پێوەندی نێوان دەسەڵات و بزاڤی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی دوژمنکارانە بووە.[١٩٤]

هەمان توێژەر سیاسەتەکانی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر بزاڤی ئیسلامی بۆ سێ جۆر دابەش دەکات:

١- سیاسەتی لە قاڵبدان و ڕیشەکێشکردن.

٢- سیاسەتی ڕێپێدانی دیموکراسی.

٣- سیاسەتی پێکەوە ژیان و تەوزیفی دوو لایەنە.

---

(١٩٤) الانظمة العربية والحركة الاسلامية/ حامد عبدالحامد القويسي. مركز الاعلام العربي/ ط ١٩٩٥، ص ٦٤ - ٦٥

ئەوەی یەکەمیان بەپلەی یەکەم لە جەزائیر و تونس و دوای ئەوانیش لە سوریا و عێراق و لیبیا پەیڕەو کراون. ئەمەش لە چەند ڕێگەیەکەوە لەوانە «ڕێگەی یاسایی، ڕێگەی ئەمنی، ڕێگەی پڕوپاگەندەیی، ڕێگەی ئابووری کۆمەڵایەتی»[١٩٥]

هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو پەڕاوێزی فرەلایەنییەی کە هەندێ لە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان دەستەبەریان کردووە، بواری ئەوە نادات کە سیستمێکی ئیسلامی بێتە کایە، بەڵکو لەوە دەرناچێ کە چوارچێوەیەکی ساز و گونجاوە بۆ بانگەوازکردن و پێگەیاندنی چارەسەری ئیسلامی و ئەگەر ئیسلامییەکان هەوڵیان دا لەو سنووره تێپەڕن و هەوڵی گۆڕینی پەیکەری دەسەڵات یان کەسەکان بدەن، واتە ئەو پەڕاوێزە بەکار بێنن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە بارودۆخەکەدا، ئەوە ئەگەری ئەوە زۆرە پاشەکشە لەو پەڕاوێزە بکرێ، ئەو ڕێژەیەی ڕێی پێ دەدرێ لە ٣٠٪ تێ ناپەڕێ، لەو ئاستەدا ڕێی جموجۆڵ بەئیسلامییەکان دەدرێ، ئەگەر تێیان پەڕاند دەچنە قۆناغی مەترسییەوە[١٩٦] ئەمە بۆچوونی هەندێ توێژەرانی عەلمانیشە[١٩٧]

بەم پێیە دەبینین کە ڕژێمە عەلمانییە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە، تەنانەت ئەوانەشیان کە پەڕاوێزێک بۆ ئازادی و فرەلایەنی فەراهەم دێنن، بەشێکی کەم لەو پەراوێزەش دەدەنە بزاڤی ئیسلامی و ڕێ نادەن دیموکراسیەت ڕەوتی ئاسایی خۆی لە بواری ململانێی سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات بگرێتەبەر، بۆیە هەر کاتێ ئیسلامییەکان لە ڕێی سندووقەکانی هەڵبژاردنەوە هاتنە پێشەوە، بەدەستی خۆیان دیموکراسیەت لەبار دەبەن.

زۆرێک لە ڕژێمە عەلمانییەکان دیموکراسیەتێکی مەرجداریان گەرەکە، دیموکراسیەتێکی ڕواڵەتی، کە مانەوەی حزبی فەرمانڕەوا تێیدا مسۆگەر بێ.

---

(١٩٥) هەمان سەرچاوە، ص ٨٧ – ٨٩

(١٩٦) هەمان سەرچاوە، ص ١١٥ – ١١٦

(١٩٧) العلمانية والدولة الدينية. شبلي العيسمي، ص ٨٣

گرفت لەوەدایە ئەم عەقڵییەتە ئەمنییە تەنیا لای ڕژێمەکان نییە، لای زۆرێک لەو حزب و کەسایەتی ڕۆشنبیرییە عەلمانییانەش هەیە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتن، ئەوە بوو ساڵی ٩٢ پاش سەرکەوتنی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامیی جەزائیری (سعید سعدی) سەرۆکی حزبی (التجمع من اجل الثقافة والديمقراطية) هەڕەشەی کرد کە ئەگەر بەرەی ئیسلامی حوکم بگرێتە دەست ئەوا کۆمەڵەکەی پەنا بۆ کاری توندوتیژی دەبات.

هەستیاریی ڕژێمەکان بەرامبەر بەبزاڤی ئیسلامی بەشێوەیەکە تەنانەت بەکارە خێرخوازییەکانیشی سەغڵەتن، ئەوە بوو پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بومەلەرزەیەکی گەورە لە قاهیرەی دا و لە بەرامبەر لاوازیی دەزگاکانی فریاکەوتنی حکوومەت کۆمەڵی ئیخوان موسلیمین لە ڕێی باربۆ کۆکردنەوەوە خزمەتێکی باشی کرد، حکوومەتی میسری لەم هەنگاوە هاتە دەنگ و بڕیاری دا ڕێ نەدرێ بەبێ مۆڵەتی حکوومەت کاری خێرخوازی بکرێ. هەروەها لە تورکیاش لە کاتی بومەلەرزە گەورەکەی ساڵی ٩٩، کە هەزارانی تێدا کوژرا و گلەییەکی زۆر لە توانای فریاکەوتنی حکوومەت دەکرا، حاڵەتێکی لەو شێوەیە ڕووی دا.

لێرەوەیە پێم هەڵەیە وابزانرێ تەنیا تەییاری ئیسلامیی مەترسی هەیە بۆ سەر دیموکراسیەت، چونکە -وەک هوەیدی دەڵێ- قەیرانی دیموکراسیەت قەیرانی عەقڵیەتێکە نەک قەیرانی تەییارێک.(١٩٨)

---

(١٩٨) بڕوانە کتێبی، الاسلام والديمقراطية، فهمي هويدي.

# حەتمییەتی گەیشتن بەعەلمانییەت

عەلی شەریعەتی دەڵێ: «یەکێ لە ناکۆکییە توندەکانی نێوان مارکس و مارکسیزم لەسەر مەسەلەی ئایدۆلۆژیەت بوو. مارکس پێی وابوو ئایدۆلۆژیەت بەرهەمێکی زەینی تیۆریزەکارانە. سۆشیالیزم بەلای ئەوانەوە عەقیدە بوو، بەڵام بەلای مارکسەوە زانست بوو، کۆمەڵگەی ئیشتراکی بەلای ئەوانەوە یۆتۆپیا بوو، ئومێدی هەموو دۆستانی مرۆڤ بوو، بەڵام مارکس سۆشیالیزمی زانستی ڕادەگەیەنێ کە هەموو کۆمەڵگەکان بەپێی یاسا حەتمییەکانی مێژوو بەرەو لای دەچێ، بەلای مارکسەوە سۆشیالیزم چرایەک نییە کە زیرەکی مرۆڤەکان دای بنێ، بەڵکو (خۆر)ێکە کە بێ شک سبەینێ لەسەر بنچینەی جووڵەی کۆمەڵەی خۆرەوە هەڵدێت. ئیشتراکیەت بەلای ئەوانەوە داهێنان (اختراع)ە، بەڵام بەلای مارکسەوە دۆزینەوە (کشف)ە. لێرەوە مارکسیەت ئایدۆلۆژیا نییە بەڵکو تەواو دژ بەئایدۆلۆژیایە.[(۱۹۹)]

مەبەست ئەوەیە مارکس پێی وابوو گەیشتن بە سۆشیالیزم وەک گەیشتن بە وەرزەکانی ساڵ وایە، کە بەپێی جووڵە و یاساکانی سروشت هەر دەبێ پێی بگەین.

(ئۆگەست کۆنت)ی دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیفیزم (الوضعية)یش ئەم ڕەوتە میکانیکییە هەڵکشاوەی پەرەسەندنی ژیانی فیکری و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لە هاوکێشەیەکی تردا دادەڕێژێ و مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکات: عەقڵی ئاینی، عەقڵی میتافیزیکی، عەقڵی

---

(۱۹۹) العودة الى الذات/ د. علي شريعتي، ص ۳۰٦ – ۳۰۸

پۆزەتیڤ (وضعی)، کە پێی وایە ئەمەی دوایی دوا قۆناغی تێگەیشتنی عەقڵی مرۆڤە و مرۆڤایەتی وەک حەتمییەتێکی میکانیکییەتی سروشت و مێژوو بەم قۆناغەدا تێ دەپەڕێ.

هەڵوێستی زۆرێک لە ڕووناکبیرانی عەلمانیی ئێرەش تێگەیشتنێکی حەتمیگەرایی لەم جۆرەیان هەیە لەبارەی داهاتووی مرۆڤایەتی و پێوەندیی بە عەلمانیەتەوە.

ئەوانە–بەکردەوە– عەلمانییەت وەک پرۆژەیەک یان هەوڵێک، یان مژدەیەک، یان ئایدۆلۆژیایەک تەرح ناکەن کە کۆمەڵگەی ئیسلامی لە نێوان ئەو تەرحە و تەرحی تری ناعەلمانیدا توانای هەڵبژاردنی هەبێ و بتوانێ لە هەر بارێکدا چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵکو پێیان وایە گەیشتن بەعەلمانییەت بەرەنجامێکی گەشەی هەموو کۆمەڵگاکانە، خۆشمان بێ و ترشمان بێ دەیگەینێ، بۆیە وا چاکە خۆمان بۆ پێشوازیکردنی ئامادە بکەین، لەم ڕوانگەیەوە هەندێ لە ڕووناکبیران فیکری عەلمانی بە (فیکری گەردوونی)[٢٠٠] ناو دەبەن.

د. عەزیز عەزمە دەڵێ: «ڕەوتی مێژوویی گەردوونی بەرەو عەلمانییەت دەچێ و ڕەوتی مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری عەرەبیش بەم ڕەوتە مەحکوومە.»[٢٠١]

محەمەد ئەرەکۆن دەڵێ: « ئەو ململانێ توندوتیژانەی لە نێوان مەسیحییەتی ئەورووپی و زانستی نوێدا ڕوویان دا لە ئیسلامیشدا ڕوو دەدەن. ڕەنگە ئێستا لە دەروازەکەیدا بین.»[٢٠٢] بگرە ساڵی ٢٠١٥ی دیاری کردووە کە تێیدا جیهانی ئیسلامی دەگاتە عەلمانییەت.

لەم ڕوانگەیەوە ئەو ڕۆشنبیرە عەلمانیانە هەوڵ دەدەن ئەو بۆچوونەی

---

(٢٠٠) بڕوانە العلمانية من منظور مختلف/ د. عزيز العظمة، ص ٢٢٢

(٢٠١) هەمان سەرچاوە، ص ١٩٧

(٢٠٢) الاسلام. اوروبا، الغرب../محمد اركون، ص ٧٦

ئیسلامییەکان پووچەڵ بکەنەوە کە پێی وایە عەلمانییەت خواستێکی مێژوویی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و بەرەنجامی ململانێیەکی ئاینی و سیاسی ئەوێیە و بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئێرە دەست نادات یان پێویست نییە، چونکە چ وەک ئاین و چ وەک مێژوو جیهانی ئیسلامی لە جیهانی ئەوروپی جودایە و لێرە ئیسلام بەدیلی عەلمانییەتی ئەوێیە»[٢٠٣] ئەمەیش لە ڕێی پێشاندانی عەلمانییەت وەک پرۆژەیەکی گەردوونی ناناوچەیی، کە بەحوکمی یاساکانی شتەکان کۆمەڵگەکان، بە کەلتوورە جیاوازەکانیانەوە، بەرەو ئەو کۆتاییە دەچن. هەروەها خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی بەشێوەیەک دەکەن کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوە دەرچێ لەگەڵ مێژووی ئەوروپا لە بواری سروشتی ئاین و پێوەندی ئاین و پیاوانی ئاینی بەدەسەڵاتی سیاسی و سروشتی ئەو دەوڵەتەوە کە لە ژێر کاریگەری ئەواندا بنیات نراوە.

شبلی عەیسەمی دەڵێ: «ڕاستە لە ئیسلامدا کەهەنوت و چینی پیاوانی ئاینی وەک ئەکلیروس و راهیبەکان لە ئەوروپا نییە و ئەو ململانێیەی بەخۆیەوە نەدیوە کە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و دنیایی لە ئەوروپا ڕووی دا، بەڵام نابێ چاو لەو ململانێی فیکری و سیاسییە کە لەسەر ئەرزی واقیع و لە بەکردەوە لە نێوان پیاوە ئاینییە ئیسلامییەکان و دەسەڵاتدارە زەمەنییەکان ڕووی داوە و، ئیسلام لەلایەن بایەخ پێدەرانی سیاسەتەوە -چ زەمەنی بووبن یان لە پیاوانی ئاینی- وەک چەکێک بەکار هێنراوە.[٢٠٤]

زیاد لەوە ناوبراو لە وردەکارییەکانیشدا بۆ خاڵی لێکچوون لە نێوان ئەزموونی ئەوروپا و ئیسلام دەگەڕێ و موعتەزیلە بەهاوشێوەی ئەو بزاڤ و تەییارە ئاینی و سیاسییانەی ئەوروپا دەچوێنێ کە لە ڕوانگەی عەقڵەوە

---

(٢٠٣) بۆ نموونە بڕوانە بۆچوونی (د. محمد عمارة) لە: مصر بين الدولة الاسلامية والعلمانية، ص ٤٩ - ٥٢/ هەروەها بۆچوونی د. محەمەد سەعید ڕەمەزان ئەلبوتی لە: على طريق العودة الى الاسلام، ص ٩٩

(٢٠٤) العلمانية والدولة الدينية، شبلي العيسمي ٢٧

ڕووبەڕووی کڵێسا وەستاون. هەروەها سەرهەڵدانی هەندێ بزاڤ و کەسایەتی مولحید لە مێژووی ئیسلامیدا –وەک بزووتنەوەی زەندەقە و دەهریەت– بەعەلمانییەتی ئیلحادی دەچوێنێ زیاد لەوە هاوشێوە بۆ کەسانیش دەدۆزێتەوە. غەزالی بەدیکارت دەچوێنێ.[٢٠٥]

د. عەزیز عەزمە جگە لەوەی پێی وایە (عەلمانیەتی واقیع) هەیە و (عەلمانییەتی فیکر) هەیە و مەرج نییە واقیعی عەلمانی، بوونی فیکرێکی عەلمانی بخوازێ، بەو واتایەی کە جیهانی ئیسلامی عەلمانییەتێکی ناوەکی (ضمنی) لە فیکر و مومارەسە هەر تێدا بووە با تۆماریش نەکرابێ و نەکرابێتە فیکر، لە هەمان کاتدا پێی وایە پیاوانی ئاینی بەشێوەی جیا لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئیسلامیدا –وەک ئەوروپا– ڕۆڵیان بووە[٢٠٦].

ئەم بۆچوونەی ناوبراو لە ئیشکالیەتە قووڵەکەی ماهیەتی (عەلمەنەبوون)ی شتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو واتایەی کە ئەو هەندێ چالاکی بەعەلمانییەت ناو دەبات کە لەلای ئیسلام وەک فیقه (کە بەرهەمی ئیجتیهادی عەقڵی و ئاینی و، یاساکانی ئاینییە)، سەیر کراون[٢٠٧].

هەروەها ئەرەکۆنیش بەتوندی فیکرەی جیاوازبوونی ئەزموونی ئەوروپا و دنیای ئیسلام ڕەت دەکاتەوە.

---

(٢٠٥) العلمانية والدولة الدينية، شبلي العيسمي، ٢٧

(٢٠٦) العلمانية من منظور مختلف/ د. عزيز العظمة، ص ١٠، ٩، ٣٢، ٦٧

(٢٠٧) العلمانية من منظور مختلف/ د. عزيز العظمة، ص ٥٦ – ٦٧

# ئیسلامییەکان و تێز و تۆمەتەکانی بەرامبەر

سەرەتا، باوەڕبوون و پێداگرتن لەسەر حەتمییەتی سەرکەوتنی عەلمانییەت، ڕۆچوونە لە بیرکردنەوە و وێناکردنی میتافیزیکییانەدا، کە فیکری عەلمانیی بەڕاشکاوی دژ بەبیرکردنەوەی میتافیزیکییانەیە، چونکە بیرکردنەوەیەکی لەو چەشنە هەموو ئیرادەیەکی خولقێنەر لە مرۆڤەکاندا دەمرێنێ و (مێژوو) وەک دراوێکی پێشوەخت و پوخت و پاککراو (معطى مسبق) دەخاتە ڕوو، ئیتر لەم بارەدا چ پێویست بەهەموو ئەو تیۆریزەکردنە فیکری و زەبروزەنگە سیاسییە دەمێنێ کە تەییاری عەلمانی بۆ جێگرتن و بڵاوکردنەوەی پرۆژەکەیان دەیکەن؟ (مەسعوود محەمەد بەجوانی بیرۆکەی حەتمییەتی مێژوویی و "بانێکە و دوو هەوا"ی لایەنگرانی بیرۆکەکە شی دەکاتەوە)(*) ئەمە لەلایەک.

لە لایەکی ترەوە هەموو ئەو تیۆرە فەلسەفییانە حەتمییەتی مێژووییان کردە ئامرازێک بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان و فریودانی جەماوەر بەوەی ڕەوتی مێژوو لە بەرژەوەندی ئەو تیۆرەدا کار دەکات، شکستیان خوارد، لە نموونەی هاوکێشەی سێ قۆناغەکەی ئۆگست کۆنت و پێنج قۆناغەکەی مارکس و کۆتاییی مێژووەکەی فۆکۆیاما، ئەمە جگە لەوەی ڕوحییەتێکی ناعەقڵانی و جەبری و دژە دایەلۆگ لە ناو ئەم تێڕوانینەدا خۆی حەشار داوە، چونکە مادام تۆ قەناعەتت وابێ وەک چۆن لە خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا وەرزەکان – بەحەتمی– دێنە بوون؛ هەر ئاوایش چەرخی مێژوو بەو ئاکامە دەگات کە تۆ خەیاڵت کردووە، ئیتر چ بوارێک بۆ عەقڵ و ئیرادە و ئازادی و قسەی منی جیاواز لە بیروبۆچووندا دەمێنێتەوە، هەروەها ئەم بیرۆکەیە ناڕاستەوخۆ

(*) بڕوانە (مرۆڤ و دەوروبەر) بەرگی یەکەم، مەسعوود محەمەد لا٧٤.

پێمان دەڵێ کە مێژوو بەدەر لە ویست و حەزی مرۆڤ بەئاراستەیەکی تایبەتدا ڕێ دەکات. واتە مرۆڤ بوونەوەرێکی بێ ئیرادە و دەسەڵاتە لەبەردەم جووڵەی مێژوو. ئەمەش گێڕانەوەیە بۆ ئامێزی تیۆرەکەی مارکس، کە هۆش و ئیرادەی مرۆڤ دەکاتە دیلی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ململانێی چینەکان، بەڵام بەناوێکی تر و بەگەڵاڵەیەکی ترەوە.

سەبارەت بەپرۆژەی عەلمانییەت، کە مەبەست عەلمانییەتە باوەڕدارەکەیە نەک بێباوەڕەکە، د. محەمەد عەمارە دەڵێ: «عەلمانییەتی ئەوروپی -جگە لە تەییارە مادییە مولحیدەکە- تەییارێکی باوەڕدار بەخوایشی بەخۆوە بینیوە کە فەیلەسووفەکانی لە نموونەی هۆبز (١٥٨٨ - ١٦٧٩) و لوک (١٦٣٢ - ١٧١٦) و لیبینز (١٦٤٦- ١٧١٦) و روسو (١٧١٢ - ١٧٧٨) و لیسنج (١٧٢٩ - ١٨٧١) توانییان هاوسەنگی بکەن لە نێوان باوەڕ بەخوایەک کە ئەم جیهانەی دروست کردووە و لە نێوان عەلمانییەت کە پێی وایە جیهان خۆی خۆی بەڕێوە دەبات.

لێرەشەوە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەداتە دەست مرۆڤی ئازادبوو لە شەریعەتی خوا، ئەم گونجاندنەش لەسەر بناغەی تێڕوانینی ئەرستۆیی بۆ چوارچێوەی کاری زاتی ئیلاهی دامەزراوە. خوا، لە تێڕوانینیی ئەرستۆییدا، یەکە، لە سەروو جیهانەوەیە و دروستکەریەتی، بەڵام لە ناو جیهان و سروشتدا ئەو هۆیانەی ناشتووە کە بکرێ بەهۆیانەوە خۆیان خۆیان ڕێک بخەن بەبێ ئەوەی لە پاش خەلقکردنی پێویست بەدەستێوەردان یان چاودێری خوایی بکات. جیهان خۆی بەسە، هۆکارە تێدا چنراوەکانی بەڕێوەی دەبەن و هەر ئەویش سەرچاوەی مەعریفەی ڕاستەقینەیە، مەرجەعیەتی ڕێکخستنی دنیاش مرۆڤە، بەعەقڵ و تەجروبە بەبێ چاودێری یان پلانرێژی یان دەستێوەردان لە ئاسمانەوە. لێرەوە کاری زاتی ئیلاهی وەک کاری ئەو کەسە دەبێ کە سەعاتێکی دروست کردووە و هۆکارەکانی کارکردنی زاتی تێدا ناشتووە، کە بێ ئەوەی پێویست بەبوونی ئەو بکات دەسووڕێ. تێڕوانینی مەسیحییەتیش بۆ پێوەندی ئاین و دەوڵەت کە پێی وایە ئاین بۆ ڕزگارکردنی

ڕوح هاتووە، یارمەتی سەرخستنی ئەم نەزعە عەلمانییەی دا.»[٢٠٨]

دیارە ئەم تێڕوانینەش بۆ کاری خوا لە بوونەوەر و ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا، لەگەڵ تێڕوانینی ئیسلامیدا لێک دەدات، چونکە لە تێڕوانینی ئیسلامیدا خوا تەنیا خالق نییە، بەڵکو چاودێر و ڕێکخەری هەموو جیهان و نەتەوە و دروستکراوەکانە.»[٢٠٩]

قورئان بەگژ ئەو بۆچوونەی بتپەرستەکان دادەچێت کە پێیان وابوو «خوا تەنیا خالقە»، هەرچی ڕێکخستنی دنیا و ئاوەدانییە لە تێڕوانینی ئەرستۆیدا بۆ مرۆڤ و هۆکارە چێنراوەکانی ناو سروشت و دیاردەکانی، هەروەها لە بتپەرستیشدا بۆ بت و تاغووتەکان بوو: «ولئن سألتهم من خلق السموات والارض ليقولن الله، قل افرأيتم ماتدعون من دون الله ان ارادني الله بضر هل هن كاشفات ضره، او أرادني برحمة هل هن ممسكات رحمته، قل حسبي الله عليه يتوكل المتوكلون» – الزمر.

تەنانەت لەو بوارانەیشدا کە مرۆڤ لە توانایدا هەیە کار بکات و لە چوارچێوەی توانا و ئیرادەی ئەودایە، مرۆڤ هەر خەلیفەی خوایە و مرۆڤ بەپێی ویست و نەخشە و چوارچێوەیەکی خوایی و تەکلیفێکی شەرعی دەجووڵێتەوە و پابەندە بەشەریعەتەکەیەوە «مرۆڤ بەندەیەکی سەرداری بوونە نەک سەرداری بوون.»[٢١٠]

لە قورئاندا چەندان ئایەت هەن کە بەدەربڕین و شێوەی جۆراوجۆر لە مەیدانی جۆراوجۆردا تەئکید لەسەر ئەم تێڕوانینە و پێویستیی پابەندبوونی مرۆڤ بەو یاسا و ڕێنوێنییانەی لە لایەن خواوە بۆی نێردراوە دەکات، کە بابەتەکانی حوکم و دادوەری و کۆمەڵایەتی پانتاییەکی فراوانیان لەو بوارەدا گرتووە. خۆ ئەگەر هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەلمانی پێیان وایە وشەی (حوکم)

---

(٢٠٨) معركة المصطلحات بين الغرب والاسلام/ د. محمد عمارة، ص ٢٥

(٢٠٩) هەمان سەچاوە، ص ٣٣

(٢١٠) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٢ – ٣٣

لە قورئاندا بەمانا سیاسییەکەی ئەمڕۆ نەهاتووە بەڵکو بەواتا دادوەرییەکەی هاتووە و وشەی (أمر) بەمانای حوکم هاتووە نەک وشەی (حکم)، ئەوە قورئان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مافی فەرمانکردن (امر)یش هەر دەبێ بۆ خوا بێ «له الخلق والامر».

د. یوسف قەرزاوی دەڵێ: «بێلایەنیی عەلمانییەت لەگەڵ ئیسلام شتێکی مەحاڵە، چونکە ئیسلام دەیەوێ هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ئاراستە بکات: مادی و مەعنەوی، تاکایەتی و کۆمەڵایەتی. ئیسلام ژیان دابەش ناکات بۆ دوو بەش، بەڵکو ژیان یەک پارچەیە و خوایش خوای هەموویەتی، بۆیە بەحوکم و یاساکانی هەر لەدایکبوونییەوە، بگرە پێش ئەوەش، تا مردن لەگەڵیەتی، عەلمانییەت ئەم بوارەی پێ نادات، لەبەرئەوە پێکدادان لەنێوان هەردوولا شتێکی حەتمی دەبێ[٢١١]

هەروەها دەڵێ «مەسیحییەت هەندێ دەقی تێدایە کە پشتگیری لە فیکرەی عەلمانییەت دەکات، واتە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، ئەویش وەک ئەو گوتەیەی حەزرەتی مەسیح –سەلامی خوای لێ بێ– کە لە ئینجیلدا دەڵێ: «أعط ما لقيصر لقيصر وما لله لله...[٢١٢]

قەرەزاوی پێی وایە «بابای مەسیحی دەتوانێ عەلمانییەت قبوڵ بکات جا فەرمانڕەوا بێ یان ژێردەست و بەمەسیحیش بمێنێتەوە بێ ئەوەی عەقیدە و شەریعەتی زیانی پێ بگات، چونکە عەلمانییەت ڕێی لێ ناگرێ یەکشەممان بچێتە کڵێسا و بەبۆنەی جەژنەکانی لەدایکبوونی مەسیحەوە ئاهەنگ بگێڕێ و مەسیحیش لەمە زیاتری لێ داوا ناکات، چونکە شەریعەتێکی نییە پاندی بکات، بگرە مەسیحییەت –وەک لە ئینجیلەکەیدا دیارە– قایل دەبێ کاروباری سیاسی بۆ دەسەڵاتدارە دنیاییەکان بەجێ بهێڵرێ»[٢١٣] «بەڵام لە ئیسلامدا

---

(٢١١) الاسلام والعلمانية وجهاً لوجه/ د. يوسف القرضاوي، ص ١٠٣

(٢١٢) هەمان سەرچاوە، ص ٥٣

(٢١٣) هەمان سەرچاوە، ص ٧٣

ئەم دووانەتیی دەسەڵاتە نییە، لە ئیسلامدا قەیسەر هاوشانی خوا نییە، بەڵکو بەندەی خوایە، وەک باقی بەندەکانی ملکەچی فەرمانەکانی خوایە.»[٢١٤]

ئەمە پوختەی بۆچوونی تەییاری ئیسلامییە بەرامبەر بەپرۆژەی عەلمانییەت.

دەمینێتەوە سروشتی دەوڵەتی ئیسلامی لە مێژوودا، کە زانایان بەگشتی پێیان وایە وێڕای هەموو کەموکوورییەکانی لە بواری سیاسەتدا، دەوڵەتی (ئیسلامی) بوون و کاریان بە شەریعەت کردووە و تەییاری ئیسلامیش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک کە تێیدا بنەما و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی سەروەر بن، دەکۆشێ.

ئەدی هەڵوێست چییە لەو تۆمەتەی عەلمانییەکان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی مێژوویی –بەدواییشدا فیکری ئیسلامیی هاوچەرخ– بەوەی دەوڵەتێکی ثیۆکراتی ئاینی بووە و ئاین کراوەتە بناغە بۆ پیرۆزیدان بەدەسەڵات و پاساو دانی پاکتاوکردنی نەیارانی سیاسی بەناوی دەرچوون لە فەرمانی خەلیفە – کە هەندێ جار بەعەمەلی خۆی بەسێبەر و نوێنەر و وتەبێژی خوا داناوە؟

## لەو ڕەخنە و تۆمەتانە:

### یەکەم: سیوکراتیەتی دەوڵەتی ئیسلامی:

تا ئێستا مشتومڕ لە نێوان خودی ئیسلامییەکان و هەروەها لە نێوان ئەوان و تەییاری عەلمانیدا درێژەی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا دەوڵەتی ئیسلامی کە لەسەر بناغەی مەرجەعیەتێکی ئاینی دامەزراوە «وەک لە مێژوو ڕووی داوە» دەوڵەتێکی سیوکراتییە یان دەوڵەتێکی مەدەنییە؟

بەشی هەرە زۆری ئیسلامییەکان ڕەتی دەکەنەوە کە دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی سیوکراتی بێ بەو مانایەی کە سەرۆکی دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی لە خواوە وەرگرێ و بەناوی خواوە حوکم بکات و هەر خوایش مافی لێپرسینەوەی هەبێ، بەڵکو پێیان وایە دەوڵەتی ئیسلامی – لانی کەم لە

(٢١٤) هەمان سەرچاوە، ص ٥٤

ڕوانگەی تیۆرییەوە- دەوڵەتێکی مەدەنییە، چونکە سەرچاوەی دەسەڵات ئوممەتە نەک خوا و لێرەشەوە ئوممەت مافی چاودێریکردن و ڕەخنەلێگرتن و لێپێچانەوە و تەنانەت لادانیشی هەیە.[٢١٥]

هەرچی عەلمانییەکانن پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەوڵەتی ئیسلامیش وەک هەر دەوڵەتێکی ئاینی دەوڵەتێکی سیۆکراتییە، چونکە حاکم شەرعیەتی خۆی لەسەر مەرجەعیەتی ئاینی دادەمەزرێنێ و لەوێوە پیرۆزی بەخۆی دەدات و ویستی خۆی دەسەپێنێ، بەڵگەشیان مێژووی حوکمی خەلافەتی ئیسلامییە، ئەم قەناعەتەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە گوتاری عەلمانی پێی وایە هەموو دەوڵەتێکی مەدەنی دەوڵەتێکی عەلمانییە و ناکرێ دەوڵەتێک لە هەمان کاتدا ئاینی و مەدەنیش بێ.

بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە بگەین با لە ڕوانگەی پێناسەی دەوڵەتی

---

(٢١٥) بۆ نموونە بڕوانە: المال والحكم في الاسلام، عبدالقادر عودة، ص ١٤٠/ المعتزلة ومشكلة الحرية. محمد عمارة، ص ١٦٤ - ١٩٦/ على طريق العودة الى الاسلام، محمد سعيد رمضان البوطي، ص ٦٤-٦٩/ نقد العلمانية الدكتور محمد التكريتي، ص ٤١/ حول تطبيق الشريعة، محمد قطب، ص ٣٤/ فلسفة الاسلام السياسية. الدكور محمد كامل ليلة، ص ١٩-٢٢/ معالم في الطريق سيد قطب، ص ١٠٥/ اصول الدعوة، عبدالكريم زيدان ٢١٦ - ٢١٧.

دانەری کتێبی "الطاغيه" لەمیانەی لێدوانی لە حوکمی ثیوکراتی دەڵێ: «وا چاکە دەستەواژەی (حوکمی ثیوکراتی) بەکار بێنین لە باتی (حوکمی ئاینی)، چونکە ئێمە زوڵمێکی زۆر لە ئاین دەکەین کاتێ ئەم جۆرە حوکمە ڕەها و زۆردارەی کە بەناوی ئیرادەی خواوە دەست لە بینەقاقای خەڵک گیر دەکات بدەینە پاڵ ئاین، هیچ کام لە ئاینە ئاسمانییە گەورەکان بۆ ئەوە ناکۆشێ، بەڵام لە هەموو سەردەمێکدا هەندێ لە شوێنکەوتوانی ئەم یان ئەو "ئاین" هەندێ تەئویلیان بۆ دەقە ئاینییەکان کردووە بەمەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات. زۆر جاریش قێزەونترین ڕێگە: فێڵ و کۆشش و بەرتیل و... بەکار هاتووە:

بڕوانە: الطاغية د. امام عبدالفتاح امام، ط ٢، ١٩٩٨، ص ٢٥- ٢٦.

سیوکراتییەوە لە هەردوو بۆچوونەکان بڕوانین.

لە پێناسەی سیوکراتی Theocracyدا وتراوە: «سیستمی سیوکراتی ئەو سیستمەیە کە لەسەر بیرۆکەی ئاینی دامەزراوە، لەوانە تیۆری مافی خوایی «نظرية الحق الالهي»، کە خوا بەسەرچاوەی دەسەڵات دادەنێ و حاکم وەک سێبەری خوا لەسەر زەوی یان نوێنەری ئاسمان دادەنێ. بەم پێیە دەسەڵاتی زەمەنیی پێگەکانی خۆی لە ویستی ئیلاهییەوە وەردەگرێ و چاودێر و ڕێنوێنیی ئەو هەڵدەبژێردرێ.»[٢١٦]

بەپێی ئەم پێناسەیە ئەو دەسەڵاتەی سەرچاوەی دەسەڵاتی ئەو ویستی خوایە و ئەو سێبەری خوایە لەسەر زەویدا -واتە بەرگێکی پیرۆز لە خۆی بئاڵێنێ کە بواری ڕەخنە لێگرتنی نەبێ- ئەوە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی سیۆکراتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا -بەپێی ئەم پێناسەیە- دەکرێ بەهەر سیستمێکی تریش بوترێ کە بوونی خۆی لەسەر عەقیدە و تەسەورێکی ئاینی دابمەزرێنێ کە مەرج نییە لەو بارەدا دەسەڵات هەمان قودسیەتی حاڵەتی پێشووی هەبێ، لەم حاڵەتەدا دەکرێ دەوڵەتی ئیسلامی بگرێتەوە، چونکە لەسەر بناغەی حاکمیەتی شەریعەت دامەزراوە، بەڵام واتای عورفی "سیستمی سیوکراتی" بەپلەی یەکەم واتا یەکەمەکەیە.

د. محەمەد خەلەفەڵا دەڵێ: «جیاوازی نێوان دەوڵەتی مەدەنی و سیۆکراتی ئەوەیە کە دەوڵەتی ئاینی دەسەڵاتی خۆی لە خواوە وەردەگرێ جا بەڕاستی بێ یان بەئیدیعا و دەوڵەتی مەدەنی دەسەڵاتی خۆی لە گەلەوە وەردەگرێ جا دیسان بەحەقیقەت بێ یان بەئیدیعا.»[٢١٧]

ئەگەر لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ تێڕوانینی ئیسلام و فیکری ئیسلامی -لانی کەم ئەهلی سوننە- بۆ سروشتی دەوڵەتی ئیسلامی و کەسایەتی و ماف و دەسەڵاتەکانی خەلیفە یاخۆ سەرۆکی دەوڵەت بڕوانین؛ دەبینین کە سروشتی

---

(٢١٦) الموسوعة السياسية/ اشراف: د. عبدالوهاب الكيالي/ وشەی: الثيوقراطية.

(٢١٧) مصر بين الدولة الاسلامية والدولة العلمانية، ص ٤٠

دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئسلامیدا سروشتێکی مەدەنییە، مەدەنی بەو واتایەی کە حاکم سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە گەلەوە -کە لە فیکری ئیسلامی کلاسیکیدا نوێنەرانی گەل بە(ئەهلی حەل و عەقد)[٢١٨]ناسراون- وەرگرتووە، نەک بەهەڵبژاردنێکی خوایی و یان لەسەر بناغەی پیرۆزیی خودی دەسەڵاتدار یان بنەماڵەکەی، ئەوەتا هەر خەلیفەیەک هاتبێتە سەر کار بەبێ وەرگرتنی بەیعەت (متمانە پێدان) -جا ئاخۆ بەیعەت وەرگرتنی ڕاست بووبێ یان ساختە- شەرعیەتی وەرنەگرتووە. تەنانەت پێغەمبەر(د.خ) کاتێ بەیعەتی لە موسڵمانان وەرگرتووە، ئەمە وەک عەبدلعەزیز بەدری دەڵێ: بەیعەت نەبووە بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتییەکەی، چونکە ئەوان موسڵمان بوون، بەڵکو بەیعەتێکی سیاسی و متمانە پێدانێکی سیاسی و بەڵێندان بووە بە پشتگیریکردنی سیاسی.[٢١٩]

لە فیقهی سیاسی ئیسلامیدا لەسەر دەسەڵاتدار پێویست کراوە ڕاوێژ بەئوممەت بکات، چونکە فەرمان بەپێغەمبەر کراوە ڕاوێژ بەموسڵمانان بکات «وشاورهم في الامر» چ جای غەیری ئەو، هەروەها گوێڕایەڵیکردنی رەها بۆ هیچ کەس نییە، بەڵکو گوێڕایەڵیکردن لە سنووری کاری دروستدایە «لاطاعة لمخلوق في معصية الخالق»، ئوممەت مافی ئەوەی پێ دراوە چاودێریی ڕێبەری سیاسی بکات و ئەگەر بەپێویستی بینی لاشی بدات، لەسەروو هەموو ئەوانەوە خودی حاکمیەتی سیاسی بەبەشێک لە عەقیدە دانەنراوە.[٢٢٠]

ئەمە بۆچوونی زۆرێک لە بیرمەند و زانایانی دێرینی ئیسلام و زانا و ڕووناکبیرانی ئەمڕۆی تەییاری ئیسلامییە.

ئیمامی غەزالی دەڵێ: «ان نظرية الامامة ليست من المهمات، وليست من فن

---

(٢١٨) سەرنجی وشەی «حل - کردنەوە» و «عقد - بەستنەوە» بدە، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی ئەهلی شورا لە گۆڕینی تاقمی دەسەڵاتداردا، لانی کەم وەک تیۆر.

(٢١٩) بڕوانە" الاسلام بين العلماء والاحكام/ عبدالعزيز البدري.

(٢٢٠) لێرەدا مەبەست زیاتر ئەهلی سوننەیە، دەنا لای شیعە دانانی ئیمامەت بەشێکە لە عەقیدە.

المعقولات فيها، بل من الفقهيات.»[٢٢١]

ئیـمـامـی جـوهـینـی (١٠٢٨ – ١٠٨٥) دەڵێ: «قـسـەکـردن لە ئیـمـامـەت لە بنەماکانی باوەڕ نییە.»

شـەهرستـانی (١٠١٦ – ١١٥٣)ش هـەمـان بۆچوونی هـەیە دەڵێ: «ئیـمـامـەت لە بنەماکانی ئیعتیقاد نییە.»[٢٢٢]

ئیـبن تەیمیـە (١٢٦٣ – ١٣٢٨) دەڵێ: «ئیـمـامـەت نە لە پێنج روکنەکـەی ئیسلامە و نە لە شەش روکنەکەی ئیمانە.»[٢٢٣]

عـەزدەدین ئەیجی (١٣٥٥ز) و شـەریف جـرجـانـی (١٣٤٠ – ١٤١٣) دەڵێن: «ئیمـامـەت لە بنەمـاکـانی ئاینـەکان و بیروباوەڕەکان نییـە، بەڵکو لە لقـەکـانی پێوەست بەکردەوەی مرۆڤەکانە.»[٢٢٤]

هـەرچی ئیـبن خـەلدون (١٣٣٢ – ١٤٠٦)ە ئەو بـۆچوونەی شیـعـەی ئیـمـامـی ڕەت دەکـاتەوە کە پێیـان وایە ئیـمامـەت لە ڕوکنی دینە و دەڵێ: «وا نییـە بەڵکو ئیـمـامـەت لەو بـەرژەوەندییـە گـشـتـیـیـانەیە کـە بەتێـڕوانینی خـەڵک سپێردراوە.»[٢٢٥]

پێـشـەوا مـحـەمـەد عـەبدە دەڵێ: «لە بنەمـاکـانی ئیـسـلام قـڵـپکردنەوەی دەسـەڵاتی ئاینـی و لەبنەوە هێنانیـەتی. ئیسـلام دوای خـوا و پێغـەمـبـەرەکـەی دەسـەڵات بە سـەر عەقیدە و ئیمـانی کەسی بەکـەس نەسپـاردووە. لە ئیسـلامدا دەسەڵاتێکی ئاینی نییە تەنیا دەسەڵاتی ئامۆژگاری چاک و بانگەواز بۆ خێر و

(٢٢١) معالم المنهج الاسلامي/ د. محمد عمارة/ المعهد العالي للفكر الاسلامي، ط ٢١٩٩١/ ص ١٢٩ – ١٣٠.

(٢٢٢) هەمان سەرچاوە

(٢٢٣) هەمان سەرچاوە

(٢٢٤) هەمان سەرچاوە

(٢٢٥) بڕوانە: مـعـالم المنهج الاسـلامي/ د. مـحـمـد عـمـارة/ المعـهـد العـالي للفكر الاسلامي، ط ٢ ١٩٩١/ ص ١٢٩ – ١٣٠.

دوور خستنەوە لە شەڕ نەبێ، حاکم لە هەموو ڕووەکانەوە حاکمێکی مەدەنییە. بۆ هیچ کەسێک ڕەوا نییە کە خەلیفەی موسڵمانان بەوە دەشوبهێنێ کە لای ئیفرەنج پێی دەوترێ (ثیوکراتیك) لە ئیسلامدا شتێک نییە لە چەشنی ئەوەی لای خەڵکانێک پێی دەوترێ دەسەڵاتی ئاینی.»[٢٢٦]

عەبدولقادر عودە، کە لەلایەن حکوومەتی میسرییەوە لە داردرا، دەڵێ: «حکوومەتی ئیسلامی لە چەشنی ئەو حکوومەتە ئاینییانە نییە کە لە فیقهی دەستوورییدا پێی دەوترێ "حکوومەتی سیوکراتی"، چونکە حکوومەتی ئیسلامی دەسەڵاتی خۆی لە خواوە وەرناگرێ، بەڵکو لە جەماعەتەوە وەری دەگرێ و لە هەموو کارەکانیدا بەندە بە ڕای جەماعەتەوە. ئیسلام خەڵک بانگ دەکات کە کار بۆ دنیایان بکەن پێش ئەوەی بانگیان بکات بۆ ئەوەی کار بۆ ئاخیرەتیان بکەن، خوا ڕاوێژی لەسەر موسڵمانان فەرز کردووە و کردوویەتی بەکۆڵەکە بۆ ژیانی گشتییان، ئەگەر حکوومەتی ئیسلامی حکوومەتێکی سیوکرات بوایە ڕاوێژ نەدەبوو، خوا پێغەمبەری پابەند نەدەکرد بەوەی ڕاوێژیان پێ بکات- وشاورهم فی الامر.»[٢٢٧]

مەئمون هوزەیی رابەری گشتیی پێشووی ئیخوانی میسر دەڵێ: «ئێمە دژ بەدەوڵەتی ئاینین، بەو مانایەی دەوڵەت بانگەشەی ئەوە بکات کە بەناوی خواوە قسە دەکات و کەس بۆی نییە پێچەوانەی ویستی ئەو بجووڵێتەوە و ڕەخنەی لێ بگرێ. ئێمە دەسەڵاتێکی مەدەنیمان دەوێ کە بەهەڵبژاردنێکی ئازاد هەڵبژێردرابێ.»[٢٢٨]

أ. د. ئەحمەد عەبدولڕەحمان دەڵێ: «لە ئیسلامدا حاکم پیرۆز ناکرێ، ئەوەتا یارانی پێغەمبەر(د.خ) ڕای جیاوازیان لە ڕای پێغەمبەریان دەخستەڕوو، ئەویش تووڕە نەدەبوو و زۆر جار پەسندی دەکرد. لە ئیسلامدا

---

(٢٢٦) هەمان سەرچاوە، ص٢٨

(٢٢٧) المال والحكم في الاسلام/ عبدالقادر عودة، ص ١٣٩ - ١٤٠

(٢٢٨) مصر بين الدولة الاسلامية والدولة العلمانية، ص ٦٨ - ٦٩.

سەروەری بۆ یاسایە. ئەگەر خەلیفە قەتڵێکی کرد تۆڵەی لێ دەکرێتەوە و دەکوژرێ»[٢٢٩]

د. یوسف قەرزاوی دەڵێ: «حوکمی ئیلاهی مانای دەسەڵاتی ئیلاهی ناگەیەنێ، بەڵکو مانای دانانی بنەماکانی یاسایە لە لایەن خواوە، هەرچی دەسەڵاتە بۆ مرۆڤە. ئەوان حوکم دەکەن و جێبەجێی دەکەن.»[٢٣٠]

د. محەمەد عمارە دەڵێ: «لە تێڕوانینی ئیسلامدا سەرۆکی دەوڵەت، هەروەها داوودەزگاکانی دەوڵەت ئیجتیهاد دەکەن، دەپێکن و هەڵە دەکەن و لە گوناھ پارێزراو نین. تەنانەت پێغەمبەر (د.خ)یش ئەگەر چی لە بواری گەیاندنی پەیامی خوادا مەعسوومە، بەڵام لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا –لەوێدا کە دەقێکی ئیلاهی لەسەر نەبێ– مرۆڤە و ئیجتهاد دەکات، پرس و ڕاوێژی بەیارانی دەکرد و بەگوێی دەکردن.»[٢٣١]

ئەوەتا لەو بارەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: «انما انا بشر مثلكم وانكم تختصمون الي، ولعل بعضكم يكون الحن من بعض، فمن قضيت له بشئ من حق أخيه فلا يأخذ منه شيئا، فانما أقطع له قطعة من نار»[٢٣٢]

«دەوڵەت و سیاسەت تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)یشدا دەوڵەت و سیاسەتی خەڵک بووە کە بەئیجتیهادێکی مەحکوم بەوەحی خوایی بەڕێوەیان دەبرد.»[٢٣٣]

بەڵام د. عمارە پێی وایە لە ئیسلامدا ئەگەرچی بوونی دەوڵەت نەکراوەتە بەشێک لە عەقیدە، بەڵام زۆر ئەرکی ئاینی هەن بەبێ بوونی دەوڵەتێکی

---

(٢٢٩) هەمان سەرچاوە، ص ١٠٦

(٢٣٠) الاسلام والعلمانية وجها لوجه/ د. يوسف القرضاوي، ص ١٤٠.

(٢٣١) معالم المنهج الاسلامي/ د. محمد عمارة، ص ١٣٠– ١٣٢.

(٢٣٢) بڕوانە:سقوط الغلو العلماني/ د. محمد عمارة، ط١ ١٩٩٥، ص ١٧٥ فەرموودەکەی "بوخاری و موسلیم" ریوایەتیان کردووە.

(٢٣٣) هەمان سەرچاوە، ص ١٨٦

ئیسلامی جێبەجێ ناکرێن لەبەرئەوە زەروورەتی دەوڵەت لە بابی «ما لایتم الواجب الا به فهو واجب»ـە.[٢٣٤]

تەنانەت هەندێ لە زانایان پێیان وایە «ئەگەر خەڵک لەگەڵ یەک بەئینساف بن و زوڵم و زۆر و ئەوەی پێویست بەبەکارهێنانی حەدی شەرعی دەکات نەمێنێ، ئەوە دەکرێ دەست لە فیکرەی دەسەڵات هەڵگیرێ.»[٢٣٥]

بەڵام وێڕای ئەم بنەما و بۆچوونە تیۆرییانە و چەندین پرنسیپی تری وەک پێویستیی دانانی خەلیفە بەهەڵبژاردن و ئیلزامیەتی شورا و رەوایی ڕەخنە لێگرتن و تەنانەت لێ یاخیبوون و گۆڕینیشی ئەگەر سنووری بنەما شەرعییەکانی بەزاند، بەڵام لە واقیعدا پاش کۆتایی هاتنی سەردەمی ڕاشدین هەموو ئەم بەهایانە بەکردەوە لە بەڕێوەبردنی سیستمی ئیسلامدا بزر کران و خەلافەت کرایە میراتگری و بنەماڵەیی و خەلیفە بوو بەپاشا و وەک هەر پاشایەکی تری زەمانە زۆرێک لە چەمکە ئیسلامییەکانی بەتەفسیرێکی تایبەت بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی و پاکتاوکرنی نەیارانی – لەوانە چەمکی قەزاوقەدەر[٢٣٦] بەکار هێنا و جۆرێک لە پیرۆزیی کەسایەتیی خەلیفە بەخشی، بەشێوەیەک وەک عەشماوی دەڵێ: خەلیفە ئەگەر بەپێی دەق مەعسووم نەبێ بەفیعلی بوو بەمەعسووم و سەرپێچیکردنی بە یاخیبوون و

---

(٢٣٤) معالم المنهج الاسلامي، ص ١٣٥.

(٢٣٥) ئەمە بۆچوونی "ابوبکر الاصم"ی موعتەزیلییە، بڕوانە: المعتزلة ومشكلة الحرية. محمد عمارة، ص ١٩١.

(٢٣٦) د. محمد عمارە دەڵێ: «موعتەزیلە هەمیشە تیۆری "جەبر"یان دەبەست بە دەسەڵاتی ئەمەوییەوە و پێیان وابوو ئەم بیروبۆچوونە جەبرییانە ڕەهەندی سیاسی لە کۆمەڵدا هەیە و معاویەی کوڕیشی ئەبو سوفیانیان تاوانبار دەکرد بەوەی کە ڕەواج بەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەدات، تا پشتی دەسەڵاتەکەی قایم بکات و وا بباتە مێشکی خەڵکەوە کە گواستنەوەی خەلافەت بۆ خۆی و بنەماڵەکەی قەزاوقەدەری خوایە دەبێ و پێی ڕازی بن.» بڕوانە: المعتزلة ومشكلة الحرية، محمد عمارة، ص ١٦٧ – ١٦٨.

دەسـتـدرێژی (بغي) لە قـەڵـەم دەدرا و ئەوەش ڕێی بۆ هـەر زەبرێکی کـوشندە خۆش دەکرد.

دەتوانـین هۆی ئەم سـەرەڕۆبوونـەی دەسـەڵات لـە مـێـژووی ئیـسـلامی و دەرچوونی لە چوارچێوەی سروشت و ئامانجەکانی ئاینەکە بۆ چەند خاڵێک بگێڕینەوە، لەوانە:

## ١- سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لەو قۆناغە مێژووییانەدا:

زۆرێک لە توێژەران بۆ ئەوە دەچن کە لـە سـەردەمـە دێرینەکاندا دەسـەڵاتی پاشـاکـان سـنوورێکی بۆ نـەبوو. خـەڵک پێـیـان وا بـووە کـە دەسـەڵاتدارەکـان سروشتی جیاواز لە سروشتی مرۆڤیان هەیە. ئەوان یان خوان یان کوڕی خوان، یان بەپێسپاردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی خوا حوکم دەکەن.

ئەمـە حـاڵی حـاکمـەکـان بوو لە ڕۆژهـەڵاتی کـۆن و تەنانەت لە سـەدەکـانی ناوەڕاست و نوێشدا، بۆ نموونە لە میسری فیرعەونیدا هەر لە سـەرەتای سیستمی پاشایەتییەوە پاشا بەخوا زانراوە، لە وڵاتی نێو دوو ڕووباردا - بابلییەکان- دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەسەر بناغەی سەرچاوەی ئیلاهی دامەزراوە، چونکە پێیان وا بوو سیستمی پاشایەتی لە ئاسمانەوە دابەزیوە، فارسەکان بەئیمپراتۆریان دەوت پاشای پاشاکان، ئەو خاوەن دەسەڵاتی رەها بوو لە سەرانسەری وڵاتدا. ڕێکخستنی سیاسی لە چینی کۆندا لەسەر ئەو بناغەیە دامەزرابوو کە ئیمپراتۆر دەسەڵاتی خۆی لە ئاسمانەوە وەردەگرێ و بەپێی مافی خودایی حوکم دەکات کە دەسەڵاتێکی ڕەهای دەداتێ[٢٣٧]

دواتر ئەم تێڕوانینە بۆ پێوەندی دەسەڵات بە پێسپاردنی خوایی و لە بیری مەسیحیشدا بەزەقی دەرکەوت، ئوسقوف بوسیە کە لە سەردەمی لویسی چواردەیەمدا ژیاوە پێی وایە «خوا خۆی پاشا دادەمەزرێنێ».

هەروەها -وەک ئەم- فیلمەریش بەرگری لە دەسەڵاتی رەهای حاکم دەکات

(٢٣٧) الطاغية، ا. د. امام عبدالفتاح امام، ص ٢٥ - ٤٠.

و ئەوە دەبەستێ بە (مافی ئیلاهی) دەڵێ: «خوا ویستی وا بوو دەسەڵاتی ڕەها بچێتە ناو ئادەمەوە و ئینجا پاشاکان لەوەوە بەمیرات وەری بگرن».

قەشە پۆڵس لە ئامۆژگارییەکانیدا داوا لە کۆیلەکان دەکات لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی گەورەکانیان بکەن، «چونکە هیچ دەسەڵاتێک نییە لە خواوە نەبێ. ئەو دەسەڵاتدارانەی هەن خوا ڕێکی خستوون، ئەوەی بەرەنگارییان بکات بەرەنگاریی پلانی خوا دەکات»، بەم پێیە پۆڵس ڕای دەگەیەنێ کە حاکم دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە خواوە وەردەگرێ و لێرەشەوە دژایەتیکردنی، یاخیبوون لە ویست و نەخشەی خوا دەگەیەنێ.

هەروەها قەشە بوتروس پێی وایە شمشێری حاکم تەنیا لە سزادانی خراپەکاراندا بەکار دەهێنرێ، بۆیە هەرکەس بەرەنگاری بکات دیارە کەسێکی خراپەکارە، دەڵێ: «خۆشەویستان! مل بۆ هەموو تەرتیبێکی بەشەری کەچ بکەن لە پێناو خوادا.»

بەم شێوەیە پۆڵس و بوتروس تەئکید لەسەر زەروورەتی ڕێزگرتنی سیستمی ئارا دەکەن و مل بۆ کەچکردنی بەکارێکی خوایی دادەنێن. هەر لێرەشەوە ئەو بنەمایە سەری هەڵدا کە حاکمە ملهوڕەکان حوکمیان پێ کرد و پاشا زۆردارەکان لە ئەوروپا بۆ ماوەیەکی زۆر قۆستیانەوە، کە ئەویش بریتییە لەو بنەمایەی دەڵێ: «هەموو دەسەڵاتێک لە خوا وەردەگیرێ، کە ئەمەش پاساوی گوێڕایەڵی ڕەها و ملکەچکردنی تەواوە بۆ زۆرداران لە هەر کوێ بن.»[٢٣٨]

ئەگەرچی ئیسلام پیرۆزیی بەکەسی حاکم نەداوە، بەڵام بەسوود وەرگرتن لەو زهنیەتەی کە لەسەر ئەم تێگەیشتنە مێژووییە دەقی گرتووە، هەروەها بەسوود وەرگرتن لە هەندێ چەمکی ئیسلامی -وەک زەروورەتی گوێڕایەڵیکردنی وەلی ئەمر- خەلیفەکان توانییان ئەو نەریتە، لە بەرگێکی قابیل بەقبوڵدا لە بواری حوکمدا جێگیر بکەن.

---

(٢٣٨) هەمان سەرچاوە، ص ١٦١- ١٦٤

### ٢- تێگەیشتن لە چەمکی گوێڕایەڵی:

هیچ سیستمێکی سیاسی ناتوانێ بەبێ گوێڕایەڵی ئەندامانی کۆمەڵ بۆ یاسا و فەرمانەکانی بەئەرکەکانی خۆی هەستێ، بەڵام گوێڕایەڵیکردنی یاسا شتێکە و بێدەنگبوون لە ئاست هەڵە و کەموکورتییەکانی دەسەڵات و حکوومەت بەناوی (سمع وطاعة) و پاراستنی هەیبەتی دەسەڵات و وەفا بەو بەیعەتەی دراوە، شتێکی ترە. بنەمای گوێڕایەڵیکردنی جەماوەر بۆ هێڵە گشتییەکانی دەسەڵات، مانای ئەوە نییە کە جەماوەر بۆی نەبێ ڕەخنە لە سیاسەت و بەرنامە و پلانەکانی بگرێ و تانەیان لێ بدات.

لە ئیسلامدا هاتووە: «لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق»[٢٣٩] ئەمە مانای سەروەریی یاسا دەگەیەنێ نەک سەروەریی حاکم. جەودەت سەعید دەڵێ: «لاطاعة في معصية» مانای ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ فەرمانێک بەبێ یاسا جێبەجێ ناکرێ[٢٤٠]. بەڵام لە مێژوودا ئەو بنەمایەی کە دەڵێ: «پاش بەیعەتدان بەخەلیفە گوێڕایەڵیکردنی وەک گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەری خوا واجبە و سەرپێچیکردنی تاوان و بەغییە[٢٤١] لە تەرجەمەی واقیعیدا گۆڕاوە بۆ مل چەماندنەوەی جەماوەر و مل پێ کەچکردنی بێ قەیدوشەرتی بۆ دەسەڵات بەشێوەیەک وەک د. عەلی شەریعەتی دەڵێ: «بنەمای بەیعەت و شورا لە ئیسلامدا هەر خۆی کراوەتە هۆیەک بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی بەیعەت و شوورا لە مێژووی ئیسلامدا».[٢٤٢]

جا لە بارێکدا کە بوار بۆ ڕەخنە و بەرهەڵستکاریکردنی ئاشتییانە نەبووە، نارەزایییەکان هەندێ جار مۆرکی یاخیبوونی سیاسی و چەکدارییان وەرگرتووە و دەسەڵاتیش بەناوی لەناوبردنی -بەغی-ەوە سڵی لە

---

(٢٣٩) مانای فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) ە.

(٢٤٠) كن كابن آدم. جودت سعيد، دار الفكر - دمشق، ط١ ١٩٩٧. ص ٦٠

(٢٤١) بڕوانە: السنن الالهية/ د. عبدالكريم زيدان، دار احسان، ص ١٤٢- ١٥٧.

(٢٤٢) العودة الى الذات/ علي شريعتي ص ٢٧١

سەرکوتکردنی بێ ڕەحمانە نەکردووە. ئەوەتا ئەبوجەعفەری مەنسوور زاناکان -لە ناویاندا ئیمامی ئەبو حەنیفە- کۆ دەکاتەوە تا لەسەر مەسەلەیەک پرسیان پێ بکات، ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی موسڵ پەیمانیان داوەتێ کە لێی یاخی نەبن، ئەگەر لێی یاخی بوون خوێنیان حەڵاڵی بێ.

یەکێ لە زاناکان پێی دەڵێ: ئەگەر تۆڵەیان لێ بکەیتەوە ئەوە شایانی ئەوەن ئەگەریش لێیان خۆش بیت ئەوە تۆ ئەهلی لێخۆشبوونیت، جا لەو بارەوە داوای وەڵام لە ئیمامی ئەبو حەنیفە دەکات، ئەویش پێی دەڵێ "تۆ شتێکت لەسەر ئەوان بەمەرج گرتووە کە مافی تۆ نییە، هەروەها ئەوانیش شتێکیان لەسەر خۆیان بەمەرج قبووڵ کردووە کە مافی ئەوان نییە" (مەبەستی مافی خوێنڕشتن بووە). بەمە ئیمامی ئەبو حەنیفە خەڵکی لەو کارەساتە گەورەیە گێڕاوەتەوە کە ئەبو جەعفەری مەنسوور زۆر بەئاسایی خۆی بۆ ئەنجامدانی ساز و ئامادە کردبوو.(٢٤٣)

بڕوانە ململانێی خوێناوی نێوان ئەمەوی - عەباسی و عەباسی - عەلەوی، هەروەها سەیری گەشتەکەی (ئیبن بەتووتە) بکە کە چ سەرگوزەشتەیەکی دڵتەزێن لەبارەی ململانێی خوێناویی نێوان میرە موسوڵمانەکانی هند دەگێڕێتەوە.

### ٣- بەستنی یاخیبوون لە خەلیفە و لادانی بە (کوفری بەواح)ەوە

یەکێ لەو هۆکارانەی کە جێ پێی حاکمە زاڵمەکانی قایم کردووە جەختکردنی زۆرێک لە زانا و فەقیهەکان بووە لەسەر ئەوەی کە تەنیا لە حاڵەتی کوفری زەقدا ڕەوایە لە حاکمی موسڵمانی زاڵم ڕاپەڕن و لە کاری لابدەن(٢٤٤) تا نوێژ بکەن دەبێ گوێڕایەڵی بکرێ. واتە ئەگەر حاکم گەلێکی

---

(٢٤٣) بڕوانە الاسلام بين العلماء والحكماء. عبدالعزيز البدري، فەسڵی میحنەتی ئەبو حەنیفە.

(٢٤٤) بڕوانە: على طريق العودة الى الاسلام/ د. محمد سعيد رمضان البوطي، ص ٦٦ السنن الالهية د. عبدالكريم زيدان ص١٤٥.

خەڵتانی خوێن کردبێ جائیز نییە لێی یاخی بین و لایدەین مادام بەزمان بڵێ: (لا اله الا الله) و کوفری ئاشکرای خۆی ڕانەگەیەنێ و ڕێ لەوە نەگرێ خەڵک عیبادەتی خۆیان ـ نوێژ و زەکات و حەج ـ ئەنجام بدەن، یان مادام نوێژدەکەن ئیتر دەبێ خەڵک ملکەچیان بێ و، بۆیان نەبێ لە ئاست سەرکوتکردنی تاک و کۆی موسڵمانانی نەیارو ئەشکەنجەدا و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و سامانی خەڵک و خەرجکردنی بە ئارەزووی خۆی، بێ ئەوەی کەس لێی بپێچێتەوە. ئەوەتا ئەبو جەعفەر مەنصور لە وتارێکدا لە ڕۆژی عەرەفە دەڵێ:

«ایها الناس انما انا سلطان الله في ارضه، اسوسکم بتوفیقه وتسدیده وتأییده و حارسه علی ماله، أعمل فیه بمشیئته و ارادته وأعطیه باذنه، فقد جعلني الله علیه قفلا، اذا شاء ان یفتحني لاعطاءکم واذا شاء ان یقفلني علیه أقفلني).[٢٤٥]

ئەمەش چەند بەرەنجامی ترسناکی لێ کەوتووەتەوە، لەوانە ئیقرارکردنی

---

(٢٤٥) بڕوانە: دراسات اسلامیة معاصرة في الدولة والمجتمع، الدکتور المهندس محمد شحرور، ط ١ ١٩٩٤ ص٢٢، گوتەکەی (مەنصور)ی لە (العقد الفرید) ج٤ ص١٨٦ وەرگرتووە.

ئەم ورووژانە لەسەر (کوفر)ی دەسەڵات و، نەورووژانە لە سەر (زوڵم) و (فیسق)ی تا ئێستاش لە فیکری سیاسی موسڵماناندا دیارە. بۆ نموونە هەموو جیهانی ئیسلامی دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن یەکێتی سۆفیەتەوە، زوڵم و زۆری ئیسرائیل لە گەلی فەلەستینی و چەوساندنەوەی موسوڵمانان لە بۆرمار و بۆسنە و هێرسک و کۆسۆڤۆ و چیچان، ورووژاون و دەورووژێن و لێی دێنە دەنگ لانی کەم لەسەر ئاستی میللی و یارمەتی موسڵمان دەدەن لە دژی دەسەڵاتە زۆردارەکە، چونکە ئەوە دەسەڵاتی موسڵمانان نییە واتە (کافر)ە، بەڵام بەدەگمەن روو دەدات لەسەر چەوسانەوە و قەتڵ و عامی گەلێکی موسڵمان لە ژێر دەستی حکومەتێکی بەناو موسڵماندا بورووژێن و بێنە دەنگ، چونکە بەحساب ئەم کافر نییە، واتە (زوڵم) پاساوی ڕاپەڕین ناکات بەڵام (کوفر) دەیکات.

دەسەڵاتێک کە بە (هێز) دەستی بەسەردا گیرابێ مادام خەلیفە نوێیەکە موسڵمانە[٢٤٦] ، هەروەها راهێنانی ئوممەت لە سەر ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتدارانی فاسق، ئەویش نەوەکو فیتنەیەکی گەورەی لێ بکەوێتەوە و یەکێتی ئوممەت بخاتە مەترسییەوە.[٢٤٧]

**٤– نەبوونی فیقهی دەستووری:**

ئەو بنەما تیۆری و سەرەتا سیاسییەی کە ئیسلام دەستی پێکرد لەباریدا هەبووە سیستمێکی سیاسی راشد بەرهەم بهێنێ و درێژەی پێ بدات گەر بتوانرابا زهنیەتی سیاسی سەردەمی راشدین درێژەی پێ بدرێ، کە درێژەی نەکێشا.

هەندێک لە توێژەران پێیان وایە هۆی درێژەنەکێشان و گەشەنەکردنی سیستمی راشدین بۆ بەسترانەوەی سیستەمەکە بە (کەس)ی خەلیفەوە نەک بە (دامەزرا)وە و میکانیزمێکی سیاسی کۆنکرێتی و نەبوونی فیقهێکی دەستووری دەگەڕێتەوە، کە سنووری دەسەڵاتەکانی حاکم و پەیوەندی حاکم و مەحکومەکان و میکانیزمی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات دیاری بکات و

(٢٤٦) علی بن حاج ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر یەکە لە پێشەوایان (أحمد بن حنبل) و (شافیعی) و (ابن تیمیە) گوێڕایەڵی کردنی (ئیمامی سەرکەوتوو بە شمشێر)یان ئیقرارکردووە بەو مەرجەی شەرع پیادە بکات، بڕوانە: فصل الكلام في مواجهة ظلم الحكام، علي بن حاج ص ٤٣ هەروەها لەم سەردەمەشدا بۆچوونی لەو جۆرە هەیە، بۆ نموونە بڕوانە: على طريق العودة الى الاسلام د. محمد سعيد رمضان البوطي ص٥٣ ـ ٥٤.

(٢٤٧) بڕوانە: على طريق العودة الى الاسلام.. البوطي ص٤٥٤، ٥٧، ٦٦/ السنن الالهية، د. عبدالكريم زيدان ص٤٣.

مەبەست لێرەدا ئاماژەکردنە بۆ کاریگەری ئەو بۆچوونانە لەسەر چەسپان و درێژەکێشانی ئەو تەرزە سیستمە کە خەلافەت و دەسەڵاتی لەسەر دامەزرابوو. بەڵام ئایا ئەو بۆچوونانە خۆیان لە خۆیاندا وەک چارەسەرێک بۆ ئەو کاتە چەندە مەنتیقی و عەقڵانی بوون، ئەوە مەسەلەیەکی ترە و قسەی زیاتر هەڵدەگرێ.

ئەو سیستمە دەستوورییە بکرێتە بناغەی دامەزرانی شەرعیەتی هەر دەسەڵاتێک[٢٤٨] لە ئەنجامی ئەم بۆشاییە دەستوورییەدا بوو کە توانرا سیستمی سیاسی بگۆڕدرێ بۆ سیستمی میراتی و دواتر ویلایەتی عەهدیشی[*] بۆ زیاد بکرێ و، کێشە سیاسییەکان بە ڕێگەی توندوتیژی و پێکدادانی خوێناوی یەکلا بکرێنەوە و تۆمارێکی درێو لە بواری ململانێی سیاسیدا تۆمار بکرێ.

لە راستیدا ئیسلام ئەگەر لە بواری سیستمی سیاسیدا پیرۆزیی بەشتێک دابێ، ئەوە بە مەرجەع و دەستووری سیستمەکە - قورئان و سوننە -ی داوە، هەرچی حاکم و ئامرازی دەسەڵاتە هیچ پیرۆزییەکی نییە و لە لایەن خواوە ڕانەسپێرراوە و دەسەڵاتی رەها و گوێڕایەڵیکردنی رەهای بۆ بڕیار نەدراوە. بەڵکو سەروەری بۆ گەلە و ئەو دەسەڵات بە حاکمان دەبەخشێ و هەر ئەویش مافی هەیە لێیان بپێچێتەوە و رەخنەیان لێ بگرێ و بیانگۆڕێ.

بەڵام هەمووو ئەم چەمکانە دەبنە کۆمەڵە ئومێدێکی تیۆری گەر ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی بە کۆتاگەیاندنی سەردەمی ڕاشدین و جێگیربوونی سیستمی میراتیی لە فیکر و پرۆژەی ئیسلامیدا بنەبڕ نەکرێن. لە بارێکی لەم جۆرەدا مەترسی ئەوە هەیە مەبدەئی (حاکمیەت) لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرەو سیستەمی سیوکراتی ببات.

**دووەم: بەسیاسیکردنی ئاین، شێواندنی ئاین:**

یەکێ لەو تۆمەتانەی کە تەییاری عەلمانی تەییاری ئیسلامیی پێ تۆمەتبار

---

(٢٤٨) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

دراسات اسلامية محاصرة/ د. محمد شحرور، ص١٦-١٨ ص ٢٤

- فصول من تاريخ الاسلام السياسي، هادي العلوي، ص٤٧ ٥١.

- الاسلام السياسي. محمد سعيد العشماوي، ص ٢٤، ٣٧، ١١١، ١١٢، ١٥٢.

- نقد العقل العربي (٣) / د. محمد عابد الجابري، ط٣ ص٣٦٨.

(*) دانانی جێنشین پێش لە مردنی خەلیفە یان سوڵتان.

دەکات بریتییە لە تۆمەتبارکردنی بەوەی ئاینی ئیسلام بۆ مەرامی سیاسی بەکار دێنێ و پیرۆزیی ئاینی بە تێگەیشتنی خۆی دەدات.

ئەم تۆمەتە لە دەرهاویشتەکانی ستراتیژیەتی فیکری عەلمانیی ناوچەکەیە سەبارەت بە زەرووڕەتی جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت: ئەمیش بەکردەوە لە پێناو جێگرتنی پڕۆژەی عەلمانی و، بە ڕواڵەتیش لە پێناو پاراستنی پیرۆزیی ئایندایە، کە پێیان وایە بە گلاندنی لە سیاسەت و بەرژەوەندیی مادییەوە لەکەدار دەبێ.

گەرچی لە واقیعدا ئەهلی دەسەڵات و ڕووناکبیرانی عەلمانی، مومارەسەی سیاسەت و دەسەڵات بە چالاکییەکی مەدەنی و شارستانیی دەبینن و پێیان وا نییە کاری سیاسی خۆی لە خۆیدا پیشەیەکی دزێو و نائەخلاقی بێ (گەرچی ئامراز و ئامانجەکانیشی لێرە و لەوێ مۆرکی خۆپەرستی و نائەخلاقیەت وەرگرن)، بەڵام کاتێ باس لە مومارەسەی سیاسەت لەلایەن ئیسلامییەکان دەکەن ئەوە هەرچی سیفەتی دزێو و ناقۆڵا و ناشایستە هەیە دەیدەنە پاڵ (سیاسەت)و هەرچی سیفەتی بڵندی و پاکێتی و (مثالية) هەیە – زۆرجار بەبێ گەڕانەوە بۆ تێڕوانینی خودی ئاینیش – دەیدەنە پاڵ ئاین، تا لە کۆتاییدا ئەوەی لێ دەرچێ کە (تێکەڵکردنی ئاینی پاک بە سیاسەتی گلاوو مونافیق تاوانێکە دژی ئاین و لێخوشبوونی نییە). یان دەڵێن: (بەستنەوەی سیاسەتی بە سروشت گۆڕاو، بە (ئاین)ی بە سروشت نەگۆڕەوە زیان بە سیاسەتمان دەگەیەنێ).

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێین ئەوەی یەکەمە (واتە ئەخلاقیەت لە ئاین و نائەخلاقیەت لە سیاسەتدا).

ئەوە ڕاستە کە مەیدانی سیاسەت بە حوکمی ئەوەی مەیدانی ململانێیە لەسەر بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی هەرچی زیاتر لە سەرچاوەی هێز و دەسەڵات، زۆر جار مرۆڤ دەخاتە هەندێ هەڵوێستەوە کە بە ئەستەم دەتوانێ هەڵوێستێکی ئەخلاقییانەی تێدا وەربگرێ. یان بتوانێ لە هەموو بارەکاندا

دوور لە دەمامک خۆ نیشان بدات، یان هەمیشە هەڵوێستەکانی لە خزمەتی حەقیقەت و مەوزووعیەتدا بێ، لێرەوەیە نوورسی پەنای بە خوا گرتووە لە (شەیتان و سیاسەت) و وتوویەتی (ان السیاسة الدائرة علی المنافع، وحش رهیب)[٢٤٩]، واتە ئەو سیاسەتەی لەسەر بەرژەوەندی دەسووڕێ، دڕندەیەکی تۆقێنەرە.

هەروەها لێرەوە مەسعوود محەمەد دەڵێ: (ئەم جیهانەی سیاسەت زۆر چڵکنە، گەلێک چڵکنترە لەوەی بە خەیاڵتدا دێت، ڕێگای چڵکنیەکەشی چەشەی وەها لە مجێزی تێدایە کوڕم دەوێ خۆگیری لێ بکات)[٢٥٠]، هەروەها پاش ئەوەی سەرگوزەشتەی ئاشکرا کردنی نهێنییەکان لای سەرۆک لەلایەن یەکێ لە پێنج کەسەوە کە پێشتر ڕێکەوتوون ئەو نهێنییە بۆ کەس نەدرکێنن. دەڵێ (جارەهای جار گوتیانە سیاسەت کاری مەیموونە).[٢٥١]

بەڵام وابزانم ئەمە تەنیا تایبەتی بواری سیاسی نییە، چونکە هەموو ململانێکانی مرۆڤەکان ململانێی سیاسی نین. ئەو حاڵەتە لە بواری ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتیشدا دەبینرێ. ئاخر خۆ زۆرترین فێڵ و ساختە لە بازاڕ و خرید و فرۆشیدایە. تەنانەت لە پێوەندییە کۆمەڵاتییەکانیشدا زۆرجار مرۆڤەکان بە دەمامکەوە لەگەڵ ئەوەی دی دەژین، لە دڵەوە خۆشی لە کەسێک نایە، بەڵام زەردەخەنەی بۆ دەکات و بەڕواڵەت خۆشەویستی بۆ دەردەبڕێ. ئەم حاڵەتە لە بواری خێرو خێرخوازی و چاکەدا، هەروەها بۆ چاوبەستن و فریودان و فێڵ کردنیش پەنای بۆ دەبرێ.. بەڵام ئایا دەکرێ ئەم حاڵەتە بکرێتە پاساو بۆ کەنارگرتنی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەبیانووی ئەوەی نایەوێ تووشی دووڕوویی و ململانێ ببێ؟

بێگومان بۆ بنبڕکردنی سەلبیاتەکانی ململانێکان لە هەر بوارێکدا،

---

(٢٤٩) الخطبة الشامیة. سعید النورسي، ص١٣٨.

(٢٥٠) گەشتی ژیانم. مەسعوود محمد. چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم ١٩٩٢ لا٤٤٩.

(٢٥١) هەمان سەرچاوە لا٤٧٢.

بەتایبەتی لە بواری سیاسیدا، پێویسمان بە زهنیەتێکی ئەخلاقی هەیە، کە ئاین دەتوانێ دایبڕێژێ. ئەگەر بڕیار بێ سیاسەت ئەو تەیرە ناقۆڵاو دزێوە بێ کە باس دەکرێ؛ ئەوە نابێ وا لەو ناقۆڵاییە بڕوانین کە ناقۆڵاییەکی بنیاتییە لە زاتی سیاسەتدا وەک چالاکییەک کە قابیل بە دەستکاریکردن نەبێ، چونکە ناقۆڵاییەکی لەو چەشنە بێگومان دەبێ حاڵەتی ناقۆڵا و نائینسانی لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئێمە وا دەبینین سیاسەت گەلێ خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردووە، بگرە بەبێ سیاسەت دیموکراسیەت و ئازادی بیروڕا و سەقامگیری سیاسی نەدەهاتە ئارا.

کەواتە سیاسەت هەمووی شەڕ نییە، بەڵکو تەرزە چالاکییەکە کە دەکرێ بەم یان بەو ڕێژەی خێر و شەڕی تێدابێ. بێگومان لەگەڵ کەڵەکەبوونی ئەزموونە و پێگەیشتنی عەقڵیەتی سیاسی و ئەخلاقی مرۆڤایەتیش بارستەی خێرەکەی زیاتر دەبێ: ئاخر گۆڕانی شێوازی ململانێی سیاسی لە ململانێی خوێناوییەوە لە سەردەمە پێشووەکاندا بۆ ململانێی هێمنانە و مەدەنیی لە سەدەی بیستەمدا گۆڕان و پەرەسەندنێکی ئەخلاقییە و ئەخلاقیبوونی زیاتری سیاسەت و نزیک کەوتنەوەیەتی لە ڕۆحی ئاین.

ئەگەر هەر بەڕاستی ئاین بەسەرچاوەی ئەخلاق و پاکێتی دەزانرێ؛ ئەوا سەیرە داوا بکرێ ئاین لە سیاسەت جیابێ لە کاتێکدا ئەمەی دوایی زۆر ئاتاجی بەو ئەخلاقیاتە ئاینییەیە.

ئەگەر لە مێژوودا لە تێکەڵکردنیان زوڵم ریشەدارتر بووە، ئەوە ئەم حاڵەتە ئەوەندەی کە سیاسەتەکەی تێدا تاوانبارە – کە دەسەڵاتەکەی لە دەستدا بووە – ئەوەندەی ئاینەکە یان مەبدەئی تێکەڵکردنەکە تاوانبار نین، ئەوە لە حاڵێکدا ڕاستە کە لەو سەردەمانەدا نموونەیەک هەبێ کە تێیدا سیاسەت بە هۆی دووریی لە ئاینەوە دوور بووبێ لە زوڵم و زۆر.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئاین و سیاسەت دوو توخمی سەربەخۆو جودا و خاوەن پێکهاتە و سروشتی جیاواز بن، ڕەنگە ئاسایی بێ کە تێکەڵکردنیان مادەیەکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە، بەڵام چی دەڵێیت گەر سیاسەت بەشێک

بوو لە بنیاتی خودی ئاینەکە؟ چی دەڵێیت گەر پەیامبەری خوا خۆی مومارەسەی سیاسەتی کردبێ، ئەو سیاسەتەی کە ئێستا کەسانێ پێیان وایە شتێکە سروشتی دینداری دەشێوێنێ؟

جا ئەگەر چاو لە دراوەکان خودی ئاینەکە نەپۆشراو دان بەوە دانرا کە ئاینداریی مرۆڤ، ئەو کەسە دەکاتە ئایندارێکی سیاسی، ئەوە ئیتر ئەوە گرنگ نابێ کە ئاخۆ ئاینداریيەکە لەناو دەوڵەتدا ئەنجام بدرێ و ڕەنگ بداتەوە یان لە دەرەوەی. چونکە گەر دەوڵەت عەلمانی و جەماوەر دینی – سیاسی بوو، ئەوا پەیوەندیی نێوان ئەو دەسەڵات و جەماوەرە لە دوو حاڵەت بەدەر نابێ: یان ئەوەتا دەوڵەت لە ژێر گوشاری جەماوەردا ناچار دەبێ شێوازی خۆی لە حوکمدا لەگەڵ تێڕوانینی ئاینیی جەماوەرەکە بگونجێنێ. یان ئەوەتا جەماوەرەکە بۆ خۆی لە هەناوی دەوڵەتە عەلمانییەکەدا دەوڵەتیکی تر دروست دەکات کە لە سەر بناغەی قەناعەتە فیکری – ئاینییەکانی خۆی دامەزرابێ، واتە دەوڵەت لە هەناوی دەوڵەتدا دروست دەبێ، کە پێم وایە ئەم حاڵەتە لە پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتەوە تا ئێستاش بە ڕێژەی جیاواز لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بوونی هەیە گەر لە ئاستێکی سەرەتاییشدا بێ، ئەوەش لەو ڕووەوە کە جەماوەر دوور لە ویست و سیاسەت و حەزی دەسەڵاتی عەلمانی ڕێوڕەسمەکانی مارەبڕین و تەڵاق و بەشکردنی میرات و بەخشینی زەکات و چارەسەرکردنی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی لە سەر سیستمی شەرع و لە دەرەوەی دەزگای دەوڵەت جێبەجێ دەکات.

ئەگەر باس لەوەیە کە لایەنێکی ئیسلامیی سوود لە (ئاینیبوون)ی خۆی وەردەگرێ بۆ پتەوکردنی پێگەی و قووڵایی سیاسی و جەماوەری خۆی، ئەوە نازانم بە چ پێوەرێک ئەم کارە بە (ئیستیغلال) دادەنرێ؟ چ نەنگییەک لەوەدایە کەسێک یان گرووپێک لە ڕێی پابەندبوون بە ئاین و بانگەشە بۆ کردنیەوە سوود بە ئاین بگەیەنێ و لە ئەنجامی ئەوەشدا ببێتە کەسایەتییەکی خۆشەویست و قسەبیستراو و دەستڕۆیشتوو لە ناو کۆمەڵدا؟ ئەمە لەسەر ئاستی کۆمەڵ و گرووپیش هەر ڕاستە.

ئاخر لە هیچ بوارێکدا خزمەتی یەکسەرە و بێ بەرامبەر نییە. مرۆڤ خزمەتی ئاین دەکات و لە هەمان کاتدا ئاینیش خزمەتی مرۆڤ دەکات، ئاخر ئەگەر ئاین یان هەر شتێکی دی خزمەت بە مرۆڤ نەکات چۆن دەتوانێ پارێزگاری لە بوون و نرخی خۆی بکات؟

دەمێنێتەوە قسەیەکی دی لەسەر وشەی قۆستنەوە (ئیستغلال) بکەین.

هەمیشە ئیستغلالی هەر شتێک بە خراپ بەکارهێنانی ئەو شتە دەوترێ، کە دەوترێ (استغلال السلطة) مەبەست لێی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە. واتە خیانەتکردن لەو شتە، یان مامەڵە لەگەڵ کردنی بە پێچەوانەی حاڵەتی سروشتیی خۆی، بەڵام ئایا کاری سیاسی ئیسلامیی پیلانە لە دژی ئاین یان جێبەجێکردن و بەرزکردنەوەی پێگەیەتی، لانی کەم لە روانگەی ئەو تێگەیشتنەی کە لای کۆی زانایان؟! بەرامبەر بە ئاینەکە.

بە هەرحاڵ بزاڤی ئیسلامیی تەنیا بە هەڵبڕینی دروشمی ئاینپەروەری، ناتوانێ مومارەسەیەکی دروستی کاری سیاسی بکات کە جیاواز بێ لەو تەرزە سیاسەتە میکافیلییەی کە لە پێناو ئامانجدا هەموو مومارەسەیەکی نائەخلاقیی بە ڕەوا دەبینێ (ئەمەش ئەو مینە چێنراوەیە کە لەبەردەم ئایندارانداية لە زەمینە سیاسییەکەدا)، بەڵکو پێویست بە گەشەپێدانی مەعریفە و عەقڵی سیاسی هەیە تا بتوانێ تیۆرێکی ئەخلاقیی بۆ مومارەسەی سیاسەت دابڕێژی، نەک لەسەر هەمان تەرزی باوی گۆڕەپانەکە بڕوات، کە پاڵەوانەکانی خۆیان ئەو تەرزە سیاسەتەیان بە دیماگۆجییەت و براگماتییەت و نائەخلاقییەت وەسف دەکەن.

**سێیەم : دیموکراسیبوون و ڕەتکردنەوەی فرەلایەنی:**

دانەری کتێبی (الطاغية) دەڵێ: (لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا مونتیسکو (١٦٨٩ - ١٧٥٥) بۆ ئەوە چوو کە (ئیستبداد) سیستمێکی سروشتییە بەلای خۆرهەڵاتەوە(*)، بەڵام بەلای خۆرئاواوە جێی مەترسییە.

نووسەر دەڵێ: «مۆنتیسکو زیاد لەوە ئیستبدادەکە بە ئاینەوە دەبەستێ و پێی وایە بۆ جیهانی مەسیحی حکومەتی میانڕەو باشترە، بەڵام حکومەتی ملهوڕ بۆ جیهانی ئیسلامی گونجاوترە.. بێگومان ئەو هیچی لە بارەی ئیسلام کە بانگەشە بۆ ئازادی باوەڕ و بیرکردنەوە و راوێژ دەکات، نەخوێندووەتەوە. هەروەها ئیسلام پێی وانییە کە گوێڕایەڵیکردنی سوڵتانەکان بەهۆی ئەوەوەیە کە لە لایەن خواوە دانراون وەک قەشە پۆڵس وتی، هەروەها ئیسلام نەیوتووە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی لە خواوە وەرگیراوە کە ئەمە ئەو مەبدەئەیە پاساوی گوێڕایەڵی رەهاو ملکەچبوونی تەواو بۆ دەسەڵات لەهەر کوێیەک بێ، دەکات. هەروەها گەلی وەسف نەکردووە بەوە کۆمەڵێ (گوێ درێژ)ن کە دەیانەوێ لێیان بدرێ وەک کە مارتن لۆسەر پێی وابوو.»(٢٥٢)

لە راستیدا ئیسلام گەلێ هەنگاوی گرنگی لە بواری فیکر و سیاسەتدا نا، کە دەکرا بەرهەمێکی بەنرخی لە بواری فرەلایەنیی فیکری و سیاسیدا لێ بکەوێتەوە، لەوانە ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی زەبر و زۆر بۆ سەپاندنی ئاین (لااکراه في الدين..)، داننان بە شەرعیەتی بوونی ئاینەکانی تر لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا و پاراستنی تایبەتمەندیی ئاینییان (ولاتجادلوا أهل

---

(*) ئەمە لە بنەڕەتدا تیۆری ئەرستۆیە کە پێی وابوو ملهوڕی (الطغيان) بەمانا وردەکەی لە گوامڕاهی خۆرهەڵاتیدا بەرجەستە دەبێ، گەلانی ئاسیەوی جیاواز لە گەلانی ئەوروپی سروشتی کۆیلەیان هەیە، لەبەر ئەوە بەرگەی حوکمی ملهوڕان دەکەن بێ ئەوەی سکاڵای لەدەست بکەن یان پێی بێزاربن - لە کتێبی السياسة - (١٢٨٠أ ص١٢٧).

(٢٥٢) الطاغية، أ . د. امام عبدالفتاح امام، ص٣١٥.

الكتاب الا بالتي هي أحسن، الا الذين ظلموا منهم)، بەستنەوەی شەرعیەتی دەسەڵات بە متمانەپێدان (بەیعەت) ی جەماوەری و دارِنینی دەسەڵات لەو پیرۆزییەی لە مێژووی نەتەوەکاندا پێی درابوو، پێداگرتن لەسەر ئەوەی جیاوازبوون لە بیروباوەڕدا سیفەتێکی سروشتی مرۆڤەکانە و مەحاڵە بتوانرێ هەموو خەڵک لەسەر فیکرەیەک کۆبکرێتەوە (وما اكثر الناس ولو حرصت بمؤمنين) (ولايزالون مختلفين.. ولذلك خلقهم).

زیاد لەوە بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی بوونی هەر فیکرەیەک داوای بوونی بەڵگە دەکات، بەو واتایەی گەر بەڵگەت هەبوو لەسەر پەسەندی و مەنتیقیەتی فیکرەکەت و مەسەلەکە ئارەزووبازی نەبوو، ئەوە مافی بوونت هەیە، با لەگەڵ منیش نەبیت (قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين)..

لە قورئاندا وشەی بڵێ (قل) بەزۆری بەرچاو دەکەوێ و زۆرجاریش گومان و بۆچوونی نەیارانی تۆمار دەکات (ويقولون متى هذا الوعد ان كنتم صادقين) (زعم الذين كفروا أن لن يبعثوا، قل بلى وربى لتبعثن..) ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە قورئان گرنگی بە مەنتیقی فیکر و وشە دەدات.

قورئان، گەرچی پەیامی پێغەمبەر (د. خ) بە پەیامی (هەق) دادەنێ، کەچی لە هەمان کاتدا فەرمانی پێ دەکات کە لە ململانێی فیکریدا خۆی وەک هەر تەیارێکی دیکە نیشان بدات (قل... انا او اياكم لعلى هدى أو في ضلال مبين)(*)، ئەمە پەسەندکردنی ڕێژەییبوونی هەقە لە تێگەیشتنی مرۆڤەکاندا.

ئیسلام سەرەتایەکی باشی دامەزراند بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک کە تێیدا دەسەڵات خزمەتکاری گەل بێ و گەل چاودێریی جموجوڵ و سیاسەتی بکات، بەشێوەیەک هەندێ لە توێژەران کوژرانی هەردوو خەلیفەی سێیەم و چوارەم بۆ بوونی دیموکراسیەتێکی عەفەوی دەگێڕنەوە[٢٥٣] لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی

---

(*) واتە بڵێ: ئێمە یان ئێوە لەسەر ڕاستی یان لە گومڕاییەکی ئاشکرادایین.

(٢٥٣) الخوف من الاسلام. الاسلام والديمقراطية/ فاطمة المرنيسى، ط ١، ١٩٩٤ ص٣٦ – ٣٧.

ئەو کاتەدا، چونکە هۆی هەردوو تیرۆرکردنەکە رازی نەبوونی خەڵکانێک بوو لە ڕەفتاری خەلیفەکان.

بەڵام بەهۆی نەبوونی میکانیزمێک بۆ یەکلاییکردنەوەی ئاشتییانەی کێشەکان، ناکۆکیی نێوان تەیارەکان لە سەردەمی راشدیندا کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی ئیسلامی بە ئاقارێکی ترسناک و نادروستدا برد.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەو راستییەش بکەین کە ئەگەرچی عەقڵیەتی گفتوگۆخوازانە لە بوارە سیاسییەکەدا بوو بەژێر شەپۆلی ململانێ خوێناوییەکانەوە، بەڵام لە بواری فیکریدا هەر بەرقەرار بوو بەشێوەیەک هەندێ لە توێژەران پێیان وایە تەنیا لە بواری سیاسیدا بیروڕای تۆمەتبار و تەنگەتاو کراوە، تەنانەت گەر مولحیدیش بووبێ بواری بوون و دەربڕینی پێ دراوە. ئەوەتا (سلیم خیاطە) دەڵێ: «ئێمە شانازی و سەرسامی خۆمان بەم مەدەنیەتە ئیسلامییە لێبوردەیە، کە ڕێی بە کەسانی وەک (ابن الراوندي)- کە بەزندیق ناسراوە - داوە بەو شێوەیە بوێرێ قسە لەسەر عەقائیدەکان بکات و ڕەخنە لە ئاینەکەی بگرێ، ئەویش بە لەسەرخۆیی و هێمنی کتێبی بۆ ڕەتدانەوەی ئەو ڕەخنانە دادەنا».(٢٥٤) بەڵام لە بوارە سیاسییەکەدا عەقڵیەتی پاکتاوکردن باڵادەست بووە، دەق گرتنی عەقڵی ئیسلامی بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەم فیکرەیەوە، گۆڕینی کارێکی ئاسان نابێ.

زیاد لەوە، سەرهەڵدانی بزاڤی ئیسلامی لە بارودۆخ و سەردەمێکدا بوو جیهانی ئیسلامی لە پاشکۆیەتی فکری و سیاسیدا بوو سیستمی سیاسی سیستمێکی (مەرکەزیی شمولی) و نادیموکراسی بوو، شەخسی خەلیفە و بنەماڵەکەی سەنتەری دەسەڵات بوون.

لە پاڵ ئەمەشدا سەرهەڵدان و گەشەی بزاڤی ئیسلامی لە کاتێکدا بوو کە بەلشەفیەت بە ئایدیۆلۆجیایەکی توندوتیژەوە لە دنیادا لە گەشەدا بوو،

---

(٢٥٤) من تأريخ الالحاد فی الاسلام، تاليف وترجمة: د. عبدالرحمن البدوي، دار سينا للنشر، ط ١٩٩٣، ص٦.

هەردوو جەنگی جیهانی لە ماوەیەکی کەمدا roوویان دا کە هەموو بەهایەکی مرۆییان تێدا پێشێل کراو زمانی ئاگر و باروود تاکە زمانی مامەڵە بوو.. ئامرازی شۆڕشە رزگاریخوازەکان تەنیا چەک و شۆڕشی خوێناوی بوو، چەندین حکومەتی شۆڕشگێڕی (ثوري) لە ناوچەکەدا سەریان هەڵدا کە لە ڕێی کودەتاو زەبروزەنگەوە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست و بەسیستمێکی تاکڕەوانە و نادیموکراسی حوکمڕانییان دەکرد.

بەواتا ئامرازی گۆڕانکاری لەو قۆناغەدا بەکارهێنانی توندوتیژی بوو، عەقڵی سیاسی بزاڤی ئیسلامی لە ژێر کاریگەری ئەم واقیعانەدا دروست بووەو گەشەی کردووە. ئەمە جگە لە هەستکردنی بەبوونی پیلانێکی جیهانی و ناوچەیی لە دژی ئیسلام بەمەبەستی لەناوبردنی، کە لە رووخانی خەلافەتی عوسمانی و دامەزراندنی چەندین دەسەڵاتی عەلمانیی وابەستە بە زلهێزانی خۆرئاوا لە ناوچەکەدا، دواتریش دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستیندا خۆی دەنواند، ئەمەش کاردانەوەی توندوتیژی لە لا دروست کرد وەک وەسیلەیەک بۆ پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی و پیرۆزییە ئیسلامییەکان.

توندوتیژیی ڕژێمەکان لەگەڵ تەییاری ئیسلامی هۆکارێکی یاریدەر بوو بۆ ئەم حاڵەتە.

لە بارێکی وادا شتێکی چاوەڕێکراوە کە عەقڵیەتی سیاسی ئیسلامیی مۆرکێکی رادیکالیانە وەرگرێ و بەبێ موبالاتی بۆ مەسەلەکانی فرەلایەنی و ئازادی و دیموکراسی بڕوانێ، بەتایبەتی کە دیموکراسییەت، بەو واتا لیبرالییەی لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا بەچڕی باسی لێ دەکرێ، پێشتر نەبووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤی ئیسلامی وەک سەرەتا باوەڕی بە ڕێزداریی مرۆڤ و زەرووەرتی پاراستنی مافەکان و ڕێگرتن لە تاکڕەویی سیاسی و فکری لە جیهان بەگشتی و رزگارکردنی گەلانی موسڵمان لە دواکەوتن و شوێنکەوتەیی و هەژاری هەبووە و (ئیسلام)ی بەچارەسەر بینیوە بۆ ئەو

حاڵەته[٢٥٥] بەڵام شێواز و میکانیزمی پەسندکراوی بۆ هێنانەوەی ئەو واقیعە، یاخود بە دەربڕینێکی تر لاوازی و پێنەگەیشتوویی فیکری و عەقڵی سیاسیی بزاڤەکە وای لێ کردووە کە هەمیشە رابردوو بکاتە بناغەی شەرعیەت و نموونەی سەرمەشقی چاولێکراو بۆ تێزە سیاسییەکانی و سروشتی دەوڵەت و سیستمی سیاسی و دیموکراسیەت و فرەلایەنی ئیسلامی و گشتی و... هتد.

بۆ نموونە ئێستاش وێنەی دەوڵەتی ئیسلامی لە زەینی هەندێک لە ئیسلامییەکاندا دەوڵەتێکی مەرکەزی و شمولییە - لە وێنەی دەوڵەتی عوسمانی و پێشتر - کە خەلیفەیەک بەڕێوەی دەبات. ئەوە هیچ کە ڕێ بە حزبی عەلمانی نادرێ لەو دەوڵەتەدا کار بکات، بەڵکو ڕێ بەفرەلایەنیی ئیسلامیش نادرێ، چونکە هیچ پاساوێکی نییە و ئوممەت پارچە پارچە دەکات و ڕێ بۆ رەخنەگرتن لە (أمیر المؤمنین) دەکاتەوە لە کاتێکدا دەبێ هەموو ئوممەت وەلای بۆ سەرۆک هەبێ و گوێڕایەڵی بکات، زیاد لەوەش هەیە (ئیسلامیبوون)ی دەوڵەت رەهن دەکات بە خودی خەلیفەوە و پێی وایە بە چاکبوونی خەلیفە شتەکان چاک دەبن.

لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی هەندێک لە تیۆرستانی ئیسلامی بەشداریکردن لە گەمەی سیاسیدا لە ژێر بەیداخی سیستمی دیموکراسی و چوونە پەرلەمان بە شل و شۆڵکردنی کاری ئیسلامی[٢٥٦] و

---

(٢٥٥) ئەوەتا بۆ نموونە -سید قطب- لە سەرەتای کتێبە بەناوبانگەکەی (معالم فی الطریق)دا حەتمیەتی چارەسەری ئیسلامی لەو ڕووەوە پێشبینی دەکات کە هەموو سیستمە باوەکانی سەردەم شکستیان هێناوە لە فەراهەم هێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی و پێی وایە تەنیا بە ئیسلام مرۆڤایەتی بەختەوەر دەبێت.

(٢٥٦) بڕوانە: حكم الاسلام في الديمقراطية، والتعددية الحزبية/ بقلم عبدالمنعم مصطفى حليمة. (ابو بصير). الطبقة الشرعية الثانية ١٤١٩هـ ص٧ ص٩٦، ص١٠٧.

شـێـوازێکی ناشـەرعی [٢٥٧] بۆ گـۆڕینی دەسـەڵات – کـە پێـیـان وایە بەوە ناشگۆڕدرێ – لە قەڵەم دەدەن و دیموکراسیـەت بەکوفر دادەنێن و فرەلایەنی و دەنگدان و بنەمای شـەرعیەتی رای زۆرینە رەت دەکەنەوە.[٢٥٨]

ئەگەر لێشـیـان پرسیت: ئەدی میکانیزمی مومکین و شـەرعی بۆ گۆڕینی دەسـەڵات چییـە و زەمـانـەت چییـە بۆ دروسـتـنەبوونی دیکتـاتۆریەت یاخـود بەدیل چییە؟ دەڵێن: لە ئیسـلامـدا شـورا هەیە و ئەهلی حـەل و عـەقد خـەلیـفـە هەڵدەبـژێرێن و.. هـتـد. وەک ئـەوەی شـورا خـۆی مـیکانـیـزمـێکی دیاریکراوی هەبێ.

ئەم تێڕوانینە سیاسییـە گەلێ تێگەیشتنی دیکەی ناواقیـعی بە دوای خۆیدا هێنـاوە. لەوانە بەواجـبکردنی بوونـی یەک (ئیـمـام) بۆ ئوممەتی ئیـسـلامی و بەیعـەت پێـدانی و جـەنگان لە دژی هـەر خـەلیـفـەیەکی دی کـە پاش ئەو خـۆی رابگـەیـنـێ[٢٥٩] کـە ئـەمـە پاسـاوێکی زێڕین بووە بـەدەست دەسـەڵاتدارە مێژوییەکانەوە بۆ سەرکوتکردنی نەیارانیان بەناوی بەرگریکردن لە دەسەڵاتی شـەرعی و چەسپاندنی، ئەمـە لە کاتێکدا لە پاش سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان، ئوممەتی ئیسلامی یەکپارچەیی سیاسی بەخۆیەوە نەدیوە.

هـەروەها لەوانە رەتکردنەوەی هەڵـبـژاردن و شـەرعـیـەتی زۆرینە[٢٦٠] بە بیانووی ئەوەی مـەرج نییـە هـەمیشـە رای زۆرینە راست بێ[٢٦١] وەک ئەوەی مەرج بێ رای کەمینەی دەسەڵاتدار هەمیشە راست و دروست بێ.

هـەروەها لەو دەرهاویشـتـانە، رەتکردنەوەی گـۆڕینی پێشـەوایە مـەگـەر بەدەرکـەوتنی کـوفری ئاشکرا لێی و بەقـەدەغـە زانینی لـەسـەر کـار لادانی تا

---

(٢٥٧) بڕوانە هەمان سەرچاوە ص١١٢.

(٢٥٨) بڕوانە هەمان سەرچاوە،ص٩، ٢٤، ٣٩، ٣٦، ٧٧، ٨٨، ١١، ١١٥، ١١٦، ١٤٢.

(٢٥٩) على طريق العودة الى الاسلام / د. محمد سعيد رمضان البوطي، ص ٦٩.

(٢٦٠) بڕوانە: حكم الاسلام في الديمقراطية والتعددية الحزبية/ ابو بصير ص٩٠-٩١.

(٢٦١) على طريق العودة الى الاسلام، ص٦٢ – ٦٣.

مردن، مادام نوێژ بکات! ئەمە لە کاتێکدا گەر حاڵەتی تاک و تەرا هەبن کە بەکەڵکی ئەوە بێن تا مردن کەسی یەکەم بن، ئەوە بەگشتی، بە بەڵگەی مێژوو، زەمانەتی ئەوە نییە کە ئەوانەی دواتر دێن هەمان شیاوییان هەبێ، جا کردنی ئەم نەریتەش بە ڕێسا، یانی چەسپاندنی دیکتاتۆریەت و شەرعیەت پێدانی، مادام نوێژ دەکات!

لە راستیدا ئەمە نەریتی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ئەم ناوچەیە کە ئیسلامییەکان خۆیان سووتاوی دەستی ئەو سیاسەتەن.

بەڵام نابێ چاو لە ڕاستییەکی دیکە بکۆشین ئەویش ئەوەیە گەر چی پاشماوەی ئەم تێڕوانینانەی سەرەوە لە زەینی ئیسلامیدا بەگشتی بەدی دەکرێ، بەڵام تەییارێکی بەرفراوان – کە ڕەنگە بەرفراوانترین تەییاری ئیسلامیش بێ– لە بەرامبەر ئەم ڕەوتەوە هەیە، کە تاڕادەیەکی بەرچاو بە شێوەیەکی عەقڵانی و واقیعیانە مامەڵە دەکات، یان وردتر بڵێین واقیعەکە فێری کردوون کە لە واقیع دانەبڕێن و، نەبنە دیلی رابردوو لە خوێندنەوەی دراوەکانی سەردەمدا و بە تێڕوانینێکی قووڵتر و عەقڵانیی تر لە چەمکەکان و سیستم و میکانیزمە سیاسییەکانی سەردەم و شێوازەکانی کاری سیاسی و سروشتی ئەو دەوڵەتەی کە دەکرێ ناسنامەی ئیسلامی هەبێ بڕوانن و بگەن، ئەمەیش بەڵگەی ئەمەیە هەڵوێستی بزاڤی ئیسلامی – بە تەییارە جیاجیاکانیەوە – یەک هەڵوێست نییە، بەڵکو دوو هەڵوێستی جودایە، لێرەوە بیرمەندانی ئەمانەی دوایی ڕەوتەکە بە تەییاری ناوەندی یان میانڕەوی – التيار الوسطي – ناو دەبەن و کاتێک باس لە تێڕوانین و هەڵوێستی ئیسلامی دەکەن مەبەستیان هەڵوێستی تەییاری (وسطي)یە...

دەتوانین سەرەتای سەرهەڵدانی فیکری ئەم قوتابخانەیە بۆ نووسینەکانی (حەسەن بەننا) بگێڕینەوە، کە گەرچی پێی وابوو حزبەکانی میسر گەلی میسری پەرتەوازە دەکەن، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامیی تەکفیر نەکرد و بەشداریکردنی لە دام و دەزگە سیاسییەکاندا بەحەرام دانەنا.

دواتریش ئەزموونی ڕۆژگار کۆمەڵی ئیخوانی بەرەو واقیعبینیی زیاتر و

دوورکەوتنەوە لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئایدیالیستی لەبارەی ئەنجامدانی گــۆڕانکاری لـە سـیــسـتـمـی وڵاتدا برد، بـۆیە لـە چەندین وڵات بەشــداریی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانیان کرد و چوونە پەرلەمانەوە. (میسر و جەزائیر و لوبنان و ئوردن و یەمــەن و عـێـراق...) ، دیارە جگە لە ئیـخـوان کـۆمــەڵە و ڕێکخـستنی تری ئیـسلامیش هەن کە هەمان ئاراستـەیان گـرتەبەر وەک لە تورکیا و پاکستان و شوێنانی دی.

ئەم تەییارە پێی وایە دیموکراسییەت لە رووی فەلسەفە لیبرالییەکەوە کە مرۆڤ وەک کـائینێکی دابڕاو لـە ئاین سـەیر دەکـات، لە ڕوانگەی ئیـسـلامـەوە پەسـەند نەکراوە، بەڵام دیموکـراسـیـیـەت وەک میـکانیـزمێک بۆ ڕێکخـستنی کاروباری سیاسی و دەستبەرکردنی ئازادی سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسـەڵات لەڕێی سندوقـەکانی هەڵبـژاردنەوە هیچ ناکۆکییـەکی لەگـەڵ ئیسـلام نییە، بەڵکو نزیکترین میکانیزم و تێگەیشتنە لە روحی ئیسلامەوە، بە تایبەتی کە ئیسـلام بنەمـای شـورای وەک لەمپـەرێک لەبەردەم ئـەگـەری سـەرەڕۆبوونی دەســـەڵات داناوە، کــە پـێـویسـتـی بەوە هـەیە بـاشـتـرین مــیـکانیــزم بۆ بەرجـەسـتـەکردنی لـە واقیـعی سیـاسـەتدا دابـڕێژێ، جـا ئەگـەر میـکانیـزمـە دیموکـراسـیـیـەکـان بتـوانن ئەو ئەنجـامـە بـهـێننە دی ئەوە (غـەربیـبـوون)ی سـەرچاوەکـەی نابێتـە پاسـاوێکـی شـەرعیی بۆ ڕەتکردنەوەی، چونکە ئـالیـەت (میکانیزم) لە (آلة)وە هـاتووە کـە بەرهـەمی عەقڵ و تەجروبەی مرۆڤە و مۆری فەلسەفەیەکی هەڵنەگرتووە.

بۆیە کـاتێ جـەمـاوەر دەنگ بەپڕۆژەی ئیـسـلامیـی دەدات ئەوە مـانـای وایە ڕایسـپـاردووە کـە نوێنـەرایەتی  ئەو بکات لـە جێـبـەجێکردنی ئامـانجـەکـانی ئاینەکە لە بوارەکانی  ژیانی کۆمەڵگەدا.

خـۆ لە بارێکدا گریمان زۆرینەی جـەمـاوەر پڕۆژەی ئیسلامیی رەت کردەوە یان تەنانەت (ئیسلام)یشی رەت کردەوە.، تۆ ناتوانیت بە زۆر دەسەڵاتی خۆتی بەسـەردا فـەرز بکەیت. چونکە جگە لەوەی مـەحـاڵە کـەمینە بتوانێ تا سـەر بە زەبری زۆر زۆرینـە ملکەچ بکات بەتـایبــەت گــەر ئەو کــەمــینـە دەســـەڵاتدارە

چەندین دوژمنی زلهێزی لە بەرامبەرەوە بێ، لە هەمان کاتدا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دەبێ و وەزعەکە وەک گڕکانێکی پەنگ خواردوو دەبێ کە لە هەلێکی گونجاو دەگەڕێ بە رووی دەسەڵاتدا بتەقێتەوە.

ئەگەر هەر فەلسەفەیەک بکرێ بە زەبری زۆر فەرز بکرێ، رەوا نییە ئیسلام – کە ئیعتقاد و ئەخلاق و عیبادەتە – بەزۆر بەسەر کۆمەڵدا فەرز بکرێ، تەجروبەیش ئیسپاتی کردووە کە ناتوانرێ پرۆژەی ئیسلامی بە بێ سازکردنی زەمینەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی جێ بگرێ و پیادە بکرێ، بگرە بەپێچەوانەی ئەوە حوکمێکی دیکتاتۆری و هەژموونگەرا دەبێ.

سەبارەت بە دیدو بۆچوونی ئەم تەییارە لە دیموکراسییەت د. یوسف القرضاوی دەڵێ: «جەوهەری دیموکراسییەت – دوور لە پێناسە و زاراوە ئەکادیمییەکان – ئەوەیە کە خەڵک خۆیان ئەو کەسە هەڵبژێرن کە حوکمیان دەکات، دەسەڵات یان سیستمێک بەسەریاندا نەسەپێنرێ کە حەزیان لێ نەبێ و، مافی لێپرسینەوەی دەسەڵاتداریان هەبێ گەر هەڵەی کرد و مافی لادانیان هەبێ گەر لای دا... ئەمەیە جەوهەری دیموکراسییەتی راستەقینە کە مرۆڤایەتی کۆمەڵێ دارشتە و شێوازی کردەیی بۆ دۆزیوەتەوە وەک هەڵبژاردنەکان و راپرسیی گشتی و زاڵکردنی رای زۆرینە و فرەلایەنی سیاسی و مافی کەمینە لە بەرهەڵستکاری و ئازادی رۆژنامەگەری و سەربەخۆیی دادگە و.. هتد جا ئایا دیموکراسییەت – بەپێی ئەم جەوهەرەی کە باسمان کرد – لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆکە؟ ئەم ناکۆکییە لە کوێدایە؟ چ بەڵگەیەک لە موحکەماتی کیتاب و سوننە هەیە لەسەر ئەم بۆچوونە؟ لە راستیدا هەرکەس لە جەوهەری دیموکراسییەت رامێنێ دەبینێ کە لە جەرگەی ئیسلامەوەیە)[٢٦٢].

هەروەها راشد ئەلغەنووشی دەڵێ: «سیستمی دیموکراسی بەو شێوەیەی لە

---

(٢٦٢) فتاوى معاصرة، د. يوسف القرضاوي/ دار الوفاء، ج٢ ص٦٣٧-٦٣٨. بڕوانە: الحركة الاسلامية والديمقراطية-وقفات وملاحظات، محمد جميل بن منصور.

خۆرئاوا هەیە، لە نەبوونی سیستمی ئیسلامیدا چاکترین سیستەمە کە فیکری مرۆڤ پێی گەیشتووە و چوارچێوەیەکی چاکە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و هەڵبژاردنی جۆری ئەو سیستەمەی دەیانەوێت لە ژێر سایەیدا بژین».[٢٦٣]

هەروەها ئەم ڕەوتە پێی وایە بەشداریکردنی لە پەرلەمان و حکوومەت گەر نەتوانێ هەموو ئامانجەکانیش وەک پێویست بێنێتە دی دەتوانێ خزمەتێکی باش بکات لە رووی گەیاندنی دەنگی ئیسلامی بەو ناوەندە گرنگانە و بەئاگابوون لە دۆخی ناوخۆیی سیستمی سیاسی و دەزگە حکومی و ئیدارییەکان و پەیداکردنی پسپۆڕی لەو بوارانەدا و ئاگەداربوون لە پرۆژەی ئیسلامی و کارکردن لە سەر چاککردنی پلەپلەیی سیستم و دەزگا و بەرنامەکان و گەشەپێدانی عەقڵی سیاسی..[٢٦٤]

زیاد لەوە، ئەم ڕەوتە لە مەسەلەی پەسەندکردنی فرەلایەنیی سیاسیشدا هەنگاوی گرنگی ناوە.. گەرچی جیاوازییەک لە ناویدا هەیە لە بارەی ئەوەی ئایا فرەلایەنیی تەنیا لە چوارچێوەی لایەنە ئیسلامییەکاندایە، یان حزبە عەلمانییەکانیش دەگرێتەوە، ئایا لە ناو عەلمانییەکانیشدا رێ بە تەیاری ئیلحادی دەدرێ یان نا، بەڵام هەندێکیان پێیان وایە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا کە بە ڕەسمی (ئاینی دەوڵەت ئیسلامە) دەکرێ لە ڕووی بەرنامەی سیاسیی لایەنەکانەوە سەیری حزب بکرێ[٢٦٥] هەروەها بەکردەوە

---

(٢٦٣) محاور اسلامية، راشد الغنوشي، ط ١٩٨٩بيت المعرفة، ص٦١. بڕوانە: الحركات الاسلامية والديمقراطية.. سەرچاوەی پێشوو.

(٢٦٤) بڕوانە – الموقف الاسلامي من المشاركة السياسية (مع الاشارة الى التجربة الاردنية) بقلم: الاستاذ الدكتور اسحاق احمد فرحان الامين العام لحزب جبهة العمل الاسلامي. ١٩٩٦ ص٢٠–٢٢ اضواء على التجربة النيابية الاسلامية في البنان – الكتاب الثالث، فتحي يكن.

(٢٦٥) الموقف الاسلامي من المشاركة السياسية / ١، د. اسحاق احمد فرحان الامين، ص٢٥–٢٦.

دانیان بەشەرعیەتی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە و ڕێزگرتنی ئاکامەکانی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتدا ناوە، گەرچی لەسەر مەسەلەی مەرجەعیەتە دەستوورییەکەی ئیسلام ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە.[٢٦٦]

لەناو پێکهاتەی ناوخۆیی ئەم حزب و گرووپە میانڕەوانەشدا ئەم گۆڕانکارییە ئیجابییە هەست دەکرێ، وەک دیاریکردنی ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆک، یان ژمارەی ئەو خولانەی بۆی هەیە خۆی بۆ سەرۆکایەتی بپاڵێوێ، هەموو ئەم گۆڕانکارییانە پەرەسەندنی ئیجابین لە فیکری سیاسیی ئیسلامیدا، کە شایستەی ئەوەیە گۆڕەپانی سیاسی پاڵپشتی بکات و ڕێ بۆ زیاتر گەشەکردن و کرانەوەی خۆش بکات تا بە شێوەیەکی سروشتی پێ بگات و بەشداری لە بەمەدەنیکردنی عەقڵ و واقیعی سیاسی وڵاتەکانیان بکەن، چونکە تەییاری ئیسلامی – بمانەوێ و نەمانەوێ– بووەتە ئەمری واقیع و قورساییەکی خۆی هەیە.

بۆیە گەر ناوەندی سیاسیی وڵات لە خەمی ئایندەی وڵات و پێشکەوتن و دامەزراندنیدا بێ گەرەکە مامەڵەیەکی عەقڵانی و مەدەنییانە لەگەڵ ئەو ئەمری واقیعە ئیجابییە بکات و وەک بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەکە مامەڵەی لەگەڵ بکات، نەک بڕوبیانووی پێ بگرێ و نیەتی دادگایی بکات و بڵێ (ئەوە هەمووی تاکتیکە و دیموکراسییەتیان تا ئەوکاتە پەسەندە کە دەگەنە دەسەڵات، دواتر دیموکراسییەت لەناو دەبەن)، ئەم گومانەش بکەنە پاساو بۆ سەربڕینی دیموکراسییەت و فەلەجکردنی کاتێ لە ڕێیەوە ئیسلامییەکان لە دەسەڵات نزیک دەکاتەوە، چونکە بەم کارە بۆ خۆیان ئەو کارەیان کرد کە مەترسییان هەبوو ئیسلامییەکان بیکەن. واتە لەبەر مەترسی (ئەگەر)ی ڕوودانی ئەو حاڵەتە – کە ڕەنگە روویش نەدات – خۆیان لە ئەگەری تێ دەپەڕێنن دەیکەنە کردار. واتە (دیموکراسیخوازەکان لە پێناو پاراستنی دیموکراسییەتدا،

---

(٢٦٦) لەو بارەوە سەیری دوو بەڵگەنامەی ڕەسمیی ئیخوانی هەر یەکە لە میسر و سوریا بکە لە: الحركة الاسلامية والديمقراطية.. ص ٣٥-٣٦.

دیموکراسییەت دەکەنە قوربانی).

ئەگەر دەسەلاّتی عەلمانی لە هەر ولاّتێکدا بێ، رووبەڕووی گەشەی بزاڤی ئیسلامیی بووەتەوە و پێی وایە لەبەردەم شەپۆلێکدا کە هەڕەشە لە بوون و دەسەلاّتی دەکات، ئەگەر خۆی بە پڕۆژەیەکی شارستانی و دیموکراتی دەزانێ، دەبێ بزانێ چارەسەری ئەو کێشەیە بەوە نابێ دروشمی (هەموو شتێک – بەخودی دیموکراسیەتیشەوە – لە پێناو مانەوەدا) بەرز بکاتەوە و جاڕی شەڕی مان و نەمان لە دژی بزاڤەکە بدات، بەڵکو چارەسەری عەقڵانی و شارستانیی ئەوەیە لە جەماوەر نزیک بێتەوە.

خۆ ئەگەر دەڵێ جەماوەر ساویلکەیە و دواکەوتووە و هێشتا هۆشیاری پێویستی بۆ دروست نەبووە بۆیە شوێن ئەو گرووپانە دەکەوێ؛ ئەوە – گریمان ئەمە ڕاستە – لەم بارەیشدا چار نییە چونکە ئەوە واقیعەکەیە و دەبێ ڕێ بە جەماوەرەکە بدرێ ئیرادەی خۆی بەرجەستە بکات و باجی ساویلکەییەکەی بدات تا هۆش بکاتەوە و تێ بگات.(٢٦٧)

لە بەرامبەریشەوە ئەرکی بزاڤی ئیسلامییە کە بەردەوام بێ لەسەر گەشەپێدانی عەقڵی سیاسی خۆی و هەوڵ بدات گۆڕەپانە سیاسییەکە دڵنیا بکاتەوە لەو مەترسییانەی لە پرۆژەی ئیسلامی هەیانە... هەروەها قەناعەتی

---

(٢٦٧) عەلی بن حاج جێگیری سەرۆکی بەرەی ڕزگاری ئیسلامی جەزائیر دەڵێ – دەستەی رژێم– پێش لە هەڵبژاردنەکان پەسنی هەست و هۆشیاریی سیاسی گەلیان دەکرد، بەلاّم کاتێ گەل (چارەسەری ئیسلامی) هەڵبژارد لە نێوان بەیانی و چێشتنگاوێکدا جەماوەریان کردە هێڕ و ساویلکە.

د. نەصر حامد ئەبو زید لەم ڕووەوە پشتگیرییەکی بە ئینسافانە لە جەماوەر دەکات و دەڵێ: (ئەگەر جەماوەر بەهۆی ناتەواوی هۆشیارییەوە چارسەرێکی ئیسلامی هەڵدەبژێرێ، ئەوە مافی ئەوەی هەیە کە مومارەسەی ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەو چارەسەرە بکات و دەبێ باجی پێویست بدات تا هۆشیاریی مێژوویی و کۆمەلاّیەتی پێ بگات..)

بڕوانە: النص. السلطة. الحقيقة/ د. نصر حامد ابو زيد، ط ١٩٩٥ ص٦٥.

بەوە هەبێ هەروەک چۆن ئەو داوا دەکات ڕەوتی عەلمانی وەک ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ بکات، دەبێ ئەویش قەناعەتی بەوە هەبێ کە بەرامبەریش واقیعێکە و هەیە و دەبێ مامەڵەی ژیرانەی لەگەڵ بکات، نەک هەموو پڕۆژە و دروشمەکانی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی بە زهنیەتی نەمانی تەییاری عەلمانییەوە دابڕێژێ.

## چوارەم: پڕۆژەی ئیسلامی و، پارچە پارچەکردنی موسڵمانان و مەترسی کەمینە ئاینەکان:

یەکێ لەو تۆمەتانەی تەییاری عەلمانی دەیداتە پاڵ تەییاری ئیسلامی و خەڵکی پێ دەترسێنێ ئەوەیە کە بەرزکردنەوەی دروشمی ئیسلامی لە وڵاتیکی موسڵماندا، دەبێتە هۆی پارچەپارچەیی لە ناو موسڵمانانداا، بۆ پشت ئەستوورکردنی ئەم بۆچوونەش هەندێ جار پەنا دەبرێتە بەر فەتوای هەندێ لە زانا موسڵمانەکان سەبارەت بە ڕەوانەبوونی فرەحزبی. لەو رووەوە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی پەرتەوازەیی و دەستەدەستەیی لە جەستەی ئوممەتی ئیسلامدا(٢٦٨).

پێم وایە ئەم تۆمەتە لەسەر بناغەیەکی فشۆڵ دامەزراوە و زیاتر بەڵگەیەکە لە سەر عەلمانییەکان، چونکە ئەگەر بڕیاری بێ (فرەحزبی) مایەی پەرتەوازەیی جەماوەر بێ و لێرەشەوە بەحەرام دابنرێ – کە عەلمانییەکان خۆیان شانازی بەوەوە دەکەن کە باوەڕیان بە فرەلایەنی و دیموکراسییەت هەیە– ئەوە بێگومان هەموو حزبەکان بە ئیسلامی و عەلمانییەوە دەگرێتەوە، چونکە عەلمانییەکانیش هەر لە ناو جەماوەری موسڵماندا دروست بوون و رازی نین بەوەی لە ریزی موسڵمانان بکرێنە دەرەوە. لەبەرئەوە حزبەکانی ئەوانیش بەهەمان شێوە دروستکردنی پەرتەوازەیی تۆمەتبار دەبن، بگرە دەتوانین

---

(٢٦٨) بڕوانە گۆڤاری (ڤەژین) ژ–١٦ فەتوای چەند زانایەک لە سەر فرەحزبی، هەروەها مێزگردێکی تەلەفزیۆنی تی ڤی گوڵان کە دواتر پوختەکەی لە ژمارە (٢٥٠–٢٥١) ی هەفتەنامەی گوڵاندا بڵاوکراوەتەوە.

بڵــێین پشکی زیاتر بەر ئەوان دەکــەوێ، چونکە ئەوان لە هـەندێ وڵاتدا- بە تایبـەتی لە کـوردسـتـانی خـۆمـان - مـێژوویەکی کۆنتـریان هەیە، سـەرەتای کـێشـەی لێکدابڕانـی جـەمـاوەر بەهۆی حـزبایەتیـیـەوە لەسـەر دەسـتی ئەوان دەستی پێکردووە.

لە کوردسـتـانی خۆمـان سـاڵانێکی دوورو درێژ بوو جەمـاوەر بەسـەر چەندین گرووپـدا دابەش بووبوو کە هیـچیـان ئیسـلامی نەبوون. ئیتـر بۆچی باسـی ئەوە ناکـەن کـە ئەوان بووبـوونە هۆی تـەفـرەقــە، تەنیــا کـاتـێ باسـی ئەو رەهـەندە سلبیەی حزبایەتی دەکرێ کە ئیسلامییەکان دەست دەدەنە حزبایەتیکردن.؟

بۆیە شـتـی وا نەورووژاندنی چاکتـرە، چونکە وا بزانم تەییـاری عـەلمانی - دیموکراسیـخـواز-یش پێی وا نییـە فرەلایەنیی مـانای تەفرەقـە و لاوازکـردنی یەکڕیزیی میللەتە، بەڵکو فرەلایەنییەک کە هەڵقوڵاوی سروشت و خواستەکانی گـەل و نەتەوە بێ، فـرەلایەنیـیـەکی ئازادانە بێ و دەربڕی بنیـاتی کـۆمـەڵگە بێ، باشـتـر دەتوانێ یەکـپـارچەیی گـەل و وڵات دەسـتـەبەر بکات تا یەکـێـتـییـەکی زۆرەملێ کە دەسەڵاتێکی زۆردار بە زۆر بیسەپێنێ.

یەکــێکی تـر لەو تۆمــەتانەی هـەر لەم چوارچێـوەیەدا دەدرێتــە پاڵ ڕەوتی ئیسلامی ئەوەیە کە بانگەشەکردن بۆ دەوڵەتێکی ئیسـلامی هەڕەشەیە بۆ سـەر ئازادی و مـافی کـەمە ئاینییـە نامـوسڵمـانەکان، چونکە یاسـاکانی ئاینێکیـان لەسـەر فەرز دەکرێ کە باوەڕیان پێی نییە.

ئەم تۆمـەتەش تـۆمـەتێکی لاوازە گـەرچی زۆر دەوترێتـەوە، چـونکە ئیـسـلام - تەنانـەت بەپێی تێگەیشتنـی فیکری ئیـسـلامـیی کلاسـیکیش - مـاف و ئازادیی ئاینـەکانی تـری دەسـتــەبەر کـردووە و شـوێنکـەوتووانیـان ئازادن ڕێوڕەسـمـی ئاینی خــۆیان بـە ئازادی ئەنجــام بدەن و هــەڕەشـــەی توند لـەوانە کــراوە کــە ئیهانەیان دەکەن.

ڤــۆڵتــێـر و دیدرۆ ســەریان ســوڕ دەمـا لـەوەی کــە ئاینی مــەســیــحی لای خاوەنەکەی ئاینی ئاشتی و بێ وەیی و سوڵحە، کەچی لای شوێنکەوتووانی بوو

به ئاینی زاڵبوون و خۆسەپاندن و تۆڵەسەندنەوە، لە کاتێکدا ئیسلام کە هەر سەرەتا بە پەنابردن بۆ شمشێر دەستی پێ کرد کەچی کۆتاییەکەی ئەو پێکەوەژیانەیە کە لە نێوان ئاینەکاندا لە سایەیدا دەبینرێ. ڤۆڵتێر دەڵێ: «زەوی موسڵمانەکان پڕە لە کڵێساو زەوی مەسیحییەکان خاڵییە لەهەر مزگەوتێک»[٢٦٩]

ول دیورانت لە کتێبی (قصة الحضارة، ج ٣، ص١٣٠-١٣٣) دا دەڵێ: «ئەهلی زیمە لە مەسیحییەکان و زەردەشتی و جوولەکە و صابیئەکان لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا پلەیەکی ئەوتۆ لە لێبوردنیان لەگەڵ دەنوێنرا کە لەم ڕۆژانەشدا نموونەی لە مەسیحییەتدا نابینرێ. ئازاد بوون لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکانی ئاینەکانیان و کڵێسا و پەرستگاکانیان بۆ مایەوە..»[٢٧٠]

لە سەردەمی نوێشدا، هەندێ لە تیۆریستانی فیکری ئیسلامیی هاوچەرخ زیاتریش لەم رادەیە چوونە پێش و لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ دەقە ئاینییەکان هەندێ ناونیشانیان گۆڕیوە کە ناموسڵمانەکان بە جۆرێک لە بەکەمزانینی لێک دەدەنەوە لە هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەریان،[٢٧١] وەک زاراوەی (ئەهلی زیمە) و دەرهاویشتەکەی کە (جزیەدان)ە، لە باتی ئەوە زاراوەی (هاووڵاتی) یان بۆ بەکاردێنن وەک هەر هاووڵاتییەکی موسڵمان، بەمەش ئەهلی کیتاب رزگاریان دەبێ لەوەی پێیان وابێ کە ناوبردنیان بە (ئەهلی زیمە) مانای ئەوەیە هاووڵاتی پلە دوون.

ئەمە جگە لەوەی مەسیحییەکان - کە بەشی هەرە زۆری کەمایەتییە ئاینییەکانی ئیسلامن - باوەڕیان وایە «هەموو دەسەڵاتێک» لە خواوەیە و- وەک پێشتر باسمان کرد- قەناعەتیان وایە کە دەبێ گوێڕایەڵی دەسەڵاتی

---

(٢٦٩) بڕوانە: مفهوم العقل. عبدالله العروي، المركز الثقافي العربي /ط١٩٩٧ ص٥٦-٥٧.

(٢٧٠) بڕوانە: قالوا عن الاسلام. اعداد: د. عماد الدين خليل، ط١٩٩٤ ص٢٨٦.

(٢٧١) بڕوانە: حقوق المواطنة. راشد الغنوشي.

زەمەنی بکرێ، جا ئەگەر ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی عەلمانی بێ یان ئیسلامی بەلای عەقیدەی ئەوانەوە هیچ جیاوازییەکی نییە مادام ڕێی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینەیەکانیان لێ نەگرێ، ئاخر خۆ دەسەڵاتی عەلمانیش هەر ئەو رەهەندە روحییەیان پێ رەوا دەبینێ.

ئەمانە هەموو لایەک..

لە لایەکی دیکەوە پێم سەیرە هەندێ لە ڕووناکبیرانی عەلمانی سیستمێکی سیاسی قبوڵ ناکەن کە – گەر گریمان واش بێ – کەمایەتییەکی کەم کە لە ١ –١٠٪ تێناپەڕێ، بە دڵی نییە و پێی رازی نییە، کەچی ئاسابییە لایان ئیرادەی پتر لە ٥٠٪ و هەندێ جار لە ٨٠٪ و زیاتری جەماوەری موسڵمانی وڵاتێک پێشێل بکەن و رێ نەدەن ئەو سیستمەی داوای دەکات، هەرچۆن هەیە، دابمەزرێ و سیستمێکی بەسەردا بسەپێنرێ کە پێی وایە دەستدرێژییە بۆ سەر ئاین و ئازادی ئاینی و پیرۆزییەکانی.

لەلای سێیەمەوە گەر چاویشمان لە واقیع و حەقیقەت پۆشی و وامان دانا تێزی ئیسلامی لە بەرژەوەندی کەمایەتییە ئاینییەکاندا نییە، بەڵام زۆرینەی جەماوەری موسڵمان داوای بکات و بە زەرووڕەتێکی ببینێ بۆ ژیانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، ئایا سیستمێک، ئیسلام بێ یان بەغەیری ئیسلام، بتوانێ ڕێژەی ٧٠٪ و ٨٠٪ی جەماوەر رازی بکات. ئایا کارێکی گەورەی نەکردووە؟ ئایا سیستمێک لە دنیادا هەیە بتوانێ رەزامەندی تەواوی جەماوەر بەدەست بهێنێ؟

هەموو ئەم قسانەیش ئەوە ناگەیەنن کە لە ناو بزاڤەکەدا گرووپ و ڕەوت و عەقڵیەتی وای تێدا نییە کە بۆچوونی نامرۆڤانە و ناشایستە و مەترسیداری لەبارەی کەمایەتییە ئاینییەکانەوە هەیە و جێی خۆیەتی هەموو لا نیگەران بن.(*)

(*) لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ مستەفا ئەبو زەید بەرپرسی گشتیی ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە، لەبارەی مەرجی ڕێکخراوەکەوە بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە دژی ئەمەریکا گوتی: ئەگەر ئەمەریکا ئەو =

## پێنجەم: خۆلێبوون بە ئیسلام، نەبوونی بەرنامەی ڕۆشن:

ئەم تۆمەتە لە زەینی نەیارانی ئیسلامیەتدا دوو ڕەهەندی وەرگرتووە، یەکێکیان ئەوەیە کە پێیان وایە ئیسلامییەکان تەنیا خۆیان بە موسڵمان و خاوەنی ئیسلام، یاخود بە (جماعة المسلمین) دەزانن و هەرکەس لەگەڵ ئەوان نەبێ بە موسڵمانی دانانێن و پێیان وایە ئەرکی ئەوان ئەوەیە خەڵک بۆ ئیسلامەتی بگێڕنەوە.

ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە پێیان وایە ئیسلامییەکان خۆیان ماندوو ناکەن بۆ بەرنامە و پرۆژە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆسکاوەکانی کۆمەڵگەکانیان و جیهان، کە پێویستی بە پرۆژە و میکانیزم و تیۆری تەفصیلی هەیە نەک (بنەمای گشتی و حەز و نییەتی پاک، بەتەنیا)، دابنێن، بەڵکو لە باتی ئەوە هەندێ بنەمای گشتی و سەرەتایی و ئایەت و فەرمووده دەڵێنەوە و وا باس لە پرۆژەی ئیسلامی دەکەن وەک ئەوەی بریتی بێ لە خودی ئیسلام، لەم ڕوانگەیەوە هۆی هەموو کێشەکانی کۆمەڵ (سیاسی، ئابووری، زانستی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی فیکری..) دەگێڕنەوە بۆ دووریی خەڵک لە وابەستە بوون بەئیسلامەوە و هەر ئەوەندە خەڵک بۆ ئیسلام بگەڕێنەوە هەموو کێشەکان چارە دەبن، تەنانەت کارەساتە سروشتییەکانیش، ڕوونادەن!!

یان بەوە خۆیان لە داواکارییەکانی بەرامبەر بۆ پێشکێشکردنی پرۆژە (نەک

= چەند مەرجە "مەرجەکانی باس کرد" جێبەجێ بکات، ئەوە هودنەیەکی لەگەڵ ڕادەگەیەنین بۆ ماوەی ١٠ساڵ یان زیاتر. لەو ماوەیەدا بانگیان دەکەین موسڵمان بن، ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە شەڕ بەیەکجاری کۆتایی دێ، ئەگەر ڕازی نەبوون موسڵمان بن، ئەوا حوکمی ئیسلامیان لەسەر جێبەجێ بکەین کە دەبێ جزیە بدەن، ئەگەر جزیەیان دا ئەوا شەڕ تەواو دەبێ، ئەگەر نەیان دا لە شەڕدا دەبین لەگەڵیان"، واتە ئەبو زید داوا دەکات ئەمەریکا و ئەورووپاش جزیەی بدەنێ، نەک تەنیا کەمە ئاینییەکانی وڵاتانی ئیسلامی. بزاڤی ئیسلامی ئەم بیرکردنەوەیەشی تێدایە و لایەنگرانیشی کەم نین.

قسەی گشتی قوتار دەکەن)، کە «هەر کاتێ کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوون زۆر لەو کێشانە نابن، بۆ ئەو کێشانەیش کە دەبن دەوڵەت پرۆژە دادەنێ.»

پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە وێڕای ئەوەی لە بواری ململانێی سیاسیدا زۆر جار سڵ ناکرێ لە داتاشینی تۆمەتی بێ بناغە، یان گەورەکردنی شتی بچووک. بەڵام دەخوازێ لایەنەکان ئەم حاڵەتە نەکەنە پاساو بۆ دوورخستنەوەی رەهای گشت تۆمەتەکانی بەرامبەر، چونکە دەکرێ هەندێ لەو تۆمەتانە ئەسڵێکیان هەبێ و پێویست بەچاو بەخۆدا گێڕانەوە بکات.

ئەوە کە دەوترێ ئیسلامییەکان هەر خۆیان بە موسڵمان دەزانن، ئەگەر مەبەست پێی هەموو ئیسلامییەکان بێ، ئەوە هەڵەیە، بەڵام ئەگەر مەبەست پێی بوونی گرووپی ئەوتۆ بێ کە کۆمەڵگە (تەجهیل)ە (تەکفیر) دەکەن، ئەوە دیارە شتی وا هەیە و ئینکاری ناکرێ.

(حەسەن بەننا) پێش پتر لە نیو سەدە لە بارەی هەڵوێستی ئیخوان-کە تا ئێستاش بە بزاڤی سەرەکیی جیهانی ئیسلامی دادەنرێ- لە کۆمەڵگە و مەسەلەی تەکفیر دەڵێ: «هیچ موسڵمانێک تەکفیر ناکەین کە شایەتمانی پەسەند کردبێ و بەپێی ئەو شایەتمانە کاری کردبێ و فەریزەکانی بەجێ هێنابێ... مەگەر خۆی دان بە وشەی کوفردا بنێ، یان ئینکاری شتێک لەوانەی بە (معلوم من الدين بالضرورة) ناسراون بکات، یان بۆچوونێکی راشکاوی قورئانی بەدرۆ بخاتەوە، یان بە شێوەیەک تەفسیری بکات کە شێوازەکانی زمانی عەرەبی بەهیچ شێوەیەک هەڵی نەگرێ، یان کارێک بکات کە نەتوانرێ بە غەیری کوفر تەئویل بکرێ.»[٢٧٢]

هەروەها کۆمەڵی برایان خۆی بە (جماعة المسلمين) دانەناوە، بەڵکو بە کۆمەڵێ لە موسڵمانان (جماعة من المسلمين) داناوە بێ ئەوەی حاشا لەوە بکات کە تێگەیشتنی ئەو لە ئیسلام و کاری ئیسلامی و پابەندبوونی ئیسلامی

---

(٢٧٢) مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا . ج١ ص٢٢٩.

نموونەیەکی پێشکەوتووتر و ڕاستترە، ئەمەش لە مافە سەرەتاییەکانی هەر لایەکە بەو مەرجەی پێی وانەبێ هەموو حەقیقەت لای ئەوەو ئەوانی دی لە حەقیقەت بێ بەشن.

بەڵام لەبەرامبەر ئەم تەییارە میانڕەوە تەیارێکی دیکەی ئیسلامیی سەری هەڵدا کە نەک تەنیا ڕژێمە عەلمانییەکان و لایەنگرانیان تەکفیر کرد، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە و ئیسلامییە هاوچەرخەکانیان (تەجهیل) و (تەکفیر) کردووە، لەو ڕووەوە کە شەریعەتی ئیسلام حاکم نییە لە ناویدا.

د. محمد عمارە پێی وایە ئەبوئەعلای مەودوودی یەکەم کەس بووە کەلەپوور و واقیع و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی بە (جاهیلیەت) ناوبردووە و زۆر باس لە گەڕانەوەی کۆمەڵگە -بەناو ئیسلامییەکان دەکات بۆ جاهیلییەتێک کە کاتی خۆی ئیسلام عەرەبەکانی تێدا لە تاریکییەوە گواستەوە بۆ ڕووناکی..[٢٧٣]

هەروەها سەید قطب- کە لە ژێر کاریگەری فیکری مەودوودیدا بوو- هەمان بۆچوونی هەبوو. سەید دەڵێ: «ئوممەتی موسڵمان کۆمەڵێ مرۆڤن کە ژیان و وێنا و دۆخ و سیستم و بەها و پێوەرەکانیان هەموو لە مەنهەجی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەم ئوممەتەیش بەم سیفەتانەوە – وجودی نەماوە لەو کاتەوە کە حوکم بە شەریعەتی خوا لەسەر زەوی نەماوە،[٢٧٤] کۆمەڵگەی جاهیلی هەموو کۆمەڵگەیەکە غەیری کۆمەڵگەی موسڵمان»[٢٧٥]

هەر لێرەوە پێی وایە «دەبێ ئەو خەڵکەش کە خۆی بەموسڵمان دەزانێ جارێکی تر ئیمان بهێننەوە»..«دەبێ ڕۆشن بێ لای خاوەنانی بانگەوازی ئیسلامیی کە ئەوان کاتێ خەڵک بانگ دەکەن بۆ دامەزراندنی ئەم دینە دەبێ یەکەم جار بانگیان بکەن بۆ ئیمان هێنان بەعەقیدە – تەنانەت گەر خۆشیان

---

(٢٧٣) الطريق الى اليقظة الاسلامية، محمد عمارة، دار الشروق ط١، ج١٩٩٠. ص٢٦١-١٦٢.

(٢٧٤) معالم في الطريق، سيد قطب، دار الكتاب الاسلامي ص٨.

(٢٧٥) هەمان سەرچاوە ص٩٨.

به موسڵمان دابنێن و بەیان ولادەکەشیان شایەتی ئەوەیان بۆ بدات کە موسڵمانن! دەبێ فێریان بکەن کە ئیسلام – یەکەم شت– پەسەند کردنی عەقیدەی (لااله الا الله)یە بە واتا راستەقینەکەی، کە گێرانەوەی حاکمیەتە لە هەموو کاروبارێکیاندا و دەرکردنی هەموو دەستدرێژکارانە بۆ سەر دەسەڵاتی خوا..»[٢٧٦]

وای دەبینم بانگەشەکردن بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی لە لایەن کۆمەڵێکەوە کە پێی وابێ کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ئاینی ئیسلام وەرگەڕاوە و لە موسڵمانێتی کەوتووە کارێکی بێ مانایە، لە چەند روویەکەوە، لەوانە:

١– چۆن دەتوانیت دەوڵەتێکی ئیسلامی لە وڵاتێکی (ناموسڵماندا!!) دابمەزرێنیت، کە ئەگەر هەموویشی نەبێ بەشی هەرەزۆری لە موسڵمانێتی شۆرابێتەوە؟ گەر شتی وا ئاسایی بێ، دەبێ کارێکی (ئاسایی)ش بێ گەر بچیت لە کۆمەڵگەیەکی هندوسی یان مەسیحیدا بانگەشە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی بکەیت، دیارە کەس بەبیریدا نەهاتووە شتی وابکات، چونکە مەحاڵە دەوڵەتی ئیسلامی لە زەمینەیەکی ناموسڵماندا دروست بکرێ، چونکە جگە لەوەی خەڵکەکەی قبوڵی ناکات، خۆشی ناچەسپێ، چونکە زۆر لە حوکمەکانی پێویستییان بەوەیە باوەڕت پێیان هەبێ، هەروەها لەو رووەوە کە ئەگەر تۆ خۆتت کردە شتێکی تەواو جودا لە کۆمەڵگەکە، تۆ موسڵمان و ئەو کافر، ئەو کاتە تۆ دەبیتە کەمینە و ناتوانیت دروشمێکی وا بەرز بکەیتەوە.

٢– لەو رووەوە کە تەنانەت ئەو تەییارانەش کە تەکفیری کۆمەڵگەی دەکەن لە (موخاتەبە)کردنی کۆمەڵ و بانگکردنیان بۆ لای خۆیان، وەک موسڵمان لەگەڵیان دەدوێن، بەواتای ئەوەی کە نایەن ئیسپاتی بوونی خوا و ڕاستیی پێغەمبەر (د.خ) و ڕاستیی قورئانیان بۆ بکەن وەک کە بەو شێوەیە قسە لەگەڵ ناموسڵمانێک دەکرێ، بەڵکو ئایەتەکانی قورئان و فەرموودە و بەها

(٢٧٦) هەمان سەرچاوە ص ٤٠.

و چەمکە ئیسلامییەکان وەک حەقیقەتێکی چەسپاو بەکار دەهێنن بۆ سەرنج ڕاکێشانیان، کە بێگومان بەو شێوازە بانگی کەسێکی ناموسڵمان ناکرێ، چونکە باوەڕی بە ئیسلام نییە تا بە زمانی ئاینەکە بیدوێنی و ترس و پاداشتی خوای بیر بخەیتەوە..

خۆ ئەگەر سەیری لایەنگرانی بزاڤە ئیسلامییەکان بکەین دەبینین هەموویان لە خەڵکە موسڵمانەکەن، کە ڕەنگە زۆرێکیان پێشتریش بە زۆرێک لە ئەرکە دینارییەکان هەستابن و دواتر ئیسلامییەکان هەر بە بزواندن و زیندووکردنەوەی ئەو هەستە ئاینییەی ناو ناخیان وەک موسڵمان، سەرنجیان ڕاکێشاون و هەستە ئیسلامییەکانیان بەهێزتر کردووەو بوونەتە ئیسلامی. واتە جیاوازی نێوان موسڵمانێکی نۆرماڵ پێش لە بە (ئیسلامیبوون)ی و پاش (بەئیسلامیبوون)ی گۆڕانێکی زیاتر ڕێژەیی و چەندێتییە لەناو خودی حاڵەتێکی ئاینیدا، نەک گۆڕانێکی چۆنێتی لە بازنەیەکەوە بۆ بازنەیەکی تر. بە دەگمەن دەبینین کەسێکی ناموسڵمان بووبێتە ئیسلامی.

کەواتە بازنەی هێز و قووڵایی ستراتیژی بزاڤی ئیسلامی لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندایە و هەر بەو موسڵمانێتییەش دەتوانێ سەرنجی خەڵک ڕابکێشێ، چونکە خەڵک بە خەمخۆر و بەرجەستەکاری ویستی ئاینەکەیانی دەبینن.

لێرەوە پێم وایە هەڵەیە، تەییارێکی ئیسلامی پێی وابێ ئەو هاتووە خەڵک موسڵمان بکاتەوە، چونکە ئەگەر خەڵک کافر بوونایە؛ ڕێژەی بوون و هێزی بزاڤی ئیسلامی لە هەر وڵاتێکی ئیسلامی بەقەدەر ڕێژەی دەبوو لە وڵاتانێکی وەک ژاپۆن و ڕوسیا و ئەڵمانیا و ئوستڕالیا و ... دەیتوانی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ئەوێش ڕێژەی ٨٠٪ یان ٣٠٪ بهێنایە!.

بەڵام ئیددیعاکردنی بزاڤی ئیسلامی بەوەی هەوڵ دەدات هەست و ئیلتیزام و هۆشیاری ئیسلامی زیندوو بکاتەوە، ئەوە شتێکی ئاساییە و ئەوە لە بەرچاوان ڕوونە، جێدەستیشی لەو بوارەدا دیارە و گەر خواستەکانی سیاسەت و حزبایەتی بهێڵن، کەس ناتوانێ ئینکاری بکات.

سەبارەت بەو ڕەخنەیەش کە گوتاری ئیسلامی جیاوازی ناکات لە نێوان

(خۆی) و (ئیسلام)دا و بەلایەوە ئاساییە لە باسی (ئیسلامی)یەوە بچێتە سەر (ئیسلام) بێ ئەوە هەست بکات لە مەیدانێکی بەشەرییەوە چووەتە مەیدانێکی ئیلاهی و لێرەشەوە تەنیا (مەبدەء) و هێڵە گشتییە بە پڕۆژە و میکانیزم نەکراوەکانی ئیسلام دەکاتە دروشم و تەرح و پرۆژەی خۆی، دەڵێم: ئەم بۆچوونە ئەسڵێکی هەیە، بەڵام گەورە کراوە. ئەسڵەکەش – پێم وایە – لە وردیی مەسەلەکە و دەرک پێ نەکردنەوە ڕووی داوە، چونکە لە ئەدەبیاتی بزاڤە ئیسلامییەکاندا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە (فیکری ئیسلامی) جیایە لە (ئیسلام) و بزاڤی ئیسلامی لە «بزاڤێکی مرۆیی زیاتر نییە کە ئیجتهاد دەکەن لە پێناو سەرخستنی ئیسلام و بەرجەستەکردنی پەیامەکەی لە ژیاندا، ئیددیعای ئەوەشیان نەکردووە کە ئەم ئیجتهادەیان وەحییە و گفتوگۆ هەڵناگرێ، هەروەها کەسیان نەیوتووە دەبێ هەرچی دەڵێ لێی وەرگیرێ و ڕەت نەکرێتەوە..».[٢٧٧] بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ کە گوتاری ئیسلامی وەک پێویست لەگەڵ سروشت و خواستە واقیعی و ژیانییەکانی کۆمەڵگەدا کارلێکی نەکردووە و لەژێر کاریگەری باوەڕی پتەوی بە ئیسلام، وا لە زەینی ئیسلامییەکاندا نەقشی گرتووە کە فرەبایەخدانی ئیسلام، واتای ئەوەیە ئیسلام چارەسەری بۆ گشت کێشەکانی کۆمەڵ و مرۆڤایەتی لە گشت سەردەم و شوێنێکدا داڕشتووە، هەر ئەوەندە موسڵمانان بۆ ئیسلام بگەڕێنەوە هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن. لێرەوەیە بیرۆکەی (تەتبیقی شەریعەت) لە خەیاڵدانی ئیسلامیدا وا وێنا دەکرێ وەک ئەوەی کە شەریعەت کۆمەڵێ یاسای حازر بێ هەر کە دەسەڵاتت کەوتە دەست یەکسەر بەسەر بوارەکاندا جێبەجێیان بکەیت (دیقەت لە وشەی تطبیق – بدە).

لێرەوە زۆرجار دەبینین (تەتبیقی شەریعەت) لەگەڵ مەسەلەی (حدود)دا کە کۆمەڵە یاساو ڕێسایەکی سزایی ئامادەکراو و جێگیرە – پەیوەست دەکرێ، هەر لێرەشەوە عەلمانییەکان خەڵک دەترسێنن بەوەی گەر ئیسلامییەکان هاتنە سەر حوکم دەست و قاچی خەڵک دەبڕنەوە و خەڵک ڕەجم و شیلاقکاری

(٢٧٧) این الخلل؟! د. یوسف القرضاوي ص٣٤.

دەکەن، لەوەشدا زۆر ناهەقیان ناگرم، چونکە ئیسلامییەکان زەمینەیان بۆ ئەو جۆرە تێگەیشتنە ساز کردووە.

لە ڕاستیدا بزاڤی ئیسلامی بەشێک لە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ لە بەدوای یەکدا هاتنی دەستەواژەی (پیادەکردنی شەریعەت) لەگەڵ یاسای سزاکانی شەریعەتی ئیسلامی لە زەینی زۆرێک لە جەماوەر بە تایبەتی ڕووناکبیران و جەماوەری عەلمانی، لەو ڕووەوە کە پرۆژەی ئیسلامی وەک پرۆژەیەکی زیاتر یاسایی و قەزایی خستۆتە ڕوو (یاسایەکە و دەبێ جێبەجێ بکرێ)، نەک وەک پرۆژەیەکی فیکری و شارستانی و فەرهەنگی کە پێویستی بە بیرکردنەوەی عەقڵانی و توێژینەوەی ستراتیژی هەیە تا بتوانێ بنەما و بەها ئیسلامییەکانی لە ئالیات و پرۆژە و تەرح و تیۆری فیکری و سیاسی و ئابووری و مەعریفیدا ڕەنگ بدەنەوە.

واتە پرۆژەی ئیسلامی پرۆژەی جیهادی دارشتن و بیناکردنی عەقڵ و فیکر و تیۆر و کار بێ، کە شەکەتبوونی فیکر و بازوو و تەمەنی دەوێ تا باشترین حاڵەت وەربگرێ کە لەئاست گەورەیی بایەخدانەکانی ئیسلامدا بێ، نەک پرۆژەی (جێبەجێکردن) بێ وەک ئەوەی هەموو شتێ حازر کرابێ و ئەوان هاتبنە سەر سفرەی حازر و هەر ئەوەندەی بوێ جێبەجێیان بکەن. ئەمە لە کاتێکدا هەموو لا قەناعەتیان بەوە هەیە کە ئیسلام تەنیا بنەما و هێڵ و ئامانجی گشتی بۆ چالاکییەکانی مرۆڤ و چارەسەری کێشەکان دیاری کردووە، بەڵام نەهاتووە تیۆر و ئالیات و پرۆژەی تەفسیلی بۆ چۆنێتی مومارەسەی کاری سیاسی و دیاریکردنی دەسەڵاتی جەمسەرەکانی هێز و چۆنێتی دیاریکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چۆنێتی قەڵاچۆکردنی هەژاری و بەتاڵە و نەخوێندەواری و گەندەڵی ئیداری و دارایی و چارەسەرکردنی کێشە خێڵەکی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان و.. هتد دیاری بکات.

هەموو ئەو میکانیزمانەی لەدام و دەزگا ئیدارییەکانی حکومەتدا کاریان پێ دەکرێ لە ڕووی ڕۆژ و سەعاتەکاتی کار و چۆنێتی دابەشکردنی ئەرکەکان و

دەسـەڵاتی هەر بەرپرس و کـارمـەندێک و چۆنێتی ئەنجـامـدانی پرۆژە و ئەرکەکانیان و پێشخستنی ماف و مووچەی هەر کەسێک و.. هتد، هەروەها لە بواری سـەربازی و لە بواری ڕێکخستنی حـزبی و لە بواری کـاری دەزگاکانی راگەیاندن و.. هتد کاریان پێدەکرێ، لە ئیسلامدا باسیان نەکراوە و بەرهەمی عەقڵی بەشەریین، ئیسلام دەتوانێ لە ڕێی برەودان بە بەهاکانەوە کار لە ئەخلاقیاتی ئەو دەزگایانە بکات و عەدالەتیان تێدا بەرقەرار بکات.

ئایا ئێمە دەتوانین بەبێ بوونی ئەم ئالیەتانە لە جیهانی ئەمڕۆدا بژین و ئیدارەی بکەین؟ کام لەو میکانیزمانە لە ئیسلام وەرگیراون یان عەقڵی موسڵمانان دایهێناوە؟ ئایا تەنیا جەختکردن لەسەر ئەوەی ئیسلام داوای دادگەری و پێشکەوتن و رەفاهیەت و زانست دەکـات دەبووە بەدیلی ئەو ئالیەتانە لە ڕێکخستنی کاروبارەکاندا؟ یان ئایا ڕەنگدانەوەی ویستی ئیسلام و عەدالەت لە دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی لەناو ئەو ئالیاتانەدا (وەک ناڕێکی لە دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکاندا) تاوانێک نییە بەرامبەر بە ئاینەکە؟

ئایا موسڵمانان چەندە کاریان کردووە بۆ داڕشتنی ئالیاتی ئەوتۆ کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بتوانرێ بە باشترین شێوە ئامانجەکانی ئاینەکەیان بێنێتە دی؟ ئاخر تا ئێستا تەنانەت ئەو میکانیزمەش کە حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان کاری پێ دەکەن، چ مەرکەزییەت بێ یان دیموکراسی، ئالیەتگەلێکن عەقڵی خۆرئاوایی دایهێناون.

گەرچی دەوترێ شورا مەبدەئە و دەبێ موسڵمانان چۆنێتییەکەی دیاری بکەن، بەڵام تا ئێستا ئالیەتێکی ئیسلامی بۆ دانەنراوە و هەر هەمان زاراوە و چەمکە کۆنەکانی پێشوو – لە نموونەی زاراوەی ئەهلی حەل و عەقد – دەوترێتەوە، کە ئەویش خۆی پێویستی بەمیکانیزمێک هەیە بۆ ڕێکخستنی، نەک ئەو میکانیزم بۆ ڕێکخستنی شتی تر.

د. محەمەد عەمارە دەڵێ: «ئێمە لەگەڵ عەشماویداین لەوەدا کە ئاین سیستمێکی دیاریکراوی بۆ حوکمی ئیسلامیی دیاری نەکردووە. بەڵام ئێمە ئەوەشی بۆ زیاد دەکەین کە (هەموو سیستمەکان) دانراوی مرۆڤ و

ئیجتهادی مرۆیی و دەستکەوتی مەدەنین – بۆیە – ئەمانە – بەردەوام لە پەرەسەندن و گۆڕاندان، ئەوەی ئاین دایناوە و ناگۆڕێ، بریتییە لە پرەنسیپ (مبادئ)ەکان و بوار بۆ مرۆڤ بەجێ هێڵراوە کۆشش بکات بۆ داهێنانی ئەو سیستمانەی کە ئەم پرنسیپانە لە ئەوپەڕی پلەی کارو کارایی بوونی نزیک دەکاتەوە لە پراکتیزەکردندا.. جیاوازبوونی مەرجەعیەتی ئیسلام لە (پرنسیپ و ئامانجەکاندا)، دەخوازێ (سیستمەکان)یش جیاوازبن.[٢٧٨]

ئەم گوتەیە ڕاستە، بەڵام هەقە بپرسین ئایا دانەهێنانی سیستمی کردەیی بۆ بەرجەستەکردنی بنەماکانی مەرجەعیەتی ئیسلامی، مەترسی ئەوەی لێ ناکرێ کە هەمان ئەو حاڵەتە سەلبیانە دووبارە ببنەوە کە لە مێژووی خەلافەتی ئیسلامیدا ڕوویانداوە بەشێوەیەک کە بنەما و پرنسیپە جوانەکان دەورێکی ئەوتۆ لە چاککردنی واقیعدا نەبینن؟.

ئەگەر مێژوو بەڵگەی زۆر و زەبەندەی لەلابێ لە سەر ئەو ئاکامە و، ئەگەر ڕۆشنبیرانی ئیسلامی سوورن لەسەر ئەوەی مەرجەعیەتی ئیسلامی لە بنەماو پرنسیپەکاندا بە تەواوەتی بەرجەستە نابێ لە واقیعی سیاسیدا تا سیستمێک دانەهێنرێ کە ئیبداعی عەقڵی ئیسلامییەکان بێ، ئایا بۆچی وەک پێویست لەو بوارەدا هەنگاو نەنراوە؟.

لە واقیعدا ستەم لە ئیسلام دەکەین گەر پێمان وابێ فرەیی بایەخدان و دانانی هێڵی پان و بەرین بۆ ژیان، بە تەنیا و بەبێ ئەوەی موسڵمانان میکانیزم و پرۆژە بۆ پراکتیزەکردنیان دابڕێژن، دەتوانێ چارەسەری کێشە و قەیرانە ئاڵۆسکاوەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ بکات. کارێکی ناڕەوایە گەر (مبادیء)مان لێ بێتە (مشاریع)، (بەها – قیم)مان لێ ببێتە (سیستم) و، (مجمل)مان لێ ببێتە (مفصل)، یان پێمان وابێ چارەسەری ئیسلامی حازرە و (دادەبەزێنرێ) نەک لە منداڵداندایە و پێویستی بە ژانگرتن هەیە و (دادەڕێژرێ)..

---

(٢٧٨) سقوط الغلو العلماني/ د. محمد عمارة/ ط ١٩٩٥، ص ١٤٠-١٤٣.

چارەسەری ئیسلامی – وەک فەهمی هوەیدی دەڵێ – نە غەیبییە لە ئاسمانەوە بە حازری دابەزێتە خوار و نە بە خۆڕاییشە.[٢٧٩]

لە واقیعدا بە سادە تێڕوانینی گرفت و کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە بوارە جیاجیاکاندا و ڕەهنکردنی هۆکار و چارەسەرکردنیان بە تەنیا یەک (هۆ)وە کە ئیسلامە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینە (قانوونی)یەوە بۆ چارەسەری ئیسلامی و، تەنیا ئیکتیفاکردن بە بنەماو هێڵە گشتییەکانی ئیسلام و کارنەکردن بۆ بەپرۆژەکردنی ئەو بنەمایانە، زیان بەکاری ئیسلامی دەگەیەنێ زیاتر لەوەی سوودی پێ بگەیەنێ لانی کەم لەم مەودایەکی دووردا.. هەروەک خۆ دابڕین لە کێشە زیندووەکانی مرۆڤ وەک تاک و کۆمەڵ و کار نەکردن بۆ چارەسەرکردنیان بە ئومێدی ئەوەی کاتی دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوو ئەو کێشانە نامێنن. ئەمیش سادەبینییەکە کە لەگەڵ جددیەتی ئیسلامدا هەڵناکات.

ئاخر خۆ پێش لەوەی خەلافەتی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٢٤ بڕووخێ، بە درێژاییی سەدان ساڵی دوای رووخانی خەلافەتی عەبباسی لە ساڵی ١٢٥٨، دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبوو، قورئان و سوننەت هەبوون، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامی هەر بەدەست چەندین گرفت و قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانییەوە دەیناڵاند.

د. طە جابر ئەلعەلوانی دەڵێ: «ناکرێ تەنیا گەیشتن بە دەسەڵات چارەسەری گرفتەکانی ئەم ئوممەتە بێ، یان ئەوە بەمەنهەجی پێویست بۆ چاککردنی بزانرێ، چونکە ئەو کاتە داواکراو تەنیا ئەوە دەبێ کە بگەینە دەسەلاَت بۆ ئەوەی ئەو کەلەپوورە فیقهییەی هەمانە بەسەر خەڵکیدا جێبەجێ بکەین و بەمەش هەموو گرفتەکان چارەسەر دەبن و وشەی خوا بڵند دەبێتەوە! ئەمەش ساناکردنێکی خراپە بۆ شتەکان لەگشت ڕوویەکیەوە، چونکە گۆڤاری (الاحکام العدلیة) مەجمەعی یاسا و سیستمەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو،

(٢٧٩) التدين المنقوص، فهمي هويدي، ط دار الشروق. ١٩٩٤، ص٦٥.

لەگـەڵ ئـەمـەشـدا نەیـتـوانیـوە رێ بگرێ لە گـەیشـتـنی بەو ئاکـامـەی  کـە – دەوڵەتەکە – پێی گەیشت، کە ئەویش لەبەریەک هەڵوەشـان و پارچەپارچەبوون بوو لە چەند دەوڵەتێکی هەرێمایەتیی لاوازدا..

دواتر دەڵێ: ڕەنگە ئەم تەسـەورە – لەگەڵ سـادەیی خۆشیدا – راست بوایە گەر قەیرانەکان ئێمە تەنیا لەگەڵ کەوتنی خەلافەتی عوسمانی و داگیرکردنی داگـیـرکـەران بـۆ مـەملەکـەتی مـوسـڵـمـانان دەسـتـیـان پێ بکردایە، بەڵام لە ڕاستیدا قەیرانەکانمان زۆر لەوە لە پێشـتر دەستیان پێکرد لە سایەی چەند شـێوەیەکی جیا لە سیسـتمی ئیسلامیشدا. پەلاماری فرنجی و تەتاری لە خۆرئـاوا و خۆرهـەلات لە پێش نزیکەی حـەوت سـەدە، دەرکـرانمان لە ئەندەلوس پێش پتر لە پێنج سـەدە و ئەو ئاکامەی زۆر لە کێشـەکانمان پێی گەیشتن وەک کێشـەی فەلـەستین و ئەفغانستان، تـەنیا بەرەنجامی کۆمەڵێ قـەیرانی سـەخت بوون کە لە ناوەوە رووخـاندبووینی و لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئیسلامیشدا جـا خــەلافـەت بـێ یان سـەڵـتـەنەت، بۆیە نابێ تـەنیـا گـەڕانەوە بۆ دەسـەڵات پێشــەکی بێ بۆ چاکسـازی، بەڵکو ئەو چاکسـازییـە چاوەڕێ کـراوە دەبێ بەچارەسەرکردنی ئەو خەلەلانە دەست پێ بکات کە بوونە هۆی ئەم لاوازییە.. خەلەلەکە لە ئاینەکەدا نییە – وەک لادینییەکان پێیان وایە– بەڵکو لە فیقـهی دینداریکردن و مـومـارەسـە و پراکـتـیـزەکـردن و دانەبەزاندنێـتی لەسـەر واقیع).[٢٨٠]

سـەید قـوتب بە توندی دژ بەوانە دەوەستێ کە داوا لە ئیسلامییەکان دەکەن بەرنامەڕێژی بۆ ژیان بکەن لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئیسلان حوکمی ناکات. سەید دەڵێ: «ئەوانەی ئەمڕۆ داوا لە ئیسـلام دەکەن کە تیۆر و قـاڵبی سیسـتم، یان یاسا بۆ ژیان دابڕێژێ لە کاتێکدا لەسەر زەویدا کۆمەڵگەیەک نییە کە بەفیعلی بڕیاری دابێ تەنیا شەریعەتی خوا بکاتە حاکم.. ئەوانەی ئەمەیان لە ئیسلام دەوێ، سـروشـتی ئەم ئاینە نـازانن و نازانن چۆن لـە ژیاندا ئیش دەکـات وەک

(٢٨٠) ابعاد غائبة عن فكر وممارسات الحركات الاسلامية المعاصرة، الدكتور طه جابر العلواني / المعهد العالي للفكر الاسلامي، ط ١٩٩٦، ص٢٠ – ٢١.

که خوا ویستوویەتی.. (خوا دەیەوێ ئەم دینە) عەقیدەیەک بێت دڵ پڕ بکات و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ویژداندا بسەپێنێ. عەقیدەیەکە واتاکەی بریتییە لەوەی خەڵک تەنیا مل بۆ خوا کەچ بکەن و تەنیا لەوەوە یاسا وەرگرن.. دوای ئەوەی ئەو خەڵکە پەیدا دەبن کە ئەمە عەقیدەیانە و دەسەڵاتی فیعلییان بەسەر کۆمەڵگەکەیاندا دەبێ، ئەو کاتە دەست بەدانانی یاسا بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێویستییە واقیعییەکان و ڕێکخستنی ژیانی واقیعییان دەکەن.».(٢٨١)

لەم گوتەیەی سەید دوو ڕاستی دەردەکەون: یەکەمیان ئەوەیە سەید وشەی (ئیسلام)ی وەک دەلالەت بۆ (ئیسلامییەکان) بەکارهێناوە، ئەمە لەو حاڵەتانەیە کە تێیدا ئیسلام و ئیسلامی تێکەڵ دەکرێ، ئەوەتا دواتر دەڵێ: «ئەو جاهیلیەتەی لە چوار دەورمانە... هەوڵ دەدات خاوەنانی بانگەوازی ئیسلامی ئیحراج بکات بەوەی لێیان دەپرسێ: کوا تەفسیلاتی ئەو سیستمەی بانگەشەی بۆ دەکەن؟ چیتان ئامادە کردووە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و لە فیقهی بەیاساییکراو لەسەر بنەما نوێیەکان».(٢٨٢)

ئەمە لە کاتێکدا داوا لە ئیسلام ناکرێ میکانیزم و پرۆژە و وردەکاری بۆ ژیانی نوێ دابڕێژێ چونکە ئیسلام وەک دەق دامەزراوە، ئەوەی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆ مرۆڤەکانن.

دووەمیان ئەوەیە کە سەید مەسەلەی بەرنامەڕێژی ئیسلامی بۆ چارەسەری کێشە هەنووکەیییەکانی کۆمەڵگەی هەڵپەساردووە تا ئەو کاتەی دەوڵەتی ئیسلامی دروست دەبێ، یان تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگەی بە حاکمیەتی خوا رازی دەبێ، ئەو کاتە دەوڵەتی دەست بە بەرنامەڕێژی دەکات. بەڵام ئەگەر ئێمە واشمان دانا کۆمەڵگە بە حوکمی ئیسلام رازی نییە و پێویست دەکات کاری لەسەر بکرێ تا دەگاتە قەناعەت، ئایا جددیبوونی بانگەوازی ئیسلامی لە بەدەمەوەچوونی کێشەو گرفتەکان، تەرحکردنی پرۆژە و بەرنامە بۆ

---

(٢٨١) معالم في الطريق. سيد قطب ص ٣٩ – ٤٠.

(٢٨٢) هەمان سەرچاوە، ص ٥٠.

چارەسەرکردنیان شێوازێکی سەرکەوتووی بانگەوازکردنی هاوچەرخانە نییە؟

ئاخر ئەگەر لایەنێکی ئیسلامی قەناعەتی بەوە نەبێ کە کۆمەڵگەکە موسڵمانە و لە هەمان کاتیشدا خۆی بەهەڵگری پەیام و بەرنامەیەکی سیاسیی ئیسلامی دابنێ، هەر دەبێ زیاتر لەو بوارە کرداری و خزمەتگوزاری و شارستانی و مەدەنیانەوە بانگەواز بکات و ناتوانێ و بە ورووژاندنی خەلفیەتی موسڵمانانەی خەڵک لە ڕێی ئامۆژگاری دینییەوە جەماوەر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. چونکە ئەو باوەڕی بەوە نییە کە خەڵکەکە موسڵمان بن.

ئەم تێڕوانینە ئیمانییانەی سەید ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو قەناعەتە مەبدەئیەیەتی کە پێی وایە هەر کاتێ عەقیدەی (لا اله الا الله) لە قووڵایی دڵی مرۆڤدا ریشەی داکوتا، لەهەمان کاتدا ئەو سیستمەی ئەو عەقیدەیەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە قبوڵ دەکات و بڕیاری خۆتەسلیمکردن بەو سیستمە دەدات تەنانەت پێش ئەوەی کە وردەکارییەکانی بخرێتە پێش چاوی).[٢٨٣]

محمد قوتبیش پێی وایە «ئەو دواکەوتووییە زانستی و مادی و جەنگی و سیاسی و ئابووری و ئەخلاقییەی کە بەهەموویەوە پێی دەوترێ (دواکەوتنی شارستانی) دەردی بنەڕەتی ئێمە نییە.. ئەم دواکەوتنە بە هەموو لق و شێوەکانییەوە بەرەنجامی دواکەوتنی عەقیدەیە لە دەروونی موسڵمانانداً، چونکە ئەم عەقیدەیە بوو کاتێ موسڵمانان بە ڕاستی باوەڕیان بەم ئاینە هەبوو پێشکەوتنی زانستی و ماددی و جەنگی و سیاسی و ئەخلاقی پێ بەخشین..».[٢٨٤]

ئەم بۆچوونە ڕاستە گەر عەقیدە- وەک مالک بن نەبی دەڵێ - تەنیا بە مانای ئیمانهێنان بە خوا نەبێ، بەڵکو وەک سەرچاوەی وزە و هێزێکی کاریگەری ئیجابیی سەیر و مامەڵەی بکرێ،[٢٨٥] چونکە شارستانێتییەک

---

(٢٨٣) معالم في الطريق، سيد قطب ص٣٧.

(٢٨٤) حول تطبيق الشريعة. محمد قطب، ط١٩٩١ ص٩٣.

(٢٨٥) وجهة العالم الاسلامي، مالك بن نبي، ت: عبدالصبور شاهين، ص٥٥.

بەبێ حەماسەت بۆ کارکردن و قوربانیدان نایەتەدی. بەڵام ئەگەر مەبەست لە عەقیدە ئەو عەقیدە بێ کە پێی وا بێ تەنیا بەهێزکردنی ئیمان بەئیسلام و وابەستەبوون بە دروشمە ئیسلامییەکان و ئەخلاقیاتی ئیسلامی و کارکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بەسە بۆ ئەوەی گشت گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانی و ئابوورییەکانمان چارەسەر بن و پێویست ناکات ئێستا خۆمان بەوانەوە خەریک بکەین چونکە دروستکردنی دەوڵەتەکە زامنی چارەسەرکردنیانە، یان پێی وابێ ژیانی دنیا هێندە ناهێنی وا بچێتە ژێری، بەڕاستی عەقیدەیەکی لەم چەشنە رەنگە بتوانێ هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەسەر ئاستی تاکەکەس چارەسەر بکات. (وەک گەشەپێدانی خووڕەوشتەکانی وەک ڕاستگۆیی و دەستپاکی و بەرزکردنەوەی حەماسەتی جەماوەر، کە ئەمەش شتێکی کەم نییە) بەڵام لە توانایدا نابێ لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە قووڵ و بەرفراوانەکانی کۆمەڵگە و جیهان (وەک مەترسی چەکە کۆکوژەکان. پیس بوونی ژینگە، نەخوێندەواری، هەژاری، بەتاڵە و دەستی بێ کار، کێشەکانی زانست و فێرکردن، گەندەڵی ئیداری، ئیستبدادی سیاسی..) ڕۆڵ ببینێ.

ئاخر خۆ کاتێ موسڵمانان لە سەردەمی زێڕینی دەوڵەتی ئیسلامیدا وابەستە بوون بەئیسلامەوە لەبەرخاتری ئەم دینداریییەیان خوا لە ئاسمانەوە ئەو شارستانێتییەی بۆ دانەبەزاندن، بەڵکو بەهەوڵ و کۆشش و شەونخوونی سەدان زانا و فەقیە و فەیلەسوف و پزیشک و ...هتد. دامەزرێنرا، کە ئەو عەقڵیەتە مەعریفەخوازی و چاکسازییە ئێستا نیمچە بزرە گەر نەڵێم هەر تەواو بزرە.

بەستنەوەی خەمخواردنی کێشە ژیانییەکان بە دروستکردنی دەوڵەتەوە جگە لەوەی کەمتەرخەمییەکە بەرامبەر بە جەماوەرەکە لەم قۆناغەدا، لەهەمان کاتدا چاوەڕێ کردنێکە کە ئەنجامەکەی مسۆگەر نییە. فەهمی هوەیدی دەڵێ: «ئەوانەی هەستانی موسڵمان بە ئیلتیزامی خۆی لەم روانگەوە (مەبەست کارکردنیەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک

ڕاپەڕاندنی فەرزە کیفایەکان) بەگێڕانەوەی خەلافەتەوە دەبەستنەوە، ئەوانە بانگەوازەکەیان بۆ پاڵدانەوە و بەتاڵە بە کۆمەڵێ گەزافی درۆ و خراپ ڕووپۆش دەکەن، چونکە ئەو دەوڵەتە لە شەو و ڕۆژێکدا دروست ناکرێ. هەموو چاکسازییەک کە دەکرێ، هەموو کۆسپێک کە لادەدرێ، هەموو خێرێک کە ئەنجام دەدرێ، هەنگاوێکە لەو ڕێیەدا و کورتکردنەوەی ماوەی نێوان واقیع و ئومێدە. چ لە ڕووی عەقڵ و چ لە ڕووی نەقڵەوە قبوڵ نییە کە بەرژەوەندییەکانی موسڵمانان ڕابوەستێ و لە دواکەوتن و شکستەییدا بمێنێتەوە تا ئەو دەوڵەتە دروست دەبێ و شەریعەت دەبێتە سەروەر، ئەنجا کێ دەڵێ تەنیا دروستبوونی ئەو دەوڵەتە بە تەنیا زامنی هێنادی خەونەکەیە و موعجیزە دەخوڵقێنێ و بە دارێکی سیحری ڕەش بە سپی دەگۆڕێ؟ حکومەتی ئیسلامی ئامانجێکی ئیسلامی نییە، بەڵکو ئامرازێکی زەروورییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە قورئان کە لە بەرقەراربوونی داگەری (القسط)دا کورتی کردووەتەوە. لە مێژووی ئیسلامیشدا چەندین دەوڵەت و خەلیفە هەبوون، بەڵام سەردەمەکانیان لە ویژدانی موسڵماندا وەک چەند لاپەڕەیەکی تاریک و سەردەمانی شکست و نموونەی لادان "انحراف" و لەکارخستنی ئامانجەکانی شەریعەت، پۆلین کراون»[٢٨٦]

پێم وایە بنەما گشتییەکان وەک (وزەی کارەبا) وایە کە ئەگەر نەتوانین دەزگاکانی ساردکەرەوە و گڵۆپ و یەخچاڵ و تەلەڤیزیۆن و کۆمپیوتەر و.. هتد دروست بکەین ناتوانین سوودی پێویست لەم وزەیە ببینین، چونکە وزە پێویستی بەکاسە و کایەیەک هەیە کە تێیدا ڕەنگ بداتەوە تا بەرهەمەکەی دەرکەوێ. بنەماو بەها ئیسلامییەکانیش ئەگەر لە پرۆژە و ئالیات و بەرنامە و سیستم و تیۆردا رەنگ نەدەنەوە وەک کۆمەڵێ بەهای گشتی دەمێننەوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ژیانی گشتی نابێ.

(٢٨٦) التدين المنقوص. فهمي هويدي، ص٢١ – ٢٢.

## دوا وتەیەکی پێویست

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا بەپێویستی دەبینم سەرنجی خوێنەر بۆ دوو خاڵ ڕابکێشم، بۆ ئەوەی بەهەڵە لە کۆی ئەم هەوڵەی بەندە نەگات.

١- هێندە پێداگرتنی بەندە لەسەر جۆشخواردوویی (دین و سیاسەت)، لەو رووەوە نییە کە بمەوێ شەرعیەت بە پرۆژەی (ئیسلامییەکان) بدەم، ئەوە کاری من نییە، بەڵکو زیاتر لەو رووەوە کە پێم وایە ئاینەکە خۆی تێکەڵ بە سیاسەتە نەک ئیسلامییەکان تێکەڵیان کردبێ. ئەوەی دەیەوێ لەژێر هەر پاساو و لێکدانەوەیەکدا نکوڵی لەوە بکات؛ لە ڕاستیدا ئەو کارەی حاشاکردن دەبێ، دەنا دەبێ باز بەسەر دەیان راستی زەق لە بەڵگەنامەکانی خودی ئاینەکە بدات..

ئەگەر کەسێک لە لایەک مەیلی دینداری هەیەو لە لایەکیش بەهۆی نائەخلاقیەتی سیاسەتی باوەوە یان بەهۆی تۆماری ململانێی نادروستی خەلیفە و سوڵتان و گرووپەکانی مێژووی ئیسلامەوە، سیاسەتی لەبەرچاو کەوتووە پێی وایە دەبێ ئەم (دینە - پاکە) دوور بێ لەو (سیاسەتە - چڵکنە)، ئەوە ئەمە نابێتە پاساوەری ئەو تێگەیشتنە مادام ئاینەکە خۆی لە جەرگەی سیاسەتدا بزوابێ.. تۆ دەتوانیت بڵێیت من دینێکم ناوێ سیاسی بێ، ئەوە مافێکی خۆتە، بەڵام بۆت نییە بڵێیت نابێ دین سیاسی بێ.

٢- کە دەڵێم لە ئیسلامدا دین و سیاسەت جۆشیان خواردووە و (ئیسلامیەت) کە بە ناوی ئیسلامەوە و بۆ ئامانجێکی ئیسلامی مومارەسەی سیاسەت دەکات (هەقی بە دەستە)، لە ڕاستیدا مەبەستم سیاسەت بەمانای

هونەری هەڵپەکردن و چڵێسی و بێ مەبدەئی و میکیافیلییەت و نیفاق و چاوبەستەکی و باقی سیفاتە دزێوەکانی دنیای سیاسەتی ئەمڕۆ، نییە، (ئەگەرچی بەداخەوە بەکردەوە سیاسەت بووەتە کاسەی ئەو ئاکارە دزێوانە و ئیسلامییەکانیش نەیانتوانیوە، نموونەیەکی جیاواز پێشکێش بکەن) بەڵکو مەبەستم (هونەری رێکخستن و کارسازی و مرۆڤدۆستی و پێشکەوتنخوازی و دادگەری کۆمەڵایەتییە) پێم وایە ئامانجی ئاینیش لە کارکردنی لە بواری سیاسەت و ئیدارەی کۆمەڵگەدا بە ئەخلاقیکردنی سیاسەت و ئیدارەیە و ئەرکی خەمخۆرانی ئاین و سیاسەتیش ئەوەیە وابکەن ئاین رۆڵی ئەو وزە و فلتەرە ئەخلاقییە لە سیاسەتدا ببینێ، نەک ببێتە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و کورسی و بەرژەوەندیی کەس و حزب، یان ئامرازی بەسەربازکردنی کۆمەڵگە و پەخشکردنی ترس و تۆقاندن.

خۆ ئەگەر کەسێکی ئیسلامی پێی وا نەبێ پرۆژەکەی ئەو بۆ (بەئینسانیکردن) و (بەئەخلاقیکردن)ی سیاسەتە، ئەوە بەڕاستی دین دەشێوێنێ و سیاسەتیش دەکاتە چالاکییەکی مەترسیدار، کە پێویست بکات مرۆڤی دیندار – وەک نوورسی – بڵێ:

(أعوذ بالله من الشيطان والسياسة!)(*)

---

(*) لەو بارەیەوە: بڕوانە ئەخلاق لە سیاسەتدا، عومەر عەلی غەفوور. ٢٠٠٢.

## سەرچاوەکان


١- قورئانی پیرۆز.

٢- سەرچاوەکانی فەرمووده.

٣- ئینجیل.

٤- الموسوعة السياسية، اشراف د. عبدالوهاب الكيالي.

٥- الطاغية، د. امام عبدالفتاح امام، ط٢، ١٩٩٨

٦- نحو حرب دينية، روجيه غاردوي. ت: صياح الجهيم، ١٩٩٧

٧- الاسلام، روجيه غاردوي. ت: صياح الجهيم، ط٢، ١٩٩٧

٨- امريكا طليعة الانحطاط، روجيه غاردوي. ت: صياح الجهيم، ميشيل خوري، ط١، ١٩٩٦

٩- الاسلام السياسي، محمد سعيد العشماوي. ط٤، ١٩٩٦

١٠- الجماعات السياسية الاسلامية و المجتمع المدني، احمد حسين حسن ط١، ٢٠٠١.

١١- التيارات الاسلامية وقضية الديمقراطية، د. حيدر ابراهيم علي، ط١، ١٩٩٦

١٢- القرآن والسلطان، فهمي هويدي.

١٣- العودة الى الذات، علي شريعتي.

١٤- الاسلام بين الشرق والغرب، علي عزت بيجوفيتش.

١٥- المعتزلة ومشكلة الحرية، د. محمد عمارة، ط٢، ١٩٨٤

١٦- معركة المصطلحات بين الاسلام و الغرب، د. محمد عمارة، ١٩٩٧

١٧- الارهاب، د. فرج فودة.

١٨- نكون او لانكون، د. فرج فودة.

١٩- النذير، د. فرج فودة.

٢٠- قبل السقوط، د. فرج فودة.

٢١- سقوط الغلو العلماني، د. محمد عمارة، ط١، ١٩٩٥

٢٢- مطالعات في الدين والاسلام والعصر ، محمد خاتمي.

٢٣- الاسلام السياسي بين الاصوليين والعلمانيين، ط١، ١٩٩٣

٢٤- الاسلام السياسي، د. محمد اسماعيل- الانظمة العربية و الحركة لاسلامية، حامد

عبدالحامد القويسي.
٢٥- الاسلام والديمقراطية، فهمي هويدي.
٢٦- نقد العلمانية، د. محمد التكريتي.
٢٧- مصر بين الدولة الاسلامية والدولة العلمانية. مركز الاعلام العربي.
٢٨- مفهوم العقل، عبدالله العروي.
٢٩- مفهوم الحرية، عبدالله العروي.
٣٠- مهزلة العقل البشري، د. علي الوردي.
٣١- فصول من تاريخ الاسلام السياسي، هادي العلوي، ١٩٩٩
٣٢- ذهنية التحريم، جلال صادق العظم.
٣٣- العلمانية من منظور مختلف، عزيز العظمة.
٣٤- العلمانية والدولة الدينية، شبلي العيسمي، ١٩٨٩
٣٥- الاسلام والعلمانية وجها لوجه، د. يوسف القرضاوي.
٣٦- اين الخلل، د. يوسف القرضاوي.
٣٧- الفكر الاسلامي، قراءة علمية، محمد اركون، ت: هاشم صالح. ط٢، ١٩٩٦
٣٨- الاسلام. اوروبا. الغرب، محمد اركون، ت: هاشم صالح، ط١، ١٩٩٥
٣٩- النص، السلطة، الحقيقة، د. نصر حامد ابو زيد.
٤٠- التدين المنقوص، فهمي هويدي.
٤١- حتى لاتكون فتنة، فهمي هويدي، ط٣، ١٩٩٦
٤٢- ايران من الداخل، فهمي هويدي، ط٤، ١٩٩١
٤٣- الطريق الى اليقظة الاسلامية، د. محمد عمارة.
٤٤- كن كابن ادم، جودت سعيد.
٤٥- سقوط العلمانية، انور الجندي.
٤٦- معالم في الطريق، سيد قطب.
٤٧- دراسات اسلامية معاصرة، د. محمد شحرور.
٤٨- الاسلام واصول الحكم، علي عبدالرازق.
٤٩- فصل المقال في تقرير ما بين الشريعة والحكمة من الاتصال، ابن رشد.
٥٠- مقدمة ابن خلدون، ١٩٧٨
٥١- المال والحكم في الاسلام، عبدالقادر عودة.

٥٢- قالوا عن الاسلام، د. عمادالدين خليل.
٥٣- حقوق المواطنة، راشد الغنوشي.
٥٤- الخطبة الشامية، سعيد النورسي.
٥٥- الاسلام بين العلماء والحكام، عبدالعزيز البدري.
٥٦- فصل الكلام في مواجهة ظلم الحكام، علي بن حاج.
٥٧- اصول الدعوة، عبدالكريم زيدان.
٥٨- مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا، ضاث نهضت.
٥٩- المسلمون والعمل السياسي، عبدالرحمن عبدالخالق.
٦٠- من تاريخ الالحاد في الاسلام، تاليف وترجمة د. عبدالرحمن البدوي، ١٩٩٩
٦١- الاصولية في العالم العربي، ريتشارد هرير دكمجيان، ترجمة وتعليق: عبدالوارث سعيد ١٩٩٢
٦٢- اين هو الفكر الاسلامي المعاصر، محمد اركون، ت: هاشم صالح.
٦٣- نقد الخطاب الديني، د. نصر حامد ابوزيد، ١٩٩٤
٦٤- في النظام السياسي للدولة الاسلامية، د. محمد سليم العوا، ١٩٨٩
٦٥- الانظمة السياسية المعاصرة، د. يحيى جميل.
٦٦- على طريق العودة الى الاسلام، محمد سعيد رمضان البوطي، ١٩٩٢
٦٧- الفكر السياسي العربي الاسلامي، د. جهاد تقي صادق، ط١، ١٩٩٣
٦٨- علم السياسة، مارسيل بريلو، ت: محمد برجاوي.
٦٩- نظريات التنمية السياسية، نصر محمد عارف، المعهد العالمي للفكر الاسلامي.
٧٠- الحل والحرب، محمد حسنين هيكل.
٧١- لعبة الامم- اللااخلاقية في سياسة القوة الاميركية، مايلز كوبلاند، تعريب: مروان خير.
٧٢- فخ العولمة، هانس بيتر ماتين، هارالد شومان، ت: عدنان عباس علي.
الطريق الى اليقظة الاسلامية، د. محمد عمارة، ط١، ١٩٩٠
٧٣- اليهود والدولة العثمانية، د. احمد نور النعيمي.
٧٤- نشوء القومية العربية، زين نورالدين.
٧٥- الاسلام والخلافة في العصر الحديث، محمد ضياءالدين الريس.
٧٦- منظمة المؤتمر الاسلامي-دراسة سياسية اسلامية، عبدالله الاحسن، ت:

عبدالعزيز ابراهيم الفايز.
٧٧- الحركات الاسلامية، رؤية نقدية، د. محمد عمارة.
٧٨- هل الاسلام هو الحل، لماذا وكيف؟، د. محمد عمارة.
٧٩- حوارات في الاسلام، الديمقراطية، الدولة، د. حسن الترابي وآخرون.
٨٠- فلسفة الاسلام السياسية ونظام الحكم فيه، د. محمد كامل ليلة.
٨١- التفسير الماركسي للاسلام، د. محمد عمارة.
٨٢- الاسلام بين التنوير والتزوير، د. محمد عمارة.
٨٣- نحن والصديق اللدود، نعمان عبدالرزاق السامرائي.
٨٤- اشكالية مفهوم المجتمع المدني، د. كريم ابوحلاوة.
٨٥- حول الديمقراطية المركزية، احمد الغفري.
٨٦- معالم المنهج الاسلامي، د. محمد عمارة.
٨٧- نقد العقل العربي، د. محمد عابد الجابري.
٨٨- الخوف من الحداثة، الاسلام والديمقراطية، فاطمة المرنيسي، ط١، ١٩٩٤
٨٩- حكم الاسلام في الديمقراطية والتعددية الحزبية، عبدالمنعم مصطفى حليمة.
٩٠- فتاوى معاصرة، د. يوسف القرضاوي.
٩١- محاور اسلامية، راشد الغنوشي.
٩٢- الموقف الاسلامي من المشاركة السياسية، اسحاق احمد فرحان الامين.
٩٣- اضواء على التجربة النيابية الاسلامية في لبنان، د. فتحي يكن.
٩٤- ابعاد غائبة عن فكر وممارسات الحركات الاسلامية المعاصرة، د. طه جابر العلواني.
٩٥- حول تطبيق الشريعة، محمد قطب.
٩٦- وجهة العالم الاسلامي، مالك بن نبي.
٩٧- گەشتی ژیانم، مەسعوود محەمەد.
٩٨- مرۆڤ و دەوروبەر، مەسعوود محەمەد، بەرگی یەکەم.
٩٩- چمکێک لە ژیانی نوورسی، حەبیب محەمەد سەعید.

گۆڤار و رۆژنامەکان:
١- رۆژنامەی الشرق الاوسط.
٢- رڎژنامةي الحياة.

٣- رۆژنامەی الاتحاد.

٤- رۆژنامەی یەکگرتوو.

٥- گۆڤاری الوسط.

-٦ گۆڤاری الاصلاح.

٧- گۆڤاری المجتمع.

٨- گۆڤاری العربی.

٩- گۆڤاری ئێستا .

١٠- گۆڤاری گوڵان.

١١- گۆڤاری گوڵان العربی.

١٢- گۆڤاری ڤەژین.

١٣- گۆڤاری اسلامیة المعرفة.